# دیوان

سەرنووسەر
**سمکۆ عەبدولکەریم**

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گشتییە
ناوەندی هەولێری مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز
**مەسعودی مەلا هەمزە**

سەرپەرشتیاری گشتی
**بێکەس حەمە قادر**

بەڕێوەبەری نووسین
**محەمەد گۆران**

ژمارە (٢٤) ئایاری ٢٠٢٣ زایینی – جۆزەردانی ٢٧٢٣ کوردی


## خەرمان بەرەکەت

ئەو ڕۆژەی دەستمان پێکرد نائومێدی باڵی بەسەر میدیای کاغەزدا کێشا بوو، دەگوترا کاغەز باوی نەماوە، ناحەقیان نەبوو سۆشیال میدیا و میدیای ئەلکترۆنی بە شێوەیەک ئەقل و بیرکردنەوەی مرۆڤی کلۆم دابوو، زەحمەت بوو ددانی پێدا نەنرێت.

ئێستەش جۆرێک لەو بیرکردنەوەیە، بەسەر ئەقلی زۆرینەماندا زاڵە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنێک دروست بووە، بۆ ئەوەی وەک خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەریەک لە کایەکانی ڕاگەیاندن بکەین، ڕاستە بەپێی سەردەم و پێشوەچوونەکان بایەخ و ڕەواجی یەکێکیان لەوەی دی زیاترە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە باوباران هەڵی کرد، ئیدی نابێتەوە خۆرەتاو، یان کە پایز هات، ئیدی بەهار نایەتەوە.

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیی ئاوڕ لە کاروانی بێ پسانەوەی میدیا بدەینەوە، دەبینین دوای دەرکەوتنی هەریەک لە کایەکانی ڕاگەیاندن، کاریگەریی ئەوەی دواتر لەوەی پێشووتر پتر بووە، بەڵام بە هیچ جۆرێک ئەوەی پێش خۆی نەسڕیوەتەوە، هەروەها هەموو دەرکەوتنێکی تازە بۆ ماوەیەکی کەم، یان زۆر ئەقلی مرۆڤ سڕ دەکات، بەڵام هەمدیسان ئەوە ئەقل و تێگەیشتنە جیاواز و دووربینەکانن، لێناگەڕێن هەموو شتێک ئاو بیبات.

میدیای کاغەز، یەکێکە لە میدیا ڕەسەن و دێرینەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی، دوای ئەو، زۆر پێشوەچوونی گەورە و کاریگەرتر سەریان هەڵدا، بەڵام میدیای کاغەز پێگەی خۆی لەدەست نەدا، ئەگەرچی ئەو پێشکەوتنانەی دوایی، لە هەموو ئەوانی پێش خۆی کاریگەرتر دەرکەوتن.

گۆڤاری دیوان لەوەها هەل و مەرجێکدا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو مەترسییانەی لەسەر میدیای کاغەز هەبوون، سەری هەڵدا و هاتە مەیدان، بۆ لانی کەم ڕەواندنەوەی ئەو نائومێدییەی زۆربەمانی گرتبووەوە.

ڕاستە دیوان بە بەراوورد بەو دونیا پان بەرینە و ئەو تەکنەلۆژیا بەهێزە، قەترەیەکە لە سامانی قاروون، بەڵام لەو سنوورە دیاریکراوە بچووکەیدا، هەر لەسەرەتاوە زۆر گەورە دەرکەوت و بووە هۆکاری گۆڕینی تێگەیشتنی زۆر لەوانەی تۆزقاڵێک باوەڕیان بە میدیای کاغەز نەمابوو.

ئەمەش هەروا بە ئاسانی نەبوو، بیرکردنەوەی قوول، تێگەیشتنی سەردەمیانە، ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، هەڵسەنگاندنی ئێستە، تێڕوانین و بینینی ئایندە، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە پابەند بوون بە ئازادیی ڕا دەربڕین و سەربەخۆیی گۆڤاری دیوان و ڕێزگرتن لەو سەربەخۆییەی لە لایەن لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەندنی یەکێتیی و ناوەندی هەولێری ئەو مەکتەبە، کە خاوەندارییەتی ئەو گۆڤارە دەکەن بوونە بنەمای ئەو سەرکەوتنە.

دواجاریش، دوای دوو ساڵ لە دەرچوونی گۆڤاری دیوان، سەلماندمان، کە ئەوە ئەقل و کاری داهێنەرانەی تاکە، تێگەیشتنەکان دەگۆڕێت.

سەرنووسەر


هەولێر – شەقامی ١٠٠ مەتری نزیک کۆلێژی دەرمانسازی
govaridiwan@gmail.com
(گۆڤاری دیوان) لەتیلیگرام


دیزاین: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
سەرپەرشتیاری چاپ: مەهدی ئەحمەد حوسێن (٠٧٥٠٤٥٥٠٢١٣)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر (٠٧٥٠٤٤٩٥٦٥٤ – ٠٧٧٠٤٤٩٥٦٥٤)
تیراژ: (١٠٠٠) دانە


هەموو ئەو وتار و بابەتانەی لە گۆڤاری دیوان بڵاودەکرێنەوە، ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە

## لەم ژمارەیەدا


*** دۆسیە: (عەزیز گەردی)**

١. ئەم جارە عەزیز گەردی / سمکۆ عەبدولکەریم ..... ٤
٢. بۆ مامۆستا د. شوکریە ڕەسووڵ .. کورتەیەکی ژیاننامەی خۆم / عەزیز گەردی ..... ٥
٣. زانایەک لە ژیانێکی سادەیی دا..عەزیز گەردی، لە یاد و یادەوەریمدا / مەولود ئبراهیم حەسەن ..... ٩
٤. براگەورەی عەزیز گەردی-کوردۆ: نازانم لەکوێی عەزیزی برام دەست پێ بکەم؟ / ستار محەمەدئەمین ..... ٢٠
٥. عەزیز گەردی چۆن لەپێناو گەشەپێدانی هزری کوردیدا خۆی تواندەوە؟ حەمەکەریم هەورامی ..... ٢٣
٦. ٢٤ ساڵ لەمەوبەر، عەزیز گەردی / نەوزاد عەلی ئەحمەد ..... ٢٦
٧. زمانی عەزیز / کافکاف ..... ٢٨
٨. عەزیز گەردی، عەزیزی بێگەرد .. لە چیرۆکی بەرئاگردان و .... / شیلان جەلال دەرگەڵەیی ..... ٢٩
٩. عەزیزی برا / عەبدولقەهار گەردی ..... ٣١
١٠. کەسە نزیکەکانی عەزیز گەردی چی دەڵێن؟ ستار محەمەدئەمین ..... ٣٢
١١. عەزیز گەردی پسپۆڕ و توێژەری ئەدەبی کوردیی / سابیر ڕەشید ..... ٣٩
١٢. نووسین و وەرگێڕانی کتێبی داغستانی من / د.مەغدید سەپان ..... ٤٤
١٣. ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان و بیرورای چەند نووسەرێک / ئامادەکردنی/ مارف عومەر بەرزنجی ..... ٤٧
١٤. یەکەم بابەتی بڵاوکراوەی عەزیز گەردی (ئەرکی لێکۆڵینەوەی وێژەیی) عزیز گەردی ..... ٥٠

*** مێژوو:**

١. وتارە بڵاونەکراوەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (بەشی یەکەم) پ.ی.ئەحمەد باوەڕ ..... ٥٤
٢. ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی دووەم) عەلی مەحموود محەمەد ..... ٥٩
٣. بارودۆخی تەندروستیی لە قەزای ڕواندز ١٨٥٥-١٩٠٣ / موحەممەد گەلاڵەیی ..... ٦٣

*** ئەدەب:**

١. تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خود (بەشی دووەم) / عەلی شێخ عومەر ..... ٧٢
٢. (١٠) هەناسە شیعر / هێدی گەلاڵی ..... ٧٨
٣. گەشتی کوێستان / ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا ..... ٨٠

*** ڕۆشنبیریی گشتیی:**

١. شوناسی نیشتمانیی عێراق لە قۆناغە جیاوازەکاندا / شاناز هیرانی ..... ٨٢

*** دیدار:**

١. دیداری د. سامیە شاکر / دیمانە: محەمەد گۆران ..... ٨٦

*** هونەر:**

١. کۆشکی هەنار ... لەنێو کۆمەڵێک ئاریشە و ناتەباییدا / حەمەسوار عەزیز ..... ٩٨

*** خوێندنەوەی کتێب:**

١. خوێندنەوەیەکی قووڵتر بۆ دەقی کوێت / تاریق کارێزی ..... ١١٢

*** لەبری بیرەوەری:**

١. شەو لەکێوان (بەشی ١٨) د. ئەرسەلان بایز ..... ١٢٠

*** وێستگەی دیوان:**

١. (١) پرسیار (تارق ئاکرەیی) ئا: ئیسماعیل پەروەر ..... ١٢٨
٢. دیوانی هەولێر (گازینۆ لەیالی ئەربیل) نازم دڵبەند ..... ١٣١
٣. سینەما فیلم ( فیلمی عەلی و نینۆ .. خۆشەویستی کوڕێکی موسلمان و کچێکی مەسیحی) ئا: پەروەر ..... ١٣٤
٤. یەکەم بابەت (شێرکۆ بێکەس) ئا: قەلەندەر ..... ١٣٦
٥. گۆشەی دیوان (هەڵدانەوەی پەڕاوی ڕۆژانەی مامم) ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم ..... ١٣٧
٦. ڕوونکردنەوەیەکی پێویست / جەمشید حەیدەری ..... ١٣٨
٧. بینین و بیستنی جوانی / قەرەنی جەمیل ..... ١٣٩
٨. لە دەفتەری نەمریدا (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) ..... ١٤٠
٩. لە دەفتەری نەمریدا (گارا ڕەسووڵ) ..... ١٤١
١٠. ساڵۆنی لاپەڕە (٩) ئا: ڕەوەست نەوزاد ..... ١٤٢


*** لاپەڕە ١٤٤:**

١. دوو ساڵ و دووسەد بەرپرسیاریەتی / مەسعودی مەلا هەمزە ..... ١٤٤

# دۆسیه

# عەزیز گەردی

## ١٩٤٨ - ٢٠٢٢/٦/٦



**من لە مردن ناترسم ! مردن ئاساییە**
**هێندە هەیە من و شەقاوەیەک**
**وەک یەک دەمرین**

عەزیز گەردی



# ئەم جارە عەزیز گەردی

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بە ناچاریی ئاوارەی ئێران بووین، دوای گەڕانەوەشمان، لە گوندی ڕۆستەمیەی نێوان حللە و کفل لە خوارووی عێراق نیشتەجێ کراین، ئەوکاتەی گەڕێنراینەوە کوردستان، باوکم بڕیاری دابوو، ئیدی بۆ لەمەودوا لە هەولێر بژیین. ئەوکاتەش تەمەنم حەوت ساڵان و پۆلی دووی سەرەتایی بووم. بیرمە مامم، مەلا محەمەدئەمین مەلا یوسف، کە ئێستە لە ژیاندا نەماوە، یەکەم شیعری پێ لەبەر کردم، شیعرەکەش بریتی بوو لە هەستێکی کوردانە:

***جەژنی ئەمساڵمان تەنگە ماتە***
***تۆماری یادی هەوڵ و خەباتە***
***نیگارێکی وای بۆ کورد هێناوە***
***نەخشی هەمووی ئەشک و خوێناوە***
***نیگاری دار و کانییەک ڕێک ئەخەن***
***کوردێک لە سەردار بەرەوڕووی دوژمن***
***خوێن تێکەڵ ئەکا بە ئاوی کانی***
***خۆی ئەدا بە کوشت بۆ کوردستانی***
***بە کوڵ پێمان ئەڵێ ئەی کوردانی زیندوو***
***لە بیرتان نەچێ جەژنانی پێشوو.***

ئەگەرچی ئێستەش نەمزانی ئەم شیعرە هی چ شاعیرێکە، بەڵام دەکرێت بڵێم، ئەوە سەرەتای دروستبوونی خولیای خوێندنەوەم بوو، دواتریش، کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، باوکم بە کتێبەکانی یوسف و زولێخا، ڕۆستەم و زۆراب، فەتحی قەڵای خەیبەر، حیکایەتی چل تووتی، لەیل و مەجنوون، چیرۆکەکانی ئیزۆپ و دواتریش بە ڕۆمانی بێ سەرپەرشتانی قودسی نەسیری، لە وەرگێڕانی مەلا محەمەدی شەڵماسی ئاشنا کردم.

شەوانە باوکم ئەو کتێبانەی بۆ ئەوانە دەخوێندەوە، کە لە دەوری کۆ دەبوونەوە، ئەوەش سەرەتایەکی نوێی ئاشنابوونی من بوو بە کتێب، کە دواتر منیش یەک بە یەک ئەو کتێبانەم زیاتر لە جارێک خوێندنەوە، ساڵ هات و ساڵ چوو، کتێبی چیرۆکەکانی ئیزۆپ هەر لە خەیاڵم دامابوو، کە گەورەتر بووم زۆرجار بە نێو کتێبخانەکانی هەولێردا دەگەڕام و سۆراخی ئەو کتێبەم دەکرد، کەچی دەستم نەدەکەت، ئێستەش جارێکی دی ئەو کتێبەم بەرچاو نەکەوت، زۆر بە درەنگیشەوە زانیم ئەو کتێبە عەزیز گەردی تەرجوومەی کردووە. بۆیە ئەگەر کەسانێک هەبن عەزیز گەردی-یان لە ڕێگەی داغستانی من-وە ناسی بێت، ئەوە من، ئەوم لە ڕێگەی چیرۆکەکانی ئیزۆپ-ەوە ناسی.

بڵاوکردنەوەی ئەو دۆسیەیەش لەسەر ئەو نووسەر و وەرگێڕە ناودارەی کورد، هاوکاتە لەگەڵ یادی یەک ساڵەی کۆچی دوایی، کە دەکاتە ٢٠٢٣/٦/٦

ئەگەرچی ئێمە لە گۆڤاری دیوان مەبەستمان نییە دۆسییەکانمان هاوکاتی یاد و یادەوەرییەکان بێت، بەڵام ئەمجارە وا ڕێککەوت. کاتێک دکتۆر مەولود ئەو بابەتەی خۆی، لەسەر عەزیز گەردی بۆ ناردم، بە باشم زانی دۆسیەی ئەم ژمارەیەمان لەسەر ئەو بێت.

هەروەها لە چوارچێوەی ئەو تێگەیشتنەی بۆ ڕا و بۆچوونی جیاوازمان هەیە، لەو دۆسیەیەدا چەند بابەتێک بڵاوکراونەتەوە، کە لە پاڵ خستنەڕووی کار و بەرهەمەکانی مامۆستا و ستایش کردنی هەوڵ و ماندووبوونەکانی وەک نووسەر و وەرگێڕێکی دانسقە، هەندێک وردە سەرنج و تێبینیش لەسەر وەرگێڕانەکانی و باری ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتی و تێڕوانین و هەڵوێستەکانیشی خراونەتە ڕوو. بەڵام وەک دەیبینن ئەو ڕاو سەرنجانە بەهیچ شێوەیەک لە گەورەیی و دانایی و زمانزانی ئەو کەم ناکەنەوە، بە پێچەوانەوە ئەو هەر جوانتر خۆی دەنوێنێت

**سمکۆ عەبدولکەریم**



## بۆ مامۆستا د. شوکریە ڕەسووڵ

# کورتەیەکی ژیاننامەی خۆم

**عەزیز گەردی**

دایکم، خوای لێ خۆش بێ، دەیگوت سەرەتای پایز بوو کە تۆم بوو، بەڵام نەیدەگوت چ ساڵێک بوو، چوکە خوێندەواری نەبوو، تا ساڵ و مانگ و ڕۆژی لەدایک بوونی منی لەبیربێ، یان بینووسێتەوە.

باوکیشم هەرچەندە لە گرتووخانە فێری خوێندنەوەو نووسین ببوو، بەڵام خوێندەوارییەکەی بەو ڕادەیە نەبوو، نرخی هاتە دنیای منداڵێکی نوێ بە هەند هەڵبگرێ و لای خۆی بۆ دوارۆژ بینووسێتەوە.

بەڵام پاشان، کە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کرا، کابرای ناونووس، کە مامۆستای ناسراوی هەولێری عومەر ساقی بوو، تەمەنی منی بە ساڵی ١٩٥٠ خەمڵاندبوو، بەڵام پاش (١٧) ساڵ کە (دار المعلمین)م تەواو کرد، مەرجێکی دامەزرانی مامۆستایان ئەوەبوو تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ، ئەوەبوو لە دادگا ساڵی لەدایکبوونی خۆمم کرد بە ١٩٤٨. ئەمەیە سەرەتای هاتنە دنیای من، بەڵام وەک گوتم ساڵ و مانگ و ڕۆژی هاتنم بە وردی دیار نییە.

باوکم ناوی عەبدوڵڵا بوو، بە منداڵی دایک و باوکی دەمرێ و مامەکانی ناتوانن نازی ڕابگرن، دەربەدەر دەبێ، هەر ساڵە و لای ماڵە دەوڵەمەندێک، یان ئاغای گوندێک بە ڕەنجبەری دەژی و بەناوی (عەدۆ) کە کورتکراوەی (عەبدوڵڵا)یە دەناسرێ، پاشان لە چلەکان دەبێ بە سەرکاری جەمیل ئاغای گەردی لە گوندی (کەرک) لەو ساوە ناوی (کێخوا عەدۆ)ی بەسەردا دەبڕێ.

باوکم دوو ژنی هێناوە. ژنی یەکەمی لە پیرزین هێناوە، کە ئەوسا لەوێ لای نووری سادق ڕەنجبەر بووە، لەو ژنە، کە ناوی لەعلی بوە دوو منداڵی بوە، کوڕێک و کچێک (ئەحمەد و ئەسمەر) هێشتا منداڵەکانی ورد دەبن، کە لەعلی دەمرێ، ئیدی باوکم ڕوو لە مامی دەنێ، کە کچێکی بداتێ هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی منداڵەکانی بۆ بەخێو بکات، هەر چەندە مامی ڕای لێ نابێ و کچەکەیشی بەدڵی نابێ چونکە ئامۆزای خۆی بووە و بە

> **هەر لە منداڵییەوە حەزم لە خوێندنەوە بوو، هێشتا لە سەرەتایی بووم باوکم کتێبە چیرۆکە شیعرییەکانی وەکو فەتحی قەڵای خەیبەر و محەمەد حەنیفە و میحراجنامە و مەولوودنامە و ڕۆستەم و زۆراب و ڕۆستەم و جهانگیری بۆ پەیدا کردبووین**

منداڵی بەیەکەوە گەورە بوونە، بەڵام باوکم پێ دادەگرێ و کچە گەورەی لێ دەسەنێ، کە ناوی (فاتم) بووە. ئیدی لەو ژنی دووەمینەی پێنج کوڕ و کچێکی دەبێ، من چوارەمینی منداڵی ئەم دایک و باوکە بووم. ئەوانی تریش، گەورەکەیان، کە کوڕ بووە، هەر زوو بەمنداڵی تەمەنی درێژی بۆ ئێمە جێ هێشتووە و ئەوانی تریش هەموویان ماون، خوشکەکەمان ناوی خەدیجەیە و پێی دەڵێن (خەجێ) براکانیشم ناویان بەکر و کوردۆ و قەهارە. بەکر بەڕێوەبەرە لە وەزارەتی ناوەخۆ و کوردۆ مامۆستایە لەبەحرکە و قەهاریش دەرچووی سانەوی کشتوکاڵە و فەلاحەتی دەکا.



وا دەردەکەوێ، باوکم قەت خۆشی لەخۆی نەدیبێ، هەر بە دەربەدەری و لانەوازی ژیابێ، بۆیە کە ژنیشی هێنا، نانی ئیلەڵلای نەبووە، بەسکێ تێر و بەسەد سک برسی بووە، ئێمە لەم خێزانە هەژار و نەدارە هاتینە دنیا و گەورە بووین، تا (دار المعلمین)یشم تەواوکرد، نە بەرگێکم لەبەرکرد بەبەرگان بچێ و نە جەمێکم بەدڵ کەوت بەجەمان بچێ... تا سەرەتای حەفتاکان نانمان فراش بوو، قەت نانی گەنمم لە ماڵی خۆمان نەدی، من لەو ماڵە هەژارە، ساڵی ١٩٥٥ چوومە قوتابخانە.

پێشتر دوو جار قوتابخانە هاتبووە دێکەمان (بەحرکە) هەردوو جار پاش یەک دوو ساڵ هەڵوەشابووەوە. یەکەم مامۆستامان ناوی (عبدالفتاح عبداللطیف) بوو، لا ڕوومەتێکی سەراپا بەهۆی جۆرە نەخۆشییەکەوە سوور هەڵگەڕابوو،

**یەکەم بەرهەمم لە ١٩٧٠/٣/١٤ وتارێک بوو لە ژمارە (٩)ی هاوکاری بڵاوبووەوە، یەکەم کتێبیشم بەرگی یەکەمی ڕەوانبێژی بوو لە ١٩٧٢ چاپ بوو**

بۆیە پێیان دەگوت (لا سووتاو) ئەم مامۆستایە باوکی (سامی شۆرشی)ی شاعیر و نووسەر بوو. مامۆستایەکی تا بڵێی دڵسۆزی کارەکەی خۆی بوو، زۆر خۆی لەگەڵ قوتابییەکان ماندوو دەکرد، وەکو کوڕی خۆی تەماشای دەکردن (سامی)ی کوڕی نەختێ لە ئێمە بچووکتر بوو، کە ئێمە لە پۆلی یەکەمدا بووین ئەو وەکو (مستمع) دەهات، دادەنیشت، بۆ ساڵی دوەم ئینجا وەکو قوتابییەکی ڕەسمی دەوامی کرد.

مامۆستا (عبدالفتاح) تا بڵێی، پیاوێکی ڕووخۆش و بە خزماتی بوو، لەگەڵ هەموو خەڵکی دێ وەکو خزم وابوو، سێ ساڵ مایەوە، خۆی ئەوەندە خۆشەویست کردبوو، هەموو خەڵکی گوند سوێندیان بە سەری دەخوارد. تەنانەت پاش سێ ساڵ، کە نەقل بوو بۆ هەولێر، هەموو منداڵەکان نازانم نە لە خۆیانەوە بوو، نە بە قسەی گەوران، هەموو کتێبیان فڕێدا و گوتیان ئەم مامۆستایە بڕوا ئێمە لای کەس ناخوێنین، بەڵام مامۆستا عبدالفتاح خۆی قسەی بۆ کردین و دڵی داینەوە و ساردی کردینەوە.

ساڵی ١٩٦١ قوتابخانەی سەرەتاییم تەواوکرد، لەوساوە من لە ماڵەوە دابڕام و تا ئێستاش هەر بە تەنیام.

ساڵی ١٩٦١ / ١٩٦٢ لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی وەرگیرام. من و بەکری برام بووین. ئەو بەیەک دوو ساڵ لەمن گەورەتر بوو، هاتینە هەولێر، چونکە قوتابخانەی ناوەندی لە بەحرکە نەبوو، ژوورێکمان بەکرێ گرت و کەوتینە سەر ژیانی زووگرتیاتی... تا خوێندنی ناوەندیمان تەواوکرد، جاروبار نەبێ داپیرمان دەهاتە بنەوامان، ئەگەر نا هەر تەنیا بووین. پاش تەواوکردنی (ناوەندی ـ متوسطە)، من و بەکریش لەیەک دابڕاین، ئەو نمرەی پۆلی سێیەمی کەم بوو لە (دار المعلیمن) وەرنەگیرا، چووە ئامادەیی، منیش کە نمرەم زۆرباش بوو چوومە (دار المعلمین) بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بە مووچەی مامۆستایەتی نەبوونی و ناگزووری خۆمان کەم بکەمەوە، جگە لەوەی بای ئەوەمان نەبوو بتوانم یەک سەفەری بەغدای پێ بکەم چ جای ئەوەی چوار ساڵ لەوێ بخوێنم، قەت لەبیرم ناچێو کە چووم تقدیمی (دار المعلمین)م کرد، بەڕێوەبەری ئەوسا کە (مصطفی حسن شعبان) بوو، گوتی وەرت ناگرم تۆ نمرەت زۆرباشە، حەیفە خوێندن تەواو نەکەی، بڕۆ ئامادەیی و کولیەی ئەندازیاری، یان پزیشکی تەواو بکە! بەڵام کە باری ئابووری خۆمم بۆ باس کرد، وەریگرتم و پاش نزیکەی سێ ساڵ کە ماستەرم وەرگرت و جارێکیان تووشی هاتم، لە دوورەوە بۆم هات و گرتمیە باوەش و وەکو کوڕی خۆی تێر ماچی کردم، گوتی کە زانیم ماستەرت وەرگرتووە ئۆخەم لەخۆم کرد چونکە زۆرم بەلاوە داخ و کەسەر بوو تۆ خوێندن تەواو نەکەی.

(دار المعلمین)م تەواو کرد و ساڵی ١٩٦٨ بە



مامۆستا لە قوتابخانەی (المعری) دامەزرام، کە پاشان بوو بە (سیروان) و دواتر لەگەڵ (ئیبن خەلەکان) لێک درا.

لە ڕۆژی دامەزرانم بە مامۆستای سەرەتایی و تا ئەمڕۆ لە دەیان دەورەی فێربوون و پەروەردە بەشداریم کردوە، هەر بۆ نموونە دەورەی ئەلف و بێی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و دەورەی زمانی ئینگلیزی و دەورەی خەت و خۆش نووسی لە بەغدا، دەورەی بیرکاری و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی لە هەولێر.

ساڵی ١٩٧٥، خۆم نەقلی بەغدا کرد، بۆ ئەوەی لەوێ لە زانکۆی (مستنصریە) دەوامی ئێواران بخوێنم. نەقلەکەم بە گۆڕینەوە مەیسەر بوو، لەگەڵ مامۆستا تاهیر صالح، کە ئێستا خانەنشینە و ئاوقاتی دەکات و گۆڕیمەوە. لەوێ لە قوتابخانەی (حاتم الطائی) لە گەڕەکی (القاهرە) سێ ساڵ دەرزم گوتەوە. لەو ماوەیەدا چەند مانگێک لە ئوتێل مامەوە و ئەوەیتر لەگەڵ چەند برادەرێک بەزووگرتی لە ژوورەکانی حەیدەرخانە ژیام. بەڵام لەوێ تووشی نائومێدییەکی سەخت بووم، چونکە ئەوەندەی کردم و کۆشام لە زانکۆ وەرنەگیرام، چونکە ئەگەر چی پێشتر مامۆستای سەرەتایی بواری دەبوو ئێواران لە زانکۆی مستنصریە بخوێنێ لەگەڵ چوونی من بۆ بەغدا ئەم دەرگایەش داخرا و چیتر مامۆستای سەرەتایی وەرنەگیرا. لەماوەی ئەو سێ ساڵەی بەغدام تەنیا سوودێکی زانستیم دی بێ ئەوەبوو، توانیم دەورەیەکی (٦) مانگی ئینگلیزی تەواو بکەم کە دەورێکی زۆری هەبوو لە هۆگربوونی یەکجاریم بە زمانی ئینگلیزی و لەوساوە خووم دایە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی بیانی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، بۆ ئەو وەرگێڕانانەی لە ئینگلیزییەوە کردوومن قەرزاری ئەو دەورەیەم.

ساڵی ١٩٧٨، دوای سێ ساڵ خەم و ڕەنج بەخەساری، لۆژ لۆژ گەڕامەوە هەولێر و لە قوتابخانەی (دجلە)ی سەرەتایی کەوتمە سەر دەرز گوتنەوە. پاش دوو ساڵ، لە ١٩٨٠ لەگەڵ چەند مامۆستایەکی سەرەتایی تر چووینە تاقی کردنەوەی بەکالۆریای شەشی ئامادەیی وەکو قوتابی خارجی، من پلەیەکی زۆر باشم هێنا. ئەوسا زانکۆ لە هەولێر نەبوو. لە بەغدا و مووسڵ هەبوو. نەمدەتوانی واز لەمامۆستایەتی بێنم و خۆم بۆ خوێندنی زانکۆ تەرخان بکەم، چونکە هیچ سەرچاوەی تری بژێویم نەبوو مامۆستایەتی نەبێ. ئەوەبوو بیرمان لەوەکرد، لە هەولێر کاری مامۆستایەتیمان نقل بکەین بۆ ئێواران تا بتوانین هەموو ڕۆژ بچینە مووسڵ بۆ خوێندن...

تەگبیرەکە سەری گرت، لە زانکۆی مووسڵ، کۆلیجی ئاداب، بەشی فەرەنسی، وەرگیرام. ماوەی چوار ساڵ، هەموو ڕۆژێ هات و چۆی مووسڵم دەکرد، بەیانی زوو لەخەو ڕادەبووم، دەچوومە مووسڵ، وانەکانم دەخوێند، دوای سەعات «سەعاتەکەی دیاری نەکردووە» دەگەڕێمەوە و سەعات (٥) دەوامی مامۆستایەتیم لە هەولێر دەکرد تا سەعات (٨)ی ئێوارە. لەگەڵ ئەو هەموو ئەرک و ماندوو بوون و بێ وەختیەش هەر



(١)

بۆ مامۆستا

د. شوکریە ڕەسوول

کورتەیەکی ژیننامەی خۆم

عەزیز گەردی

...

چەند لاپەڕەیەک لە دەستنووسی نامەکەی عەزیز گەردی



چوار ساڵ بە یەکەم دەرچووم و تەرشیح کرام بۆ خوێندنی دکتۆرا لە سۆربۆنی پاریس، بەڵام چونکە هەموو مەرجێکم تێدانەبوو، هەر چەند هیچ منافسیشم نەبووو بەڵام نەیانناردم.

پاش تەواوکردنی زانکۆ لە ١٩٨٤، لە مامۆستای سەرەتاییەوە بووم بە مامۆستای سانەوی و ئینگلیزیم دەگوتەوە، ساڵی ١٩٨٦ وەکو موحازیر چوومە کولیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر و عەرووز و رەوانبێژی و رەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردم گوتەوە. دوو ساڵ لەوێ مامەوە، بەجێم هێشت.

ساڵی ١٩٩٢ پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆر و پێداگرتنی هەندێ کاربەدەستی دۆست و نزیکم، لە خوێندنی باڵای کورد (ماجستێر) وەرگیرام. ساڵی ١٩٩٤ تەواوم کرد.

نامەکەم لەسەر کێشی شیعری کلاسیکی کوردی بوو: (کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسی) لەوساوە نەقڵ بووم بۆ کولیجی ئاداب/ بەشی کوردی و ئێستا عەرووز و ڕەوانبێژی دەڵێمەوە. ساڵی ١٩٩٥ لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرام و لە ١٩٩٨/٥/١٣ بەرگریم لەنامەکەم کرد، کە لەسەر سەروای شیعری کوردی بوو: (سەروا ـ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە).

هەر لە منداڵییەوە حەزم لە خوێندنەوە بوو، هێشتا لە سەرەتایی بووم باوکم کتێبە چیرۆکە شیعرییەکانی وەکو فەتحی قەڵای خەیبەر و محەمەد حەنیفە و میحراجنامە و مەولوودنامە و رۆستەم و زۆراب و ڕۆستەم و جهانگیری بۆ پەیدا کردبووین...

زۆر بەتاسە و پەرۆشەوە ئەم چیرۆکانەمان دەخوێندەوە، کە گەورەیش بووم، بەتایبەتی لە (دار المعلمين) کەوتمە سەر خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و جیهانی و بەتایبەتی پاش دەرچوون و دامەزرانم بە مامۆستا وەختم زۆر بوو، کەوتمە ناو دونیای خوێندنەوە و ئینجا نووسین.

یەکەم بەرهەمم لە ١٩٧٠/٣/١٤ وتارێک بوو لە ژمارە (٩)ی هاوکاری بڵاوبووەوە، یەکەم کتێبیشم بەرگی یەکەمی رەوانبێژی بوو لە ١٩٧٢ چاپ بوو.

ئەو ماوەی لە بەغدا بووم ١٩٧٥ ـ ١٩٧٨ کەمتر خۆم لە دەزگاکانی ڕۆشنبیری کوردی ئەوێ نزیک دەکردەوە. لەسەر داوای چەند برادەرێکی دڵسۆز (٦) مانگ لە هاوکاری وەکو (محرر)ی ئەدەبی کارم کرد، بەڵام نەمتوانی تا سەر لەگەڵیان بڕۆم و وازم هێنا. ساڵی ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣ کە لە کۆلیجی ئادابی مووسڵ بووم، هەستم کرد قوتابیەکان زۆر بەهرەی باشیان تێدایە، دەشێ دەرەتانێک بۆ ئەو بەهرانە بڕەخسێنرێت.

ئەوەبوو لەگەڵ چەند برادەرێک بیری دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی ئەدەبیمان هێنایە پێشەوە، کە هەموو بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی بیانی بێ و ئەوەبوو پێنج ژمارەمان لێ دەرکرد. من سەرپەرشتیم دەکرد. کەرەستە وەرگێڕاوەکان دەهاتن، جاری وا هەبوو خۆم بابەتەکەم دەست نیشان دەکرد و دەمدایە یەکێ وەری بگێڕێ، کە کەرەستەکانم وەردەگرت هەموویم لەگەڵ ئەسڵەکان بەراورد دەکرد و دووبارە دامدەڕشتنەوە دەمنارد بۆ ڕەقابە و پاشان مشوری ئەرکی چاپمان بۆ دەخوارد. ئەو پێنج ژمارەیە سێیان ژمارەی گشتی بوون و دوویان تایبەتی بوون: یەک تایبەتی بوو بە شیعر و ئەوەی تر تایبەت بوو بە چیرۆک. بەتەما بووین شەشەم تایبەت بکەین بەشانۆگەری یەک پەردە، کەرەستەشمان کۆکردەوە و ڕەقابەمان وەرگرت، بەڵام توانای مادیمان نەبوو، ئەوەبوو پرۆژەکە ڕاوەستا.


**هەولێر**

**١٩٩٨/١٢/١٢**

*** ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا عەزیز گەردی بە دەستوخەتی خۆی نووسیوەو بۆ د. شوکریە رەسووڵ–ی ناردوو ە**



# زانایەک لە ژیانێکی سادەیی دا
# عەزیز گەردی، لە یاد و یادەوەریمدا



مەولود ئیبراهیم حەسەن

بمبوورن بەڕێزان، بەڕاستی بۆ من ئاسان نییە، باسی مەرگی خۆم بکەم؛ ئەوەی ئێوە دەتانەوێت باسی بکەم، خۆمم خۆم، ئەو خۆمە برای ڕۆحیمە، برای ڕۆحی منە!

من ئێستە نیوەی ڕۆحم کۆچی کردووە! کەس و کاری زۆرم مردوون، دۆست و ناسیاوی زۆرم مردوون، هیچ مەرگێک وەک مەرگی ئەو زاتە، ڕۆحی نەتاساندووم! بە مەرگی ئەو برا ڕۆحییەم، بەشێک لە یاد و مێژووم مرد، بەشێک لە هیواو ئاواتم مرد، بەشێک لە ڕابردوو و داهاتووم مرد، لەو ڕۆژەوە ئەو زاتە مردووە، بەردەوام دەستێکی مەرگ هێن ها وەسەر شانمەوە، من لەو دەستە مەرگکارە ناترسم، چۆن تا ئێستە چەندین جار لە مەرگی مسۆگەر ڕزگارم بووە، ئەوەش دەزانم ڕۆژێ هەر دەمرم، ئێمە هەموومان بەردەوام لەنێو بازنەی مردندا دەسووڕێینەوە، بەردەوام مەرگی کەس و کار و ئازیزان دەبینین، بەڵام، بۆ من مەرگی ئەو ئازیزە، مەرگێکی دی بوو، ئێستە من بە ڕۆحێکی نیوە ڕۆحەوە دەژیم. بە ڕۆحێکی نیوە ڕۆح کار دەکەم. کەسانێک هەن، لە ژیاندا ماڵ لەگەڵ یەک بەش دەکەن؛ من براکەم ڕۆحی لەگەڵ دابەشکردووم.

بمبوورن، من ئێستە بە ڕۆحێکی نیوە ڕۆحەوە دەنووسم.


**لە کوێ دەستپێبکەم و لە کوێ کۆتایی پێبێنم؟**

ڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ دیوارێکی ڕەق بوو، سەری نازکی کەم ئەزموونی پڕ لە هیوای ئازادیی ئێمەی گەنج و قوتابی بەرکەوت! گەڕاینەوە و بووین بە عائدون هەموو هیوا و خواستێکمان سەراو بن بوو بوو؛ بێ سەر دەهاتین و دەچوووین، بێ سەر دەڕۆیشتین و دەگەڕاینەوە، ڕۆژانێکی زۆر گۆڕە و شار بوو! هیچ شتێک تام و ڕەنگ و بۆنی خۆی نەمابوو، هەر ئێمە وانە بووین، کە بە هیوایەک هەڵفڕێن و بە شکستێک نیشتینەوە! کەسانێک هەبوون نەهاتبوونە دەرەوە، ئەوانیش وەک ئێمە، وەک گەڕاوەکان سەری نازکی پڕ لە هیوای ئازادییان بەر

> **"حەکایەت و گۆرانیی و فۆلکلۆر و پەند و لاوک و ئەفسانەی کوردی کۆکردوونەتەوە و هەندێکی لێ چاپکردوون، من خۆم دەیان کاسێتی تۆمارکراوم لە ماڵەکەی بینیوە"**



دیواری ڕەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کەوتبوو! هەمووومان بۆ ماوەیەکی زۆر بەو ژانەسەرەوە دەژیاین، ڕێک لەو ڕۆژانەدا من و مامۆستا عەزیز گەردی قۆناغێکی تازەی برادەرایەتیمان دەستی پێکرد، هاوخەم بووین، ئەو نە هاتبووە دەرەوە، بەڵام، ژانە سەرەکەی لە ئێمە کەمتر نەبوو، پێشتر من و مامۆستا چاک و چۆنیمان لەگەڵ یەک هەبوو، دوای ئەم ژانە سەرە ڕۆژ بە ڕۆژ لە چاک و چۆنییەوە بەرەو برادەرایەتی دەچوو.. تا گەیشتە برایەتی و دوا جار گەیشتینە برایەتی ڕۆحیی! برایەتییەک لەسەر بنەمای خوێندنەوە و کتێب دامەزرا و لەسەر خۆشەویستی و ڕێز لێک گرتن بە هێز دەبوو، بەرە بەرە باشتر لێک نزیک دەبووینەوە و چاکتر تێک دەگەیشتین و زۆرتر بڕوامان بە یەک دەکرد؛ مامۆستا عەزیز دۆست و برادەری زۆری هەبوون، برادەری چاکیشی هەبوون. ئەو، ئەوان ڕۆژان ڕووی خۆی لە کەس وەرنەدەگێڕا و دڵی هەمووانی ڕادەگرت؛ پیاوێکی خۆشەویست و ڕووخـــۆش بـــوو، هەموو کەس حەزی دەکرد بیناسێت و برادەرایەتی لەگەڵ دا بکات، ئەویش بێ سنوور مامۆستا و نووسەرێکی خاکی بوو، بەرە بەرە کتێب و



نووسینەکانی بڵاودەبوونەوە و تواناکانی دەردەکەوتن، هەر زوو وەک نووسەرێکی گەورە کەوتە بەر چاوان و سەرزاران، ئیدی مامۆستا بووە نووسەرە هەڵکەوتووەکەی شاری هەولێر و کوردستان.

مامۆستا عەزیز گەردی جگە لە وتار و ڕەخنەکانی، سەرەتا سێ بەرگی لە کتێبی ڕەوانبێژی بڵاوکردەوە، هەر زووش ڕووی لە وەرگێڕانی ئەفسانە کرد، ئەفسانەی میللەتانی دەکردە کوردی، ئەفسانەی کۆن و نوێ و دوور و نزیک، زۆر کەس پێیان وابوو مامۆستا، کە ئەو زمانە گرنگ و کوردیە ڕەوانە دەزانێت باشترە کتێبی فەلسەفە وەربگێڕێ، ئەوان نەیاندەزانی هەموو ڕەهەندە هزرییەکان لە ئەفسانەوە سەرهەڵدەدەن، مامۆستا بەردەوام بوو لە وەرگێڕانی ئەفسانە جیهانییەکان، ئەوەبوو بەرەبەرە خەڵک تێگەیشتن، کە ئێمە خۆشمان ئەم جۆرە ئەفسانانەمان هەنە، ئەمە وایکرد، کە نووسەرانی کورد گرنگی زۆرتر بە ئەفسانە و کلتوری خۆمان بدەن، ئەوەی من بزانم، تا ئێستە دەوروبەری چل کتێبی لە ئەفسانەی جیاجیای جیهانیی وەرگێڕاوە و بڵاوی کردوونەتەوە، جگە لەمە خۆشی حەکایەت و گۆرانیی و فۆلکلۆر و پەند و لاوک و ئەفسانەی کوردی کۆکردوونەتەوە و هەندێکی لێ چاپکردوون، من خۆم دەیان کاسێتی تۆمارکراوم لە ماڵەکەی دا بینیوە.

مامۆستا عەزیز گەردی لە نووسین و وەرگێڕان دا، لە سنوورێکی دیاریکراو و یەک پسپۆڕیەت دا جێگیر نەبوو، ئەگەر سەیری لیستی ناوی کتێبە چاپکراوەکانی بکەین، دەبینین باخچەیەکە لە ڕەنگاوڕەنگی بەرهەمی جۆراوجۆر، لە وەرگێڕانی ئەفسانەوە بۆ وەرگێڕانی لێکۆڵینەوە، مێژوو، ڕەخنە، شیعر، ڕۆمان، چیرۆک و گەشت و چاوپێکەوتن و ئەوانی دیش.

مامۆستا بە هۆی لێهاتوویی و زمانڕەوانی و تایبەتمەندی خۆی لە وەرگێڕانی کتێب و نووسین و لیکۆڵینەوە دا بەرهەمەکانی زۆر چاک دەخوێندرانەوە و بڵاودەبوونەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم پێنج نەوە زیاتر لە کچ و کوڕ و گەنجەکانمان، تا دەگاتە بەتەمەنەکانیش لە پەنا



زمانی ڕەوان و کوردیە خۆش و وەرگێڕانە گرنگەکانی مامۆستا عەزیز پێگەیشتن و زمانی نووسینی خۆیان دەمەزەرد کردەوە.

مامۆستا عەزیز کوڕی خانەوادەیەکی بەڕێزی کوردەواری خۆمان بوو، کوردێکی ڕەسەن و پاک و یەک ڕەنگ بوو، کورد بوو، بەڵام بە قەد کورد بوونەکەی دووره سیاسەت بوو! ئەو سیاسەتی نەدەکرد، بەڵام لە وەرگێڕاندا سیاسەتی خۆی هەبوو، دەیزانیّ چی وەرگێڕێ و چی بڵاوبکاتەوە، وەرگێڕانی دوو بەرگی (داغستانی من) کارێکی سەرپێیی نەبوو، ئەو لە ڕۆژگارێک دا داغستانی بڵاوکردەوە، کە هێشتە تەپەسوڕەی کارەساتی ڕێککەوتننامەی جەزائیری نێوان ئیران و عێراق میللەتەکەمانی بەرنەدابوو، داغستان وەک ڕاپەڕێنێکی کتێب، نێوەندی کۆمەڵگەی کوردەواری هەژاند، چ هەژاندنێک! بێ دوو دڵێ (داغستانی من)ی مامۆستا عەزیز گەردی زۆرترین کەس و زۆرترین جار خوێندرایەوە، هەریەکێک خوێندبێتییەوە، زیاد لە جارێک خوێندوویەتییەوە، کتێبەکە دەستاودەست دەکرا و سنووری وڵات و شارەکانی بەزاند، گەیشتە نێو کوڕانی چیاو لەوێ بە کۆمەڵ دەیانخوێندەوە، هەڵە نەبم زۆر گەنجیشی هەناردە چیای، ئەوە جگە لە کاریگەرییە زمانی و ئەدەبی و کلتوورییەکەی، کە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەدەبێکی کلتووری خۆماڵی، چۆن داغستان کوردستان و کلتورەکەی خۆشەویستتر کرد، هەربۆیە زۆر کەس بە (کوردستانی من) ناویان دەبرد. بە دڵنیاییەوە داغستانی من کتێبێک بوو لەو ڕۆژگاری دوای ڕێککەوتننامەی عێراق و ئێران زۆرترین و گەورەترین کاریگەریی ئەدەبی و سیاسی بەسەر گەنجانی ئەوسای کوردەوە هەبوو، بۆ ئەوەی لە پاش نائومێدی بە هیوا و عیشقەوە ڕوو لە خاک و نیشتمان بکەن.

مامۆستا زۆر بە نووسینەکانی خۆیەوە ماندوو دەبوو بە ئاسانی کتێبی بڵاونەدەکردەوە، هەر کتێب و نووسینێکی چەند جار دەنووسییەوە، عەزیز گەردی ڕۆژێک لە بارەی داغستانەوە گوتی: من شەش جار لەسەری تا بنی هەردوو بەرگەکەم نووسیوەتەوە! ئەو لە وەرگێڕانەکانی دا دەکۆشا بۆ بابەتە وەرگێڕدراوەکە بە کوردی بیر بکاتەوە، لەنێو زمانی کوردی بیر بکاتەوە، بە کلتووری کوردی بیر بکاتەوە و کتێبەکە بکات بە کوردی.

هەر ئەم کارەش بوو داغستانی منی گەیاندە لووتکە، زۆر گەنج لە داغستانەوە دەستیان پێکرد و بەردەوام بوون لە خوێندنەوەو دوا جار بوون بە نووسەر! وەرگێڕانی بەرهەمە بۆ مامۆستا عەزیز قۆناغێکی گرنگ بوو لە کاری وەرگێڕاندا، هەربۆیە داغستانی من  لەنێو کورد دا هێندەی بە داغسانی عەزیز گەردی ناسرا، هێندە بە هی هەمزە تۆف نە دەناسرا.

## مامۆستا عەزیز گەردی و خوێندن

من وەک لە خۆیم بیستووە، سەرەتا لە لای مامۆستای ئایینی خوێندووە و لەم خوێندنەش لێهاتوو بووە، لەوێوە زمانی عەرەبیی بە چاکی فێر دەبێت و شارەزایی لە قورئان و ئایین پەیدا دەکات، هەر لەم قۆناغەشدا خەریکی خەتخۆشی دەبێت و دواجار خەتخۆشێکی باشی لێ بەرهەم دێت، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو من لە ماڵە کەیان لە گوندی (بەحرکە)ی ئەوسا خەتخۆشی مامۆستام لەسەر کارتۆنێکی گەورە بینیوە، جگە لەمەش دەستوخەتی نووسینی ئاساییشی زۆر جوان و تایبەت بوو، پاشان کە دەچێتە قوتابخانە قوتابییەکی زیرەک و هوشیار بووەو بەردەوام لە هەموو قۆناغەکان یەکەم بووە، نەک تەنیا بە نمرە، بەڵکو بە تێگەیشتن و زانینی بابەتەکە بەتەواوی.

کە قۆناغی سێی ناوەندی  تەواو دەکات دەچێتە خانەی مامۆستایان و لەوێش بەردەوام لە قوتابییە زیرەک و یەکەمەکان دەبێت، من خۆم وێنەی مامۆستام بە - لوحة الشرف-ی قوتابخانەوە بینوە، ئەم لێهاتووییە، مامۆستا دەباتە خانەی مامۆستایان لەوێش وەک مامۆستایان نووسەر و شاعیری  ناوداری کورد (حەمەکەریم هەورامی و ڕەحمەتی مەجید ئاسنگەر) باسیان کردووە، مامۆستا عەزیز لە قوتابییە بەرچاو و زیرەک و لێهاتوو و یەکەمەکان بووە، دواجار لەسەر ئاستی عێراق یەکەم دەبێت و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە لەنێو شاری هەولێر وەک مامۆستا

“
**عەزیز گەردی ڕۆژێک لە بارەی داغستانەوە گوتی: من شەش جار لەسەری تا بنی هەردوو بەرگەکەم نووسیوەتەوە**
”



دابمەزرێت.

مامۆستا عەزیز هەر لە سەرەتاوە مامۆستایەکی لێهاتوو و زانا بوو، ئەوەش وای کردووە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، لە سەرەتاییەوە، تا خوێندنی باڵا و ماستەر و دکتۆرا وانەی بڵێتەوە، لە هەر قۆناغێکیش وانەی گوتبێتەوە قوتابییەکانی وا دەرس داوە، کە ئاستی هەمووانی لەو بابەتە بەرزکردووتەوە، کە وانەی پێگوتوون، من قوتابیم بینیوە گوتوویەتی: من پێش ئەوەی مامۆستا عەزیز بناسم و دەرسمان پێ بڵێ لەو بابەتە تەقەی سەرم دەهات و هیچێ لێ تێنەدەگەیشتم، بەڵام لەگەڵ هاتنی مامۆستا عەزیز و دەرس گوتنەوەی ئێستە خۆم بە پسپۆری ئەو بابەتە دەزانم! مامۆستا هەر لەسەرەتاوە هەر بابەتێکی دەخوێندەوە بەوردی و بە تێگەیشتنەوە دەیخوێندەوە، بە کتێبێک و تەنیا سەرچاوەیەک وازی لە هیچ بابەتێک نەدەهێنا، دەتوانین بڵێین، مامۆستا هەموو بابەتەکانی بە لێکۆڵینەوە دەخوێندەوە، بە ڕەخنە لێگرتن دەیخوێندەوە، ئەمە وای دەکرد هەر بابەتێک بخوێنێتەوە، بتوانێت بە زانستییەوە قسەی لە بارەوە بکات.

مامۆستا عەزیز مەیلی بەردەوامی خوێندنی هەبوو، خۆی گواستەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی بتوانێت لە زانکۆ بخوێنێت، بەداخەوە وەرنەگیرا. دووساڵ بە خۆڕایی لە بەغدا ماوەتەوە، پاشان بە گۆڕینەوە دەگەڕێتەوە هەولێر، ئەمجارە تاقیکردنەوەی دەرەکی پۆلی دوازدەی کرد و لە زانکۆی مووسڵ لە بەشی (فەڕەنسی) وەرگیرا، لەم بەشە هەر چوار ساڵ بە سەرکەوتوویی و ئاستێکی بەرز خوێندن تەواو دەکات، هێشتە قوتابی بوو لەبەشی فەڕەنسی مامۆستا لە مەلزەمەیەکدا چۆن فێری زمانی فەڕەنسی دەبیت ئامادەکرد و زۆر کەس سوودی لێبینیوە، کە لە زانکۆی مووسڵ وەرگیرا، ئەو و چەند مامۆستایەکی دی بە شەو لە هەولێر وانەیان دەگوتەوە و بە ڕۆژیش لە هەولێرەوە بۆ خوێندن، دەچوونە زانکۆی مووسڵ، ئەوەی باش بوو دەستەیەک مامۆستای هاوتەمەنی مامۆستا عەزیز پێکەوە لە زانکۆی مووسڵ و بەشە جیاجیاکانی وەرگیران هەموویان نووسەر و وەرگێڕ بوون. لەوانە ڕۆماننووسی ناسراوی کورد مامۆستا حسام بەرزنجی، حاجی ئەحمەدی نووسەر و وەرگێر، دکتۆر حوسێن عەلی وەلی، دکتۆر عەلی جوکل و مامۆستا تاهیر، کە هەموویان پێکەوە لە هەولێرەوە بەیانیان دەچوونە زانکۆی مووسڵ ئێوارانیش لە هەولێر لە قوتابخانەکانیان دەرسیان دەگوتەوە، پاش تەواوکردنی زانکۆ، مامۆستا لە مووسڵ و من لە زانکۆی بەغدا خوێندنمان تەواوکرد، ئەوەبوو هەردووکمان پێکەوە داوای خوێندنمان پێشکەشی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی کۆماری عێراقی ئەو سەردەم کرد، مامۆستا عەزیز ناوی بۆ وڵاتی فەڕەنسا دەرچوو، تا دکتۆرای زمان و ئەدەبی فەڕەنسی بخوێنێت، منیش ناوم بۆ تاجیکستانی سۆڤیەتی ئەوکات دەرچوو، بۆ ئەوەی دکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی بخوێنم، بەڵام ئەمنی عێراقی ڕەزامەندی نەدا بۆ چوونە دەرەوەی من و مامۆستا عەزیز گەردی، کە یەکەمی سەر هەموو عێراق بووین! کەچی خەڵکانێک بە نمرەی زۆر کەم توانیان بچنە دەرەوە و خوێندن تەواو بکەن.

## خوێندنی باڵا و مامۆستا عەزیز گەردی

گەیشتینە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت، زانکۆکان دەرگایان کرایەوە و خوێندن لە هەموو ئاستەکان دەستی پێکرد، ڕۆژێک پاش نیوەڕۆ چوومە ماڵی مامۆستا عەزیز، بینیم زۆر بێ تاقەتە، پرسیم: خێرە مامۆستا؟ یەکسەر گوتی: من لە خوێندن وەرنەگیرێم شێت دەبم؟! مامۆستا هیچ جارێک بۆ خواستی خۆی، کە هەمیشە خواستەکانی ڕەوا بووە، ئاوا بەم زمان و بەم حەسرەتەوە قسەی نەکردووە! ئەوکات ئەو ڕۆژانە بوو، کە خەڵکانێک بە وەرەقەیەک! لە زانکۆ و لە خوێندن وەردەگیران، هەمووانیش دەزانن، چ کەسانێک لە زانکۆکان و خوێندنی باڵا لە دەرەوەی زانست و یاسا چوونە نێو زانکۆکان!

مامۆستاش بەم هەموو زانست و ڕەوایەتی و لێهاتوویی و خزمەتەوە، ئاوا لە ماڵ دانیشتبوو؟ لە کاتێکدا دەبووایە هەردووکمان وەک قەرەبوو وەربگیرێینەوە، چۆن پێشتر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی عێراقی وەک یەکەمی سەر عێراق هەردووکمان ناومان دەرچووبوو!

> **"کورد بوو، بەڵام بە قەد کوردبوونەکەی دوورە سیاسەت بوو! ئەو سیاسەتی نەدەکرد، بەڵام لە وەرگێڕاندا سیاسەتی خۆی هەبوو"**



بەڵام بە هۆی نەبوونی پشتگیریی ئەمنی عێراقی ڕێگەی چوونە دەرەوەیان پێ نەداین! کە ئەمەم لە مامۆستا بیست زۆر دڵتەنگ بووم، چونکە مامۆستا لەو کەسانە نەبوو بۆ کارەکانی خۆی ڕوو لە کەس بنێت و داوای یارمەتی بکات، ئەو دەبوایە برایەک، دۆستێک بۆی داوا بکات، منیش گوتم: مامۆستا من هەوڵێک دەدەم. هیچ دەنگی نەکرد. من ئەودەم: (سکرتێری نووسین بووم لە گۆڤاری هەنگ)ی منداڵان، کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بوو، بەڕێز مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) شاعیری گەورەی کورد وەزیر بوو.

ئەو هەر لەگەڵ بوونی بە وەزیر، لەدوای ناردم و گوتی: کاک مەولود ئێمە لە وەزارەت نیازمان وایە سێ گۆڤار بڵاوبکەینەوە، گۆڤاری کاروان، گۆڤارێکی عەرەبیی ئەدەبی، گۆڤارێکی منداڵان، بۆ گۆڤاری منداڵان پێمخۆشە ئێوە کاری تێدا بکەن! بە دڵخۆشییەوە من بووم بە سکرتێری نووسین-ی گۆڤاری هەنگی منداڵان و مامۆستا شێرکۆ بێکەس-یش سەرنووسەر بوو. بەو هۆیەوە لە وەزارەت دەوامم دەکرد. کە مامۆستا عەزیزم بە جێهێشت، لە دڵی خۆم دا گوتم: دەچمە لای مامۆستا شێرکۆ بێکەس، بەیانییەکەی چوومە لای و چیرۆکی دوور و درێژ و پڕ زەحمەتی و هەوڵدانی خوێندن و سەرنەگرتنی، مامۆستا عەزیز گەردی-م بەتەواوی بۆ گێڕایەوە و گوتم: ئێستە خەڵک بە ئاسانی وەردەگیرێن، کەچی مامۆستا عەزیز ئاوا ماوەتەوە؟ مامۆستا شێرکۆ گوتی: کاک عەزیز برادەری خۆمە و چاکی دەناسم.

گوتم: جا زەحمەت نەبێت هەوڵێکی بۆ بدەی ئەو حەز دەکات بخوێنێ؛ گوتی: بەسەرچاو، با بەیانی بێتە پەرلەمان من هەوڵی بۆ دەدەم. گوتم: سوپاست دەکەم. فەرمووی: سوپاسی ناوێت کاک عەزیز هەرچی بۆ بکەین کەمە!

من لێرە باسی خۆمم بۆ مامۆستا شێرکۆ نەکرد، ئەگەر چیرۆکی وەرنەگیرانی خۆم وەک چیرۆکی مامۆستا عەزیز بۆ مامۆستا شێرکۆ باسکردبا، بە دڵنیاییەوە هەوڵی بۆ منیش دەدا، بەڵام من مامۆستا عەزیزم پێ لە خۆم لە پێشتر بوو، گوتم: با کاری مامۆستا تەواو بێت من جارێ قەیدی ناکا! ئەم قەیدی ناکایە، حەوت ساڵی دی منی لە خوێندن دواخست، مامۆستا عەزیز تا کۆچی دواییشی کرد، ئەمەم لا باس نەکرد.

کە مامۆستا شێرکۆ ڕەزامەندی دەربڕی و قسەی پێدام هەوڵ بۆ مامۆستا عەزیز بدات، بەدڵێکی خۆش و هیوایەکی گەش، پاش نیوەڕۆ زوو چوومە ماڵی مامۆستا عەزیز و گوتم: قسەم لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ کردووە و مامۆستا شێرکۆ گوتی: بەیانی بێتە پەرلەمان من هەوڵی بۆ دەدەم. مامۆستا گەشایەوە، بەیانییەکەی چووە پەرلەمان و مامۆستا شێرکۆ بێکەس هەوڵی بۆ دابوو. هەوڵەکە سەری گرت و لە بەشی زمانی کوردیی لە ماستەر وەرگیرا، دیارە وەرگرتنەکەی مامۆستا بە زۆر قۆناغدا تێپەڕێ، خۆشبەختانە هەمووان یارمەتیدەر و هاوکاری بوون. دواجار دکتۆراشی تەواوکرد، بە ماستەر و دکتۆراکەی مەسەلەی کێش و قافیەی شیعری کلاسیکی کوردیی تەواو ساغ کردەوە، پاش ئەمە لە زانکۆی کۆیە یارمەتیان داو لە بەشی ئینگلیزی وەرگیرا، وەرگێڕانەکەی بە هۆی دکتۆر نەبەز و دکتۆر نامیق عوسمان-ەوە بوو، دکتۆر نەبەز ئەودەم سەرۆکی زانکۆی کۆیە بوو، دکتۆرای دووەمی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر مەم و زین نووسی، مامۆستا پیاوێکی زانا و لێهاتوو بوو، ئەگەر فرسەتی تەواوی بۆ ڕەخسا بووایە، لە هەموو ئەو زمانانەی، کە دەیزانین، دەیتوانی هەر دوو ساڵ جارێک دکتۆرایەک لە زمانێک وەربگرێت، کە دەیخوێند، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە نەیدەخوێند، ئەو توانای خوێندن و لێکۆڵینەوەی هەبوو، ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوە تەرخان کرد بوو، ئەو بەڕاستی سەرکردەی خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان بوو!

## بڵاوکراوەی ئەدەبی بێگانان

کە مامۆستا عەزیز لە زانکۆی مووسڵ وەرگیرا، سەرەڕای ئەوەی ئەو و هاوڕێکانی بەیانیان لە هەولێرەوە دەچوونە مووسڵ و بەشەو لە هەولێر مامۆستا بوون و وانەیان دەگوتەوە بە ڕۆژ قوتابی زانکۆ بوون و دەیانخوێند؛ هەر زوو بیری لە کارێکی ئەدەبی کردەوە، سەرەتا ویستی وەک گۆڤار دەست پێبکات، بەڵام، بە ناوی گۆڤار نەیتوانی ڕەزامەندی وەرگرێ، هەربۆیە کردی

**“ من و عەزیز گەردی، کە یەکەمی سەر هەموو عێراق بووین! کەچی خەڵکانێک بە نمرەی زۆر کەم توانیان بچنە دەرەوە و خوێندن تەواو بکەن ”**



> ❝ هەندێک دەڵێن ژمارەی کتێبەکانی، سەت و چل کتێبە، هەندێکیش دەڵێن: سەت و شەست و ئیواش هەن دەڵێن: دوو سەت کتێبە بەوەرگێڕان و نووسین و لێکۆڵینەوە، دەشگوترێت چل کتێبی دەستنووسی لەنێو کۆمپیوتەرەکەی ئامادەیە بۆ چاپ ❞

بە بڵاوکراوەی (ئەدەبی بێگانان) کە تایبەت بوو بە وەرگێڕان، وەرگێڕان لە زمانە بیانییەکان، ئەم بڵاوکراوەیە بەسەرپەرشتی مامۆستا عەزیز گەردی توانی شەش ژمارە بڵاوبکاتەوە و بابەتێکی زۆری لە شیعر و چیرۆک و بابەتی دی بڵاوکردەوە و خوێندەواران پێشوازیەکی گەرمیان لێکرد، ئەرکی چاپکردنیشی لە ڕووی داراییەوە هەر لەسەر مامۆستا و ئەو بەڕێزانە بوو، کە لە سەرەتاوە مامۆستا پرسی پێکردن و ئەوانیش ڕەزامەند بوون و هاوکاریشیان دەکرد، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان.

وابزانم یەک، دوو ژمارە لەسەر ئەرکی کتێبخانەی مامۆستا (مومتاز حەیدەری) بڵاوکرایەوە، بەڵام ئەرکی زۆر و گران لەسەر شانی مامۆستا عەزیز خۆی بوو.

خۆی دەیگوت: من بە هەموو نووسینەکان دا دێمەوە و چاکیان دەکەمەوە، زۆربەشیان جارێکی دی دەنووسمەوە! بۆ چاپکردنیشی دەیهێنایە بەغدا. ئەوکات ئێمە لەوێ دەمانخوێند، من و مامۆستا نەژاد عەزیز سورمێ و مامۆستا کەریم سۆفی و قوتابیە کوردەکانی دی یارمەتیمان دەدا.

## مامۆستا عەزیز گەردی و قەڵای نووسین


مامۆستا ئەگەرچی لەسەرەتاوە بە وتار و نووسین و ڕەخنە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکرد، بەڵام دوایی ڕووی لە وەرگێڕان و نووسینی کتێب کرد و چیدی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بابەتی بڵاونەکردەوە، ئێستە ژمارەی کتێبەکانی، هەندێک دەڵێن سەت و چل کتێبە، هەندێکیش دەڵێن: سەت و شەست و ئیواش هەن دەڵێن: دوو سەت کتێبە بەوەرگێڕان و نووسین و لێکۆڵینەوە، دەشگوترێت چل کتێبی دەستنووسی لەنێو کۆمپیوتەرەکەی ئامادەیە بۆ چاپ.

من دەزانم مامۆستا بەردەوام خەریکی نووسین و وەرگێڕان بوو، هەربۆیە هەر ژمارەیەک باس بکرێت، من بە زۆری نازانم، بەداخەوە بە هۆی ژیانی ئەم ساڵانەی دوایی مامۆستا دەرگای ماڵی خۆی لە منیش نەدەکردەوە، بەو هۆیەوە ناتوانم بە دڵنیاییەوە باسی ژمارەی کتێبەکانی بکەم.

## مامۆستا عەزیز گەردی خۆشەویستی هەمووان

مامۆستا عەزیز گەردی وەک مامۆستایەک و نووسەرێک پیاوێکی هەتا بڵێی خۆشەویست بوو، هەمووان خۆشیان دەویست گەورە و بچووک، خوێندەوار و نەخوێندەوار هەژار و دەوڵەمەند، چەپ و ڕاست، نەتەوەیی و ئایینی، ئاغا و کرمانج، ئەویش ڕێزی لە هەمووان دەگرت و لەگەڵ هەمووان بەیەک دڵ و بەیەک ئاست هەڵسوکەوتی دەکرد، مامۆستا لەگەڵ هیچ کەسێک، بە هیچ هۆیەک نەدەچووە نێو ململانێوە. هەرکەسێکی قبووڵ بووایە، وەک خۆی ڕێزی لە بیروباوەڕ و ڕەنگ و ڕووی دەگرت، هیچ ڕۆژێک وا نەبووە بەرانبەرەکەی هەست بەوە بکات، کە خۆی لەو بەرزتر دەزانێت، ئەگەر بە هەر هۆیەکیش کەسێکی بە دڵ نەبووایە، نە باسی دەکرد و نە دەیشکاندەوە، لەگەڵ زۆر کەس یەک ماڵ بوو، دەرگای ماڵەکەی هەردەم کراوە بوو، زۆر بە سادەییش داوەت و فەرمووی برادەرانی قبووڵ دەکرد، کە دەچوویتە ماڵی بە خۆی چی خواردبا، ئەوەشی لە پێش تۆ دادەنا، کە دەچووە هەر ماڵێکیش بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست بارگرانی بێت بەسەر ئەو ماڵەوە، هەرزوو لەگەڵ منداڵەکان دەبووە برادەر و ئەندامێکی خۆشەویستی ئەو ماڵە، زانایەک بوو لە هەڵسوکەوتی سادەیی، بە پۆشاکی سادەیی، سادەیی ناوەوەی هەمان سادەیی بەرچاو بوو، بە دڵخۆشی برادەرانی دڵ خۆش دەبوو، هاوبەشی خەم و دڵتەنگی هەموانیش بوو، سەردانی نەخۆشەکانی دەکرد و هیچ تازیەیەکیشی نە دەبوارد، زۆر دەستکراوە و یەکباخەڵ بوو، زۆرجار دوو دوو و سێ سێ و چوار و پێنج دەچووینە کەبابخانە، ئەو زۆری مەیل لە کەباب بوو، کە هەڵدەستاین هەریەکە و دەچووە پێش و دەیویست میوانداری برادەران بکات. دەبوو بە پرکێش پرکێش، ئەو لە دوورەوە دەوەستاو خۆی تێک نەدەدا و بە هێمنی ڕادوەستا، تا وەستایەکە دەیگووت: پارەکەی دراوە! کێ داویەتی؟ دەستی بۆ مامۆستا درێژ دەکرد، هەموو بەسەرسامییەوە سەیری یەکمان دەکرد و بەچاو لێکمان دەپرسی، کەی و چۆن پارەکەی داوە؟ هیچمان هەستمان پێ نەدەکرد! ئەمە زۆر دووبارە دەبووەوە!





نووسەر لەگەڵ عەزیز گەردی

مامۆستا جگە لەوەی نووسەر و وەرگێڕێکی زۆر گەورە و سەرکەوتوو بوو، وەک مامۆستا و دەرس گوتنەوەش کەم هاوتا بوو، لە هەر قوتابخانە و کۆلیژێک دەرسی گوتبێتەوە، ئاستی ئەو قوتابخانە و کۆلیژ و قوتابییەکانی بەرز کردووتەوە، هەرکەسێک بۆی ڕێک کەوتبێت قوتابی مامۆستا عەزیز بووبێت؛ مامۆستای لە بیر نەکردووە و هەستی بەوە کردووە، کە مامۆستا لەو بابەتەدا ئاستی ئەوی بردووەتە ئاستێکی بەرزتر، ئەو سەرکەوتنەی لە مامۆستایەتیدا وای کرد بوو زۆر دایک و باوک ڕووی لێبنێن و داوای لێبکەن دەرس بە منداڵەکانیان بڵێت، بەتایبەت لە قۆناغی دوازدەدا، ئێستە زۆر کچ و کوڕی ئەو دایک و باوکانە دەتوانین بڵێین مامۆستا ئاستی خوێندن و نمرەی بەرزکردنەوە و ئێستە زۆربەیان مامۆستایەکی سەرکەوتوون. هەر باوک و دایکێکیش، کە داوایەکی لە مامۆستا دەکرد، مامۆستا بە خۆشییەوە قبووڵی دەکرد و بەپێی خۆی دەچووە ماڵیان و ئەوەندەی پێویست بوو هاوکاری دەکردن و دەرسی بە کچ و کوڕەکانیان دەگوت، ئەمەش هەمووی بە خۆبەخشی و بێ بەرانبەر بوو، مامۆستا لەم ڕووەوە بۆ ئەم ئەرک و ماندووبوونە هیچی لەکەس قبووڵ نەدەکرد. ژمارەی ئەو کچ و کوڕانەی مامۆستا دەرسی تایبەتی پێ گوتوون، ژمارە یەکی کەم نین.

## سەردەمی دەرگا داخستنی مامۆستا عەزیز گەردی

برادەرایەتی من و مامۆستا عەزیز، برادەرایەتی نەبوو؛ برایەتی ڕۆحی بوو، لەم ماوەیەی ئێمە پێکەوە بووین، مامۆستا چاکە و پیاوەتی و برایەتی وای لەگەڵ کردووم، هیچ یەک لە براکانم بۆیان هەڵنەکەوتووە ئەمەم لەگەڵ دا بکەن! لە برایەتی ڕۆحی دا سنووری نەبوو، منیش ئەوەی بۆم کرابێت، چ مامۆستا خۆی داوای کرد بێت، یان خۆم پێی هەستابم درێغیم نەکردووە. گێڕانەوەی مێژوو و چیرۆکەکانی ئەم برایەتییە ڕۆحییە بەئاسانی تەواو نابێت.

ساڵی (١٩٩٩ – ٢٠٠١) قۆناخی ماستەرم بەنێو تونێلێکی دۆزەخ ئاسادا تەواو کرد، کە بریتی بوو، لە بەراوردی ئەفسانە، لەنێوان ئەفسانەی کوردی و فارسی، بە تیمەی گەڕان بە دوای نەمریی دا.

هێندەی پێ نەچوو هەستم کرد مامۆستا بوو بە کەسێکی دی! سڵاو وەرناگرێتەوە، سڵاو ناکات و ڕووم ناداتێ! هەرچیم کرد بێ فایدە بوو! من لە ژیانما زۆر کارەساتی گەورەم بەسەر هاتووە، زۆر جار لە مەرگی مسۆگەر گەڕاومەتەوە، داوفاق و شۆکی وام بۆ داندراوەتەوە، کە یەکسەر تووشی دڵەوستان و مێشک لە کار کەوتن بم! هیچ یەک لەم ئازارانە وەک ئازاری قسە نەکردنی مامۆستا پڕ ئازار نەبوو! ئێستەش نازانم چۆن توانیم بەرگەی ئەو قسە نەکردنەی ئەو برا ڕۆحییەم بگرم؟! هیچ کارێکی مامۆستا، هیچ قسەیەکی خەڵک وێنەی جوانی مامۆستا عەزیز گەردی و خۆشەویستییە ڕۆحییەکەی برای ڕۆحیمی لا نەگۆڕیوم. وازم نەهێنا دوازدە جار هەوڵم دا، زۆرجاریش برادەرانی دڵسۆز، بێ ئەوەی من ئاگادار بم هەوڵیان داوە مامۆستا لەگەڵ من ئاشت بکەنەوە! بێ ئەنجام بوو، تا نامەیەکم بۆ نووسی و لە ڕێی برای بەڕێزم ڕۆماننوس و ڕەخنەگری ناسراو و ناودار مامۆستا (سابیر ڕەشید) بۆم

**“ لەبارچوونی ئەم دەرفەتە گەورەترین زیانی بە نێوەندی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کوردیی گەیاند ”**



نارد. بەداخەوە نامەکەی وەرنەگرتبوو!

من نازانم مامۆستا بۆچی لێم ڕەنجا بوو! ئایا منیش هەر ئاوا ڕەگەڵ ئەو حەمکە خەڵکە کەوتبووم، کە بێ ئەوەی گوناهێکیان هەبێت لێیان کەوتبووە گومان و قسەی لەگەڵ نەکردن و دەرگا بەڕوودا داخستن؟! یان کەسانێک بە مەبەست و بە ئەنقەست و بە تایبەت ئێمەیان لێککرد!؟ تێکچوونی نێوانی من و مامۆستا بەهەر هۆیەکیان بێت؛ گەورەترین زیان بوو بەر دوو برای ڕۆحی کەوت، کە جگە لە خۆشەویستی ڕۆحی هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتمان لەگەڵ یەک دا نەبوو! جگە لەمەش وەک دەزانن مامۆستا عەزیز گەردی هەر زوو لەکارە ئەدەبییەکانیدا دەستی بە وەرگێڕانی ئەفسانەی گەلان کرد بوو، تێیدا کوڵا بوو، منیش، کە بە درەنگەوە و بە زەحمەتی زۆرەوە ڕێم کەوتە زانکۆ و تازە بە تازە کارم لە سەر ئەفسانە دەکرد، وەک جووجەڵەی ڕوو لە گوڵی ئەفسانە دەمچریکاند؛ نیازمان وابوو پێکەوە کار لەسەر ئەفسانەی کوردیی بکەین! سەت مخابن ئەو دەرگا داخستنەی مامۆستا ئەو پێکەوە کار کردنەی لەبار برد؛ بە لەبارچوونی ئەم دەرفەتە گەورەترین زیانی بە نێوەندی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی کوردیی گەیاند، بەتایبەت لە بابەتی فۆلکلۆر و ئەفسانە و کلتوورەوە، زیانێک، کە هەرگیز مێژوو بۆی قەرە بوو ناکرێتەوە!؟ سەرباری ئەوەش ئەگەر هاتبا لەم قۆناغەدا، چەند برادەرێک پەیوەندییان بە مامۆستاوە نەپچڕا با؟! بەتایبەت لەگەڵ من زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو ئەنجامەی نە دەبوو، کە تێیکەوت! نێوەندی کوردیش ئەو زیانە گەورەیەی نەدەکرد.

نەک هەر لەگەڵ من، بەردەوام دەمبینی و دەمبیستەوە، کە مامۆستا قسە لەگەڵ فلان و فلان ناکات لەگەڵ فلان و فالانیش تێکی داوە. بەرەبەرە دەرگای بە ڕووی هەرە زۆری برادەرانی تەمەن و خۆشەویستانی خۆی داخست، نەک هەر دەرگە داخستن، زۆرجار بە توندی و ڕەقی و دڵ شکاندنەوە وەڵامی دەدانەوە! هەتا دەهات دۆخی مامۆستا دەبوو، بە دۆخێکی گشتیی و هەمیشەیی!؟ ئەو تەواو گۆڕابوو، بەهیچ شێوەیەک، گەردیکەی پێشان نەبوو!

> ئەگەر هاتبا لەم قۆناغەدا، چەند برادەرێک پەیوەندییان بە مامۆستاوە نەپچڕا با، بەتایبەت لەگەڵ من زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو ئەنجامەی نەدەبوو، کە تێیکەوت! نێوەندی کوردیش ئەو زیانە گەورەیەی نەدەکرد

ئەم گۆڕانە هەر لە پەیوەندییە فراوانەکەی دانەبوو لەگەڵ خەڵک و دۆستانی! بەڵکوو لە ڕووی هەڵسوکەوت و باری دەروونیی و جەستەیی و کۆمەڵایەتیشەوە تەواو گۆڕا بوو، بە ئاشکرا پێیەوە دیار بوو، هەمووان باسیان دەکرد، خەڵکانی بەڕێز و دۆستی مامۆستا لە دوورەوە دەهاتن و دەچوون ببیینن، بە داخەوە دەرگای بە ڕوودا نەدەکردنەوە! بەڕێزی واهەبوو لە دەرەوەی وڵات دەهاتەوە بە خۆشەویستییەوە دەچووو، تا وەک جاران مامۆستا ببینێت و لەگەڵی دانیشێت و بیدوێنێت! بەڵام ئەو عەزیز-ەی جاران نەبوو، کە ڕووخۆش و قسەخۆش و دانیشتن خۆش بوو!

هەرچی سەرم دەهێنا و دەبرد، نەمدەزانی مامۆستا لەسەرچی لە من حادزە! زۆرم مەبەست بوو دانیشین و قسە بکەین و پێم بڵێت مەولود بۆچی واتکرد، یان بۆ واتگوتووە؟! تا منیش بۆی ڕوون بکەمەوە، ئەگەر توانیم ڕازی بکەم، کە من کارێکم نەکردووە، شتێکم نەگوتووە، کە دڵی مامۆستا گەرد بگرێ؟ ئەگەر هاتە قەناعەت، ئەوا هەردووکمان ئاسوودە دەبین، ئەگەریش زانیم لەچێ دڵی ڕەنجاوە و قەناعەتیشی نەهات! ئەوا لای کەم من دەزانم مامۆستا بەچی و لەچی لەمن ڕەنجاوە؟ نەخێر مامۆستا ئەو دەرفەتەی نەدامێ، کە گوێم لێ بگرێت و گوێی لێڕابگرم! زۆرم لا گران بوو دوو کەس زیاتر لە پەنجا ساڵ هاوڕێ و برای ڕۆحی یەکدی بن، نەتوانن دە دەقیقە لەگەڵ یەک دانیشن و ئەگەر کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبێت چارەسەری بکەن!؟

بەڵێ مامۆستا ئەو دەرگایەی دایخست. دایخست و جارێکی دی نەیکردەوە، تا نەخۆش کەوت و لە نەخۆشخانەیان خەواند. ڕۆژی یەکەم برای بەڕێزم (دکتۆر عەبدوڵڵا خدر مەولود) تەلەفۆنی کرد و فەرمووی مامۆستا لە نەخۆشخانەی (ژینی نێودەوڵەتی)یە ئەمڕۆ من چووم سەرم لێداوە.

(دکتۆریش وەک من مامۆستا عەزیز قسەی لەگەڵ نەدەکرد) کە دکتۆر عەبدوڵڵا گوتی نەخۆشەو لە نەخۆشخانە خەوتووە، یەکسەر چوومە دیدەنی، کە چووم ، چ ببینم! مامۆستا پێستی ڕووی بەسەر ئێسکی ڕوومەتی دا کەوتبوو،



چاوەکانی کرابوونەوە. لێی چوومە پێش، دەستی بەرزکردەوە، من دەستم گرت و ماچم کرد. لەو دەمەدا هیچ قسەیەک نەدەکرا، بەو دەست ماچکردنە هەموو شتێکم پێ گوت، دانیشتم گوتی: بەخێر بێیت، چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک! چل ساڵ پێکەوەیی و دە ساڵ لێک دابڕان، لە یەک چرکەدا هاتنەوە بەرچاوم؛ مامۆستا عەبدولقەهار و مامۆستا کوردۆی برای و پوورزاکانی و چەند بەڕێزێک لەوێ بوون. مامۆستا عەبدولقەهار گوتی: دوێنێ، کە هێنامانە نەخۆشخانە گوتی: (قەهار ئەوە لۆ برادەرکانم کەس دیار نین و سەرم لێنادەن؟! منیش گوتم برادەرەکانت زۆر هاتنە لات و ئەتو دەرگات لێ نەدەکردنەوە! ئەویش گوتوویەتی: چۆن من دەرگا لە برادەرەکانم ناکەمەوە؟!) کە ئەمەم لە مامۆستا عەبدولقەهار بیست، گوتم: ئێستە ئەو مامۆستا عەزیز-ەکەی جارانە بەدڵ و هەست و هەڵسوکەوتییەوە دیارە، ڕاستە ئەوە مامۆستا عەزیز نەبووە، کە دەرگای لە برادەرەکانی نەدەکردەوە، ئەوە عەزیز گەردی-یەکی دی بووە! ئەو عەزیز گەردی-یە کێ بوو؟ کە دەرگای لە دۆست و برادەرانی نەدەکردەوە.

من بۆ خۆم دەتوانم، ئەو عەزیز گەردی-یەی کە دەرگای لە دۆست و برادەرانی نە دەکردەوە، ئاوای بناسێنم و هۆکەی بدۆزمەوە و لەچەند خاڵێکدا باسی بکەم:

یەکەم: مامۆستا عەزیز هەر ئەوساڵەی لە خانەی مامۆستایان وەردەگیرێت، دێتە هەولێر، خانووێکی خۆیان دەبێت و بەتەنیا لە خانەی مامۆستایان دەخوێنێت، ئەو تەنیاییەی نێو ماڵ لەوێوە دەستی پێکرد و تا کۆچی دوایی کرد درێژەی کێشا و هەر بەو تەنیاییە ژیا.

دووەم: ئەو تەنیاییە وای کرد بوو لەهەر کار و بڕیارێکی خۆی، هەر خۆی بیری لێ بکاتەوە و هەر خۆشی بڕیار بدات، واتە زۆر کەم وتووێژ و ڕاگۆڕینەوەی بۆ هیچ کێشەیەک لەگەڵ هیچ کەسی دی نەدەکرد.

سێیەم: مامۆستا گەنج و تەنیا بوو، ژنی نەهێنا بوو، زۆر کەس لێرەوە دەچوونە نێو ژیانی تایبەتی ئەو و زۆربەیان بە دڵسۆزییەوە پێیان دەگوت: بۆچی ژن ناهێنی؟ تاکەی بە تەنیا بیت، ئەوە پیربووی وەرە فلان کچ بخوازە و من بۆت ڕێک دێخم و زۆری دی لەم جۆرە قسانە، کەسانێک بە وەخت و ناوەخت ئەم پرسیار و پێشنیازانەیان دەخستە بەردەم. ئەم بابەتە هێندە دووبارە دەکرایەوە، کەسانی جۆراوجۆرو لە وەخت و ناوەخت و بە شێوازی توند و نەرم و لە ناکاو و بەردەوام، مامۆستایان زۆر ئازار دەدا، بەمەش ئەو بریندار و هەستیارتر دەبوو! ئەوەش بڵێم: هێندەی من ئاگادر بم مامۆستا خۆی یەک دوو هەوڵی ژنهێنان و ڕێکەوتنی هەبوو لەگەڵ یەک دوو خاتوونی بەڕێز، بەداخەوە هەوڵەکان سەریان نەگرت، دەکرێت ئەم هەوڵە، کەسۆنیەی خۆشی، کە سەریان نەگرت هۆیەک بێت لە بێ تاقەتی و برینداری و هەست ناسکی!

مامۆستا ئەم هەستیار و برینداریەی خۆی دەرنەدەبڕی و بەردەوام خۆی دەخواردەوە و دەیهاویشتەوە هەناوی خۆی؛ لە دەروونەوە لە ڕۆحەوە ئەم بابەتە تەواو ماندووی کرد بوو! ناخۆشترین ئازاری دەروونیش ئەوەیە، کە لە ناوەوە ئازارت بدات و تۆش بە ئاشکرا دەری نەبڕیت و وەک گرێیەک بیخەیتەوە نێو دەروونت، مامۆستا ئاوای لێ هاتبوو! ئەم پرسیار و پێشنیازە هەست برینداره کەرە بەردەوام بوو، تا لە ژیان دابوو!

چوارەم : گەیشتینە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیی، دیسان زۆر خەڵک، کە مامۆستایان دەبینی پێیان دەگوت: ئەوە بۆچی ناتکەن بە وەزیر؟ ئەوە بۆ حزبەکان ئاوڕت لێنادەنەوە و هیچ یارمەتیەکت نادەن؟! ئەمە و زۆر پرسیاری دیکەش، ئەمە هێندەی دی مامۆستای هەستیار و ماندوو و بریندار تر دە کرد! لەنێو حکومەت و حزبەکانیش کەسانێک هەبوون بە دڵسۆزییەوە پێشنیازی کار و یارمەتیان بۆ دەکرد، مامۆستا هەموو ئەمانەی ڕەت دەکردەوە، ئەو تەنیا وەزیر و سەرکردەی مەیدانی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و نووسین بوو، مامۆستا پیاوی ئەوە نەبوو پێی بڵێی وەرە ئەم کارە بکەو بەم جۆرە کار بکە! ئەو پاڵەوانی مەیدانی خۆی بوو. ئەو کارەی دەکرد، کە خۆی پێی خۆش بوو، بەم جۆرەی دەکرد، کە خۆی

**"ئەم پرسیار و پێشنیازەی بۆ ژن ناهێنی و بۆ ناتکەن بەوەزیر مامۆستایان تەواو هیلاک و بێ تاقەت کرد"**



دەیویست! باشترین یارمەتی بۆ مامۆستا عەزیز گەردی ئەوە بوو، لێیگەڕێی، دەیەوێ چی بکات و چۆن بیکات، وابکات! ئەم پرسیار و پێشنیازەی بۆ ژن ناهێنی و بۆ ناتکەن بەوەزیر مامۆستایان تەواو هیلاک و بێ تاقەت کرد، دەمبیستەوە، تاک تاک نووسەر و مامۆستای زانکۆش هەبوون بەم بابەتانە برینی مامۆستایان دەکولاندەوە و دەماریان دەگرت. ئیدی لێرەوە، دەکرێت شتی دیش هەبێت من نەیزانم!

مامۆستا خۆی پێنەگیراو تەقیەوە، زۆر خراپ تەقیەوە! دۆست و نادۆستی لێ تێکەڵ بوو، لە هەموو کەس کەوتە گومان!؟ قسەی چاک و خراپی دۆست و دڵسۆزی بە خراپ وەردەگرت و بە تووڕەیی و هەڵچوونەوە وەڵامی دەدانەوە! ئیدی قۆناغێکی تازە و توند لە ژیانیدا دەستی پێکرد، لە ژیانی هێمنی و ئاسوودەیی دابڕێ و خستیە نێو تووڕەیی و بەدگومانی و نیگەرانی و تەنیایی و هەڵچوونەوە! بەداخەوە لەم کاتانەدا، کە هەڵدەچوو بەتەواوی دەبووە کەسێکی دی! نزیکترین و خۆشەویستترین و کۆنترین برادەری نەدەپاراست و بە توندترین شێوە و بە ڕەقترین وشە ڕووبەڕووی دەبووەوە! جێی داخە! لێرە بەدواوە دەمبیستەوە و دەیانگوت: عەزیز گەردی تێکچووە! عەزیز گەردی شێت بووە!

کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکە، تاکەکانی زۆر بەبێ باکی دەست لە ژیانی تایبەتی کەسەکان وەردەدەن، بەتایبەت کەسانی دەستەبژێر و دیار و ناسراو.

هەندێ کەس لەززەت لە ئازاردانی کەسانی دی دەبینن! هەر هێندە بەسە برینێکت کەوتە دەرەوە هەمووان ئەو برینە گەورە دەکەن و بەردەوام دەیکولێننەوە و ئازارەکەی زۆرتر دەکەن؛ کەس بیری لە چارەسەر و تیمارکردنی برینەکەی نەدەکردەوە! ئەمە وای کرد مامۆستا توانای تێکەڵ بوونی ئەو تاک و کۆمەڵگەیان نەمێنێ و تەنیایی و گۆشەگیری هەڵبژێرێت و دەرگا بەسەر خۆیدا دابخات و لە زۆر کەسی نەکاتەوە. ئەو تاک و لووکەی، کە مامۆستا لەم کاتەدا دەرگای بەڕوودا دەکردنەوە، ئەوانیش کەسی وایان تێدابوو، کە بەشێک بوون لە دروست بوونی ئازار و بەدگومانی و تووڕەیی و هەڵچوونی.

ئەو پێشتر بە دروستیی پێناسەی تەواوی ئەو کەسانەی کرد بوو، بەڵام لەم کاتەدا بە تەواوی بیردۆزەکەی لێ سەراو بن ببوو.. دوژمنی لێ ببوو بە دۆست و دۆستی لێ ببوو بە دوژمن.

ئەم قۆناغەی ژیانی پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و دۆست هەبوو، دۆستێک لانی کەم لێێ بە گومان نەبێت. ئەو دۆستەش بە زانایی و دڵسۆزیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی مامۆستای دابوایە. بەداخەوە ئەو دۆستەی نەبوو، یان ڕاستتر بڵێین ڕێگەی بە کەس نەدا. ئەمەش وای کرد ئەم بارە دەروونییە توندە، باری جەستەییشی بگرێتەوە.

بەم شێوەیە دەیانگوت عەزیز گەردی تێکچووە،



**عەزیز گەردی**

**عەزیز گەردی، ئەو زانا کوردەی شایانی خەڵاتی نۆبل بوو، بەڵام ئێمە شێتمان کرد، شێتمان کرد و وازمان لێ هێنا**

عەزیز گەردی شێت بووە. بیستوومە و خوێندوومەتەوە. زانایەکی فەرەنسی، کە ئێستە ناوەکەیم لە بیر نەماوە، هێندە بە گەرمی و بە ڕشتی شەو و ڕۆژ لەنێو تاقیگەکەیدا کاری دەکرد، تا باری دەروونیی و کۆمەڵایەتی تێکچوو، بە جۆرێک کەوتە سەر شەقام، ئەوەی لە کوردەواریدا پێی دەڵێن شێت. ئەو زانایە شێت بوو، بەڵام نە ژنەکەی و نە دەزگا زانستییەکان و نە حکوومەت، وازیان لێ نەهێنا و پشتیان تێنەکرد، یارمەتییاندا، تا گەڕاندیانەوە نێو تاقیگە و سەر کارە زانستییەکەی، دواجار کارێکی کرد، داهێنانێکی داهێنا خەڵاتی نۆبلی پێ وەرگرت.

فەرەنسا لە سای ئەو شێت بووە، خەڵاتێکی دیکەی نۆبلی بۆ زانستی خستە سەر خەڵاتەکانی دیکە.

بەڵام لە کوردەواریدا، ئەگەر نۆبڵ وەربگری شێتت دەکەن؛ وات شێت دەکەن هەرگیز چاک نەبیتەوە! عەزیز گەردی، ئەو زانا کوردەی شایانی خەڵاتی نۆبڵ بوو، بەڵام ئێمە شێتمان کرد، شێتمان کرد و وازمان لێهێنا. گۆشەگیر و تەنیاترمان کرد، لە تەنیایی دەروونییەوە بۆ تەنیایی نێو ماڵ و نێو کۆمەڵگە، دواتریش لەنێو ئەو تەنیاییە کوژەدا بەجێمان هێشت.

دیارە نابێت هەوڵی خانەوادە بەڕێزەکەی و برا و خزمە دڵسۆزەکانی لەبیر بکەین، کە ئەوەی لەدەستیان هات بۆیان کرد، بەڵام لە ڕاستیدا خزمەتکردنی مامۆستا عەزیز تەنیا ئەرکی کەسوکار و برا و خزمەکانی نەبوو، بەڵکوو ئەرکی دەزگا زانستیی و پەروەردەییەکانی، وەک زانکۆی سەلاحەددین و وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا، پەروەردە، ڕۆشنبیریی و دۆست و برادەرەکانیشی بوو، ئەو ئەرکەش دەبووایە زۆر زوو دەستی پێکرابوایە، نەک کاتێک کار لە کار ترازا بوو.

دواجار میللەتی کورد مامۆستا عەزیز گەردی-یەکی لەدەست چوو، کە مێژوو هەرگیز ناتوانێت جارێکی دی گەردی-یەکی ئاوامان بۆ دووبارە بکاتەوە!



### بەداخەوە، هەزاران جار بە داخەوە

ڕۆژی دووەمیش ئێوارە و بەیانیەکەی دەچوومەوە لای، هەرچەندی بۆم دەکرا دەکۆشام دڵی بدەمەوە، ورەی بەرز بکەمەوە، تارمایی مردنی لەبەرچاو بڕەوێنمەوە، هەستم دەکرد مامۆستا گەڕاوەتەوە سەر ڕەوشی ژیانە ئاساییەکەی پێشانی، بەخێرهاتنی هەمووان دەکات و هەوڵدەدات بەم نە خۆشییەوە هەستێتە سەر پێ و سۆزی خۆی دەربڕێت. بەداخەوە ئەم گەڕانەوەیەی لە کاتێکدا بوو، کە چارەسەرییە جەستەییەکانی ببوون بە ئەستەم!

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، دوو برادەر چاوەڕێ بوون بیانبەمەوە ماڵ. گوتم: مامۆستا ئیزنم دەدەی؟ گوتی دانیشە بۆچی دەڕۆی؟ دانیشتم زۆرم پێخۆش بوو. دوو جار تەلەفۆنم بۆ هات، ئەو بەڕێزانە بوون، کە چاوەڕێی منیان دەکرد. پێم گوتن: مامۆستا ئیزنم نادات!

گوتم: مامۆستا هەموو نەخۆشییەک چارەسەری هەیە، من چاوەڕێم چاک بیتەوە و وەک جاران، پێکەوە بژین و خەریکی نووسین بین.

گوتی: من لە مردن ناترسم! مردن ئاساییە، هێندە هەیە من و شەقاوەیەک وەک یەک دەمرین و تۆ و شەقاوەیەکیش وەک یەک دەمرن.

لەم کاتە دا پزیشکەکان هاتنە ژوورەوە و منیش دەبووایە بچمە دەرەوە!

بەیانیەکەی تەلەفۆنم بۆ مامۆستا عەبدولقەهاری برای کرد، تا هەواڵی بپرسم؛ بەداخەوە! وەڵامەکە یەکجار ناخۆش بوو. بەدەست خۆم نەبوو، هەتا دەنگم تێیدا بوو لە برا ڕۆم دا.

گریام، گریام، گریام

**"ئەوەبوو دوای چوونی خوالێخۆشبووان باوکم و مامم عزەدین بۆ قوتابخانەی حکومی، وردە وردە ژمارەی خوێندکاران بۆ ئەم قوتابخانەیە زیادی کرد"**

### براگەورەی عەزیز گەردی-کوردۆ:

# نازانم لەکوێی عەزیزی برام دەست پێ بکەم؟



ستار محەمەدئەمین

عەزیز گەردی ناوێک، لەخانەوادەیەکی هەژار، بەڵام مەملەکەتێک لەکتێب و ڕەوشتی بەرەز و خۆنەویست لە ئاکار و خزمەت بە وشە و بزاڤی ڕۆشنبیریی و کلتوریی نەتەوەکەی. ساڵێک بەر لە ئێستە پرۆفیسۆر دکتۆر عەزیز گەردی ژیانئاوایی لەدونیای کتێب و وشە و کلتور و ڕۆشنبیرانی کوردستان و شارەدێی بەحرکە و کتێبخانە دەوڵەمەند و بێنازەکەی کرد.

برا گەورەی پرۆفیسۆر عەزیز گەردی (کوردۆ) لەنێو کتێبخانەکەی گەردی قسەی بۆ کردین و گوتی: ئەوجا نازانم، من لەکوێی عەزیزی برام دەست پێ بکەم؟


**– سەرەتا لەو خانەوادەیەوە دەست پێ بکە، کە مامۆستا عەزیز گەردی لێ پەروەردە بووە؟**

+ ئێمە هەر لەسەرەتاوە لە بەحرکە ژیاوین، باوکیشم پێگەیەکی باشی هەبووە لەڕێکخستنی گوند و لەگەڵ ڕیش سپیان و پیاوە ئایینیەکان. هەر کێشەیەک لە بەحرکە هەبووایە باوکم چارەسەری دەکرد، باوکم هەر لەو کاتەوە خۆی فێری خوێندەواری کردووە، هەرچەندە خوێندەوارییەکەی وەها نەبووە، بەڵام دەیزانی کاغەز بنووسی و بخوێنێتەوە قورئانیشی دەخوێند. دەتوانم بڵێم ئەوە یەکێک بوو لەو هۆیانەی، کە پێی خۆش بوو منداڵەکانیشی فێری خوێندەواری ببن و لەو ڕێگەیەوە پێش بکەون.

مامۆستا عەزیز بۆی گێڕامەوە و گوتی: کە باوکم منی بردە مەکتەبێ، باپیرم، کە دەکاتە باوکی داکم زۆری پێناخۆش بووە و گوتوویەتی نابێت بچێتە مەکتەب، پێداگر بووە لەوەی عەزیزی بنێردرێتە بەر خوێندنی ئایینی و لای مەلا لە حوجرە بخوێنێت، بەڵام باوکم لەبەر ئەوەی خۆی خوێندەوار و دونیا دیتە بووە، پێداگیری کرد، کە عەزیز بچێتە مەکتەب، بۆیە هەر ئەو دەمە دەستی من و بەکری براشمی گرت و لەبەحرکە هەردووکمانی لە مەکتەبێ قەید کرد.


**– مامۆستا عەزیز لەمەکتەب و بە منداڵی کەسێکی چۆن بوو؟**

+ مامۆستا عەزیز، هەر لەمنداڵییەوە چاوکراوە و تێگەیشتوو بوو، زۆر بە ئەدەب و شەرمەن بوو، لەساڵی ١٩٥٥ یەکەم جار چووە بەر خوێندن. زستانان لەبەر خوێندن بووە ە هاوینەکەشی لەلای مەلا لەمزگەوت قورئان و سیپارەی



**عەزیز گەردی لە تەمەنی منداڵیدا**

> **"ئەوە زۆر تەئسیری لێکردم، کاتێک لەنەخۆشخانە بوو، مومتاز حەیدەری سەردانی کرد، کتێبێکی بۆ هێنابوو، لەسەر سینگی خۆی دانا و تەماشای دەکرد، تاوەکو لەدەستی بەربۆوە و توانای نەبوو بڵێ بمدەنەوە"**



**عەزیز گەردی**

خوێندووە. لەوێش زۆر زیرەک بووە.

لەماوەی دووسێ ساڵ، نزیکبووە لەوەی، کە قورئان لەبەر بکات، زۆرجار گرەوی لەسەر ئەوە کردووە، کە بەڕۆژێک هەموو قورئانی پیرۆز ختم بکات، تا ڕۆژێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکیان کەوتنە سەر ئەوەی گرەو لەسەر ئەوە بکەن، کە بە شەو و ڕۆژێک مامۆستا عەزیز قورئان هەمووی ختم بکات. مانگی ڕەمەزان بووە، پاشیوەکەی نانی خوارد و دوای نوێژکردن دەستی بەقورئان خوێندن کردووە و لە کاتی بەربانگ تەواوی کردووە.

بەر لەوەی بچێتە قۆناغی ناوەندیی، هەموو جارێ باسی پۆلی شەشی سەرەتایی دەکرد، کە چۆن لە هەولێر تاقیکردنەوەی وزاری ئەنجام داوە. دەیگوت: لە بەحرکەوە نان و ماست و هێلکە و چامان لەگەڵ پێخەف لەگەڵ خۆمان دەبرد، هەر حەوت ڕۆژەکەش لەوێ دەماینەوە تاوەکو تاقیکردنەوەمان تەواو دەکرد. دوای ئەوەی پۆلی شەشی سەرەتایش تەواو دەکات دەچێتە ناوەندی هەولێر، لەماڵە خزمێکمان ژوورێکی بۆ دەگرن. ژوورەکەش بێ کارەبا بووە. دەیگوت: دانیشتن و خوێندنمان هەمووی لەبەر فانۆس بووە، ئەو سێ ساڵەی ناوەندیی بەم شێوەیە تەواو کردووە.

**– مامۆستا عەزیز لەگەڵ ئەوەی لەمنداڵییەوە قوتابییەکی زیرەک بووە، بەڵام دوای قۆناغی ناوەندی دەچێتە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان، هۆکاری ئەمە بۆ چ دەگەڕێننەوە؟**

+ ڕاستە، ئەو دەیگووت من ئارەزووی خوێندنم زۆر زۆر بوو، بەڵام لەبەر دەستکورتی و نەبوونی بە ناچاریی لە ساڵی ١٩٦٤ چوومە پەیمانگەی مامۆستایان، بۆ ئەوەی زوو دەستم لەشتێک گیربێت بۆ ئەوەی یارمەتی ماڵەوەی پێ بدەم. ئەو سێ ساڵەش لەهەموو خانەکانی مامۆستایانی عێراق یەکەم بووە، هەر لەبەر ئەوەش داوای ئەوەیان لێکردووە لە ئاهەنگی دەرچوون لەبەغدا بەشداری بکات، بەڵام مامۆستا عەزیز گوتی: لەماڵەوە ئێمە هیچ پارەمان نەبووە تاکو پێی بچمە بەغدا، بۆیە باوکم دەچێتە ماڵە دراوسێیەکمان، دوو دینار و نیو بەقەرز وەردەگرێت تا لەبەغدا بەشداری ئاهەنگی دەرچووان بکەم.

**– مامۆستا عەزیز گەردی یەکەم قوتابخانە، کە وەکو مامۆستا دەرسی لێ گوتووەتەوە کوێ بووە؟ ئەو قوتابخانانەی دیکەش، کە دواتر لێیان مامۆستا بووە، کامانەن؟**

+ لەساڵی ١٩٦٨ بەمامۆستای سەرەتایی دامەزراوە، یەکەمجار لەقوتابخانەی سیروان بووە، قوتابخانەی عەدلە، حاتم تائی لەبەغدا، قوتابخانەی دیجلە، قوتابخانەی ئیبن خەلەکان، قوتابخانەی زەهاوی لەم قوتابخانانە دەرسی گوتووەتەوە.

ئەو قوتابخانانەش، کە لەقۆناغی ناوەندیی و ئامادەیی وانەی لێ گوتووەتەوە (ناوەندیی هەولێری کچان، گەلاوێژی کچان، ڕزگاری کوڕان، ناوەندیی ژین و ئامادەیی هەڵمەت بووە) لەم شوێنانەش وانەبێژ بووە (ئامادەیی سەربەستی، ناوەندیی ئازادیی کچان، ناوەندیی گەلاوێژی کچان، ئامادەیی شۆڕشی کچان).

هەروەها، کە دکتۆرا وەردەگرێت، لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب بەشی زمان و کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، دەرس دەڵێتەوە.

**– مامۆستا عەزیز کۆڵ نادات و دووبارە دەچێتەوە بەرخوێندن، ئەوە لەچ ساڵێکدا بوو؟**

+ ساڵی ١٩٨٤ تاقیکردنەوەی دەرەکی لەبەشی ئەدەبی دایەوە و بەنمرەیەکی زۆرباش دەرچوو، بۆ خوێندن چووە زانکۆی موسڵ کولێژی ئاداب بەشی فەرەنسی، لەوێش لەماوەکی کورتدا پەیوەندییەکی زۆرباش لەگەڵ مامۆستاکاندا پەیدا



**"داوایان لێکرد لە ئاهەنگی دەرچوون لە بەغدا بەشداری بکات، بەڵام هیچ پارەمان نەبوو پێی بچێتە بەغدا، باوکم لە ماڵە دراوسێیەک، دوو دینار و نیوی قەرز کرد"**



دەکات.

مامۆستا فەڕەنسیەکان زۆر داوای لێدەکەن، کە بچێتە فەڕەنسا و لەوێ بخوێنێت، بەڵام مامۆستا بەهیچ شێوەیەک عاشقی دەرەوە نەبووە، ئەگینا زۆرجار فرسەتی بۆ ڕێککەوتووە، بەڵام هەمووجار دەیگوت بەحرکە و هەولێر بەهیچ شوێنێک ناگۆڕمەوە.

ئەو زمانانەی مامۆستا فێری بووە، زمانەکانی فەڕەنسیی و فارسیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی و ئیسپانیی، هەمووی بەتوانای خۆی بووە، ئەگینا هیچ خولێکی زمانی نەبینیوە، هەمووی بە ماندووبوونی خۆی بووە، توانیوێتی ئەو هەموو کتێب و بابەتە بخاتە سەر زمانی کوردی و نێو مەکتەبەی کوردیی. مامۆستا ساڵی ١٩٩٤ ماستەری لەسەر کێشناسی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٩٨ دکتۆرای لەسەر سەروا بەدەستهێناوە و دکتۆرایەکی دیکەشی لەسەر بەراوردکردنی مەم وزینی خانیٚ لەگەڵ ڕۆمیۆ وجولێتی شکسپیر وەرگرتووە.

> “لە خانەنشین کردنەکەی زۆر ڕازی نەبوو، پێی وابوو دەستێک هەیە، کە بەم جۆرە خانەنشین کراوە”

**- مامۆستا پێش تەمەنی خۆی خانەنشین کرا، هۆکاری زوو خانەنشین بوونی چی بوو؟**

+ مامۆستا تووشی نەخۆشییەک بوو، سەری دەسووڕا، زۆر هەوڵماندا لەهەولێر چارەسەری بکەین، نەکرا، دوای ئەوە سەفەری تورکیای کرد، چارەسەری وەرگرت و تا ماوەیەک سوودی لێ وەرگرت. ئەوەبوو وازی لەخوێندن هێنا و خۆی داوای خانەنشین بوونی کرد، بەڵام لە خانەنشین کردنەکەشی زۆر ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوەی بە کەمێک پارە خانەنشینیان کرد. دکتۆر عەزیز گەردی پێی وابوو دەستێک هەیە، کە بەمجۆرە خانەنشین کراوە.

**- مامۆستا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، لەدوای خۆی بە نیازن چۆن کتێبخانەکە ئیدارە بدەن؟**

+ هەموومان ڕێکخستووەتەوە، لەبەر ئەوەی لەو ماوەی، کە نەخۆش کەوتبوو کتێبخانەکە زۆر بێناز ببوو، هەر هەموویمان وەک خۆی ڕێکخستەوە، هەموو کتێبەکانی ماون و هەتا لە ژیاندا ماوین دەیپارێزین. مامۆستا عەزیز کتێبخانەکەی زۆر خۆشدەویست، بەبێ ئەو کەس بۆی نەبوو دەستکاری بکات. زۆر چاودێری دەکرد. ژیانی ئەو زۆربەی لەگەڵ کتێب و لەنێو کتێبخانەکەیدا بووە، بۆیە کەس بۆی نەبووە بەبێ ئەو بچێتە نێو کتێبخانەکەی و دەستکاری بکا. هەرکاتێک بچووبایە کتێبخانەکە ئەوە دەرگاکەی دەکردەوە و دواتریش کە ئیشی نەدەما، دەرگاکەی کلیل دەدایەوە. لە ئێستەدا بەنیازین دووبارە کتێبەکان جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین چەند کتێبی وەرگێردراو هی خۆی هەیە؟ بەگوێرەی تۆمارەکانی خۆی، ژمارەی بەرهەمەکانی لەنێوان ١٥٠ بۆ ٢٠٠ کتێب دەبێت بەوەرگێڕان و نووسینەکانی خۆی.

**- مامۆستا دەستنووسی دیکەی ماوە؟ دەشگوترێ بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە، ئەمە ڕاستە؟**

+ بەڵێ کۆمەڵێک دەستنووسی هەیە، بەتایبەتی یادەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆی نووسیوەتەوە و جارێ هەمووی هەر دەستنووسن. ئەوانیش چاپ دەکەین و دەیانکەین بەکتێب. بەتایبەت بیرەوەرییەکانی دوو بەرگی زۆر گەورەیە و هەر هەموویشی بەدەستی خۆی زۆر بەجوانی نووسیوەتەوە.

بەداخەوە من نازانم ئێستا لەکوێ کۆتایی پێ بێنم بەڵام ئەوەی زۆر تەئسیری لێکردم کاتێک لەنەخۆشخانە مامۆستا (مومتاز حەیدەری) سەردانی کرد کتێبێکی بۆ هێنابوو، لەسەر سینگی خۆی دانابوو و تەماشای دەکرد تاوەکو لەدەستی بەربۆوە و توانای نەبوو بڵێ بمدەنەوە بەخۆشی ئەو توانایەی نەبوو هەڵیگریتەوە.




عەزیز گەردی لە نەخۆشخانەی ژینی ئەنتەرناشیوناڵ



# عەزیز گەردی

# چۆن لەپێناو گەشەپێدانی هزری کوردیدا خۆی تواندەوە؟



حەمەکەریم هەورامی

ئەو ساڵەی من عەزیز گەردیم ناسی ساڵی (١٩٦٣) بوو، ئەو لەیانەی مامۆستایان ـ دار المعلمین الابتدائیه ـ هەولێر قوتابی بوو، منیش لەوێ مامۆستای وانەکانی سایکۆلۆجییەت و پەروەردە بووم، مامۆستاکانی پێش من قوتابییەکانیان وا فێرکردبوون ڕاپۆرتی ساڵی دەرچوون بنووسن، دە نمرە لەسەری دەخرایە سەر نمرە گشتییەکەیان، ئەوانیش لەکتێبێکی عەرەبییەوە بابەتێکیان ڕوونووس دەکردەوەو نمرەی خۆیان پێ وەردەگرت، جاری وا هەبوو چەند قوتابییەک یەک بابەتیان لەیەک وەردەگرت و ناو موقەیان دەنان. کە ئیشەکە کەوتە دەست من بە قوتابییەکانم گوت: من ڕاپۆرتی وام ناوێ، ئەو ڕاپۆرتەم دەوێ بەرهەمی قوتابی خۆی بێت و بەخامەی خۆی نووسرابێت، با پڕ لەهەڵەش بێت، چەند هەڵەی زیاتری تێدابێت پەسەندترە، داوام لێکردن با ڕاپۆرتەکانتان لەسەر دەوروبەرتان بێ وەک نووسین لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کوردەواری، یان باسی خەلە و خەرمان و جۆخێنان، ژن بەژن و تازیە و پرسەدانان، شەونشینی، هەرەوەزیی، هاوکاریی...

کاتێک ڕاپۆرتەکانم وەرگرتن، چیم لەقوتابییەکان داوا کردبوو هەوڵیان دابوو وا بکەن، لەنێو سەرجەمی ڕاپۆرتەکاندا یەکێکیان بە عەرەبییەکی ڕەوان لەسەر (خەلە و خەرمانی) ناوچەی (بەحرکە) نووسرابوو، سەرنجی ڕاکێشام کە تەماشای سەر بەرگەکەیم کرد نووسرابوو (عزیز عبدالله) لەدڵی خۆمدا دەمگوت: داخۆ ئەم عەزیز عەبدوڵڵایە کام قوتابی بێت، بڕیارمدا بیناسم، کە چوومە نێو پۆل بەر لەوەی دەست بە گوتنەوەی بابەتی وانەکەم بکەم یەکسەر ڕوومکردە قوتابییەکان و گوتم: کامتان عەزیز عەبدوڵڵا-ن؟

قوتابییەکی لاوازی چاوپڕ لە زیرەکی هەڵسایەوە و گوتی: منم، گوتم پاش دەرس تەواو بوون وەرە لام، کە هاتە لام گوتم: تۆ عەزیز عەبدوڵڵای؟ ئەوە بۆ ڕاپۆرتەکەت بەعەرەبی نووسیوە؟ تۆ باسی خەلە و خەرمانی کوردەواری دەکەی، دەبوو بەزمانی کوردیش بینووسی، ئەو وای زانی بوو منیش وەک مامۆستاکانی دیکە عاشقی زمانی عەرەبیم، یان ویستبووی بەو نووسینە خۆی دەربخات، کە لە قوتابییەکانی دی جیایە، ئەوان عەرەبیان نەدەزانی.

پێم گوت: ئەی نازانی ئێمە کوردین تەنیا



زمانەکەمان بە پاکی بۆ ماوەتەوە، بەوەوە ناسراوین، دەشێ بەنووسین خزمەتی بکەین، ئەی نازانی هەزار و ئەوەندە ساڵە خزمەتی زمانی بێگانەمان کردووە، کەچی ئافەرینی نەکردووین، هەر بەکەم تەماشایان کردووین.

وەرە بەیەکەوە با خزمەتی زمانەکەی خۆمان بکەین، خۆمان ئافەرین بەخۆمان بدەین. لەوکاتەوە لەگەڵ ئەو قوتابییەدا ئاشنای یەک بووین، ڕۆژێک مامۆستای مێژوو، کە خەڵکی مووسڵ بوو، پێی گوتم: قوتابییەک هەیە ناوی عەزیز عەبدوڵڵایە، لەتاقیکردنەوەکاندا هەڵە ناکات نازانم قۆپیە دەکات یان زیرەکە؟

پێم گوت: کە وەرقەی تاقیکردنەوەی ئەو هاتە بەردەستت بێ پەروا نمرەی تەواوی بۆ دابنێ و خەمت نەبێت، ئەوە زۆر زیرەکە و قوتابییەکی سالارە و لە قۆپیە کردن دوورە.

کە کتێبەکەی من (سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە) دەرچوو، بەشێوەیەکی نیمچە فەرمی خوێندنی بۆ قوتابییەکانی یانەی مامۆستایان بڕیاری لێ درا، کاریگەرییەکی کوردانەی کردە سەر هزری قوتابییەکان، وتەکانی من و ئەو کتێبەم، بیری عەزیز گەردی بەرەو ئاسۆی کوردایەتی ڕاکێشا، لەو کاتەوە عەزیز عەبدوڵڵا نەما و بوو بەعەزیز گەردی.

بوو بە مامۆستا، لەبەر ئەوەی لەگەڕەکی تەیراوە دەژیا، منیش ماڵم لەو گەڕەکە بوو، زوو زوو یەکدیمان دەدیت، پەیوەندیمان نەپچڕابوو، کە یەکدیمان دەدی پێکەوە باسی کوردۆلۆژیامان دەکرد، ڕۆژێک گوتم: من خۆم بۆ نووسینی چیرۆکە درامای کوردی تەرخان کردووە، وا نەبوایە ئەو بابەتە ڕەوانبێژیانە، کە مامۆستا (علاالدین سەجادی) لەگۆڤارەکاندا جاروبار باسیان دەکات کۆم دەکردنەوە و دەمکردن بەکتێبێک، ئەوکات عەزیز گەردی قەڵەمی هەڵگرتبوو وتاری بەپێزی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردنەوە، ساڵی بەسەردا نەسووڕایەوە (بەرگی یەکەمی ڕەوانبێژی) بەخامەی عەزیز گەردی بڵاوبووەوە، بوو بەسەرەتای ڕەوانبێژی کوردیی، پێشکەش بەمنی کردبوو، دوای ئەو دوو بەرگەکەی دی دەچوون، هەر لەو ماوەدا کتێبی (پەخشان) کە باسی تیۆری دراما دەکات چاپکرد، عەزیز گەردی ناوی کەوتە نێو ناوی نووسەران و ناسرا، چووە نێو تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی و بە یەکەمی ناوچەی کوردستان دەرچوو، لە زانکۆی مووسڵ لەبەشی زمانی فەرەنسی وەردەگیرێ، دەڵێن مامۆستا فەرەنسیەکەیان ژنێک دەبێت و پێی دەڵێ: عەزیز تۆ من فێری ئینگلیزی بکە منیش تۆ فێری فەڕەنسی دەکەم.

> **“عەزیز گەردی وەک سۆفییەکی گەورەی لێ هاتبوو، وەک سۆفییەکان خۆیان دەڵێن: کە دەگەنە (مەرتەبەی فنافی الله) لە دەوروبەرەکەیان دادەبڕێن”**

هەر لەو ماوەدا لە ساڵەکانی پاش هەشتاکانی سەدەی بووری، کە هەر دوو بەرگەکەی (داغستانی من)ی لەئینگلیزییەوە کردن بەکوردیی و بڵاوبوونەوە، عەزیز گەردی ناوبانگی دەرکرد و وەک نووسەرێکی خاوەن قەڵەمێکی بە توانا ناسرا، بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لەزانکۆی سەلاحەدین بەپلەی باڵا وەرگرت، لە ڕێوڕەسمی وەرگرتنی هەردوو بڕوانامەکەدا من و خێزانەکەم وەک کەسی ئەو ئامادەبووین.

بوو بە مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، لەو ماوەشدا کۆمەڵە کتێبێکی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیی کرد، هەر لەو ماوەیەدا بڕوانامەیەکی دیکەی دکتۆرای لەزمانی ئینگلیزیدا وەرگرت.

عەزیز گەردی خۆی کرد بە پردێک بۆ فەرهەنگی کوردیی و میللەتانی دی شاکارەکەی ئەحمەدی خانی (مەم و زین)ی کردە ئینگلیزیی و ڕەوانەی دەرەوەی کرد، کتێبەکەی شاعیری ئیتالی (دانتی) (کۆمیدیای یەزدانی) بەهەر سێ بەرگەکەوە کردە کوردیی و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کرد.

گەلێ شاکاری میللەتانی دەر و دراوسێی وەرگێڕانە سەر زمانی کوردیی، ئەو کتێبانەی عەزیز گەردی پێشکەشی هزری کوردیی کردوون ژمارەیان ئەوەندە زۆرە لێرەدا بەئێمە ئەژمار ناکرێن. ئەو لەبواری وەرگێڕاندا مامۆستای هەموو وەرگێڕەکانی کوردە، خۆی لە پێناو گەشەپێدانی هزری کوردیدا تواندەوە.

خۆ تەرخان کردن و شۆڕبوونەوە بۆ نێو قووڵایی فەلسەفە و فەرهەنگی میللەتان وا بە مرۆڤ دەکات لە جیاتی پڕ ئاژاوە و شتە بێ سەر و بەریەکانی



نێو کۆمەڵ و ژاوەژاوی خەڵک دوور بکەوێتەوە.

عەزیز گەردی وەک سۆفییەکی گەورەی لێ هاتبوو، وەک سۆفییەکان خۆیان دەڵێن: کە دەگەنە (مەرتەبەی فنافی الله) لە دەوروبەرەکەیان دادەبڕدرێن.

ئەو وای لێ هاتبوو، گیانێک بوو لە دەریای مەلەکوتی بیرکردنەوەدا نقوم ببوو، نەک هەر لەدەوروبەرەکەی دابڕابوو، بەڵکو ئاگای لەپێداویستییەکانی جەستە و دەروونی خویشی نەمابوو، بیر و هزر کاری هەموو شتێکیان لەدەست سەند بوو خستبوویانە نێو گەردەلوولی فەنتازیا و خەیاڵ و ئەوهامی بەردار و فەڕ و پێزەوە، ئەوەی بگاتە ئەو پلەیە پەیوەندی و کارە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دەبێتە شتی لاوەکی و بێ سوود و تایبەت بەکەسانی بێ بەهرەیان دەزانێت.

کە ژیانی عەزیز گەردی و پەیوەندییەکانی دەدەیتە بەر فیکرت ژیان و پەیوەندییەکانی هەندێک بیرمەند و فەیلەسووفی ئەورووپاییت بەبیردا دێنن، ئەوەی ژیانی (نیتشە) و (شۆپنهاوەر) بخوێنێتەوە عەزیز گەردی بیر دەکەوێتەوە:

هەندێک کەس لەڕووی نەفامی و ناشارەزاییەوە تۆمەتی شێت و لێوەیان دەدایە پاڵ عەزیز گەردی!

یەکێک ئەو هەموو بەرهەمە بە پێز و نایابانەی هەبێت، نزیکەی دوو سەد کتێبی وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردیی، یان شاکارە ئەدەبییەکانی کوردی وەرگێڕابنە سەر زمانی بیانی، ئەمە شێتە؟!

یان کەسێکی بلیمەت و هەڵکەوتەیە، خوا بەگەلێکی داماوی هەژاری وەک کوردی بەخشیوە.

ژیان و نووسینەکانی ئەو زاتە بلیمەتە دەیان لێکۆڵینەوە هەڵدەگرن و وەک زێی بادینان هەتا هەتایە وشک ناکەن ئەو بەردەوامی ژیان بەکوردان دەبەخشێت ئەم بناغەی بیری کوردایەتی پتەو دەچەسپێنێت.

ئەوەی لەعەزیز گەردی دەگیرێ، بێدەنگی ئەو بوو سەبارەت بەو کارەساتانەی، کە ڕووبەڕووی گەلی کورد بوونەوە، ئەو هەڵوێستی نەبووە، نە بەدەم نە بەنووسین.

بەڵام ئەمەش نابێتە هۆی ئەوەی، کە لە سایە و پایەی عەزیز گەردی کەم بکاتەوە. بەڵکوو هەتا هەتایە ناوی عەزیز گەردی ئەستێرەگەشەی نێو ئاسمانی ئەدەب و بیری کوردییە.

**ڕۆژی دووشەممە**

**٢٠٢٣/٥/١٥**




**تەرمی پیرۆزی عەزیز گەردی لە کتێبخانەکەی، لەکاتی ماڵاوایی خۆشەویستانیدا**
**٢٠٢٢/٦/٦، بەحرکە – هەولێر**



# ٢٤ ساڵ لەمەوبەر

# عەزیز گەردی



نەوزاد عەلی ئەحمەد

ساڵی ١٩٩٩، واتە بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر، بەم چەند دێرە پۆرتریتی عەزیز گەردی-م کێشاوە و هەر ئەو ساڵە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بڵاوبۆتەوە، ئەوسا هەمیشە بەڕێزەوە لەبەردەم نەوەی ئەدەب و نووسینی پێش خۆمان دەوەستاین و پەند و دەرسمان لە کەسایەتی و بەرهەمەکانیان وەردەگرت.

**ئەمە دەقی بابەتەکەیە:**

* گڵکەند ژنێکی مەمک شۆڕی کوردەواری نییە، تا شیری عەشقی لێ بمژین و تەمەنی گەورەیی بنووسینەوە. گڵکەند تەمی سەر بانێژەی ماڵە کوردان نییە، تا قەیرە کچان ماچی سەحەران دەبەر ڕەنگە سپییەکانی شاباش بکەن. گڵکەند هەناسەی نێو وەرزێکی نەزۆک نییە، تا بە بارانی ئەودیوی شاخەکان لە هۆش خۆی بچێ و خاک لەززەتی لێ وەرگرێ.

* گڵکەند دارستانی نێو ڕەحمە خوێناوییەکانە، خرۆکە سوورەکانی مێژووییەکە لە سیاسەتی کشانەوە و دەستدانە چەک. گڵکەند ڕۆشناییەک بوو زۆرجار خۆم لەبەری وشک دەکردەوە و بە ئەسپایی وەک ماڵە بەلەنگازەکەم ئامێزی بۆم دەکـــردەوە، منیش مەست دەبـــووم بە لاوکی ئەو موریدەی ڕازی شۆڕە ژنان لە خۆی دەگرێ، مەستی دەکردم بە حەیرانی ئەو کیژۆڵەیەی بەختی خۆی خستۆتە سەر مێزی شەوە درێژەکانی شەڕاب و ڕۆژە کورتەکانی تێربوون.

* گڵکەند بۆ ئێمەی هەولێری تەنبوورێکە بۆ حکایەتەکانی نێو دووکەڵ و جوانییەکانی قامیشەڵان، لەنێو لەپێ گڵکەندا هاوڕێیەتی مامۆستا عەزیز گەردی زیاتر ئاشنای هەولێری کردم و بۆ یەکەمجار لاپەڕەی بۆچوونەکانی ئەو پیاوەی پێ ناساندم.

عەزیز گەردی واتە دوورکەوتنەوە لە سەراب و خوێندنەوەیەکی تازە بۆ شیعری ئادەم و برینە نوورانییەکانی سەمەدی بیهرەنگی و ڕۆشناییەکی تر بۆ دەقی گەورەی کلاسیکیات و تیرۆژێکی تر بۆ جوانییەکانی کولتور و هەناسەیەکی تر لەبەردەم ئاوێنەکانی زمان و گەڕان بۆ ئەو هەقیقەتەی، کە لە کورد دەچێ و کوردیش لە «انا الحق». عەزیز گەردی واتە خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئەو دەفتەرانەی تەنیا خۆی دەزانێت لە چ باخەڵێک قەدی کردوون، واتە ئەو نەینۆکەی ئێوارە و عەسر و بەیانییان یەک هەناسەی لێوە دێت، ئەویش بۆنی کتێب و ڕێگا دوورەکـــان و هەنگاوە هیلاکەکانی زەمەنە. عەزیز گەردی واتە پیاوێک لە سادەیی و ژوورێک لە مەعریفە، ئومێدێک بۆ هەڵکشان، دەنگێک بۆ ئازادی، مەنفایەک بۆ خوردبوونەوە، سەدایەک بۆ قەڵەم و پەنجەرەیەک بۆ ژوورێکی تر.

– کە عیلم گورگی بەر سێبەری سنۆبەرەکانی ڕێگای ڕاونا، بزانن قەڵەمێکە و دەیەوێ بدوێ.

– کە تفەنگێک بۆ حیوار هاتە سەرچۆک و وتی؛ ڕێگام بدەن دوا فیشەکی خۆم بتەقێنم، بزانن دەفتەرێکی نەکراوەیە و دەیەوێ بدوێ.

– کە شەقامێک هاتە دوان و فەرمووی ڕێگام بدەن دوا دروشمی خۆم هەڵواسم، بزانن ئەمە سرووتی گوڵە و گەنمێکی تازەیە و بانگمان دەکا.

– کە ئاگردانێک لە کـــوردەواری ڕاما، ئیبن موستەوفی و سوڵتان موزەفەرەدین و ئەوانی تری هێنا، بزانن زیکری حەرف و دەفژەنینە بۆ سەمای کتێب.

* مامۆستا عـەزیز گـەردی و خـۆسـازدان

بۆ ناسین و کەمیندانانەوە بۆ گوێگرتن لە قسەکانی و هەڵوەستەکردن بۆ کردەوەکانی بۆ ئێمەی لاو، کۆمەڵێک واتای بە دەروونمان گرێ دەدا. بۆ ئێمە وەک قەڵەم بەدەستانی هەولێری ناسینی ئەو پیاوە زەروری بوو، بۆ منیش وەک گەنجێکی شێتی سیاسەت و حزبایەتی و «کۆمەڵە»یەکی یاخی، خوێندنەوەی ئەو شەخشییەتە گرنگ بوو، لەبەردەم یەکێک لە کتێبخانەکانی نێو شار ئەو پیاوەم ناسی.

- یەکەم چای شیرینمان لە مەچکۆ خواردەوە.

- یەکەم قسە و دوا قسەی کورد و کورد بوو.

- یەکەم پیاسە، کە پێکەوە کردمان لە گەڕەکی تەیراوە بوو.

- یەکەم سیفات، کە گوێ بیست بووم، خەڵکی خراپ خۆشیان نەدەویست.



- یەکەم دانیشتن، کە پێکەوە و بە تەنیا کردمان لەو گڵکەندە بوو، کە لە پێشەوە بە شان و باڵیم هەڵدا.

- دوا سڵاو، کە لە یەکترمان کرد، بەری سێ ساڵان بوو.

زۆر بە کورتی:

عەزیز گەردی؛ واتە هەولێر و هەولێر-یش واتە عەزیز گەردی.

*** ئەم بابەتە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٩، لە لاپەڕە ٨٥ و ٨٦ بڵاوبۆتەوە. گەلاوێژی نوێ، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیرییە، لە سلێمانی چاپ و بڵاودەکرێتەوە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی مایسی ١٩٩٧ دەرچووە، واتە ٢٦ ساڵە دەردەچێت.**





# زمانی عەزیز

بەر لەوەی وەرگێڕێکی ناوازە بێ، نووسەرێکی مەزنە، خودان ڕەوانبێژیی و ئەدەب و ڕەخنە و ئەدەبی بەراوردکاریی و سەروا و کێشناسی و زۆری دی.  زمانی وی چ لە نووسین، چ لە وەرگێران دەوڵەمەند و ڕەوان و پەتییە. من ئەم چەند دێڕەم تایبەت دەکەم بە دەوڵەمەندیی وشەدانی عەزیز گەردی.

دەوڵەمەندیی وشەدانەکەی لە بەرهەمە وەرگێردراوەکانی روونتر دەردەکەون، چوونکێ زۆرتر و جۆراوجۆرترن.

تۆ لە ناوەڕاستی حەفتاکان لە (سێ نیگار)ەوە پێدا وەرە، بگە کۆتایی حەفتاکان و ناوەڕاستی هەشتاکان و(داغستانی من) بخوێنەوە، لەو هەموو (ئەفسانە...)ەوە وەرەوە سەر (کۆمیدیا)ی دانتی، هەینێ تێدەگەی عەزیز گەردی، چ وشەدانێکی زەنگینی هەیە، وشەدانێ، بە دڵنیاییەوە دەڵێم هیچ نووسەرێکی کورد لە وشە هێندە زەنگین نییە. عەزیز گەردی لە بابان و موکریان و سۆران و گەرمیان وشە دەچنێ، لە زێی بادینانیش دەپەڕێتەوە.

هەژار و هێمن تینوویێتیان بە زمانی پیرەمێرد و گۆران و عەلادین سەجادی نەشکا، قەرتاڵە قەرتاڵە وشەی ناسک و ئاوداری موکریانیان هێنا و ڕژاندیانە نێو زمانی نووسینەوە، نووسینی کوردییان ڕەنگین و ڕازاوەتر کرد.

عەزیز گەردی بەوەش نەوەستا، زۆر لە شوکر مستەفاش هێوەتر و سەرتر چوو. هات، مێرگ مێرگ، قانگ قانگ، قەراج و کەندێناوە و شەمامک و زرارەتی و بەرڕێ و پشترێی دەشتی هەولێر گەڕا و وشەی تەڕ و ڕشەداری دەسکەنە کرد و تێکەڵی زمانی نووسینی کوردیی کرد.

وشە لە ڕستەی عەزیز گەردی کێشدار و ئاوداره، چوونکێ داڕشتنی ڕستە پتەو و کوردانەیە، ڕستەی ڕەوان و بێ گرێ گۆڵ وشە شیرن دەکات. بێ لە هەندێ ئەستەمە لە کتێبی عەزیز گەردی وشەیەک ببینیەوە بە هەڵە خرابێتە ڕستەوە. ئاخر ئەو لە ناوڕستەوە لە زمانی ئاخێوەرەوە فێری وشەی نوێ دەبوو.

لە خۆیم بیستووە: «هەر وشەیەکی تازە ببیستم، تا نەگەمە بنجوبنەوانی، تا نەزانم چۆن لەڕستە بەکاردێت، بەکاری ناهێنم»

پێموایە زمانی عەزیز گەردی زمانێکی هێند دەوڵەمەندە، تاکی نییە. زمانێکە دەکرێت ببێتە بناغە بۆ زمانی نووسینی ئەوەی بە هەڵە بە زاری (سۆرانی) کەوتووەتە سەر زاران. زمانێکە دەکرێت نووسەرانی تازە لێیەوە فێرە کوردییەکی ڕەوان و پاراو و پەتی بن، فێری زمانی عەزیز بن، عەزیزی پاشای زمان.

**کافکاف**



**نووسەر لەگەڵ عەزیز گەردی**



# عەزیز گەردی، عەزیزی بێگەرە

## لە چیرۆکی بەرئاگردان و ئاڤارستانی داغستانی من-ەوە بۆ بەحرکە

شیلان جەلال دەرگەڵەیی

هەر یەکێک لەئێمە، کەسێک وەک پێشەنگ و نموونەی کەسی سەرکەوتووی هەیە، کە لەمنداڵی، یا قۆناغەکانی خوێندنەوە بەئاوات بخوازێت و بە ئاستی ئەو بگات، ئینجا چ لەڕووی بیرکردنەوە، بوێریی، سەرکەوتوویی، لە ڕووی زانستیی، سیاسیی، یا هەر لایەنێکی دیکەی ژیان بێت. بۆ منداڵ، زیاتر دایک، یا باوک، دوای ئەوان؛ ئینجا مامۆستا دێت.

من یەک دوو مامۆستام لەقۆناغەکانی ناوەندیی و یەکێکیش لە هەردووک قۆناغی ئامادەیی و زانکۆ بوون، بەنموونەی مامۆستای بیر و زانست، ئەویش مامۆستام دکتۆر عەزیز گەردی بووە. ساڵی خوێندنی ٩٠-٩١ لەپۆلی شەشی ئامادەیی بووم، ئەو ساڵەی شەڕی عێراق - ئەمەریکا بوو، تەنیا دوو مانگ و نیو خوێندمان و دوایی بەهۆی هێرشی ئاسمانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق خوێندگەکان داخران.

لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ٩٠-٩١ مامۆستا عەزیز وەک وانەبێژ لەخوێندگەکەمان؛ ئامادەیی شۆڕشی کچان، نزیکەی مانگێک وانەی ئینگلیزیی بەئێمەی پۆلی شەش گوتەوە، بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکرێنەوە، لەپڕ لایاندا، بەبیانووی ئەوەی بەشە وانەی زۆرە. بۆ ئێمە شۆک و جێی نیگەرانیی بوو، چونکە پۆلی شەش بووین، خوێندن و ماندووبوونی دوازدە ساڵمان لەو ساڵەدا خۆی دەبینییەوە.

وەک کاردانەوە لەدژی ئەو بڕیارە، لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانمان حەڤدە ڕۆژ مانمان گرت و نەچووینە پۆل، بۆ هێنانەوەی هەموو ڕێگە یاساییەکانمان گرتەبەر، لەنێوان پەروەردە و یەکەی سەرپەرشتیاریی و پارێزگاش دەستی دەستیان پێ دەکردین، یەکەم جار بوو، پارێزگاش ببینین، بەڵام پارێزگارمان نەبینی، نوێنەرێکی هات ئێمەی بینی و بە دووسێ وشە لەکۆڵ خۆی کردینەوە، بەرەو یەکەی سەرپەرشتیاریی بەڕێی کردینەوە. ئەوەی باش بوو، بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستا نەرمین حەمە غەریب کۆیی پاڵپشتمان بوو و پشتی بەرنەداین، زۆر خەمی ئێمەی بوو و ناڕاستەوخۆ ڕێنمایی دەکردین، چ ڕێگەیەک بگرینەبەر بۆ هێنانەوەی مامۆستاکەمان.

مامۆستا عەزیز ئەوەندە ڕەوشت بەرز بوو، لەخەمی هەستی ئەو مامۆستایەدا بوو، کە لەجێی ئەو بۆ ئێمەیان دانابوو، خەمی ئەوەی بوو مامۆستاکە واهەست بکات ئێمە لەبەر مامۆستا عەزیز ئەومان ناوێت، مامۆستا عەزیز هەستی بەتاوان دەکرد، بۆیە ڕۆژێک داوای لێ کردین بچینەوە پۆل، هات و گوتی: ئەنگۆ لۆ بە مامۆستا تازەکەتان ڕازی نین، کچەکی زۆر باشە و مامۆستایەکی زۆر زیرەک و بە ئەزموونە، مەجالی بدەنێ یەک دوو دەرستان پێ برێت، ئیزرابتان بشکێنن، بەقسەم بکەن، ناکرێت لەبەر ئەو، لۆ خۆشتان باش نییە، کاتتان لێ دەڕوا، ئەنگۆ پۆلی شەشن، کاتتان لەزێڕە، ڕێی بدەن دەرستان پێ برێت، بەقسەم بکەن.

هەستام و گوتم: مامۆستا ئەتو هەقت لەمە نەبی، ئەمە بەخۆن ئیشی خۆن ئەزانین، هەر ئەتهینینەوە. هەر کۆڵیشمان نەدا تا هێنامانەوە.

دوای دوو ساڵ ڕۆژێک لەکۆلێژی ئاداب بینیم، گوتی: مامۆستا ئەتو هەقت لەمە نەبی، بەخۆن ئیشی خۆن ئەزانین، ڕستەکەی دوو ساڵ پێشتری منی بیر مابوو و بیری هێنامەوە.

پرسیم: بەڕاست مامۆستا چەکەی لێرە؟ گوتی: قوڕتان بەسەری، کێوە دەچن، لێرەش لەدوتان نابمەوە، دەرستان پێ دەرێمەوە.

بێگومان زۆر زۆر دڵخۆش بووم بەو هەواڵە، هەر زوو مژدەم دایە هاوپۆلەکانی دیشم، چونکە ئەوان ئەو چانسەیان نەبوو لە ئامادەیی مامۆستا عەزیز وانەی پێ گوتبنەوە.



مامۆستا هی ئەوە بوو خوێندکار لەهەر ئاستێک بێت، بەئاوات بخوازێت ئەو وانەی پێ بڵێتەوە، لە سادەیی و شێوازی گەرم و گوڕی و ڕاکێشانی خوێندکار بۆ وانەکە، لەبەخشینی هەرچی هەیبوو بە خوێندکار، هەرگیز دەستگیر نەبوو لە هەرچی دەیزانی بەخوێندکاری دەگوتەوە، ماندووبوون و گرژی و وشەی زبر و ڕووی تاڵمان لێی نەبینی.
مامۆستا لەسەردەمی بەعس بووە قوربانی بیروباوەڕی خۆی، چونکە نەبووە بەعسی، نەیانهێشت لەعێراق خوێندنی باڵا تەواوبکا و لەو لیستەش دەریانکرد، کە بۆ خوێندن نێردرانە فەرەنسا.

بەداخەوە، لەدوای ڕاپەڕینیش حزبە کوردیەکانیش کەمتر لەبەعسیان پێ نەکرد، چونکە ئەندامی هیچ حزبێک نەبوو.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، مامۆستاکەمم نەبینیەوە و دەرفەتێک نەهاتە پێش بەخزمەتی بگەمەوە، تا پاش هاتنە دەرەوەم لەکوردستاندا؛ نامەیەکی هەژدە لاپەڕەیی بۆ ناردم، نامەکەی وانەکانی ژیان بوو، چەندجار دەمخوێندەوە، وام دەزانی ڕەسووڵ هەمزەتۆڤە و لەئاڤارستان پەند و وتە ناودارەکانی ئاڤارییەکانم بۆ دەخوێنێتەوە. مامۆستا، پیاوێکی سادە، پـــاک لەهەموو شت، ڕاستگۆ، دڵسۆز، باسی توانا و لێهاتووییشی هەر ناکەم. بەزمانی منداڵ و گەورە و خوێندەوار و نەخوێندەوار دەدوا.
هاوینی ٢٠١٨ لەڕێگەی هاورێیەکی زۆر نزیکی ئەو، باڵای برازام، توانیم پەیوەندی بە مامۆستاوە بکەم و لەگەڵ دوو هاورێم لە بەحرکە سەردانی ماڵەکەی بکەم. لەبەر دەرگا چاوەڕێمان بوو، لەباخەکەی ماڵ چەند کورسییەکی بۆ دانابووین. پێکەوە قاوەیەکمان دروستکرد و هەگبەی پڕبوو لەهەواڵی چەند ساڵەی یەکدی نەبینینمان، هەندەی لەدڵدا بوو بۆم باس بکا، پێش هەموو شتێک گوتی: لەوەتەی ئەتوم نەدیتیە ٢٢ کتێبی دیکەم چاپکردیە، لە دونێوە گۆتت دێم، هەموویانم لۆ دانای، ٥ی دیکەشم لەچاپە، تا جارەکی دی دێیەوە ئەوانیشت لۆ دادەنێم.

ئینجا گوتی: دەزانم حەز دەکەی کتێبخانەکەشم ببینی. بەبینینی ئەو هەموو کتێبەی سەر ڕەفە و مێز و زەوی شاگەشکە بووم، دیارییەکانی منیشی ئامادە کردبوو، لەکونجێک داینابوون، چەندە دڵم بەبینینەوەی خۆش بوو، سەد ئەوەندەش، کە مامۆستایەکی خۆم منی خوێندکاری دوای ئەو هەموو ساڵە لەبیر بووە و لەهەر بەرهەمێکیشی دانەیەکی بۆم دانابوو.

مامۆستا بەوە ناسراو، کە دیاریی لەکەس وەرنەدەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا لێم پرسی: مامۆستا گیان، ئەگەر ئەوجارە هاتمەوە چت لۆ بینم؟ چ کتێبەکی ئینگلیزیت لۆ بینم؟ گوتی: جارەکی دیش وەکی ئەورۆ، باقە گورەکی دی بینە، بەس ئەوجارە بینە سەر گۆڕم.

من و هاورێکانم چاوەڕێی ئەو وەڵامەی نەبووین، زۆرمان لەدڵ گران بوو، کە مەرگی خۆی لەلا نزیکە، من تێبینی هیچ نەخۆشییەکی جەستەییم نەکرد، بەڵام باسی ستەمی خۆی کرد، کە لە دژی کراوە، زۆر خەمم لە نەهامەتییەکانی خوارد.

بەنیازی دیدارێکی دیکە جێمان هێشت، بەڵام داخی گرانم، دیارە وەک خۆی داوایکرد، ئەوجارە (بەباقەک گور دەچمەوە سەر گۆڕی) ڕۆحی فریشتە ئاسات شاد مامۆستا گیان، داخت خستە دڵمان، مەگەر تەنیا ئێمەی خوێندکارت بزانین چەندە پاک و بێگەرد و خۆنەویست بووی. سەری ڕێزمان بۆ شکۆ و گەورەییت دادەنوێنین. کەلێنێکی گەورەت خستە فەرهەنگی وشە و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردیی و دڵی ئێمەش.

هەموو کەست لەبیر بوو و خەمی وڵات و خاکت لەکۆڵ بوو، ڕۆژێک خەمی خۆت نەبوو و خۆت لەبیر نەبوو، بەکەشکۆڵی خەمەوە کۆچت کرد و مێژوو و گەنجینەیەکی بە نرخیشت لەدوای خۆت جێ هێشت. هەرگیز لەیادت ناکەین.



**نووسەر لەگەڵ عەزیز گەردی**

# عەزیزی برا

عەبدولقەهار گەردی



مامۆستا عەزیز گەردی بە هیچ جۆرێک حەزی لە خۆدەرخستن و خۆپیشاندان نەبوو. بە کڕ و بێدەنگی ئەوەی پێی کرا کردی بەبێ ئەوەی منەت بەسەر کەسدا بکات.
ئێمە کە برای ئەو بووین، نزیکترین کەسی بووین هێندە سەرقاڵ و پڕ ئیش و ماندوو و بێ دەرفەت بوو بە زەحمەت دەمانبینی، بە حەسرەت بووین ماوەی هەبووایە لەگەڵیدا دابنیشین.
دەروێش و سۆفی کتێبخانەکەی بوو هەموو غەریزە و خۆشییەکانی ژیانی بەلاوە نابوو لەپێناو خزمەت کردنی زمان و ئەدەبی کوردی مێشکی وا کرابووەوە پەنجەرەی عەقڵی بەسەر هەموو لایەکی دونیادا دەیڕوانی.
پێشهات و بۆچوونەکانی زۆر لە جێ و بەجێ و دیار بوون، کە پۆلی شەشی سەرەتایی تەواو کرد بۆ دواناوەندی چۆتە هەولێر.. بەتەواوی لێمان دابڕاو تەنها لە پشووی هاوینان دەهاتەوە بەحرکە و ئەویش هەر بە خوێندن و نووسینەوە خەریک دەبوو، تا دەوام دەستی پێ دەکردەوە و بەکۆڵێ بەرهەم و نووسین دەگەڕاوە هەولێر.
ژیانێکی ئەوەندە سادە و ساکار و تاک و تەنیا دەژیا، زۆر جاران هەتا چایەک، یان نانێکی سەرپێیی بۆ خۆی ئامادە دەکرد قوری و کتلی و مەنجەڵی دەسووتا، چونکە هێندە ڕۆ دەچووە نێو دونیای خوێندن و نووسین و بیرکردنەوە هەموو شتێکی بەقوربانی قەڵەم و وشە و نووسین و زمانی کوردیی دەکرد، پیاوێکی ئەوەندە نەفس بەرز و بەویقار و لەخۆ ڕازی و گەورە بوو، تا کۆچی دواییشی کرد خەڵات و پاداشت و ڕێزلێنانی هیچ کەس و لایەنێکی قبوڵ نەکرد و دەیگوت: دەبێ بزانی ئەوەی خەڵاتت دەکا کێیە و مەرامی لە خەڵات کردنت چییە.
زۆر ڕقیشی لە پیا هەڵدان و مەدح و ئافەرین دەبۆوە. چونکە ئەوەی دەیکرد بە ئەرک و واجبی دەزانی و منەتی بەسەر کەسەوە نەدەکرد. دکتۆر حوسێن عەلی وەلی دەگێڕێتەوە:
دەڵێ کە ساڵی ١٩٨٣ بەسەرکەووتویی زانکۆمان تەواو کرد، ڕۆژێک بۆ ئاهەنگی دەرچوون تەرخان کرا. لەبەر ئەوەی مامۆستا عەزیز گەردی یەکەمی سەر هەموو کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆ بوو دەبووایە لە شەوی ئاهەنگەکە یەکەمی سەر زانکۆ لەلایەن وەزیری خوێندنی باڵا خەڵات بکرێت، بۆیە یاریدەدەری کۆلێژی ئاداب لە دوای مامۆستا عەزیزی نارد، تاکو هەندێک ڕێنمایی پێ بدەن ئەوەی ئەوانی شۆک کرد و تەنگەتاو کرد بڕیارەکەی مامۆستا عەزیز گەردی بوو، کە بە جلکی کوردی بەشداری ئاهەنگەکە دەکات.
ئەو هەڵوێستەی مامۆستا عەزیز عەمادەکەی شڵەژاند و کۆلێژ و یەکێتیی قوتابیانی ئەوسای بەعسی خستە گەڕ تاکوو بەهەر شێوەیەک بێ لە بڕیارەکەی پەشیمانی بکەنەوە، بەڵام چەند هێنایان و بردیان و هەوڵیاندا سوودی نەبوو هەر سوور بوو لەسەر قسەو بەڵێنەکەی خۆی و بردیشیە سەری.
مامۆستا عەزیز گەردی چەند ڕۆژێک پێش جەژن دەهاتە ماڵی ئێمە بە منداڵەکانی منی دەگووت: ها منداڵینە چیتان لۆ جێژنەی کڕییە؟
دەیگۆت سبەی بڕۆنە بازاڕی جلوبەرگ و پێداویستی جێژنەی لۆ خۆتان بکڕن، لە دوایێ ئەمن پارەکەتان دەدەمەوە، بەڵام تەخسیری بە پارەی نەکەن و سکتان پێم نەسووتێ ها!
مامۆستا عەزیز گەردی جارێک لەجاران بارگرانی و ئەرک نەبوو بەسەرمانەوە هەردەم یارمەتی هەموو لایەکمانی دەدا و دەستباری لەگەڵ دەگرتین و چاوی لە هەموومان بوو، خەمی گەورە و بچووکی لەگەڵ بەش دەکردین.
مامۆستا عەزیز گەردی لە ڕاست نەخۆشیەکەشی زۆر قایم و بەهێز و بە ورە و بەتوانا بوو. نەخۆشیەکەی زۆر بە ئازار و گران و بەژان و ژوور بوو، بەڵام گوێمان لە ئاخ و ئۆف و هاوار و ناڵەیەکی نەبوو.
ئەو برادەرانەی، کە سەردانیان دەکرد پێی دەگوتن: دوعام لۆ بکەن لەو وەزعەی ڕزگارم بێ. چونکە کەس هێندەی ئەو بڕوای بە مردن نەبوو، بەهیچ جۆرێک ترسی لە مردن نەبوو.
دەیگوت: تا ئێستا هێندەی سەرێ دەرزی خیانەتم لە گەل و خاک و ئیشەکەی خۆم نەکردووە. ئەوەی خودا پێی ناخۆشە نەمکردووە، جا بۆ لە مردنێ بترسم ئەوڕۆ نا سبەی ئەو سەفەرەمان هەر لە پێشە.

**✱ برای نووسەر**



ستار محەمەدئەمین

# کەسە نزیکەکانی عەزیز گەردی چی دەڵێن؟

## دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ:
## نایشارمەوە، عەزیز گەردی زۆرجار دەیویست ژیانی هاوسەری پێک بێنێت



دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، ساڵانێکی زۆر لەزانکۆ، لەگەڵ عەزیز گەردی هەم وەک مامۆستا و تەلەبە، هەم وەک دوو مامۆستا و هاوڕێی یەکدی، پێکەوە کاریان کردووە. ئەو بەقسەیەکی هێمن موکریانیی شاعیر دەست پێدەکات و دەڵێت: هێمن موکریانی قسەیەکی جوانی هەیە، کە دەڵێت نازانم لەکوێوە و بۆ کوێ دەست پێ بکەم، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک یادەوەری، چ لەو کاتانەی وانەبێژ بووە لەبەشی کوردیی، چ ئەو کاتانەی، کە من لەچەند شوێنێکی ئەکادیمی و هونەریی دەمبینی، کە هاتە بەشی کوردیی و بوو بەمامۆستا، چوار ماددەی دەگوتەوە، لەوێوە بۆم دەرکەوت، کە عەزیز گەردی کەسێکی ئەکادیمییە و بەڕۆح و دڵ وانەکانی دەڵێتەوە: یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی تەباشیری بەکاردەهێنا، کە لەپۆل دەهاتە دەرەوە، کراس و چاکەتەکەی هەمووی دەبووە تۆزی تەباشیر، تەنانەت ئەو تەختە ڕەشەی، کە دەتبینی شوێن نەبوو لەسەری نەنووسرابێت، ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەر چاوی ئێمە مەزنتر دەردەکەوت.

د. شوکریە ڕەسووڵ دەڵێ ساڵی ١٩٨٦ دکتۆر عەزیز وەک وانەبێژ لای ئێمە دەرسی دەگوتەوە، ڕێکەوت وای خواست، کە بەشی ماجستێر لەبەشی کوردیی کرایەوە، توانی لەڕێگەی هەندێک کاربەدەست و برادەرەکانی لە بەشی کوردیی وەربگیرێ، کە بۆی نەبوو لەوبەشە وەربگیرێ، چونکە ئەو پسپۆڕییەکەی زمانی فەڕەنسیی بوو، بەڵام وەرگیرا. هەمووشمان پێمان خۆش بوو،

چونکە دەمانزانی ئەو پیاوە خوا بۆ ئەو زاستەی دروست کردووە.

ئەو لەژیاندا زۆر ماندووبوو، وەکو چۆن لەژیانی کۆمەڵایەتی ماڵی باوک و بنەماڵەکەی، بەهەژاریی گەورە ببوون، لە هەڵسوکەوتەکانی دیار بوو، کەسێکی سادەبوو، جلوبەرگەکەی بەری ئەو سادەیی ئەویان پیشان دەدا.

ئەو هەمیشە لەڕووی زانست و زانیارییەوە لە ناوەوەی دەکولا، زۆری پێ بوو، لە خوێندنەوەی بابەتەکان ورد بوو.

دکتۆر شوکریە تا ئەو ڕادە ستایشی عەزیز گەردی دەکات و دەڵێت: شەڕەفێکی گەورەبوو بۆ من لەقۆناغی ماجستێر وانەی فۆلکلۆری ئەورووپیی پێ بڵێم، پاشان لەدەوری دووەمیش فۆلکلۆری کوردیی، شەڕەفێکی گەرەتریش ئەوەبوو، کە یەکێک بووم لە بەشداربووانی تاوتۆی ماستەرنامەکەی، کە لەسەر کێشی شیعری کلاسیکی کوردی عەروز، بەراوردکردنی زمانی فارسی بەزمانی عەرەبی. لەهەمووشی خۆشتر، کە لەقۆناغی دکتۆرا وەرگیرا، شەڕەفی ئەوەم پێبڕا، کە وانەی ئەورووپی و ڕۆمانی کوردیی لە هەردوو کۆرسەکەدا پێ بڵێم.

لەو قوتابیانەی، کە لەو قۆناغەدا بوون لە هەموویان لەپێشەوەتر بوو، هەر بابەتێکم دابوایێ، بەزووترین کات لە دەرسی داهاتوو بۆی ئامادە دەکردم، ئەمە سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. وای کرد ڕۆژ بە ڕۆژ وەکو کەسێکی ئەکادیمی، سەنگین و ڕێزدار تەماشای بکەم، لەبەشی کوردیی زۆرجار لەژوورەکە پێکەوە دادەنیشتین، زۆر بەڕوونی قسەی لەگەڵ دەکردم».

شوکریە ڕەسووڵ بەردەوامی بەقسەکانی دەدات و دەڵێت: باوەڕ ناکەم مامۆستایەک هەبوویێ سەرنجێکی ناشرینی لەسەر هەبوویێت، بەڵام بەداخەوە لەو دە ساڵەی دوایدا حالەتێکی توش ببوو، مامۆستا عەزیز کەوتبووە گومان لە هەموو کەسێک، وای دەزانی لەمپەری بۆ دروست دەکەن.

ئیدی وردە وردە دووركەوتەوە، ئەو



دووركەوتنەوەیە بۆ ئەو قازانج بوو، چونکە گەڕایەوە نێو کتێبخانەکەی، هەر وەکو مەلا و فەقێکانی جاران، کە چۆن لە حوجرە دەیانخوێند، لەسەر دۆشەکێکی سادە و ساکار، کۆمپیتەرێک بەبێ مێز و کورسی شتی دەنووسی، ماوەیەکی زۆر لە هەولێر بەم جۆرە مایەوە، بەڵام براکانی هاتن و کاریان تێکرد، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بەحرکە، لەوێ ماڵێکیان بۆ پێک هێنا، ئیدی لەوێ نەماندەزانی عەزیز گەردی چۆن دەژی. من لە کەسوکارەکەیم گوێ لێبووە، کە لەنێو کۆمپیتەرەکەیدا، بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە، جگە لەوەش خاوەنی دەستنووسێکی زۆرە.

ئەوەی لەڕووی ئەکادیمییەوە سەرنجی منی ڕاکێشاوە، دەتوانم بیکەم بەدوو بەش، یەکیان دانان، ئەوەی دیکەشیان وەرگێڕان. عەزیز

**لەو دە ساڵەی دوایدا حالەتێکی توش ببوو، مامۆستا عەزیز کەوتبووە گومان لە هەموو کەسێک**

گەردی لە داناندا، بەڕاستی وەستا بوو دەیزانی چۆن لەڕووی ئەکادیمییەوە ئەو شیعرانە شی بکاتەوە، وای دەکرد ئیعجابت هەبووایە بەرانبەر بەنووسینەکانی، بۆیە، کە ژیاننامەی خۆی پێشکەش کردم بەوردی خوێندمەوە، توانیبووی تاکو ساڵانی ١٩٧٨ نۆ کتێبی ئەکادیمی پێشکەس بەکتێبخانەی کوردیی بکات.

«مامۆستا کە دەچێتە پەیمانگەی مامۆستایان، لەوێ بەڕێوەبەرەکەی پێی دەڵێت: تۆ ئەو نمرە بەرزەت هەیە، نابێت لەلای ئێمە بخوێنی، ئەویش پێی دەڵێت من کەسێکی زۆر هەژارم، دەمەوێت زوو دەربچم و یارمەتی خانەوادەکەم بدەم، بەڵام ئەوەی بۆ منی نووسیوە، زۆر سەرنجی ڕاکێشام. دەڵێت پاش ئەوەی ماجستێرم تەواوکرد ئەو بەڕێوەبەرەم لەدوورەوە منی دیت، ڕایکرد



بۆ لام، ئەوەندەی ماچ کردم، گوتی ئۆخەی ئەو کەسەرەی لەنێو دڵم دابوو نەما، بیستوومە، کە تۆ ماجستێرت وەرگرتووە».

دکتۆرە شوکریە دەڵێت: مامۆستا عەزیز گەردی چونکە حەز و ئارەزووی هەر زانست و وەرگرتنی زانیاری بوو، بۆیە چووە بەغدا و لەوێ لە زانکۆی موستەنسریە لەبەشی ئینگلیزیی وەرگیرا، بەڵام لەبەختی ئەودا بۆ مامۆستای سەرەتایی داخرا، بۆیە نزیکەی شەش مانگ چووە دەورەی ئینگلیزی و کۆمەڵێ دەوراتی دیکەشی دیت، دەورەی خەتخۆشی، پەروەردە و زمانی عەرەبیی، ئەوەی گەردی لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە، کە ئەو بەنووسین و بەخوێندنەوە پێنج زمانی زانیوە.

«ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، زۆربەی وەرگێڕانەکانی مامۆستا لەزمانی ئینگلیزییەوە بووە»

## کەسێکی ئەکادیمی بوو، کەسی ئەکادیمیش تەنیا بۆ کتێب خوڵقاوە

شوکریە ڕەسووڵ باسی ئەوە دەکات، کە ڕۆژێک مامۆستا گەردی پێی گوتووە: من زۆر دڵخۆشم لەوەی لەبەغدا سوودێکی زۆرم لەو دەورانە بینیوە. دواجار ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی، کە ئەو بابەتانە لەزمانی ئینگلیزی بخاتە سەر زمانی کوردیی (داغستانی من، چیرۆکەکانی ئیزۆپ و ئافرەتی کورد لەتورکیا) عەزیز گەردی چالاکی دیشی هەبووە، کە لە زانکۆی مووسڵ لە بەشی فەڕەنسی وەرگیراوە، لەگەڵ هاوڕێکانی توانیان بڵاوکراوەیەک بەناوی ئەدەبی بێگانان، پێنج ژمارەی لێ دەربکەن، ژمارەی دیکەیشی ئامادە بووە، بەڵام پارەی نەبووە،

یەکێکی دی لە چالاکییەکانی عەزیز گەردی، ئەوەبووە، کە ئەندامی بەڕێوەبردنی گۆڤاری نووسەری نوێ بووە، لەهەمان کاتیشدا گۆڤاری بۆ پێشەوە خۆی سەرپەرشتی کردووە. تا ئەوکاتەی خانەنشین دەکرێت لەچالاکی ناکەوێت، کە چووە ماڵەوەش چالاکییە هزرییەکانی لەوەرگێڕان و داناندا، هەر بەردەوام بوو.

دکتۆرە شوکریە دەڵێت: ئەم پیاوە، کە لەڕووی ئەکادیمیەوە هەموو ژیانی گۆشەگیریی بووە، بەڵام زۆرجاریش دەیویست ژیانی هاوسەری پێک بێنێت، دەیویست پەیوەندی لەگەڵ کچێک دابنێت، بەڵام کچەکە ڕەفزی کردەوە. عەزیز گەردی بەمە زۆر تێک چوو، ویستی لەگەڵ یەکێکی دیکەش ژیانی هاوبەش دروست بکات، کە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و دونیا دیتە بوون، ڕێگەیان بە هەردووکیان دا بۆ ئەوەی لە یەکدی تێک بگەن، بەڵام مامۆستا نەیتوانی تێی بگات، چونکە ئەم کەسێکی ئەکادیمی بوو، کەسی ئەکادیمیش تەنیا بۆ کتێب خوڵقاوە، لەهەندێک ڕووەوە وشکە، تێڕوانینەکانی، کەم ژن هەیە بتوانێت تەحەمولی بکات.

لەلایەکی دیکەیشەوە کتێبێکی بردبوو بۆی چاپ بکەن، کەچی چەندین لاپەڕەیان لێ لابردبوو، بەوەش زۆر نیگەران بوو، لێرەش لە هەولێر چەند ئەدیبێک لەنێو دامودەزگاکاندا، بەتایبەتی دەزگاکانی چاپەمەنی لەپێشدا هاوڕێ بوون، بەڵام دواتر نێوانیان تێکچوو، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو بۆ دوورکەوتنەوەی عەزیز گەردی، ئەوەبوو، کە گومانی بۆ دروست بێت لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی، ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون، لەپڕێک لەوانیش جیابوویەوە، ئەوانە کۆمەڵێک هۆکار بوون، کە وای کرد ئەم پیاوە دووربکەوێتەوە، واتە شتێکی شەخسی نەبوو، بڵێین حزبێک، یان گروپێک بیانەوێت دژایەتی بکەن.

دکتۆر شوکریە گوتیشی لەکاتی نەخۆشکەوتنی، بەختەوەربووم، کە دکتۆر مەولود ئیبراهیم تەلەفۆنێکی بۆ کردم و گوتی مامۆستا عەزیز گەردی نەخۆشە لە نەخۆشخانەی ژین خەوتووە، پێمان خۆشە سەری لێ بدەی.

«هەستام چووم بۆ لای، کە چاوم پێکەوت گوتم سوپاس بۆ خوا، کە دەتبینم چاوت کراوەتەوە. پرسیاری تەندروستیم کرد، چاوەکانی گەش بوون، بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردم، بەڵام بەداخەوە بۆ بەیانی لەسەر شاشەی تیڤی بینیم نوسرابوو عەزیز گەردی کۆچی دوایی کرد.



## مومتاز حەیدەری:
## عەزیز گەردی دەریایەکی گەورەی کلتور و بیرکردنەوە بوو

مومتاز حەیدەری-یش وەک نووسەر و هاوشاری و هاوڕێ، یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی عەزیز گەردی. دەربارەی گەورەیی و قەڵەمی عەزیز گەردی گوتی: عەزیز گەردی خاوەن قەڵەمێک بوو لەشکلی داربەڕوو، خاوەن قەڵەمێکی زێڕین و ئەڵماسی نیشتمانی بوو، بە کۆچکردنەکەی بۆشاییەکی گەورەی لەپێشکەوتنی کلتوری کوردیی دروست کرد.

«مامۆستا عەزیز گەردی بەئەستێرەیەکی هەرەگەشی ئاسمانی کوردەواری بەگشتیی و کلتور و ئەدەبیاتی ڕەسەنی نوێ و کلاسیکی و هاوچەرخی کورد دەژمێردرێت».

حەیدەری سەبارەت بەئاشنابوون و ناسینی عەزیز گەردی دەڵێت: لەپاش بەیاننامەی ١١ی ئازار، کە یەکجارەکی هاتینەوە کوردستان و لەشاری هەولێر جێگیر بووین، عەزیز گەردی یەک لەو نووسەرە گەنج و مامۆستایانە بوو، کە ئاشنای قەڵەمەکەی بووم، کتێب دۆست بوو. پەروەردەی پاکی گوندبوو، وەکو کوڕە جووتیارێک، هەموو خەسڵەت و سیفاتی ئینسانی جووتیاری تێدا بوو، بۆیە هەر لەسەرەتاوە زمانێکی پاراوی هەبوو، هەر زووش هەستی بەوەکرد، کە زمان پردەکی زێڕینی پێشکەوتنی ئەدەبیات و دەقی کوردییە.

عەزیز گەردی لەچەند جەمسەرێکەوە گەورەیی خۆی دروست کردووە، بەلای منەوە گەورەیی عەزیز گەردی لەپازدە و شازدە ساڵییەوە تاکو کۆچی دوایشی کرد، بەردەوام بوو. لە قەڵەم و فیکر و ئینسانیەت و وشە پەروەری دانەبڕا.

حەیدەری دەڵێ: ڕاستە ئێمە بە دەیان و بە سەدان کەڵە مرۆی خاوەن قەڵەمی گەورەمان هەیە، هەر لە شەڕەفخانی بەدلیسی-یەوە بگرە، تا دەگاتە ئەحمەدی خانی، شێخی جەزیری، حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی، بێسارانی، حەریق و گۆران. تا دەگاتە خودی خۆی، عەزیز گەردی.

عەزیز گەردی، خاوەنی قەڵەمێکی یەکجار پاکە و سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیی و عەشیرەتگەری و خۆویستی نەبوو.

ئایدۆلۆژیای مامۆستا عەزیز گەردی تەنیا وشەی کوردیی بووە، قیبلەکەی مامۆستا عەزیز گەردی تەنیا پێشکەوتنی وشەی کوردی بووە، بەردەوام سوجدەی بۆ قەڵەم، کتێب و وشەی کوردیی دەبرد، هەربۆیەش شوێنێکی تایبەتی لەکتێبخانەی کوردیی داگیرکردووە.

مومتاز حەیدەری ئەوەشی گوتی: کە عەزیز گەردی بەهۆی ئەوەی مامۆستای سەرەتایی و ناوەندیی بووە، زۆر تێکەڵاوی خەڵک بووە و ساڵانە بەسەدان قوتابی لەبن دەستی ئەو پەروردە دەبوون و فێرە خوێندن و نووسینی دەکردن، هەر لەم ڕێگەیەوە وەکو کتێب دۆست و خاوەن قەڵەم، وەکو نووسەر و زمانزان، لەسەرەتاییەوە تا دەگاتە ئاستی زانکۆ چەندین نەوەی پێگەیاندووە. لەبارەی زمانیشەوە عەزیز گەردی پێی وابووە، کە زمان کلیلی پێشکەوتنی ئەدەبیاتە، هەربۆیە لەدوو لایەنەوە گرنگی زۆری بەزمان داوە،



**مومتاز حەیدەری، ستار محەمەد ئەمین**



یەکیان وەکو زمانی کوردیی، لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە، یان وەکو پەتێکی زمانزانیی، کە ئەدەبیاتی جیهانیی دێنێتەوە کوردستان و نەوەیەکی تازە پێ دەگەیێنێت.

هەربۆیە ئەو شاکارانەی، کە وەریگێڕاون، نموونەی کچانی خوا، داغستانی من و کۆمیدیای ئیلاهی شاکاری زۆر گەورەن.

مومتاز حەیدەری لەوەسفی عەزیز گەردیدا بە ڕادەیەک ستایش دەکات و دەڵێت: عەزیز گەردی دەریایەکی گەورەی کلتوور و بیرکردنەوەیە. پێموایە تاکە مرۆڤی پاکە، شینایی ئاسمان چەند پاکە، کفنەکەی چەند سپی بووە، دڵیشی ئەوەندە پاکبوو، بۆیە هەموو ژیان و بیروهۆشی خۆی لەگەڵ قەڵەم و نووسین و وشە و وەرگێڕان بوو، ئێستەش، کەرستەیەکی هەرە گەورەی کلتوور و سامانی نەتەوەیی کوردە، بە لووتکەی گەورەی کلتوور و ئەدەبیاتی کوردیی دەژمێردرێت، بۆیە حەز دەکەم پێشنیاز بکەم لەیادی یەک ساڵەی کۆچکردنی ئەو مرۆڤە مەزنە، کۆنفرانسێکی زانستیی سێ ڕۆژەیی بە دەست پێشخەری، یان بەسەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی، وەزارەتی پەروەردە و زانکۆکانی کوردستان بەتایبەتی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی پسپۆڕ و نووسەر، لێژنەیەکی باڵا پێک بهێنن بۆ ئەوەی عەزیز گەردی شی بکەنەوە، پێشموایە ئەگەر بەجوانی ئەو کۆنفرانسە بکرێت هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ پێشکەوتنی ئەدەبیات و کلتوور.

## سابیر ڕەشید:

## ساڵی ١٩٧٢ مامۆستا شیعرێکی مەحموود دەروێشی بەناوونیشانی بۆ کوردستان بە نازناوی ڕاوچی کردە کوردیی

دووکانەکەی چیرۆکنووس سابیر ڕەشید، هاوشێوەی دووکانەکەی بەشیر موشیر-ە، کەس نییە لە ئەهلی نووسین و خوێندەوار و ڕۆشنبیر سەری پێدا نەکردبێت، عەزیز گەردی-ش بەدرێژایی چەندین دەیە یەکێ لەمیوانەکانی دوکانەکانەکەی بووە. تەنانەت لەدەیەی کۆتایی ژیانیدا، عەزیز گەردی پەیوەندییەکانی زۆر سنووردار بووە، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ سابیر ڕەشید زۆر تایبەت و ڕۆحی بووە و تا دواچرکەساتەکانی ژیانیشی هەر بەردەوام بووە.



سابیر ڕەشید و عەزیز گەردی

لەبارەی مێژووی ناسینی و تەمەنی هاوڕێیەتییان لەگەڵ مامۆستا عەزیز گەردی سابیر ڕەشید گوتی: یەکەم ناسینی من لەگەڵ مامۆستا عەزیز گەردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٢، کە ئەوکاتە لە گەلاڵە گۆڤارێک بەناوی بەرەو ڕووناکی دەردەچوو. ئەوکاتە مامۆستا شیعرێکی مەحموود دەروێشی بەناوونیشانی بۆ کوردستان بەنازناوی (ڕاوچی) وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردیی. من بەوەم نەزانی بوو، کە مامۆستا عەزیز بەو ناوە بابەت بڵاودەکاتەوە، ئەوکاتە شێرزاد ڕەنجەڕۆ برادەرم بوو، لەلای مزگەوتی قیبلە خوار، ئیشی وێنەگرتنی شەمسی



دەکرد، ئەو پێشی من مامۆستای دەناسی و هاموشۆی دەکرد، ئەو شیعرەم زۆر بەدڵ بوو، هەر ئەو شیعرەش وایکرد مەحموود دەرویش-م زۆر لا شیرینتر بێت، دوایی لە شێرزاد ڕەنجەڕۆ-م پرسی ئەم شیعرە زۆر بەجوانی تەرجوومەی زمانی کوردیی کراوە، ئەو ڕاوچییە کێیە؟ ئەویش پێکەنی و گوتی ئەوە مامۆستا عەزیز گەردییە. دواتر کە بەسەر ئەرشیفی مامۆستادا چوومەوە چەندان نووسینی دیکەی بەو نازناوە لەڕۆژنامەی برایەتی و هاوکاری و ژین-ی کاکەی فەلاح بڵاوکردووەتەوە.

سابیر ڕەشید لەسەر کەسێتی مامۆستا ڕادەوەستێ و دەڵێ: مامۆستا پیاوێکی قسەخۆش بوو، سەخی تەبیعات بوو، نووکتەچی بوو، زار و زمانی خۆشبوو، لەبرادەراتی زۆر ئاسان بوو، پیاوێکی بێ فیزبوو، یەک لەسیفاتە هەرەجوانەکانی زۆر ڕێزی لەکتێب دەگرت و مامەڵەی جوانی لەگەڵ کتێب دەکرد، دەیگوت: دەبێت خوێنەر بەدوای کتێبدا بگەڕێت و ماندووبێت، بۆیە تەنیا کتێبی دەدایە برادەرە نزیکەکانی.

ڕێزی لە وشە دەگرت، ئەو قەڵاتی وشەی کوردیی بوو، زمان، فەرهەنگ، هەموو شتێک بوو، پێموایە ئەو خۆی فەرهەنگێکی کوردییە، لەبەر ئەوەی هەرگیز وشەی دانەدەتاشی، ئەو شارەزای شێواز و بن زارەکانی زمانی کوردیی بوو.

یەکێک لەئیشەکانی مامۆستا، ئاوڕدانەوە بوو لەو بەرهەمانەی، کە حکومەت و دەزگاکان لێی بێ ئاگا بوون، یان کەم تەرخەم بوون، هەر بۆیە لە دوای ڕاپەرینەوە بابەتەکانی خۆی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بڵاونەدەکردەوە، دەیگوت: من تەنیا کتێب چاپ دەکەم.

من پێموایە مامۆستا عەزیز بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی سەرچاوەیە، چونکە گەورەییەکەی خۆی و کتێبەکانیەتی، ئەوەی دەیەوێت لەگەورەیی ئەو تێ بگات دەبێت سەیری کتێبخانەکەی و کتێبەکانی بکات. هیوادارم بنەماڵەکەی کتێبخانەکەی بپارێزن، وەکو دەزگایەکیش مامەڵە لەگەڵ ئەدەبیاتی عەزیز گەردی بکەن و دەستنووسەکانی بۆ چاپ بکەن.

وەک هاوڕێیەکی نزیکیشی سەبارەت بە دووره پەرێزییەکەی سابیر ڕەشید باسی ئەوە دەکات، کە عەزیز گەردی گۆشەگیر نەبووە، تەنیا دەیزانی چۆن برادەرەکانی هەڵدەبژێرێت.

«بۆیە من ئەوە ڕەتدەکەمەوە، کە گوایە مامۆستا پشتی لەخەڵک کردبێت، ئەو بە بەردەوام لەگەڵ برادەرە دڵسۆزەکانی بوو، تا نەخۆشیش کەوت هاموشۆیان دەکرد، بەردەوام بوو لەگەڵیان و تەلەفۆنیشی بۆ دەکردن، هەر ئەو عەزیز گەردییە بوو، کە ئێستەش دەیناسین و پێشتریش ناسیوومانە».

**مامۆستا بەهیچ شێوەیەک داخراو نەبوو، بەڵکو کەسێکی کراوە بوو، لەهەمان کاتدا کەسەکانی باش دەناسی، پیاوێکی زۆر سەرناس بوو**

بۆیە مامۆستا بەهیچ شێوەیەک داخراو نەبوو، بەڵکو کەسێکی کراوە بوو، لەهەمان کاتدا کەسەکانی باش دەناسی، پیاوێکی زۆر سەرناس بوو، زۆرجار لە پێش ڕاپەڕین و لەدوای ڕاپەڕینیش منی لەبرادەرایەتی هەندێک کەس ئاگادار دەکردەوە، سیفاتەکانیانی وەکو خۆی پێ دەگوتم، هەموو شتەکانی دەزانی، کە کێ بەکەڵکی ئەو دێت، کێش بەکەڵک بازنەی ئەو نایێت، بەڵام ئێمە پێمان وابوو گۆشەگیرە.

دەبێ ئەوەش بڵێین وەها زوو عەزیز گەردی-یەکی دیکە دروست نابێتەوە، لەبەر ئەوە بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی لەدەستدانی عەزیز گەردی خەسارەتێکی گەورە بوو، چونکە هەموو ژیانی خۆی بۆ وشە، بۆ کتێب و نووسین و خوێندنەوە تەرخان کردبوو. بۆیە عەزیز گەردی، تا دنیا دنیایە، هەر بەزیندوویی دەمێنێتەوە.



## سالار عەبدولڕەحمان:

# مامۆستا زۆر متمانەی پێدەکردم، تا وای لێهات زۆر گەشتمان پێکەوە کرد

سالار عەبدولڕەحمان، ئەدەب دۆست، ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی جدی هەولێرە، یەکێ لە هاوڕێ نزیکەکانی عەزیز گەردی بووە، هاموشۆی یەکدییان کردووە، لەگەشت و گەڕانەکانیشدا، سالار هاوسەفەر و یاوەرێکی نزیکی بووە. لەدوای ڕاپەڕینەوە، نزیکەی سێ دەیە دەبێتە یەکێ لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی. لەم چوارچێوەیەدا باس لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ عەزیز گەردی دەکات و دەڵێت: یەکەم ناسینی من لەگەڵ ڕەوانشاد عەزیز گەردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٩١ _١٩٩٢، ئەوەشیان لەڕێگەی کتێب بوو، لەنێو کتێبخانەکانی هەولێر. مامۆستا کەسێکی زۆر سادەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ گەنجان زۆر زوو نزیک دەبۆوە، گەنجی خوێنەری زۆر خۆش دەویست، متمانەی یەکجار زۆری بەو گەنجانە هەبوو.

«دەربارەی کتێب زۆر پرسیارم لێ دەکرد، زۆر خۆشحاڵ دەبوو، زۆرجار لەسەر (داغستانی من) پرسیارم لا دروست دەبوو و لێم دەکرد، دەتوانم بڵێم داغستانی بە ترۆپکی قەڵەم و فیکری مامۆستا عەزیز گەردی دادەنرێت، بەڕای من هەڵەیە بڵێین (داغستانی من) تەنیا نووسەری گەورە هەمزاتۆف نووسیویێتی، هاوکات دەبێ بشڵێین هەمزاتۆف بەزمانێک نووسیتی، بەڵام ئەوانەی بە کوردیی خوێندوویانەتەوە دەبێ بڵێین (داغستانی من)ی عەزیز گەردی.

سالار بەڕادەیەک نزیک بووە لە مامۆستا، شارەزای زۆر لەخو و خەسڵەتەکانی بووە و دەڵێت: ئەوانەی لە بەرەوڕوو ستایشیان دەکرد، زۆر ڕکی لێ دەبوونەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی سادە و ساکار بوو. بەو عیلم و بەو زانیین و توانا مەعریفییەی، بەو زمان زانییەی، بەو زاکیرە بەهێزەی، کە هەیبوو، حەزی بە پیاهەڵدان نەبوو، زیاتر حەزی بەگفتوگۆ بوو لەسەر بابەتە ئەدەبییەکان، ئەو پەیوەندییەی من لەگەڵ ئەو لەسەر ئەو بناغەیە بوو، هەروەها دیوەکەی دیکەشیان، ئەو ژینگەی منی تێدا پەروەردە بوو بووم، کە باوکم بە کرێکاریی ببووە وەستایەکی دیاری شارەکە، مامۆستا عەزیزی-ش ئەم توێژەی زۆر خۆش دەویست، بەتایبەتی ئەگەر خوێنەری کتێب بووایە.


منیش ئەو شانسەم هەبوو، کە مامۆستا زۆر متمانەی پێدەکردم، تا جارێکیان داوای ئەوەم لێ کرد وێنەی لەگەڵدا بگرم و بەنێو کتێبخانەکەیدا بگەڕێم، بەخۆشحاڵییەوە ڕێی پێدام. تا وای لێهات گەشتی زۆریشمان پێکەوە کرد.

سالار، دەڵێت: لە مامۆستا عەزیز فێری زۆرشت بووم: خاکی بوون، وەفا، بەردەوامی لە تێکۆشان، بۆ ئەوەی بگەی بەشتێک دەبێت هەوڵ بدەی و باج بدەی، هەر ئەوەش هۆکاربوو، من دوای ٢٧ ساڵ چوومەوە بەر خوێندن، زۆر هانیدام. شتێک لە هەموویان گرنگتر فێربوونی نیشتمانپەروەری و پاکی بوو لەو.

ئەو دۆستەی مامۆستا هەر لەنیو کتێبخانەکەی مامۆستا عەزیز گەردی-دا و دوای مەرگی قسەی بۆ کردین و گوتی: من ئێستە لەنێو کتێبخانەکەی ئەوم، دڵنیام ڕۆحی ئەو لەسەر سەرمانە و پێمان دەڵێت: ئەگەر وەکو شاعیر دەڵێ لە سایەی شیعرەکانم بابی کوڕەکانم، مامۆستا عەزیز لەسایەی بەرهەمەکانی بابی گەنجینە و توراسێکە لەمێژووی کورد.

لەم ڕوانگەیەوە من جۆرێک هەتیوو بوون بەخۆمەوە دەبینم، وەکو ئەوەیە، کە باوکێکی ڕۆحیم وەفاتی کردبێت و جێی هێشتبم.

*** ئەمە پوختەی فیلمێکی دۆکۆمێنتارییە، بەناوی (پاشای زمان) کە بەبۆنەی چلەی عەزیز گەردی لەلایەن تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان - هەولێر بەهاوکاری دەزگای بەدرخان ئامادەکرابوو**




**سالار عەبدولڕەحمان، عەزیز گەردی**



# عەزیز گەردی

## پسپۆڕ و توێژەری ئەدەبی کوردیی



**سابیر ڕەشید**

لەم نووسینەدا نامەوێت باسی کەسێتی و ڕەوتار و هەڵسوکەوتی مامۆستا عەزیز گەردی بکەم، چونکە پێشتر بە ناوونیشانی (کەسێتی عەزیز گەردی) ئەم بابەتەم نووسیوەو لە دوو فیلمی دیکۆمێنتاریشدا لەبارەی لایەنی کەسێتی و خودی خۆی قسەم کردووە، ناشنووسم دکتۆر عەزیز گەردی و باسی پلەی زانستی ئەو ناکەم لە زانکۆدا، چونکە پێی ناخۆش بوو بە دکتۆر ناوی بێنم، خۆیشی لە نووسینەکانیدا هەرگیز ناوی دکتۆری لە پێش ناوەکەی خۆی دانەناوە. منیش هەرگیز بە دکتۆر بانگم نەدەکرد، بەڵکوو بە مامۆستا عەزیز، یان تەنیا مامۆستا قسەم لەگەڵدا دەکرد و بەوەش دڵی خۆش بوو.

ئەم بابەتەم لەبەر ئەوە نووسی، چونکە دوای کۆچی دوایی و لە چلەکەیدا و دواتریش زیاتر تەنیا وەک زمانزان و وەرگێڕ باسکراوە و لێی دواون، کەچی لایەنی گرنگی عەزیز گەردی ئەوەیە، کە پسپۆڕ و توێژەرێکی دیاری ئەدەبی کوردی بووە، چ وەک مامۆستا لە بەشی کوردیی زانکۆی سەڵاحەددین و چ وەک لێکۆڵەر و توێژەر و نووسەرێکی نێو دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردیی و کتێبخانەی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیی. ئەو لەم لایەنەدا کەمتر باسی کراوە، بەڵکوو وەک پاشای زمان، یان پاشای وەرگێڕان ناویان ناوە، کەچی خۆی پاشای ئەدەبی کوردییە و لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی کوردیدا کارامە و دەست ڕەنگین بووە و بووەتە سەرچاوە بۆ توێژەر و قوتابی و خوێندکاران.

عەزیز گەردی چەند نووسەرێکە لەنێو یەک کەسدا، ئەو لە زۆربەی بوارەکانی ئەدەبیدا تۆماری خۆی کردووە وەک: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەکادیمی بوارەکانی: ڕەوانبێژی، ئەدەب و ڕەخنە، چەشەی ئەدەبی، ئەدەبی بەراوردکاری، پەخشانی کوردیی، چیرۆک و شیعری کوردیی، ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی کورد، کێش و سەروا و ڕیتم و عەرووزی شیعری کلاسیکی کوردیی، هەروەها فەرهەنگی کێشناسی و فەرهەنگی مەم و زینی خانی ... تاد.

هەروەها لە بوارەکانی تۆمارکردن و لێدوان لە هەقایەت و ئەفسانە و بەستە و شیعری فۆلکلۆری کوردیدا کتێبخانەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەند کردووە، وەک وەرگێڕانیش هەمیشە بەدوای ئەو کەلێنانەدا گەڕاوە، کە کورد پێویستی پێ هەبووە، بۆ نموونە دەیزانی کورد پێویستی بە زانینی ئەفسانەی هەموو میللەتان هەیە، بۆیە ئەوەی دەستی پێڕاگەیشتووە لە ئەفسانەی میللەتانی دونیا تەرجەمەی کردووە و خستوویەتیە بەردەم خوێنەر و توێژەرانی کورد.





ئەو بابەتانەی مامۆستا عەزیز گەردی، کە وەک کتێب چاپ کراون، بە هەموو ژانرەکانەوە، تا ئێستە وەک پرۆگرامی خوێندن لە بەشەکانی کوردیی کۆلیجەکانی ئاداب و زمان لە زانکۆکانی کوردستان دەخوێندرێن.

عەزیز گەردی پێش ئەوەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیی و دواییش دکتۆرا لە ئەدەبی ئینگلیزی بەدەست بێنێ و بگاتە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان بە دواوە وەک لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وتاری ئەدەبیی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردەوە، وەک: ڕۆژنامەی (ژین)ی کاکەی فەللاح، ڕۆژنامەی برایی و برایەتی، ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری هەولێر، گۆڤاری ڕۆشنبیری (هەولێر) و گۆڤاری پەروەردە و زانست و هی دیش.

بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبیی و ڕەخنەی ئەدەبیی و لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ئەفسانە و داستان و بەیت و ئەدەبی فۆلکلۆریی و ئەدەبی بەراوردکاریی و کێش و سەروا و عەرووز و زۆر بابەت و ژانری ئەدەبی بڵاوکردوونەتەوە.




• هەروەها لە بواری وەرگێرانیشدا چ بە شێوەی کتێب و چ وەک بابەت لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ساڵانی حەفتاکان بەدواوە، ئەدەبی کوردیی دەوڵەمەند کردووە و کتێبخانەی کوردیی کردووەتە سەرچاوە بۆ قوتابیان و توێژەرانی بواری ئەدەبی. لە وەرگێراندا ئەو هەر لە تاقە لایەنێکی ئەدەبیی و نووسین نەوەستاوە، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانە گرنگەکانی دونیای کردووەتە کوردیی، وەک گۆڤاریش چەند ژمارەیەکی (ئەدەبی بێگانان)ی بە هاوکاری برادەرانی دەرکردووە.

• لە بوارەکانی دیکەی وەک: مێژوو، ئەفسانەی میللەتان، هونەری شیعری بێگانە، چیرۆکی بێگانە، بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، ژیاننامە، داستانی بێگانە، هەقایەت و فۆلکلۆری بێگانە، چیرۆک و شیعری منداڵانی ئەدەبیاتی دونیا، داب و نەریتی میللەتان و... تاد. ئەمانە و لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە، خەمی عەزیز گەردی بووە. بەمەش توانیویەتی ئەدەبی کوردیی و کتێبخانەی کوردیی بە نووسینەکانی دەوڵەمەند بکات، لە هەمان کاتیشدا بووەتە سەرچاوە بۆ توێژەر و قوتابیانی کورد و تا دونیاش دەمێنێ ئەو وەک سەرچاوە و ژێدەر دەمێنێتەوە، یان وەک کاریتەیەکە لە ماڵی دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردیدا، بۆیە عەزیز گەردی هەر بە نەمریی وەک سەرچاوە دەمێنێتەوە.

• ئەوەی عەزیز گەردی لە بواری وەرگێڕاندا کردوویەتی هیچی کەمتر نییە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی، چونکە ئەو بە بایەخەوە و بە بیرکردنەوەیەکی کوردیی وەریگێڕاون، نموونەش بۆ ئەم قسەیەم (داغستانی من)ی (هەمزەتۆڤ)ە، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە لەبیری دەچێتەوە، کە ئەوە باسی داغستانە و هی هەمزەتۆڤە، بەڵکوو وادەزانێت ئەوە هی عەزیز گەردی خۆیەتی و باسی کوردستان و کوردبوون و غەمەکانی مرۆڤی کورد دەکات. بۆیە هەڵبژاردنەکانی کەلێنێکی گەورەیان لە کتێبخانەی هەژاری کوردیی پڕکردووەتەوە، کە ئەو لە چەند بابەت و ژانرێکەوە ئەم کەلێنەی پڕکردووەتەوە و پێویستییەکانی خوێنەری کوردی لە هەموو بوارەکاندا دابین کردووە. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئەو بە نووسینەکانی خۆی نەیتوانیوە دەریببڕێت، لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانییەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گەیاندوویەتییە خوێنەری کورد.

• لە بواری توێژینەوەی ئەدەبیشدا، بەهۆی زانینی زمانەکانی ئینگلیزیی، فەڕەنسیی، فارسیی



و عەرەبیی توانیویەتی چەندان بابەتی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی، وەبگێڕێتە سەر زمانی کوردیی. لە کاتێکدا ئەو زمانی کوردیشی بە هەموو شێوەزار و بن زارەکانەوە زانیوە. ئەوەی لە بابەتی ئەدەبیدا بۆ ئەدەبی کوردیی پێویست بووە، نووسیویەتی و لە هەموو شێوە زارەکاندا گەڕاوە و وشە و زاراوەی پێویستی بۆ دۆزیوەتەوە، بۆ نموونە زاراوەکانی وەک: ڕەوانبێژی، ڕوونبێژی، چەشەی ئەدەبی، ئەدەبی بەراوردکاری و سەربوردە......تاد بەکارنەهێناوە ئەو بابەتانەی زاراوە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردیدا نەبووە. هەروەها لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و ڕەخنەی ئەدەبیی کوریشدا هەر لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە، تا ڕاپەڕین وتار و ڕەخنە و بابەتی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوکردووەتەوە، هەروەها ئەدەب، ڕەخنە، هونەرەکانی ئەدەب، فەرهەنگی شاعیرانی کورد و لێکۆڵینەوە لە شاعیرانی کوردی بە شێوەی کتێب چاپکردووە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردیی و عەرەبیی هیچ بابەتێکی بڵاونەکردووەتەوە، چونکە پێی وابووە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین هەموویان، ئەگەر زمانحاڵی حزبەکانیش نەبن، ئەوا سێبەری ئەو حزبانەن، ئەویش نەیویستوە یەک وشەیش بۆ هیچ لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە بنووسێت، نەک ئەو حزبانە بە هی خۆیانی بزانن، یان ئارداوی بکەن، ئەو ویستوویەتی بەم شێوەیە بێ لایەنی خۆی بپارێزێت.

لەم بارەیەوە یادەوەری و هەڵوێستێکی ئەو دەگێڕمەوە، کە تا ئێستە باسم نەکردووە، بەڵام ئێستە قافی هاتووە و ناتوانم خۆمی لێ هەڵبوێرم.

هەرچەندە ساڵەکەیم وەک خۆی لە بیر نەماوە، بەڵام کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان بوو، لەگەڵ ئازاد عەبدولواحیدی هاوڕێم لە گۆڤاری (ڕامان) بووم، ئەوکاتە من کارمەندی گۆڤارەکە نەبووم، بەڵام بەهۆی برادەرایەتیم لەگەڵ کاک ئازاد فایلێکی گۆڤارەکەی، کە بە ناوی (تیراژ) بوو، بە منی ڕاسپاردبوو، ئامادەم دەکرد، فایلەکە بریتی بوو لە وردە بابەتی ئەدەبیی و وەرگێڕان. ڕۆژێکیان کاک ئازاد لە لای کاک سەرۆ قادر هاتەوە، داوای لێکردم کە لەگەڵیاندا بچم بۆ ماڵەکەی مامۆستا عەزیز گەردی، چونکە دەیانزانی من لە مامۆستا عەزیز گەردی زۆر نزیکم و بەردەوام هاموشۆی دەکەم و خۆشی دەوێم. منیش گوتم: باشە لەگەڵتاندا دێم، بەڵام بە مەرجێ تەنیا هەرسێکمان بین و بێ قافلەی پاسەوان بچینە لای. ئەوەبوو ڕازی بوون و منیش ڕۆژی پاشتر لەگەڵیان چووم، تەنیا من و کاک سەرۆ و کاک ئازاد بووین، ئەوکاتە ماڵی مامۆستا لە خانووەکەی گەڕەکی مەلایان بوو، نزیکەی کاتژمێر دەی بەیانی بوو، گەیشتینە بەر دەرگای ماڵەکەی و لە دەرگامان دا دوای چەند جارێک لە دەرگادان، مامۆستا دەرگاکەی کردەوە، کراس و شەرواڵێکی لەبەر بوو، کە سەری خۆی لە دەرگا دەرهێنا و ئێمەی لەبەر دەرگا بینی واقی وڕما و هیچ قسەی نەکرد، منیش گوتم: مامۆستا ناڵێی فەرموون وەرنە ژوورەوە.

گوتی: سابیر ڕەشید، ئەوە چییە؟ خەڵکی دیکەت لەگەڵ خۆت هێناوە و هاتوویەتە لای من، بۆ پرست پێ نەکردووم؟

منیش گوتم: ببوورە مامۆستا، کە پرسم پێت نەکردووی، ئەو برادەرانە زۆر پێیان خۆش بوو بێنە لات و باسی بابەتی ئەدەبیت لەگەڵدا بکەن، ڕەنگە ئەگەر پرسم پێت کردبا نەت هێشتبا.

**"لە دوای ڕاپەڕینەوە لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردیی و عەرەبیی هیچ بابەتێکی بڵاو نەکردووەتەوە"**

ئەویش سەری خۆی لەقاند و گوتی:

– ئای سابیر ڕەشید چیت لێ بکەم، خۆ لەبەر دڵی تۆ ناڵێم ڕازی نیم بەناوی حزب و دەزگای حزبی کەس بێنە لام. دەستی تۆم شکاوە، وەرنە ژوورەوە.





ئیدی چووینە ژوورەوە لە هۆڵی خانووەکە دانیشتین.

مامۆستا گوتی: دەبرۆ تەباخەکە پێکە و چا بۆ میوانەکان لێنێ.

چایەمان خواردەوە،






ئەوان داوایان لە مامۆستا عەزیز کرد بەرهەمیان بۆ بنووسێت، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە، کە بۆ هیچ دەزگا و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بەرهەم بنووسێت، بەڵام گوتی: دەستنووسی کتێبم زۆرە، ئەگەر کتێبم بۆ چاپ بکەن کتێبتان دەدەمێ.

ئەوان ڕازی بوون، مامۆستا گوتی: دوای دوو سێ ڕۆژی دی ڕۆمانێکی وەرگێڕدراوم هەیە، لەبارەی کوردەوە بۆتان دێنم، بەڵام دەبێ خۆتان تایپی بکەن.

گوتیان: باشە تۆ چۆنت بوێت وا دەکەین.

ئەوەبوو ڕۆمانی (گاڵتە بە چەک)ی (جێمس ئۆڵدرج)ی بۆ بردن: دوای ماوەیەک ڕۆمانەکەیان چاپ کرد، بەڵام کە مامۆستام بینی زۆر گلەیی لێکردم گوتی: سابیر ڕەشید، تووشی چیت کردم ئەوەش برادەرکانت، بزانە خۆم هەڵەچنیم نەکردووە چەندان هەڵەی چاپی تێدایە، ئەم ڕۆمانە دەبێ چاپ بکرێتەوە.

ئەوەبوو جارێکی دی دایە دەزگای ئاراس و لە

**❝ نەیویستوە یەک وشەیش بۆ هیچ لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە بنووسێت، نەک ئەو حزبانە بە هی خۆیانی بزانن، یان ئاردەوی بکەن ❞**


ساڵی ٢٠٠٠ چاپکرایەوە.

مەبەستم لەم چیرۆکە ئەوە بوو، مامۆستا عەزیز گەردی دوای ڕاپەڕین، یەک تاکە نووسینیشی لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردیی بڵاونەکردەوە، بگرە لەم ساڵانەی کۆتایی تەمەنیدا لە دەزگای چاپ و کتێبخانەکانی چاپکردنی کتێبیش زۆر ناڕازی و تووڕە بوو، چونکە تەنیا کتێبە وەرگێڕدراوەکانییان بۆی چاپ دەکرد، بەتایبەتیش ڕۆمانە بەناوبانگەکانی دونیا، وەک شاکارە گەورەکانی (کۆمیدیا)ی دانتی و بەرهەمی دی، دەنا بە مەرج نەبووایە کتێبەکانی دانراوی خۆیان بۆ چاپ نەدەکرد، بگرە کتێبخانەکانی چاپکردنی کتێب ئەم بەرهەمانەیان لێی دەویست، کە لایان بفرۆشێت، کاریان بە گرنگی و بایەخی کتێبەکە نەبوو! هەندێک جاریش خۆیان بەرهەمیان بۆ پێشنیاز دەکرد، کە بۆیان وەربگێڕێت، بەڵام هەرگیز نەدەچووە ژێر باری داواکارییان، ئەوەی بە دڵ و ویستی خۆی نەبووایە تەرجەمەی نەدەکرد، با هەموو سەروەت و سامانی دونیشای بدەنێ، زۆربەی دەزگاکان، بەتایبەتیش کتێبخانەکان مەبەستی بازرگانییان هەبوو، بەڵام مامۆستا جگە لە مەبەستی ئەدەبیی هیچ مەبەستێکی دی نەبوو، واتە مەبەستی پارە نەبوو.

• مامۆستان عەزیز گەردی هەرچەندە دوو کتێبی (فەرهەنگی کێشناسی) ساڵی ٢٠١٦ و (فەرهەنگی مەم و زین خانی)ی ساڵی ٢٠١٧ هەیە،

لەگەڵ ئەمەش دەتوانین لە سەرجەم نووسینەکانیدا، چ نووسینی خۆی و چ وەرگێڕان دوو فەرهەنگی گەورەی لێ دروست بکەین. یەکێکیان: (فەرهەنگی زاراوەسازی ئەدەبی) و ئەوی دیکەیشیان (فەرهەنگی گشتی) چونکە وەک لە دانانی زاراوەی ئەدەبیدا خاوەن توانا و زاراوەی خۆیەتی و لەناو ئەدەبی کوردیدا جێی خۆی کردۆتەوە، ئاوەهاش بۆ فەرهەنگەکەی تر نووسینەکانی پڕن لە وشەی ڕەسەنی کوردی کە لە شێوە زار و بن زارەکانی زمانی کوردی وەریگرتوون و لە فەوتان ڕزگاری کردوون، بەتایبەتیش زاراوەی کرمانجی باکوور بە هەموو شێوە زار و بن زارەکانییەوە و ناوچەی






بەڕانەتی و بەحرکەش کە لە وشە و ئیدیۆمی کوردیدا دەوڵەمەندن. هەروەها لە نووسینەکانیدا هەست بەبێ تاقەتی ناکەین، چونکە خوێنەر هەست بەوە دەکات کە بە زمانێکی پاک و ڕەسەن و ڕەوان نووسراوە، بەهۆی تێکەڵ کردنی ئەم هەموو شێوە زار و بن زارە کوردییانە و لە زمانی یەکگرتووی کوردی نزیکە.


• لە نووسینی بابەتی ئەدەبیدا خاوەن تاقەت و وردەکاریی زۆرە و لەبارەی زۆربەی شاعیر و چیرۆکنووسانی کوردەوە بەتایبەتیش لە شیعری کلاسیکیدا نووسینی زۆرە. یەکێک لەم نووسینانەی ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەیە کە لەبارەی (دڵدار)ی شاعیر نووسیویەتی و بە چەندان ئەڵقە هەر لە ڕۆژنامەی (ژین)ی کاکەی فەللاحەوە تا ڕۆژنامەی (برایی) و ڕۆژنامەی (هاوکاری) بڵاویکردووەتەوە. دەکرێت وەک پرۆژەی کتێبێک کۆبکرێتەوە و چاپ بکرێت، چونکە من وایدەبینم، کە یەکێکە لە نووسینە باش و پڕ زانیارییەکان لەبارەی (دڵدار)ی شاعیری شۆڕشگێڕی کوردەوە.

• کتێبی (پەخشانی کوردی) کە وەک بەرنامەی خوێندن بۆ قوتابیان و خوێندکارانی بەشی کوردی کۆلێژی زمان و ئەدەبیات لە ساڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی سەلاحەددین چاپکراوە، بایەخ و توانای مامۆستا عەزیز گەردی لە بواری توێژینەوەی ژانری پەخشان و چیرۆکی کوردیدا تا ئێستاش لەنێو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆش، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پەخشان و چیرۆکی کوردیی. من خۆم لە زۆربەی توێژینەوەکانمدا لەبارەی پەخشان و چیرۆکی کوردیی بەردەوام کارم پێی هەیە و هەمیشە لەبەر دەستمدایە و وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ زانیاری و پاڵپشتی نووسینەکانمە، بۆ قوتابیان و توێژەرانی دیش بە هەمان شێوەیە.

• هەروەها کتێبەکانی: ئەدەب و ڕەخنە-١٩٧٤، ڕەوانبێژی بەرگی (١)-١٩٧٢، بەرگی (٢)-١٩٧٥، چەشەی ئەدەبی-١٩٧٨، سەروا-١٩٩٨، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی-١٩٩٩، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی-٢٠٠٣، کێشناسیی کوردی-٢٠١٤، فەرهەنگی کێشناسی-٢٠١٦، فەرهەنگی مەم و زینی خانی-٢٠١٧، کێشی شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی-٢٠١٨، ڕابەری کێشی عەرووزی کوردی-٢٠٢٣.... تاد.

لەگەڵ نووسینەکانی وەک توێژینەوەو وتار و ڕەخنەی ئەدەبی هەموو ئەمانە دەتوانن ببن بە قەڵایەک لە داهێنانی عەزیز گەردی، کە شان بە شانی کتێبەکانی دیکەی لە بواری وەرگێڕاندا لە چوار زمانی ئینگلیزیی، فارسیی، عەرەبیی، فەڕەنسیی، نەمرییان بۆ ئەو کەڵە پیاوە دروست کردووەو دەتوانین وەک خاوەن بیردۆز و بیرکەرەوەیەکی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیی بیناسێنین و شوێن پەنجە و کاریگەریی ئەو لە ئەدەبی کوردیدا بدۆزینەوە، بە هەموو جۆر و ژانرە ئەدەبییەکانەوە.

“ گوتی سابیر ڕەشید، ئەوە چییە؟ خەڵکی دیکەت لەگەڵ خۆت هێناوە و هاتوویەتە لای من، بۆ پرست پێ نەکردووم؟ ”




هیوادارم لە توێژینەوەکانی زانکۆکانی کوردستان و لای لێکۆڵەر و توێژەرەوانی هەموو پارچەکانی کوردستانیش زیاتر، لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نووسینی خۆی ئاوڕی لێ بدەنەوە و شان بە شانی ئەوەی، کە ناوی لێنراوە پاشای زمان، یان پاشای وەرگێڕان، لە هەمان کاتیشدا پێی بگوترێت پاشای ئەدەبی کوردی.

# نووسین و وەرگێڕانی کتێبی داغستانی من

# ( Дир Дагъистан Мой Дагестан )

## ئەو گوتارە زیاتر بۆ ئاشنابوونی خوێنەری کورد لە ڤەریانتی ڕووسی نووسرایە





د. مەغدید سەپان

کتێبی «داغستانی من» لەلایەن ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ (١٩٢٣ - ٢٠٠٣) بەزمانی ئاڤاری نووسرایە و ڤلادیمیر سەلۆوخین (Владимир Солоухин) بۆ زمانی ڕووسی وەرگێڕایە. ئەم کتێبە لەدوو بەرگ پێکدێت، کتێبی یەکەم لە ١٩٦٧ چاپکرا و کتێبی دووەمیش لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٧٠ تەواو بوو. ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ پێش نووسینی ئەو کتێبەی، تەنیا شیعری دەنووسی.

مامۆستا عەزیز گەردی لەزمانی ئینگلیزیی کتێبی «داغستانی من»ی بۆ زمانی کوردیی وەرگێڕا. لەساڵی ١٩٧٩ کتێبی یەکەمی لەچاپخانەی (علاء) بە ٣٧٠ لاپەڕە و کتێبی دووەمیشی لە ١٩٨٥ لەچاپخانەی (الحوادث) بە ٢٩٧ لاپەڕە هەر لەبەغدا چاپکرد.

لەمێژووی ئەدەبی کوردیی باوەڕ ناکرێت، هیچ کتێبێک وەک کتێبی «داغستانی من» کەوتبێتە سەر زاران و دوای پەنجا ساڵ، هێشتە باسی لێوە دەکرێت و ئامۆژگاری و بەسەرهاتەکانی دەگێڕدرێنەوە. لەڕاستیدا، ئەو کتێبە نەک تەنیا لەنێو خوێنەری کورد، بەڵکوو لەنێو خوێنەرانی جیهانیش وەک شاکارێکی ئەدەبی گەورە سەیری کرایە، هەربۆیە نزیکەی پەنجا جار لە ڕووسیا چاپکرایەتەوە.

ئەگەر خوێنەرێکی کورد، ئەو کتێبەی بەزمانی ڕووسی نەخۆێندبێتەوە، ئاگاداری شێوە نووسینی ڤەریانتی ڕووسی نەبێت، نازانێت هەمزاتۆڤ ئەو کتێبەی چۆن نووسییە، بۆیە بە وەرگێڕانی عەزیز گەردی سەرسامە، بەڵام ئەگەر کوردێکی ڕووسی زان و ئەدیب، یان ئەدەب دۆست، هەردووک ڤەریانت لەتەنیشت یەکدی دابنێت و وشە و ڕستە و نووسینەکان لەگەڵ یەک بەراورد بکات تێدەگات، هەمزاتۆڤ زۆر لەو قسانەی نەکردینە، کە بەزمانی کوردیی بەناوی ئەو نووسراینە.

یەک لەو هەموو کەموکورتییانەی لە وەرگێڕانی کورد دەبیندرێن ئەوەیە، کە وەرگێڕان لەزمانی دووەم و سێیەم و دوورتر بۆ زمانی کوردیی وەردەگێڕن. من هەردووک ڤەریانتی (کوردیی و ڕووسیی) کتێبی «داغستانی من»م بۆ نووسینی ئەو گوتارە لەبەردەست بووە، وەرگێڕانی کوردیم لەگەڵ ڤەریانتە ڕووسییەکە بەراورد کردییە، تێبینی و کەموکورتی لەهەر هەموو لاپەڕەکان دەبیندرێن و هەنە.

لەو نووسینەدا نامەوێت بەهیچ شێوەیەک ڕەخنە لە کارە گەورەکانی دیکەی مامۆستا عەزیز گەردی بگرم، بەڵکو ڕەخنە و تێبینییەکانی من تەنیا لەسەر ئەو کتێبەی بەردەستە دڵنیاشم، ئەگەر د. عەزیز گەردی زمانی ڕووسی بزانیبا، قەت بەو جۆرەی وەرنەدەگێڕا. لەخوارەوە هەندێک نموونەی وەرگێڕانی عەزیز گەردیم وەک خۆی تایپ کردیتەوە و دواتر هەمان تێکستم لەزمانی ڕووسی بۆ زمانی کوردیی وەرگێڕایە.

دیالۆگێک بەو جۆرە لەلاپەڕە (١١)ی کتێبی یەکەم چاپی ١٩٧٩ وەرگێڕدرایە:

«ڕاوەستە ڕەسووڵ! دەمەوێ دوو پرسیارت لێ بکەم».

«فەرموو، بپرسە».

«پاڵتۆت بۆ خۆت کڕی؟»

«نەخێر»

«پارەکەت خەرج کرد؟».


«بەڵێ، خەرجم کرد»


«ئێستا، هەموو شت ئاشکرابوو. کە تۆ نوێشکی شتەکە بەدوو قسە دەگوترێ، تۆ بۆ هێندە قسەی

بێ کەڵک دەکەیت و پێشەکیی وا دووورودرێژ دادەمەزرێنی».
ڕاستییەکەی بەزمانی ڕووسی بەو جۆرەیە:
– ڕاوەستە، ڕەسول، دەمەوێ دوو پرسیارت لێ بکەم.
– بپرسە.
– پاڵتۆت کڕی؟
– نەم کڕی.
– پارەکەت خەرج کرد؟
– خەرجم کرد.
– ئەها، ئێستا هەمووی ئاشکرابوو. بۆچی ئەو هەموو وشە بێ کەڵکانەت گوت، بۆچی ئەو پێشەکییە دوورەی دەدەیێ، ئەگەر نەتیجەکەی بەدوو وشە بگوترێ؟ بەو جۆرە باوکم فێری کردم.
وەرگێڕ لەزۆربەی شوێنەکان، مانای دروستی وشەکانی نەنووسییە، درێژدادڕی کردییە لەکاتێکدا، وەرگێڕ قەت ئەو مافەی نییە، وشەی بۆ زیاد بکا، پەیام بگۆڕێ، بەتایبەتیش بەرهەمی یەک لە شاعیرە هەرە ناودارەکانی ڕووس و داغستان، چونکە ئەو دەیتوانی لەجیاتی بنووسێت: (پاڵتۆت کڕی؟ بنووسێت: پاڵتۆت بۆ خۆت کڕێ؟ یان لە جیاتی: نەمکڕی، دەیتوانی بنووسێت: نەخێر) دەبێت حیکمەتێک لەو نووسینەدا، لەو داڕشتنەی هەمزاتۆڤ-دا هەبووبێت، بۆیە بەو جۆرەی نووسییە، کە دوای زیاد لە پەنجا ساڵ، هێشتە لەسەری دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە.
لەهەمان لاپەڕەی (١٢)دا عەزیز گەردی ئەو ڕستەیەی بەو جۆرە وەرگێڕایە:
(کاتێ کە خەڵک چاوەڕێی کۆڕەوی زەماوەندێک، یا شین و شەپۆڕێک دەکەن، پێش هەموو شتێ قاسیدیان لێ دەردەکەوێ).
ڕاستییەکەی بەو جۆرەیە: (کاتێ خەڵک چاوەڕێی بینینی زەماوەند یان پرۆسەی ناشتن دەکەن، لەپێشدا قاسید دەبینن).
لەلاپەڕە (١٦)دا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەلایەن عەزیز گەردی بەو جۆرەی خوارەوە وەرگێڕدرایە:
«هەڵۆو، ڕەسوول، ڕۆژباش. نامەکەت پێ گەیشت؟».
«بەڵێ، پێم گەیشت!».
«ئەدی کوا باسەکە؟».
«خۆت دەزانی سەرم زۆر قاڵە، نەپڕژاومەتە سەر نووسین».



«گوێت لێ بێ ڕەسوول، قسەی وا نابێ. گۆڤارەکەمان نزیکەی ملیۆنی دانەی لێ چاپ دەبێ، لەدەرەوەی وڵاتیش دەخوێندرێتەوە. (باوەڕ ناکرێ، سەرنووسەری گۆڤارێکی تیراژ یەک ملیۆنی، بەو جۆرە بازارییە قسە لەگەڵ شاعیرێکی ناوداری داگێستان بکا).
ئەو دیالۆگەی سەرەوە ڕاستییەکەی بەو جۆرەیە:
– مەرحەبات لێ بێ، ڕەسوڵ! نامەکەی ئێمەت وەرگرت؟
– وەرمگرت.
– ئەی کوا مەتریالەکە؟
– بەڵێ من... کاری... هەر چۆنێکی بێ، پێ ڕاناگەم.
– ئەوە باسی چ دەکەی ڕەسوڵ! ئەوە هەر موناقەشە ناکرێ. دەزانی تیراژی گۆڤارەکەمان نزیکەی یەک ملیۆنە و لەدەرەوەی وڵاتیش دەیخوێننەوە.
لەبەشێکی دیکە لاپەڕە (٢٥): (لەبارەی ئەم کتێبە و ناونیشانەکەیەوە)
ڕاستییەکەی بەو جۆرەیە: (دەربارەی بیرۆکەی ئەو کتێبە و ناولێنانی)
لەلاپەڕە (٣١) عەزیز گەردی ئەو شیعرەی بەو جۆرە وەرگێڕایە:





***هەر چەندە هەوڵ دەدەم ناتوانم وەکو***
***چۆن خۆم دەمەوێ، ئاوا، باسی وڵاتەکەم بکەم***
***خورجینەی پڕم بەپاشکۆی زیندا شۆڕ بۆتەوە***
***هەر چەندە هەوڵ دەدەم بۆم ناکرێتەوە***
***نەمتوانیوە بەزمانی زگماکم گۆرانی یەکی نوێ***
***لەبارەی دونیای بەر مانگەشەو بنووسم***
***سندووقێکی پڕ خەنزنەم دۆزی یەوە***
***هەر چەندە هەوڵ دەدەم بۆم ناکرێتەوە***

ڤەریانتی ڕوسییەکە بەو جۆرەیە:

***دەربارەی ناوچەی ئێمە و هەموو ناوچەکانی دیکەی ژێر مانگ***
***چۆنم دەویست، من نەمتوانی باسی بکەم،***
***تێرەکی پڕم لەگەڵ خۆم هەڵگرت،***
***سەیرەکە لەوە دابوو، نەمدەتوانی بیکەمەوە.***
***دەنگی گۆرانی بەزاراوەی خۆم***
***لەدونیای ژێر مانگ، نەمدەتوانی بچڕم،***
***ئەو سندوقە گرانەم بۆ سەر شان برد،***
***بەڵام سندوقم بۆ نەکرایەوە.***

لەلاپەڕە (٣٦) عەزیز گەردی ئەو کۆپلەیەی بەو جۆرە وەرگێڕایە:

لەدەفتەری بیرەوەریمدا: کیسلۆڤۆدسک (بووژانگە) من و ئۆزبەکی یەک هاوژوورین. لەکاتی هەڵاتن و ئاوابوونی ڕۆژ، لەپەنجەرەوە، جووتە لووتکەی جمکانەی ئەلبوزمان لێ دیارە.

ڕاستییەکەی بەو جۆرەیە:

لەدەفتەری یاداشت نووسین

کیسلۆڤۆدسک: ئێمە دوو کەسین لەو ژوورە. من و ئوزبەکییەک، لەکاتی ڕۆژئاوابوون و لەکاتی ڕۆژهەڵاتن، لەپەنجەرە هەردووک لووتکەی ئێلبوڕسا دەبینین.

لێرە وەرگێڕ جوانی وەرنەگێڕایە و تەواو مەبەستی نووسەری شێواندییە. ئەو ناشزانێ (کیسلۆڤۆدسک) هەرێمێکی سیاحی قەفقازە، هەروەها نازانێت وشەی (پەڵاتە –палата) بەزمانی ڕووسی دەکاتە ژوورێک لەنەخۆشخانە. ئەو وردەکارییە بۆ وەرگێڕان زۆر گرنگە و نابێت فەرامۆش بکرێت. تەنیا زانینی زمان بۆ وەرگێڕانی کتێب بەش ناکات، بەڵکو کەسی وەرگێڕ، لەڕاستیدا دەبێت لەو وڵاتە بژیت، بۆ ئەوەی لە وردەکاری و لایەنە شاراوەکان و دەربڕینی زمان تێبگات.

> ***ئەگەر کوردێکی ڕووسی زان و ئەدیب، هەردووک ڤەریانت لەتەنیشت یەکدی دابنێت و وشە و ڕستە و نووسینەکان لەگەڵ یەک بەراورد بکات، تێدەگات هەمزاتۆڤ زۆر لەو قسانەی نەکردینە، کە بەزمانی کوردیی بەناوی ئەوەوە نووسراینە***

نووسین لەسەر کتێبی: داغستانی من کۆتایی نەهاتیە و تا ئێستە هەر بەردەوامە. نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدەبناس و پڕۆفیسۆر عەبدوڵڵا محەمێدۆڤ لەسەر کتێبی ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ داغستانی من بەزمانی ڕووسی بەو جۆرەی نووسییە:


- کتێبی «داگێستانی من» تەنیا کتێب نییە، ڕووداوێکە و لەکتێب گەورەترە. ئەو تەنیا ڕەوشی داگێستانییەکانی نەگۆڕی، بەڵکو هەموو ئەدەبی یەکێتی سۆڤییێت و ڕووسیاشی گۆڕی. لەهیچ شوێنێکی ئەو کتێبە، بە ڕێکەوت هیچ نادۆزیتەوە.

(ڤلادیمیر کەچیتۆڤ) لە گوتارێکی بەناوی: (ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ، ژانر و قارەمان) دەنووسێت:

- بێ «داگێستانی من»، ناکرێت بیر لە نەپر بکرێتەوە، بەهەمان شێوە بێ شیعرەکانی هەمزاتۆڤ ناتوانرێت بیر لە شیعری داغێستانیان بکەیتەوە. ئەو کتێبە یەکسەر دوای دەرچوونی سەرنجی هەموو ڕەخنەگرانی سۆڤێتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ژانری ئەو کتێبەیە. لەهەموو ئەو نووسینانەی لەسەر ئەو کتێبە نووسران، ڕەخنەگران- هەڵسەنگێنەران، هێشتە نەیانتوانیوە بەسەر ژانرێکی ئەدەبییدا ساغی بکەنەوە، بۆیە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی «داگێستانی من» تەنیا کتێبە و هیچی دیکە نییە.

زۆر کتێب لەزمانەکانی بیانی بۆ زمانی کوردیی وەرگێڕدراون،

لەبەر ئەوەی مامۆستا عەزیز گەردی، وەک وەرگێڕ کەسێکی بەناوبانگ بووە، ڕەخنەگر و نووسەرانمان بیریان لەهونەر و دەستپاکی وەرگێڕان نەکردیتەوە، باوەڕی تەواویان پێی هەبووە بۆیە، بەو جۆرە ڕۆیشتییە، کە ڕۆیشتییە. من ئەوە بەکارێکی خراپ دادەنێم، دەبێ فلتەرێک هەبێت، خەڵکی بەتوانا و شارەزا، ناوە ناوە هەڵسەنگاندن بۆ کتێبی وەرگێڕدراو بکەن، لەو شوێنانەی باشە و شایەنی پێداهەڵگوتنە بنووسرێت و لەو شوێنانەی مافی نووسەریش نەدرایە، تێکستەکەی شێوێندرایە، باس بکرێت، بۆ ئەوەی بەهەموو لایەک، پرۆسەی وەرگێڕان بۆ زمانی کوردیی باشتر و جوانتر بکەین، چونکە خوێنەری ئەوڕۆ، لەخوێنەری دوێنی، باشتر دەبینێت، ئاسانتر هەست بە کەم وکورتییەکانی نووسین و وەرگێڕان دەکات.



# ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان و بیروڕای چەند نووسەرێک

ئامادەکردنی/ مارف عومەر بەرزنجی

لەم بگرە و بەردەی کێشەی ئەدەبی کوردی ئەمڕۆماندا، هەر یەکە و لەئاستی خۆیەوە دەس نیشانی گەلێ شت ئەکەن، سوود بەخش و زیان بەخش، زۆر قسە و گفتوگۆش دێتە پێشەوە هەر کەس بەڕای خۆی ئەدوێ، بەڵام کێشەی ئەدەبی لەم مەیدانە قوڵەدا بارێکی تایبەتییە، پێویستە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەدەبی نوێ تا کوێ بڕی کردووە؟.

توانیوێتی جێگای خۆی دیاری بکا؟ لەو بارەیەوە هەر جارەی لەگەڵ نووسەرێکدا دائەنیشین و ئەکەوینە دوان، ئەم جارە لە هەولێرەوە لەگەڵ مامۆستای نووسەر و ڕەخنەگر (عزیز گەردی) دا یەکمان گرت.

**پ: ئەدەبێکی زۆر ڕەسەن و پووچەڵ. ڕەخنە و ڕەخنەکاری. هەڵسەنگاندنی بەرهەمی بەسوود و بێسوود. ئا لەم بابەتانە زۆر هاتۆتە کایەوە. لەو بارەیەوە چی ئەڵێی؟**

و: ڕاست دەکەی لەم بابەتەوە زۆر شت ڕژاوەتە بازاڕ، وەک خۆشت دەڵێیت باش هەیە و خراپیش هەیە. بەسوود دەردەکەوێ و بێ سوودیش سەر دەبزوێنێ. شتی بە کاکڵ دێتە پێشەوە و شتی پووچەڵیش لەمەیداندا هەڵدەقوزیتەوە. شتی ڕەسەن سینگ دەردێنێ و شتی ناجسنیش گوێ قوت دەکاتەوە. کاکە! بۆتە تێکەڵاوی و قەڵەم بازاریەک، بۆتە گەرم و ساردی و بەزم و ڕەزمێک ئەوەی زۆر ئاگای لە خۆی نەبێ لەنێوانی ئەم دوو بەرداشە زەبەللاحەدا دەهاڕێ و دەپلیشێتەوە. نازانم لەم بارەیەوە بڵێم چی؟! با منیش هەروەک ئەو خەڵکی خوایە ئەو ڕاستییەت بەبیر بێنمەوە کە بەهیچ پەردە و بۆشی یەک ناگیرێ ئەویش ئەوەتا کە شتی ڕەسەن دەڕسکێ و پێدەگا و بەردەدا.

شتی نارەسەن دەژاکێ و دادەفرەقێ و هەڵدەوەرێ. باش خۆی دەگرێ و پێ دەچەسپێنێ گەشە دەکا و پەرە دەسێنێ. خراپ کز دەبێ و (وەک ئاگری بێ شەوقی دزان) پڵتە پڵت دەکا و دەکوژێتەوە و سەری خۆی و خاوەنەکەی لەبن بەردی ئەلحەد و سەراسەنگ ڕادەکا. جا ئەگەر یەکێ خۆی بە دڵسۆزی وشەی کوردی بزانێت، تۆزێکیش لەتاوەیدا هەبێ پێویستە هەوڵ بدا بەشێوەیەکی بابەتی ئەم جسن و ناجسنە لێک بکاتەوە، ئەم بەد و چاکە لێک داببڕێنێ. کە لێکی دابڕاندن چاکەکە هان بدا و خراپەکە ڕێنمای بکات. چونکە مادام ئەوەی دەستی داوەتە قەڵەم نیازی خزمەت کردنە نابێ قەڵەمەکەی لەدەست دەربهێنرێ و مەرەکەبەکەی لێ چک بکرێ.

چ قەیدییە با سەرەتا شتی واش بدا کە تەواو پێ نەگەیشتبن، با کەم و کورتییان هەبێ. خۆ ئەگەر ڕێی پیشان بدرێ و ئاراستە بکرێ ئەوە بۆی هەیە بەهرەی بتەقێتەوە و بگەشێتەوە و گەورەترین شاعیر یا نووسەری لێ هەڵبکەوێ. بەڵام ئەوەش مانای وانییە هەرچی دوو وشەی لەتەنیشت یەک کۆکردەوە ئێمە بەشان و باهوی هەڵ بڵێین و پفی لێ بکەین تا هەڵدەئاوسێ. چونکە ئەو حەلە ڕادەوەستێ و ڕێی چوونە پێشەوەی لەبەر بزر دەبێ و تووشی هەڵەت و

> "بەخوێندنەوەی ورد و قووڵ و بەردەوام شتێکمان چنگ دەکەوێ. خوێندنەوەش بەتەنیا سوودی نابێ ئەگەر ئازار و معاناتی ژیانی ڕاستەقینەی لەگەڵدا نەبێ"



هەڵدێرێک دەبێ مەگەر پاش ماندوو بوونێکی کوشندە ئەگینا ڕاستە ڕێی پێ نادۆزرێتەوە.

ئەوەیە هەیە برا، کەس بەزۆرە ملێ فەرز ناکرێ و کەسیش بەقسە و قسەلۆکی ئەم و ئەو لەپایەی کەم نابێتەوە. من و تۆ و فیسکە و هین و هەرامە کە بەکەیفی دڵی خۆمان دانیشتووین و وەک قەرەقووش حوکم دەردەکەین: فڵان یەکەم شاعیرە، فڵان شاعیر نییە قلق گرتویەتی، فڵان شاعیرێکی بورجوازییە، فڵان هاوتای نییە. زۆر جاریش لێمان دەبێتە مشتومڕ و وایە و وا نییە. بەڵام بڕوا بکەم ئەم هەموو شتە عاجباتیانە لەعاجباتی یەکانی هەشتەم و نۆیەم و دەیەمی ئەم سەر زەمینەن. چونکە شاعیرێک کە شاعیر بێ بە من و تۆ لێ ناکەوێ. یەکێک قسەی سەرجادە بخاتە ناو کێش و قافیەوە و هەموو پێوانەی هەر کێش و قافیەکە بێ هەزاری وەک من و تۆش شانی ماچ بکا نابێتە هیچ. چونکە باشترین پارسەنگ بەرهەمەکە خۆیەتی. باشترین مەحەک ڕێڕەوی بەردەوامی بەرەو پێشەوە چونی مێژووە، مێژوو من و تۆ نازانێ و ناناسێ. خاتری کەسی لەکن نییە. ئەوەی سەنگێکی هەبێ دەیهێڵێتەوە، ئەوەی کەفێکی سەرئاویش بێ دەیتولخێنێتەوە و کەس نازانێ زەوی قووتی دا یا ئاسمان هەڵیکێشا.

کەواتە با وردبین لەتەماشا کردنی شت و بە چاوی خۆشمان تەماشای شت بکەین و خۆمان خاوەن باوەڕی خۆمان بین. چونکە دەزانی ئێمە هێشتا هەر بەتەپڵ و زوڕنای خەڵک هەڵدەپەڕین و هێشتا هەر بەچاوی خەڵکی ترەوە سەیری شت دەکەین و بەگوێی خەڵکەوە شت دەبیستین. کە یەکێ گوتی فڵان شاعیر شاعیرێکی زۆر باش و سەرکەوتووە، ئیتر هەموومان دەهۆڵی بۆ لێ دەدەین و بێ ئەوەی بەرهەمەکەیشی بخوێنینەوە پڕ بەدڵ مەدحی دەکەین و شەو و ڕۆژ لەهەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا لا لغاومان لەپێ هەڵگوتنی ناچێتە یەک.

> “ بۆ ئەوەی لەڕێڕەوی بەرهەم دان و خزمەت کردنی وشەی پیرۆزی کوردیدا سەرکەوین دەبێ زۆر بخوێنینەوە. بخوێنینەوە. بخوێنینەوە. چونکە خوێندنەوە خوێنی دەمارەکانی نووسین و پێشکەوتنە ”

خۆ ئەگەر بڵێ فڵان شاعیر هیچ نییە با شاعیرەکە زۆر بەهرەمەند و لێهاتووش بێ هەموومان دەکەوینە شوێنی و چی خراپە وای پێدەکەین. بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی ئەو حوکمە دەردەکا ناسراو بێ، بەم جۆرە ئەرکی هەرە گەورەمان لەم قۆناغەدا، بەڕای منەوە ئەوەیە کە قسەی خەڵک نەجووینەوە. خاوەنی بڕوای خۆمان بین، بەوردبینی خۆمان بەپێی پێوانەی بابەتی خۆمان ئەو چاکەو خراپە، ئەو ڕەسەن و نارەسەنە، لێک داببڕێنین و چاکە و ڕەسەنەکە هان بدەین و هەوڵیش بدەین خراپ و نارەسەنەکە چاک بکەین و پێشی بخەین. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم و ئیتر بۆ خۆتی بەجێ دێڵم چی دەڵێی بیڵێ!

**پ: تێکڕا ئەتوانین بزانین چۆن ئەدەبی ئەمڕۆمان هەڵ ئەسەنگێنی و دەس نیشانی ئەو نووسەرانە بکەی کە توانیویانە جێگای خۆیان دیاری بکەن؟**

و: (جارێ کە دەڵێی چۆن ئەدەبی ئەمڕۆمان هەڵئەسەنگێنی، ئەوا وابزانم خۆت لەپرسیاری یەکەم وەڵامت داوەتەوە و منیش زیاتر لە وەڵامەکەمدا لەسەری ڕۆیشتم. بۆ ئەوەی دیش کە دەڵێی (دەسنیشانی ئەو نووسەرانە بکەی کە توانیویانە جێگای خۆیان دیاری بکەن) وابزانم پێویست ناکا وەڵامەکەم بکەمە فەهرەستێک و بکەومە دوێ بنووسم فڵان و فڵان جێی خۆیان کردۆتەوە فیسکە و فیسار بێ جێ ماونەتەوە. باوەڕ بکە! من ئەوەم لەدەست نایە کە جێ بۆ شاعیر و نووسەرەکانمان دابەش بکەم، یەکێ لەسەر نەقچکەو یەکێ لەسەر ئەستێرک و یەکێ لەسەر کورسی و قەنەفە و یەکێ لەسەر



لاپەڕە (٣) ژمارە ٨١٠ ١٩٧٢/١٢/٢١ برایەتی

ئەمڕۆی ئەدەبەکەمانو

بیروڕای چەند نووسەرێک

لەم بگرەو بەردەی کێشەی ئەدەبی کوردی ئەمڕۆماندا وەهەر یەکەو لە ئاستی خۆیەوە دەس نیشانی کەلێن ئەکەن، سوود بەخش و زیان بەخش، زۆر قسەو گفتوگۆش دێنە پێشەوە هەرکەس بەڕای خۆی ئەدوێ. بەڵام کێشەی ئەدەبی لەم مەیدانە تولەدا بارێکی تایبەتی یە. پێویستە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئەدەبی نوێ تا کوێ بڕی کردووە؟ توانیویتی جێگای خۆی دیاری بکا... لەو بارەیەوە هەرجارەی لەگەڵ نووسەرێکدا دانیشین و ئەکەوینە دوان. ئەمجارە لە هەولێرەوە لەگەڵ مامۆستای نووسەرو ڕەخنەگر (عزیز گەردی)دا یەکمان گرت



عارەبانەی سەرجادە دابنێم..

هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کە بڵێم تەنیا ئەو کەسانە جێی ڕاستەقینەی خۆیان لەبزووتنەوەی ئەدەبی سەرفرازیمان دەگرن کە وشەی کوردی دەپەرستن. پیتی کوردی بۆتە هیمۆگلۆبینی خوێنیان، ئەوان بوون بەئەدەب و ئەدەب بووە بەوان.

چونکە ئەو یەکێتییەی نێوان ژیان و ئەدەب نەبێ ئەدیبی ڕاستەقینە ناخولقێنێ. وەک (یەفتوشینکۆ) کۆتەلی ئەدەب و ژیان لێک جۆدا نابنەوە، هەر کاتێ کەسێتی شاعیر لێک داپساو بوو بە دوو کەرت: مرۆڤ و شاعیر. بێشک ئەو کابرایە لەشاعیرایەتی دەکەوێ. لەکوردیشدا ئەوانەی کە ئەدەب و ژیانیان بۆتە یەک پارچە دیارن و ئەوانەش کە ئەدەب و وشەیان کردۆتە ڕێگایەک بۆ خۆش کردنی ژیان و بۆ ناو دەرکردن و بۆ پروپاگەندە کردن دیسان و هاکا سەریان لەقوڕی بارانە ڕەشی نقووم بوو، دووبارە دەیڵێمەوە پێویست ناکا پەنجەکانی دەستم بخەمە کار و ناوی ئەو نووسەرانەت وەک بەرخۆکە بۆ بژمێرم کە جێی خۆیان کردۆتەوە.

**- دوا وتەت چیە؟**

گوێ بگرە با ئەو قسەیەت بۆ بگێڕمەوە:

باڵندەیەک هەیە سبەینان کە تازە ڕۆژ هەڵدێ، سێبەری گەلێ دور و درێژە. کە چاوی بەم سێبەرە درێژەی خۆی دەکەوێ وا دەزانێ گەلێ گەورە و بەقەد ئەو سێبەرە درێژە دەبێ بۆیە مەغرور دەبێ و لەپێستی خۆی دەچێتە دەرەوە. بەڵام هەر هێدی هێدی ڕۆژ بەرز دەبێتەوە و سێبەرەکەی کەم دەبێتەوە و مەغرووریيەکەی دەنیشێتەوە. تا ڕۆژ دەگاتە نیوەڕۆ و هەموو سێبەرەکەی دەکشێتەوە بن دەست و پێ و ئەو حەلە خۆی ئەوەندە بچووک دێتە بەرچاو بەرامبەر خۆیا شەرمەزار دەبێ. کەچی کە بووە پاش نیوەڕۆ ڕۆژ بەرەو ڕۆژئاوا شۆڕبووەوە دیسان بەرە بەرە درێژ دەبێتەوە و لێک دەکشێتەوە و تا لەکاتی ڕۆژئاوا بوونا ئەوەندە درێژ دەبێ سەر و بنی نابینێ و دووبارە بیری گەورەیی و مەغروری لەسەری دەداتەوە و کە شەویشی بەسەر دادێ شەو هەر بەو خەیاڵە بۆشەوە دەبێ تا دەگاتە ڕۆژی پاشتر. جا لێم مەگرە ئەگەر بڵێم ئێمە هەموو وەک ئەم باڵندەیە وا مەغرورین کە تازە تیشکی ڕۆژی لێ هەڵدێ. هەر دوو وشەمان نووسی مەغرور دەبین. خۆمان لا دەبێتە تڕ تڕ پاشا و فسۆس پاڵەوان (شا بەسەپانی خۆمان نازانین) هەر خۆمان لا شتەو هەمو کەسێکمان لا بۆش و بێ کەڵک و بەتاڵە. جا لەبەر ئەو مەغروریە هەر لەزووەوە دەخنکێین و ناگەینە نیوەڕۆ تا حەقیقەتی خۆمان بۆ دەربکەوێ و نەختێ شەرمەزاری ئەم زمان و میللەتە بێ کەسە نەبین.

بەکورتی بۆ ئەوەی لەڕێڕەوی بەرهەم دان و خزمەت کردنی وشەی پیرۆزی کوردیدا سەرکەوین دەبێ زۆر بخوێننەوە. بخوێننەوە. بخوێننەوە. چونکە خوێندنەوە خوێنی دەمارەکانی نوسین و پێشکەوتنە. هەر بەخوێندنەوەی ورد و قووڵ و بەردەوام شتێکمان چنگ دەکەوێ. خوێندنەوەش بەتەنیا سوودی نابێ ئەگەر ئازار و معاناتی ژیانی ڕاستەقینەی لەگەڵدا نەبێ.

لێرەدا قسەیەکم دێتەوە بیر کە لەو ڕۆژانەدا خوێندومەتەوە بەڵام بمبورە ناوی خاوەنەکەیم لەبیر نەماوە. ئەو کابرایە پاش ئەوەی ڕامان دەسپێرێ کە زۆر بخوێنینەوە، دەڵێ ئەگەر ویستت شتێ بنوسی برۆ سێ (٣) مانگ بەهەموو لەش و گیانتەوە لەواقیعی ژیاندا بژی (معاناە) بکە. تا هەوێنێکت لەمێشکدا پەیدا بێ. پاش ئەم سێ مانگە برۆ سێ ڕۆژ هەر بیربکەوە و هەڵگێڕ و وەرگێڕی بکە و سەراوبنی بکە، پاش ئەو سێ ڕۆژە دانیشە بیرەکە بنووسەوە. بەڵام وای دابڕێژە لەسێ لاپەڕە پتر دانەگرێ.

دوا جار بەخوا برا ئێمە زۆر بەستەزمانین. سەد ناخی بریندار. ببورە کە زۆرم گوت و سوپاسیش بۆ برایەتی.

*** مارف عومەر بەرزنجی، مەبەست مارف عومەر گوڵ-ە**

*** ئەم دیدارە لە لاپەڕە ٣-ی ژمارە ٨١ی ١٩٧٣/١٢/٢١ی ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکراوەتەوە.**

**پێدەچێت ئەمە هەوەڵ و دوا دیداری عەزیز گەردی بێت، کە ئامادە بووە بیکات، یان لە گەڵی کراوە.**

“ **جا لێم مەگرە ئەگەر بڵێم ئێمە هەموو وەک ئەم باڵندەیە وا مەغرورین کە تازە تیشکی ڕۆژی لێ هەڵدێ. هەر دوو وشەمان نووسی مەغرور دەبین. خۆمان لا دەبێتە تڕ تڕ پاشا و فسۆس پاڵەوان** ”



## یەکەم بابەتی بڵاوکراوەی عەزیز گەردی

# ئەرکی لێکۆڵینەوەی وێژەیی

**عەزیز گەردی**

لێکۆڵینەوە چی یە؟ ئایا نرخ و نموودێکی ئەوتۆی هەیە بەچاو نووسین و هۆنینەوە؟ ئایا رابەر و پێشەوای نووسەرە یا رێگر و رێگورپەتی؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دوو دەستە هەن: دەستەی یەکەمیان ئەڵێ: لێکۆڵینەوە نرخێکی وای نی یەو نووسەر ئەو کاتە ئەکەوێتە لێکۆڵینەوە کە بیرو پێنووسەکەی لەبیرکردنەوە و نووسین تەپ و کول ببن، واتە کە نووسەر ئەبینێ خۆی توانا و بەهرەی نوسین نی یە لێکۆڵینەوە ئەکا بە قەڵغانێک و لەپەنا ئەو قەلغانەیە تیری خۆی لە نووسەر ئەگرێ و گڕ و لەجەڕی دڵی هەڵئەرێژێ.

کەچی دەستی دووەم ئەڵێ: نە!! وانی یە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لەسەرووی هەموو پەراو راژەیەکە، خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوە نەبێت وێژە بەتەواوی سەری تیا ئەچێو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە غەرغاو گەشاگەشەوە.

دیارە ئێمەش بڕوامان رووناکاتە دەستەی یەکەم، بۆیەش رووناکاتە ئەم دەستەیە چونکە، فەرموو بێنە پێش چاو ئایا ئەگەر لێکۆڵینەوە لەناو بچێ وێژە چۆن ئەکەوێتە تەپ و گۆ لە هەنگاونانی بۆ پێشەوە؟ وە ژیانی نەتەوایەتی ئەو کۆمەڵە چی بەسەرا دێت! خۆ ئەگەر لێکۆڵینەوە نەمێنێ ئەوەش هەر نابێ، ژیان لە چەوت و چوێری خەست ئەبێو هەر کەسێ لەسەر رێچکەی ئارەزووی خۆی ئەڕوا ئەنووسێو ئاگای لە چاک و خراپ و ڕاستی و چەوتی نامێنێ، چونکە یەکێ نی یە جارجار ئاگاداری بکاتەوەو لە هەڵەو تێ کەوتن بالی بگرێو رزگاری بکات و بیهێنێتەوە سەر رێگای ڕاست.

ڕاستە! لێکۆڵینەوەی وێژەیی لە بەرهەم و ئاکاری هۆنەر یا نووسەر وورد ئەبێتەوە، بەرهەمەکەی ئەوانیش نموونەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیانە، چونکە هەر کارو کارەسات و رووداوی کۆمەڵایەتی یەکی خودیەو سروش ئەخاتە دڵی نووسەرو ئەیبزوێنێ بۆ ئەوەی پارچە هۆنراوێک یا پارچە پەخشانێک بنووسێو هەست و سۆزی بزواوی خۆی تیا دابرێژێ.

جا ئەوکاتەی هۆنەر ئەو پارچە هۆنراوەیە بڵاوئەکاتەوە بۆ ئەوە بڵاوی ئەکاتەوە تا باوەڕی خۆی بگەیەنێ بەخوێنەرو خوێنەریش لە بیروباوەڕی ئەوا دور دەبێتەوە. کە خوێنەر ئەم پارچە هۆنراوە ئەخوێنێتەوە جۆرە هەستێک و چەشنە باوەڕێکی تیا پەیدا ئەبێ بەرامبەر هەستی نووسەر یا هۆنەر.

وا ئەبێ ئەم باوەڕەی ئەو لەگەڵ هینەکەی هۆنەر یەک ئەگرێو هۆنراوەکەی پەسند ئەکا. یا وا ئەبێ بیروباوەڕی دژو پێچەوانەی هەست و نەست و باوەڕی هۆنەر ئەبێو لەگەڵیا یەک ناکەوێ. جا کە خوێنەر باوەڕی خۆی دەرخست بەرامبەر هۆنراوەکە ئەوا خۆی ئەبێتە (رەخنەگر- ناقد) و ئیشەکەشی ئەبێتە لێکۆڵینەوە. ئەگەر وانەبێ خوێندنەوە چ کەڵکی هەیە؟ خوێندەواری بۆچی یە؟ نووسین و هۆنینەوە چ پێویستە؟

ماوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەڵێ: (هۆنەرو



نووسەر حەز بە لێکۆڵینەوە ناکەن و نایانەوێ لە هۆنراوەکە یا لە نووسینەکەیان بکۆڵرێتەوە).

ئەگەر باوەڕی هۆنەرو نووسەرەکان وابێ مانای وایە کەوتۆنەتە هەڵە چونکە ئێمە بەپێی ئەو باسەی لەسەرەوە کردمان ئەتوانین بڵێین (وێژە لێکۆڵینەوەی ژیانە) کەواتە هۆنەرو نووسەر بۆ چ ڕێ ئەدەن بەخۆیان لەژیان بکۆڵنەوە و لیی وورد ببنەوە کەچی ڕێ نادەن کە (ڕەخنەگر ـ ناقد) ڕوو لەوان بکات و لەخۆیان و لە بەرهەمەکەیان ووردبێتەوە؟

جگە لەوەش لێکۆڵینەوە گەلێ سوودمەندەو گەلێ ئەرکی ئەکەوێتە سەر. سوودی لێکۆڵینەوەش لە سێ لاوە دەرئەکەوێ:

لەلایێ بۆ هۆنەرو نووسەرو لەلایێ بۆ خوێنەرو گوێگرو لەلاییکی تر بۆ خودی وێژەکە:

١. لێکۆڵینەوە بەرامبەر هۆنەرو نووسەر ئەم ئەرکانەی ئەکەوێتە سەر:

أ. ڕوون کردنەوەی بنچینەی نووسینەکان و گەیاندنی بەخوێنەرو گوێگر، جا دیارە لێکۆڵینەوە ئەبێتە ئەڵقەیەک و نووسەرو خوێنەر ئەگەیەنێتە یەک، ئا بەم جۆرە هۆنەر یا نووسەر ئەتوانی لەژیانی کۆمەڵایەتی هاوبەش بێت و کار بکاتە سەر کۆمەڵ و کۆمەڵ کاری تێ بکا، وە زۆر جار وا نەبێ کە چاخێکی وێژە بەرجەستەو بلیمەتێک بێچینەوەو بۆن هەڵئەگرێ و ئەو ئەمرە سەر لەنوێ زیندوو ئەکاتەوەو ژیانێکی هەمیشەیی پێ ئەبەخشێ.

ب. بەرزکردنەوەی نووسەرو هاندانی: بەڵێ هەر لێکۆڵینەوەیە تەماشای چەندێتی و چۆنیەتی سەرکەوتنی نووسەر ئەکا لە: هونراو، پەخشان بە ووتارو چیرۆک و پێوەر..... هتد.

لەبارەی هێزی دەربڕینی نووسەرو لەبارەی کارکردنە سەر ژیان و پێش خستنی. ئەگەر نووسەر بەهەڵە چووبێ هەر خێرا ئاگاداری ئەکاتەوەو هۆشی دێنێتەوە سەرو ڕێگای ڕاستی پێشان ئەدا، خۆ ئەگەر خۆی ڕێچکەیەکی ڕاستی گرتبێ ئەوە لێکۆڵینەوە نەقیزەو هانی ئەداو ڕێگای پاکژ ئەکاتەوەو نەخشەی بۆ ئەکێشێ، کە دابێ لێکۆڵینەوە ڕابەرو پێشەوای نووسەرە.

ج. ئاگادارکردنی هۆنەرو نووسەر لە بیروباوەڕی کۆمەڵ بەرامبەر بەرهەمەکەیان و وایان لێ ئەکات کە لەکاتی نووسینا سەرکێشی سەختی ئارەزوویان نەختێ کەم بکەنەوەو بەتەواوی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە تێکەڵ ببن، بەم جۆرە هەرەوەزی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی دێنە ناوەوەو وێژە وەکو گولۆپێکی کارەبا ئەکەوێتە ناو شەوەزەنگی ژیان و ڕۆناکی ئەکاتەوە.

٢ .هەروەها لێکۆڵینەوەی وێژەیی بەرامبەر بەخوێنەرو گوێگر ئەم ئەرکەی ئەکەوێتە سەر:

أ. نزیک کردنەوەی بەرهەمی نووسەر لەخوێنەرو یارمەتی دانی بۆ تێگەیشتن لەبیروباوەڕو جۆری ژیانی نووسەرەکە بەتایبەتی ئەگەر نووسەرەکە ووردو





قوول و شێوەی نووسینی گران بێت...

وە ئەو سودەش بەزۆری بەو خوێنەرە ئەگا کە تازە پێی ناوەتە مەیدانی وێژەو هێشتا ئاوکی سێ‌خۆشی وێژەی نەچێژتووە.

ب. لێکۆڵینەوە نەخشەی نموونەیی خوێندنەوە بۆ خوێنەر ئەکێشی، چونکە ئەو کەسەی لەشت ئەکوڵێنێتەوە نـەرم و لـەسـەرخـۆو قـوول و ووردترە..

وەلایەنی پەسەندو جوان پێشانی خوێنەر ئەدا، بەم جۆرە بەهرەی خوێنەر لەخەڕەک ئەدرێ‌و خاوێن ئەکرێتەوەو چەشەی بەتەواوی ئەبێتەوە.

ج. یارمەتی خوێنەر ئەدا بۆ هەڵبژاردنی ئەو باس و نووسین و دەقانەی بەسوودن بەم کردەوەیە کاتێکی زۆریـان بـۆ ئەگێڕێتەوە. بەڵێ ڕاستە خوێندنەوەی تایبەتی سوودمەندترە بـەڵام کێ هەیە ئەو کاتە یا ئەو توانایە یا ئەو تەمەنە یا ئەو ماڵەی هەبێ کە هەموو شتێ بکڕێ‌و بخوێنێتەوەو باوەڕی خۆی بەرامبەر دەربڕێ.؟!!

٣ .دیسان لێکۆڵینەوە بەرامبەر خودی وێژەکە ئەم ئەرکە بەجێ دێنێ:

أ.ویـژە بەهێز ئەبێ‌و بەگوڕ بۆ پێشەوە ئەڕوا چونکە لێکۆڵینەوە لە نووسەر وورد ئەبێتەوە بەم جۆرە بەربەرەکانی ئەکەوێتە نێوانیان هەر وەکو ململانەش ئەکەوێتە نێوانی نووسەرەکان. ئا بەم جۆرە نووسەر کە ئەنووسێ بیر لە لێکۆڵینەوە ئەکاتەوە بۆیە لەبیری جوان و خەیاڵی بەرزو شێوەی ڕەوان تا ئەو پەڕی بەرزی ئەفڕێ.

ب. چاخەکانی وێژە ئەگەیەنێتە یەک. وەکو پارچە هۆنراوێکی کۆن بگرێ‌و لەبارەی ووشەو بیری ڕەق ڕۆنی بکاتەوەو بەو سەردەمە بیبەستێتەوە. بەم جۆرە وە لەسەر دەستی لێکۆڵینەوە چاخەکانی وێژە وەکو ئەڵقەیەک هەڵئەکشێن.

ج. لێکۆڵینەوە پێستی وێژە پتەو ئەکات و وای لێ ئەکا کە دەسەڵاتی بەسەر دڵی گوێگرو خوێنەر بکشێ‌و بیان خاتە داوی خۆیەوە.

*** ئەرکی لێکۆڵینەوەی وێژەیی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٩) ١٤ی مارتی ١٩٧٠، ل ٩ و ١٥.**



( هاوکاری )

ویژە

ویژە

# ئەرکی لێکۆڵینەوەی ویژەیی

لێکولینـــەوە چی‌یە ؟ ئایا ترخ و نموودێکی بەڕێوی هەیە بەچاو نووسین و خوێندنەوە ؟ ئایا رابەرو پێشەوای نووسەرە یا ڕێگرو ڕێگوریەتی ؟!

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دوو دەستەمان : دەستـــەی یەکەمیان ئەڵێ : لێکولینـــەوە ترخێکی وای نی‌یە و نووسەر ئەوکاتە ئەکەوێتە لێکولینـــەوە کەبیرو بیرنووسەکەی لـەبیر_ کردنەوەو نووسینی ئەپچ کول بین ، واتە کەنووسەر ئەبینی خۆی تواناو بەهرەی نووسین نی‌یە لێکولینەوە ئەکـــا بەقـەڵغانێکو لـەپەنا ئـەو قەڵغانەیە تیری خۆی لەنووسەر ئەگرێ و گرو لەجـەرگ دڵی

هەڵنەریژی •

کەچی دەستەی دووەم ئەڵێ: نـەء !! وانی‌یە ، بەڵکـو لێکولینەوە لەسەرووی هەموو پەراو رازەبەکە ، خۆئەگـەر

عزیز گەردی

لێکولینـــەوە لـەبێت ویژە

# مێژوو

- **وتارە بڵاونەکراوەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی (مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد) بەشی یەکەم**

پ.ی. ئەحمەد باوەڕ

- **ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن (بەشی دووەم)**

عەلی مەحموود محەمەد

- **بارودۆخی تەندروستیی لە قەزای ڕواندز ١٨٥٥–١٩٠٣**

موحەممەد گەلاڵەیی

# مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

# مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد

بەشی یەکەم



پ.ی.
ئەحمەد باوەڕ

**پێشەکی:**

ئەم دەستنووس و بەرهەمە نوێ و بڵاونەکراوەی مێژوونووسی شەهید مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کە پێکهاتووە لە زنجیرە وتار و بەرنامەیەکی مێژوویی ڕادیۆیی، کە پاش بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەسەڵات گرتنە دەستی ئیمام خومەینی، لەڕێگەی (ڕادیۆی کوردی تاران)ی ئەوکاتەوە، وەک بەرنامەیەکی ناوبەناوی مێژوویی پێشکەشی کردوون، بەڵام وەکو خۆیشی ئاماژەی بۆکردووە، بەرنامەی چوارەمیان لەنێوچووە و تاوەکو ئێستەش بەردەست نەکەوتووەتەوە.

یەکەمین زنجیرە بەرنامەی (مێژووی نەبەرد و خەباتی کورد) بەپێی مێژووی دەستنووسەکانی خۆی بێت، لەڕێکەوتی (١٣٥٨/٣/١) هەتاوی بەرانبەر بە٢٢ی ئایاری ١٩٧٩زایینی دەستی بە بڵاوکردنەوەیان کردووە و تا دوا زنجیرەی، کە بریتییە بووە لە گوتاری دەیەمینی لە ڕێککەوتی ١٣٥٨/٥/١٦ هەتاوی بەرانبەر بە ٧ی ئابی ١٩٧٩زایینی. بەڵام تەواونەبووە، ئەگەرچی پلانی هەبووە، زنجیرەکانی دیکەی بەدوادا بێت.

وەک ئەوەی لە کۆتایی دوازنجیرەیدا، دەڵێ و نووسیویەتی: (گوێ گرە بەڕێزەکان لێرەدا کات تەواو بوو، تا وتاری ئاینده بە خواتان ئەسپێرین)

بەجۆرێک ئەم زنجیرە گوتارە مێژووییەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی سێ قۆناغی گرنگی مێژووی کوردی لەخۆ گرتووە، وەک قۆناغی مێژووی کۆن، قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست و قۆناغی مێژووی نوێ، کە سەردەمەکانی فەرمانڕەوایەتی ئاشووریی، دەوڵەتی ئیسلامی و ماوەی فەرمانڕەوایەتی میر محەمەد پاشای ڕواندز، دەگرێتەوە، بەڵام بواری ئەوەی نەبووە، درێژە بە زنجیرەکانی دیکەی بەرنامەکەی بدات و تەواویان بکات.

هەر هەموو ئەمانەش وەک ئەرشیفێکی دەوڵەمەند و ناوازە، لەلایەن خواڵێخۆشبوو شێرزاد مەلا محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی (١٩٥٠- ٢٠٢٠) برازایەوە پارێزرا بوون.

چەند ڕۆژێک پێش مردنی، لە شاری کەرکووک سەردانیم کرد، بە مەبەستی هەواڵ پرسینی و ئامادەکاریی بۆ نووسینی ئەو لێکۆڵینەوەیەی، سەبارەت بەخواڵێخۆشبوو مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی مامی نووسیم و لە (دیداری مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی) دا لە شاری کەلار، لەڕۆژانی (١١-١٢ی شوباتی ٢٠٢١)دا پێشکەشم کرد، کە دواتریش لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دیکەدا سەبارەت بەژیان و سەربووردەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە.

داخەکەم لەو سەفەر و یەکتر بینینەماندا، مامۆستا شێرزاد وەک ئەوەی دڵی لێبدات و بڵێ کاکە وامن دەمرم، ئەم نووسین و بەرهەمانەی مەلاجەمیل-ی مامم ئەمانەتی تۆ بن و بڵاویان بکەوە و لە فەوتان و لەنێوچوون ڕزگاریان بکە.

هەردووکمان پێکەوە ڕێککەوتین، وردە وردە کار لەسەر تەواوی نووسین و بەرهەمە بڵاوکراوە و دەستنووسەکانی بکەین و بەپێی دەرفەت بڵاویان بکەینەوە.

بەڵام هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی کارکردن لەسەر نووسین و بەرهەمەکانی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی زیاتر سەرقاڵبوونی من بوو بە نووسینی تێزی دکتۆراکەم. هەروەها بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و مەترسییەکانی و درێژەکێشانیشی هۆکارێکی دیکە بوو، کە دواجار بووە هۆی گیان لەدەست دانی مامۆستا شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی-یش، ئەمەش هەموو بیرۆکە و پلان و کارەکەمانی پەک خست و ڕیسەکەمان لێ بووەوە بە خوری.

بەڵام بە هیمەتی هەموو لایەک و بۆ ئاسوودە کردنی ڕۆحی خوالێخۆشبوو شێرزاد ڕۆژبەیانی و ڕزگارکردنی بەشێک لە بەرهەمەکانی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، جارێکی دی کەوتمە خۆ، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین چاپیان بکەین و بیانخەینەوە بەر دەستی خوێنەران و نێو کتێبخانەی کوردیی.

لە ساڵی ٢٠١٨-دا، بە ڕاوێژ و هاوکاری مامۆستا شێرزاد توانیمان بەشێکی گرنگ لە بیرەوەرییەکانی مەلاجەمیل بە ناوونیشانی (سەربوردەی ڕۆژبەیانی بەکورتی) لە ڕێگەی ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی لە شاری سلێمانی چاپ و بڵاوبکەیینەوە.

ئەم زنجیرە گوتارەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانیش، کە بەناوی ڕاستورەوانی خۆیەوە، لە ڕێگەی ڕادیۆی کوردی تاران (سەرەتاکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران) پێشکەشی کردوون، لێرەدا بەبێ هیچ جۆرە دەستکارییەکی ئەوتۆی ناوەرۆک و ڕێنووسی دەستنووسەکان بڵاویان دەکەینەوە، تەنیا لە چەند شوێنێکی زۆر پێویستدا، هەندێ دەستکاری کراون، بەبێ ئەوەی کار لە فۆرم و ناوەرۆک و هەروەها شێوازی نووسینە ڕاستەقینەکەی بکات.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دڵی بەو بارودۆخە تازەیەی ئەوکاتی ئێران خۆشبووە، واتە لەم قۆناغە بەدواوە، کە شۆڕشی گەلانی ئێرانی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و کۆتایی بە دەسەڵات و سیستمی شاهنشاهی محەمەد ڕەزا شاهای پەهلەوی هاتووە، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی زۆر بە ئاوات و ئومێدی ئەوە بووە، لەم ماوەیە بەدواوە جۆرێک لە ئازادیی و ئازادیی نووسین لەئێراندا بێتە کایەوە، بۆئەوەی نەتەوەیەکی وەک کورد و ڕووناکبیرانی کوردیش لە سایەیدا بتوانن بە ئازادیی بنووسن و بەئازادیی مێژووی نەبەرد و خەباتی هەزار ساڵەی کورد بنووسنەوە و بە بیر نەوەکانی بێننەوە، بەڵام کێشە و گرفتی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی، وەک کەسایەتییەکی دونیا دیدە و بە ئەزموون ئەوە بووە، کە زۆر بە تەوس و گەشبینانە لە خۆی دەپرسێتەوە ئاخۆ لەکوێوە دەست پێ بکەین؟

کەچی دواتر و هەر لە میانەی نووسینەکەیدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (ئێمە دەربارەی ئەم نەبەرد و خەباتانەی کورد هیچ نادوێین؟ چوون ئێمە نامانەوێت لە دەورانی ئینقلابی ئیسلامیدا دەماری



مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی

ڕەگەزپەرستی ببزوێنین، ئەم سەردەمە سەردەمی ئازادی قەڵەم و بەیانە بۆ ڕیسواکردنی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی، بۆ ئابڕوبردنی ئەوانەی، کە بە ناوی هاوڕەگەزییەوە میللەتی کوردیان چەوساندۆتەوە، وە نۆکەر و کۆیلە ئاسا تەماشایان کردوون)

> **"ئەم زنجیرە گوتارە مێژووییەی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی سێ قۆناغی گرنگی مێژووی کوردی لەخۆ گرتووە"**

کەچی بەداخەوە بەرپابوون و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی زۆری پێ ناچێت ئەویش لە پەیام و ڕاستەڕێی خۆی لادەدات و دەبێتە گەورەترین دوژمنی سەرسەختی گەلانی ئێران، بەتایبەتی گەلێکی ستەمدیدەی وەک کورد و سەرکوتکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا لە سێدارەدان و کوشتنی سەدان لاو و دانیشتووی شارە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتریش ڕاوەدوونان و پەرتەوازەکردنی هەزارانیان بۆ دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەر، بە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی خۆیشییەوە.

ئەو کە لە ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٩) ئاوارەی ئێران دەبێت، دواجار بەناچاریی لە شاری تاران و لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٧٩دا خۆی ڕادەستی باڵیۆزخانەی عێراقی دەکات و دەگەڕێتەوە شاری بەغدا.

هەروەکو لە میانەی سەربووردە و بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی: لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تریدا بە (موستەشاری مەجلیسی قیادەی سەورە) دائەمەزرێن و بە یەکجاری لە شاری بەغدا نیشتەجێ دەبێت. پاشان لە ساڵی ١٩٨٠دا ژیانی هاوسەری پێکەوە دەنێت.

هەر لە بەغدا دەست بە نووسین و بڵاوکردنەوەی کتێب و بابەتە جۆراوجۆرەکانی دەکات، ئەمە سەرەڕای کارکردنی لە (کۆڕی زانیاریی کورد) و دواتریش (کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد)ەوە. تاوەکو ئەوکاتەی بە پیلان و نەخشەی فەرمانڕەوایانی حزبی بەعس لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە شاری بەغدا، بە شێوازێکی دڕندانە و قێزەون لە تەمەنی (٨٧) ساڵیدا لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٠١دا دەکوژرێت و لە شاری کەرکووک دەنێژرێت.

## وتاری یەکەم:

گوێ گرە بەڕێزەکان ئەم کاتەو هەمووکاتێکتان شاد

دەنگی ئێران (واتا تەلەوزیون ڕادیۆکان) و ڕۆژنامەکان و نووسەران، ناوی ئەم سەردەمەی پاش شۆڕشی ئێرانیان ناوە (بەهاری ئازادی) جا لەم بەهارەی ئازادی یەدا، کە گەلانی ئێران، بەزۆری مشتی پۆڵایین بەدەستیان هێناوە، مرۆڤی قەڵەم بە دەست، کە خێوی شمشێری جەوهەر ڕێژن، ئەو مافەیان هەیە، کە زۆر ئازادانە و بەوپەڕی سەربەستی یەوە سەربەستی لە چوارچێوەی یاسادا، پێنووسەکانیان بخەنەکار و پاڵفتەی شیلەی بیروباوەڕی خەیاڵی پەرەوازەیان بڕێژنە سەر لاپەڕەی زێڕینی بەیان.. جا لەوبارەوە کە ساڵەهای ساڵە ڕێ نەدراوە بە نووسەرانی کورد بەتایبەتی و بە نووسەرانی گەلانی ئێران بەگشتی، کە دەربارەی مێژووی گەلەکانیان بنووسن و هەر فەرمان و ئارەزووی طاغوتیان لە نێوانا باوبووە و کەس دەردی دڵی میللەتی نەخستۆتە سەر ئاوێنەی ڕونوما، زۆر ئاشکرایە کە دەفتەری نەبەرد و خەباتی کوردیش وەک میللەتەکە پەژموورده ماوەتەوە، تۆز و گەرد و خاک لە ڕووی نیشتوە و ژەنگی هەڵهێناوە، ئێستە کە بەهاری ئازادی یە و گسکی بە هێزی بیر و ئەندێشەی ئازاد، خەس و خاشاکی سانسۆر ڕائەماڵێ، هەلی ئەوەمان بۆ هەڵکەوتووە کە یادێ لە نەبەرد و خەباتی هەزار ساڵەی گەلی کورد بکەینەوە.. بەڵام لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ ئایا لەسەردەمی ئاشوورییەوە؟ کە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر باڵی ستەمیان خستبووە کار بۆ چەوسانەوەی گەل و میللەتانی بچووک و کەم هێز، وڵاتەکانیان تاڵان دەکرد و خەڵقیان قەڵاچۆدەکرد و شار و دێهاتەکانیان دەسوتاند و ژێر و ژووریان دەکرد... گەلی کوردیش ئەم ستەمەی دەچەشت و دژی داگیرکەران لە خەبات و نەبەرد درێغی نەدەکرد.. تا بە ڕابەری (هووەخشتەره)

ی سەرداری خۆی توانی سەری ستەمگەران بە تاشەبەردی کوردستان بهاڕێ، قەڵای زۆرداری و نالەباری بڕوخێنێ و خاکی پایتەختی بێدادی بە تورەکە ببێژێ... جا لەوێوە دەست پێ بکەین؟ ئایا باسی ئەو کردەوە نالەبارانە بکەین، کە لەسەردەمی هەخامەنشی دا دەربارەی گەلی کورد ڕەوا ئەبینرا، کە هەرە بچووکی ئەوکردەوە خراپانە ئەوەبوو کە ((کۆرش)) دژی باپیری خۆی هەستا، وڵاتەکەی لێ داگیرکرد وە بەشی زۆری گەلی کوردی بەرەوکرمان و جێگایانی تری کۆچ پێکرد؟ ئایا ئەو ستەمانەی کە (ئەسکەندەری مەکدونی) بەکوردی ڕەوادی، پاش ئەوەی کە لەگەڵ داریوش لە هەولێر کەوتە شەڕەوە و بەسەر داریوش دا زاڵبو، ئینجا کەوتە وێرانکردنی شار و دێکانی کوردستان؟ یا باسی ئەو کوشت و کوشتارانە بکەین کە لەسەردەمی (ئەشکانی) یەکانا لە کوردستان ئەکرا، کە هەندێکیان کە لە بنەڕەتدا خەڵقی (نەهاوەند) بوون و هەندێکیان خەڵقی دەوروبەری خۆراسان؟ یان باسی ئەوکارەساتانە بکەین کە لە دەورانی ساسانی دا لە کوردستان ڕوی ئەدا، هەم لە ڕوکاری سیاسی و هەم لە ڕوکاری ئایینی یەوە تەنانەت پشتیوانی لە ((مەزدەک)) بۆ لە ناوبردنی ئایینی زەردەشتی... قەڵاچۆی پەیڕەوانی ((مانی))!... وە یا باسی ئەوەی کە چۆن پاڵەوانێکی وەکو ((بەهرامی چوپین)) ناچار ئەبێت دژی هورمزی چوارەم ڕاپەڕێ و وڵاتەکەی لێ داگیربکات و کوردەکان لە قەڵاچۆ ڕزگار بکات؟ یا ئەوەی کە (خوسرەو) چەرمەسەرێ ی قارەمانێکی وەکو (فەرهاد) ئەدا و ناچاری دەکا خۆی و دارودەستەی کێوی بێستون داتاشن و لە کرند بەخوار جۆگە بۆ قەسری شیرین هەڵبەستن، وە شیری مێگەلە مەڕەکانی کوردستان بەو جۆگەدا سەرە و ژێربکەنەوە، کە شیرین لە ئیصطەخری شییرا مەلەوانی بکات؟ بەڵام ئێمە دەربارەی ئەم نەبەرد و خەباتانەی کورد هیچ نادوێین؟ چون ئێمە نامانەوێ لە دەورانی ئینقلابی ئیسلامیدا دەماری ڕەگەزپەرستی بزوێنین، ئەم سەردەمە سەردەمی ئازادی قەڵەم و بەیانە بۆ ڕیسواکردنی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی، بۆ ئابڕوبردنی ئەوانەی کە بەناوی هاوڕەگەزییەوە میللەتی کوردیان چەوساندوتەوە، وە نۆکەر و کۆیلە ئاسا تەماشایان کردوون.. بەهیوان ڕۆڵەکانی میللەتی کورد، لەم سەردەمی ئازادی یەدا نرخی ئازادی بزانن و هەوڵ بدەن ئەوپەڕی سوود و بەهرە وەربگرن لە ئازادی... و نووسەران و خاوەن بیرانی کورد بەتایبەتی هەوڵ بدەن کە خۆیان لە نۆکەرێتی بێگانە بتەکێننەوە و ئازادانە خزمەتی خۆیان و گەلانی ئێران بکەن.. تا ووتاری ئایندە بەخواتان ئەسپێرین.

ڕۆژبەیانی

١٣٥٨/٣/١

## وتاری دووەم:

گوێ گرە خۆشەویستەکان ئەم کاتە و هەمووکاتێکتان شادبێ

شایانە لەسەرەتادا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە مێژوو، گەورەترین دادیارە، سەربەستانە و بێ باکانە بڕیاری خۆی دەدا و بەزەیی بە هیچ تاوانکارێکدا نایێ و بەخۆڕایش هیچ کەسێ تاوانبار ناکا و فەرمانی تاوانکاری لەدژ تۆمارناکات. هەروەکو جەللادی سەرپەڕێن هەقی ئەوەی نیە شمشێرەکەی بخاتە گەردنی هیچ کەس، تا دادگا فەرمانی نابود کردنی دەرنەهێنابێ، مێژووش تا تاوانکاری کەسێکی بۆ دەرنەکەوتبێ تاوانی تاوانکارێتی بەسەرا نابڕێ، وە تاباشی و پاکی و نەبەزی و زانیاری کەسێکیش ڕوون نەبووبێتەوە و نەبووبێتە وێردی زمانی مرۆڤە گەواهە ڕاست وێژودڵ و دەروون خاوێنەکان، مێژوو نازناوی باشی و چاکی ناداتێ. مێژوو سەربەستە، بەهێزترین پەیدارێکی سروشتییە، ئەوەی ئەیەوێ نازناوی پیاوەتی و جەوانمەردی لەسەر لاپەڕەی دێرێک بمێنێتەوە، باخۆی لابدات لە پەستی و داوێن پیسی و چەپەڵی و بەدکاری نەهێن بڕی

“ **مێژوو، گەورەترین دادیارە، سەربەستانە و بێ باکانە بڕیاری خۆی دەدا و بەزەیی بە هیچ تاوانکارێکدا نایێ و بەخۆڕایش هیچ کەسێ تاوانبار ناکا و فەرمانی تاوانکاری لەدژ تۆمارناکات** ”

و مل هـوڕی و زۆرداری و خیانەتکردن لە هۆز و گەل و بـەرەی مـرۆڤ. ئەوانەی لایان وایـە کە مێژوونووسە «دەڵەچە» کاسەلێسە ساختەچیەکانیش هـەرتوانیـویانە نـازنـاوی «پیاوەتی» تۆمار بکەن، بۆ هەندێ خوێنڕێژی پـەتـەڕی و پـەتـیـارەی بـێ نـرخ و بێبایەخ، وە گورگی درنـدە بخەنە پێستی مـەڕەوە و ئەهریمەن لەسەر بەرماڵی ئەهورا دابنێن و بەم کارە ناوی کەسانی ناشایستە بەجاویدان بهێڵنەوە، ئـەوانـە بەهـەڵـەدا چـوون، هەرگیزا و هەرگیز مێژوو نەیویستووە، شوێنەواری چڵکاوخۆران و کڕنۆش بەران، لەسەر لاپەڕەی زێڕینی خۆی زیندوو بهێڵێتەوە، ئەمیشی بۆ ڕۆشنبیران دەرخستووە، کە شوێنەوارانی (نۆکەرانی کەمەربەستە) هەرگیز مێژوو نییە، بەڵکو ستایش و هەڵنانی درۆکـانی یـە... بۆ نموونە صەدەها نووسەری چڵکاوخۆری کاسە لێس، لەم صەدەی بیستەمەدا کەوتوونە ستایش و هەڵنانی «کـورش» جارێک کردوویانە بە «ذوالقـەرنـەین»ەکەی، کە لە قورئاندا ناوی هـاتـووە، جـارێ دایـان نـاوە بـەگەورەتـرین داڕێژەری بیروباوەڕی «مرۆڤایەتی» و لافی ئەوەیان لێ داوە کە «کوروش» یەکەم کەسە لە جیهاندا «یاسای مافی ئادەمیزاد»ی نووسیوە و ئـەم مافـەی بە گـەلان ڕەوادیــوە... بـەڵام هەرگیز پێ نووسی قوڕاوی ئەوان نەیتوانیوە نەنگی خیانەت و نهێن بـڕی و خوێنڕێژی و خوێن خۆری لە ئەو دووربخاتەوە.. کەسێک کە خیانەت بکات لـە باپیری خـۆی، کەسێ کە هەمیشە خەریکی چەپاوڵ و کوشتاربێ.. مێژووی ڕاستەقینە هەر ئەو «نازناو»ەی پێ ڕەوا دەبینێ کە «سکا»یەکان لە خۆرهەڵاتی ئێراندا لـە شــەڕدا بـوو کـوژرا، جەللادێکی سەرپەڕێن ڕاپـەڕی شمشێرێکی لە گەردنی دا ، سـەری لە لەشی جیاکردەوە و لە خوێنا چەقاندی و هاواری کرد بە دەنگی بەرز وتی: «هـا! بخۆرەوە، خوێن خۆر! خوێن خۆری و خوێن ڕێژی تێربە..» بەڵێ نابێ بە پیاوی خوێن ڕێـژی خوێن خۆر بوترێ: «پـارێـزەری مافی مرۆڤ»


> “ هەر هەموو ئەمانەش وەک ئەرشیفێکی دەوڵەمەند و ناوازە، لەلایەن خۆالێخۆشبوو شێرزاد مەلا محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی برازایەوە پارێزرا بوون ”

نموونەیەکی تر لە نووسینی کاسە لێسەکان ئەوەیە کە بەستایش و هەڵنانی درۆ ویستویانە «ئەنەوشیروان» بکەن بە پەیکەری دادگەرێتی، بـەڵام ئـەم گـەواهـیـانـەی نـووســەرە بـەکرێ گیراوەکان، لەسەرلاپەڕەی زێڕینی مێژووی ڕاستەقینەدا جێی خۆی کردۆتەوە ؟ بێگومان مـێـژوو ئـەوەمـان بـۆ ڕوون دەکـاتــەوە کە «ئەنەوشیروان» کوردی قەڵاچۆکرد، هەر لەو شاڵاوەشدا کە بۆ سەر بلوجستان کردی پتر لە صەدەها هەزارکەس کەوتنە بەردەمی تیژی شمشێری دەست و پێوەندانی « ئەنەوشیروان» کەوابێ ئەنەوشیروان ستەمکەرە نەک دادگەر، ئـەوانـەی ڕێـی ئـازادی لـە گـەلان بەربەست دەکەن و مافی مرۆڤایەتی بۆ میللەتانی بچووک بێ هێز قابیل نین، لە میللەتان بێ بەش و لە ڕەوشتی پیاوەتی بەدوورن و سەرئەنجامیان هـەر ئـەو بـەدبـەختی و کڵۆڵی یە دەبـێ کە «حەمەڕەضای پەهلەوی» دووچاری بوو، ئەو جانەوەرە دڕندەیە لای دابوو کە بەمل هوڕی و دیکتاتۆری و چنگ زەردی ئەتوانێ زیندەگانی جاوید بەدەست بهێنێ.. بەڵام هەرگیز ئەوەی بە بیرا نەدەهات کە خوایەک هەیە تۆڵەی «بێ هێز و کەم دەستان» لەزۆرداران و ستەمکاران وەر ئەگرێتەوە. چوار ساڵێ لەمەوبەر بوو کە ئەوبوو بەهۆی قەڵاچۆی چوارصـەد هـەزار کـوردی فریـوخـواردوی بە ئەوخـەڵـەتاو، کە ئەیەویست بـەنـاوی «ئـاری نـەژادی»یـەوە هەموویان لە بۆتەی نۆکەرێتی دا بتوێنێتەوە. بەڵام پەروەردگاری تۆڵە سێن هەم ئەو و هەم هاوبەشانی ئەوی لەو تاوانەدا خستە فاقەی تۆڵە و هەندێکیانی بەدەردی سەختەوە تلاندەوە و هەندێکیانی ڕەهەنەی وڵاتان کردووە، کە کونە مشکیان لێ بووە بە قەیسەری.. خوا گەورەیە تۆڵەی کـوردی خەباتکاری کۆس کەوتوو لە دوژمنانی تری جانەوەر ئاساش وەربگرێتەوە. جاویدان بۆ ئازادی و ئازادی پەرستان و مردن بۆمل هوڕان و دیکتاتۆران.

ڕۆژبەیانی

١٣٥٨/٣/٧

عەلی مەحمود محەمەد



# ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێکردن و دادگاییکردن

بەشی دووەم

**دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال**

ئێستا بڕیاری ٤٠٠٨ ئامادەیە، ناوچەکان دیاریکراون، کە ناوچە قەدەغەکراوەکانە، خەڵکەکەش لە ڕێی ئامارەوە جیاکراونەتەوە، ئەوانەی بەشدارییان نەکردووە، لە ڕێگەی هێزەوە نۆرەی کۆکردنەوەیانە لە ژێر ئاڵای پرۆسەی ئەنفال.

ئەنفال لەنێوان دوو سێشەمەی ساڵی ١٩٨٨دا ئەنجامدرا، کاتژمێر ٢:٢٥ی بەرەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٣-٢-١٩٨٨ بۆ نیوەڕۆی سێشەمەی ڕێککەوتی ٦-٩-١٩٨٨، بە ٨ قۆناغ و لە ٦ جوگرافیای جیای کوردستان.

ئەنفال ئۆپەراسیۆنی ماوە بەرفراوانی و سستەماتیکی ١٩٧ ڕۆژەی بە نەخشە بوو، نەک ئۆپەراسیۆنێکی کتوپڕی بێ بڕیار و نەخشە و بە ڕێککەوت، پێش دەستپێکی مەبەست هەبووە لە ئەنجامدانی، ئەویش سزادان و لەنێوبردنی بە کۆمەڵی ئەو مرۆڤانەی لە ناوچەیەکی جوگرافیای قەدەغەکراوی دەستنیشانکراو دەژێن، خەڵکەکەی پێشتر جیاکرابونەوە بۆ سزادان، خرانە دەرەوەی بازنەی ئامارکردنەوە و لە مافی هاوڵاتیبون بێبەش کرابوون و لە چوارچێوەی هاوڵاتی بوون سڕابوونەوە.

لەهەر ئۆپەراسیۆنێکی، هەر ٨ ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنفال یەکەی ئاسایشی ناوچەکە ئاگادار کراونەتەوە، لێبوردن ئەو خەڵکانە ناگرێتەوە، کە ناوچەکانیان کەوتووەتە سنووری ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو ئەنفالەی لەکاتی جێبەجێکردندایە. واتە پێش وەخت بڕیاری ئیعدامی بە کۆمەڵی هاووڵاتیانی جوگرافیاکە دراوە. وێڕای بوونی ئەم بڕیارانە سەرۆک جاشەکان خەڵکیان وەردەگرت و چەکیان پێدەکرێن، بەناوی پێشمەرگەوە تەسلیم بە هێزە ئەمنیەکانیان دەکردن، بەمەش ئۆباڵیان کەوتە ئەستۆیان، بەتایبەت ئەوانەی ڕاستەوخۆ مەفرەزەی تایبەتی ئەمن بوونە ئاگاداری بڕیارەکان بوونە. زۆرجاریش بەدرۆ بە خەڵکەکەیان گوتووە لێبوردن هەیە، کە تەسلیمیانیان کردووە، ئیدی خۆیان نەکردووە بە خاوەنیان.

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە سەرەتادا بەناوی (محەمەد ڕەسول اللە) ئەنجامدرا، دواتر لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەکدا، لە لایەن کەمال ساجد جەنابی سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراقییەوە، ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ئۆپەراسیۆنی ئەنفال، کە ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە و بە مانای دەستکەوتی جەنگ دێت،

**ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە سەرەتادا بەناوی محەمەد ڕەسول اللە ئەنجامدرا، دواتر لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی یەکدا، لە لایەن کەمال ساجد جەنابی سەرکردەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراقییەوە، ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ ئۆپەراسیۆنی ئەنفال**

بەڵام بە مەرجێک لەبێ باوەڕان و لە گۆڕەپانی جەنگدا بە دەست هێنرا بێت. بەمەش هەزاران مزگەوت و دەیان تەکیە و مەرقەد و ئارامگەی پیاوچاکان و ئەسحابەکان لە ژێر ناوی ئەنفالدا ڕووخێنران، ماڵە سەید زادە و شێخ زادە و مەلا و حاجی و پیاو چاکان و گیان بە دەستنوێژان تالان کران، تەنانەت زۆریان لەوکاتەی زۆر تێنوو بوونە ئەو ئاوەی هەیان بووە لە جیاتی ئەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بیخۆنەوە دەستنوێژیان پێ هەڵگرتووە.

بە وتەی سوڵتان هاشم فەرماندەی لەشکری یەک، خەڵکەکە دوای گرتنیان بە ئۆتۆمبێلی سەربازی گواسترانەوە بۆ دەزگای هەواڵگریی سەربازی لە کەرکووک و لەوێشەوە بۆ نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور، ئەوجا بۆ بەندیخانە و گرتووخانەی تۆپزاوە، لەوێوە بۆ دوبس و نگرە سەلمان، لاوەکانیش بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

> **"جەعفەر موسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتیی ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی بردراونەتە تۆپزاوا بە ٢٦٠٠٠ کەس دیاری دەکات"**

### کەمپی تۆبزاوا

کەمپی سوپای میلی تۆپزاوە، بەناوی گوندی تۆبزاوەی ١١کم باشووری خۆراوای کەرکووکەوە ناونراوە» لە ٣٢ هۆڵ پێک دەهات بە ڕووپێوی نزیک ٢میلی چوارگۆشەیە، بنکەیەکی مەشقی سەربازیی لێبووە، وەک ناوەندی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان بەکارهاتووە، ڕۆڵی ئاوشفیتزی جینۆسایدی جوولەکەی بینیوە، لێرەوە بەسەر شوێنەکانی دیکە دابەشکراون» ئەنفالکراوان لە ڕۆژێکەوە بۆ مانگێک لێرە ماونەتەوە، بە گوتەی ڕائیدی ئەمن سەباح حەمدانی تا ١٧٠٠٠ ئەنفالکراو لێرە و دوبس بوونە. وەلێ جەعفەر موسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتیی ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی بردراونەتە تۆپزاوا بە ٢٦٠٠٠ کەس دیاری دەکات».

بەپێی بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژمارە ٢٥١٦٣ی ڕێککەوتی ٢٩-١٠-١٩٨٨، کە بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناردووە دەڵێت: ٩٠٣٠ کەس لە ئەنفال کراوەکان، کە لە لایەن ئەوانەوە دەستگیر کراون، پێک دێن لە ٢٥٣٢ کەسی سەڵت و ١٨٦٩ خێزان، نێردراونەتە بارەگەی جەیشی شەعبی (مەبەستی سەربازگەی تۆبزاوەیە) تا ئێستە ئەمە تاکە بەڵگەنامەی بینراوی ئەمنی سلێمانییەوە لەسەر ناردنی خەڵک بۆ ئەم سەربازگەیە.

تۆبزاوا سێ گۆڕی بە کۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە، کۆی گشتیی ١٨٥ ڕوفات بوونە» یەکەم ١٠٥ ڕوفات، دووەم ٥٢، سێیەم ٢٨» بەشێکیان بە گوللە کوژراون، پێی دەچێت کۆمەڵکوژی گەنجەکان لێرەوە دەستی پێکردبێت.


جگە لە ئەنفالکراوانی ئەنفالی هەشت و کامپی سوپای میلی تکریت ئەنفالکراوانی داوێی گەرمیان و گەنجەکانی نێو سیمەکەی لەیلان و کۆمەڵێک لە ئەنفالکراوان یەکسەر بۆ ڕەمیکردن براون، کە هەر زیندانێک لە نێوان دوبس و کەرکووک نزیک ١٨٠ زیندانی تێدا زیندە بەچاڵ کراوە، ئەوانی دیکەش هەموویان هێنراونەتە تۆبزاوە و دواتر دابەش و پۆلێن کراون، هەندێکیشیان هەر لێرە یەکسەر کۆمەڵکوژ کراون، وەک لە ئەنجامی پشکنینی سێ گۆڕە بە کۆمەڵە هەڵدراوەکەی تۆبزاوا دەردەکەوێت.

### سەربازگەی دوبس

ژن و منداڵەکان لە تۆبزاوەوە، دوای جیاکردنەوەیان بردراون بۆ دوبس، زیندانەکە لە سەربازگەی فێرگەی شەڕکردنی دوبس بووە» لە ٣١کم باکووری خۆراوای کەرکووک و ٢٥کم باکووری حەویجە.

دوبس قەزایەکە لە پارێزگەی کەرکووک، لە ناوەندی قەزاکە سەربازگەیەکی کۆنی سوپای عێراقی لەنێو ماڵەکانی لێبووە، کە لە ٣٤ هۆڵ پێکهاتووە بە تێلبەندی بەرزی دڕکاوی دەورە دراوە، ئەم سەربازگەیە بۆ ماوەی نزیک لە حەوت مانگ لە ٨ی چواری ١٩٨٨ەوە تا کۆتایی مانگی ١٠ بەکارهاتووە، ژن و منداڵی ئەنفالی تێدا کۆکراوەتەوە، مەزەندە دەکرێت ٢٥٠٠٠ کەسی تێدا کۆکرابێتەوە .

بە گوتەی هیومان ڕایتس وچ «نزیک ٧٠٠٠ گیراوی لە خۆ گرتووە، کە بریتی بوونە لە ژن و منداڵ، مردنی منداڵان تێدا زۆر بووە، نزیکەی ٥٠ منداڵی مردووی تێدا دەستنیشان کراون» کە دواتر دەرکەوت ئامارەکەی هیومان ڕایتس وچ هەڵەیە. تەنیا ئەو گۆڕانەی نێژراون و دۆزراونەتەوە ١٠٣ ڕوفاتیان دەرهێنراوە «١٠١ منداڵ و ٢ ژن»


004869

به پێی
گوتەی مام ئەحمەد موختاری شارۆچکەی دوبس، ژمارەی منداڵە مردووەکان بە ٢٧٤ منداڵ مەزەندە کراوە و حاجی ئیبراهیم مەیت شۆر دەڵێت: ١٥٠ تەرم بە بانەوەم شوشتووە.

بەپێی گوتەی ئەبو ئەیمەن یەکێک لە بەرپرسانی ئەم سەربازگەیە تەنیا لە ڕۆژانی ٨ و ٩ و ١٠ی ئەبریلی ١٩٨٨دا، واتە ڕۆژێک دوای ئامادەکردن و پاککردنەوەی ئەو کۆنە سەربازگەیە، ١٠٣٢٢ کەس لە ژن و منداڵ هێنراونەتە ئەوێ، لەنێویاندا منداڵی پەراگەندەش هەبوونە، کە دایک و باوکیان بردراونەتە جێگەی دی.

هەروەها جەعفەر موسەوی سەرۆکی دەستەی داواکاری گشتیی ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی بردراونەتە دوبس بە نزیک لە ٢٦٠٠٠ کەس دیاری کردووە.

ئەنفالکراوان، بەپێی تەمەن و ڕەگەز بۆ چەند بەشێک پۆلێن و دابەش کراون، هەندێک جاریش گروپەکان تێکەڵ دەکران، ٥٠ بۆ ١١٠ساڵانەکان بردراونەتە نگرە سەلمان لە بیابانە گەرمەکانی باشووری عێراق.

نگرە سەلمان کۆنە زیندانێکە لە سنووری نێوان عێراق و مەملەکەتی عەرەبی سعودیە لە پارێزگەی سەماوەدایە، لەنێو بیابانێکی پان و بەرینی وشک و برینگی گەرمی ژینگە دۆزەخیدایە» بەهۆی شەپۆڵی گەرما و لمەکەیەوە، بەتایبەتیش لەو وەرزەی، کە ئەنفالکراوانی لێ بووە، لە ترۆپکی دۆزەخی خۆیدا بووە.

بێ بایەخترین پێداویستی ژیان لەو زیندانەدا نەبووە، منداڵان لە برسان مردوون و لاشەکانیان بە بەرچاوی دایکیانەوە سەگ خواردوونی، ئاوی پیس دەرخواردی خەڵکەکە دراوە، بە برسێتی هێڵدراونەتەوە، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان، داو دەرمان و پزیشکیان بۆ دابین نەکراوە، ئەشکەنجە و فەلاقە کراون، بە بەرچاوی خەڵکەکەوە پەلاماری کچانی گەنج دراون، تەنانەت مردووەکان گۆڕستانیشیان نەبووە، سووکایەتیکردن بە لاشەی مردووان لە نگرە سەلمان لە لووتکەدا بووە، مردووەکان تا بۆگەن نەبوونایە لە گۆڕ نەنراون، یان فڕێدەدران، تا سەگ بیان خوات، بێ کفن و مەراسیمی ئاییني نێژراون، دواتر سەگ دەریهێناون خواردوونی، نەک تەنیا لە زیندانەکان، بگرە لەکاتی گواستنەوەشدا لەنێو ئۆتۆمبێلەکانی مەرگدا منداڵ و نەخۆشەکان مردوون.

ئەوانەی بەر زیندانی نگرە سەلمان کەوتن زیاتر لە ٨٠٠٠ بۆ ١١٠٠٠ کەس دەبوون. بەگشتیی نزیک٦٤٠٠ کەسی ئەنفالکراو لەو شوێنە ڕزگاریان بووە» کە دواتر لە ئۆردوگەکانی عەربەت، کەلار، شۆڕش، باینجان نیشتەجێکران» جگە لە ئەنفالکراوانی بادینان، یاخود ڕزگاربووانی نێو مەڵبەندی لاوان لە دوز» کە نزیکەی ٤٠٠٠ زیندانی تێدا بووە» یان تەق تەق، کە هەندێکیان هەڵاتوون، یان بەر لێبووردن کەوتوون (لە دوز و تەقتەق هەندێک جاش خەڵکیان ڕزگار کردووە) یاخود ئەوانەی لە دوبس بەر لێبووردنەکە کەوتن، وەک نگرە سەلمان ئازادکران و هەموویان بە زیندوویی گەڕانەوە.

گەڕاوەکانی ئەنفال سێ یەکیان پیاون و زیاتر لە ٨٠٪یان تەمەنیان لە ١٠ ساڵ کەمتر، یان لە شەست ساڵ زیاتر بووە، زیاتر لە٢٠٪یان لە نگرە سەلمان بەهۆی ئەشکەنجەدان و نەخۆشییەوە گیانیان بەختکرد.

عەبدولقادر عەبدوڵلا عەسکەری، کە باوکی خاوەنی ٣٦ گوندی ناوچەی قەڵاسێوکە بووە، ئەم

“
**بێ بایەخترین پێداویستی ژیان لەو زیندانەدا نەبووە، منداڵان لە برسان مردوون و لاشەکانیان بە بەرچاوی دایکیانەوە سەگ خواردوونی**
”

> **"لەوکاتەی زۆر تێنوو بوونە ئەو ئاوەی هەیان بووە لە جیاتی ئەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بیخۆنەوە دەستنوێژیان پێ هەڵگرتووە"**

گۆپتەپەی بەرکەوتووە» بە گوتەی خۆی، ئەو بە تەنیا ٥١٧ مردووی لە نگرە سەلماند ژماردووە، هەرچەندە پێش ئەویش ئەنفالکراوان لەو زیندانە هەبوونە، چونکە ئەو، ئەنفالکراوی پرۆسەی ئەنفالی چوار بووە، ٤١ ڕۆژ دوای پرۆسەی ئەنفالی یەک.

هەروەها نەخۆشخانەی نگرە سەلمان لیستی ناوی ٩٣ کەسی مردووی لابووە، واتە ئەوانەی نەخۆشخانە یاداشتی کردوون، تەمەنیان لە چوار مانگەوە بۆ ١١٠ ساڵ بووە، ٤٠ کەسیان تەنیا لە ڕێککەوتی ١٩-٩-١٩٨٨ مردوون، ئەوانی دیکەش مردووی ١٤ ڕۆژی جیای دیکەن، لە ١٤-٦-١٩٨٨ بۆ ١٩-٩-١٩٨٨» ئەمەش قەبارەی مەرگ لەم سەربازگەیەدا دەردەخات.

سەلماندنی یاسایی مردن بە ئەنفالکراوان نەدراوە، ڕێورەسمی ئایینیان بۆ نەکراوە، گۆڕیان نەبووە، تەنانەت لەکاتی گواستنەوەی ئەنفالکراوانیشدا، لەنێو ئۆتۆمۆبێلە سەربازییەکاندا منداڵ لە دایک بووە، یان لەبار چووە، پیرو نەخۆشەکانیش مردوون.

## قەڵای سەربازی نزارکێ

خەڵکە دەستگیرکراوەکەی قۆناغی ئەنفالی هەشت، هەندێکیان یەکەم قۆناغیان کۆمەڵگەی دێرەلوک بووە، هەندێکی دی سۆری ژێرێ و کوانێ و قوتابخانەیەک لە سەرسەنگ، لە ئامێدیش مەرکەزی پۆلیس و سەربازگە و بارەگەی یەکێتیی مامۆستایان، لە زاخۆ کۆمەڵگەی بێرسفێ و هێزاواو و قەڵا سەربازییەکەی مانگێش، دواتر گواسترانەتەوە بۆ دوو مەڵبەندی کۆ کردنەوە، قەڵای سەربازیی نزارکێی دهۆک، ژن و منداڵەکانیش لە نزارکێوە بۆ بەندیخانەی سەلامییەی موسڵ «سەلامییە شارۆچکەیەکی بچووکە چەند میلێک لە باشووری موسڵەوە دوورە، لەسەر ڕۆخی خۆرهەڵاتی دجلە»

لە نزارکێ موسڵمانەکانیان بە دیوارێکی دابڕکەر لە کریستان و ئێزیدییەکان جیا کردۆتەوە، هەروەها گەنجەکانی نزارکێ جیاکرانەوە و بە ڕووتی و تەنیا بە دەرپێیەکی ژێرەوە بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی بردران بۆ شوێنێکی نادیار ئیدی نەبینرانەوە.

ژیان لەنێو قەڵاکەدا سەخت بوو، تەنیا لە دوو ڕۆژی مانگی ئەیلوولدا ٢٠ کەس لە نزارکێ مردوون، وێڕای کوشتن و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، کە لە لایەن شایەد حاڵەکانی هیومان ڕایت وۆچ-ەوە بینراون.

لەبەر ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکە لەگەڵ بڕیاری لێبووردنی گشتیی ژمارە ٧٣٦ی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٦-٩-١٩٨٨ یەکی گرتەوە، بۆیە هەموویان بەر کۆمەڵکوژییەکە نەکەوتن، ئەوانەی ڕەوانی قەڵای نزارێکێ و بەندیخانەی سەلامییە کرابوون، جگە لە گەنجە نێرینەکان وەک ئاماژەمان پێیدا پێش لێبوردنەکە بەبێ جلوبەرگ و بە دەرپێیەکی کورتەوە گواسترانەوە بۆ شوێنێکی نادیار، ئەوانی دی، ژن و منداڵ و پیرەکان ئازاد کران.

لێبووردنەکە زۆبەی کریستان و ئێزیدییەکانی نەگرتەوە و بە کۆمەڵ کوژران، بە بیانووی ئەوەی لێبووردنە گشتییەکە تەنیا بۆ کوردەکان بووە.


بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب
مجلس قيادة الثورة
رقم القرار/ ١٦٠
تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين، والفقرة (أ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور، وتنفيذا لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧.

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/٣/١٩٨٧ ما يلي:

اولا- يمثل الرفيق علي حسن المجيد، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة.

ثانيا- يكون للرفيق عضو القيادة القطرية، لتحقيق اهداف هذا القرار، صلاحية القرار الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية، وبوجه خاص الصلاحيات المخولة لمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال.

ثالثا- ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة منه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار.

١- المجلس التنفيذي لمنطقة كردستان للحكم الذاتي.

٢- محافظو المحافظات ورؤساء الوحدات الادارية التابعين لوزارة الحكم المحلي.




موحەممەد گەلاڵەیی

# بارودۆخی تەندروستیی لەقەزای ڕواندز ١٨٥٥-١٩٠٣

**پێشەکی:**

لەدوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتیی عوسمانیی بۆ کوردستان، بەتایبەتی دوای هەڵوەشاندنەوە و ڕووخاندنی میرنشینەکان بارودۆخێکی نوێ لە ئاستی جڤاکیی، تەندروستیی، ئابووریی، کارگێڕیی، سیاسیی و سەربازیی هاتەکایەوە، ئەم بارودۆخە نوێیە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بۆ کۆمەڵیی ڕواندز بەگشتیی هێنایە کایەوە، جڤاکیی ئەوکاتی ڕواندز لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتبوو، کە بەشی یەکەمیان: نیشتەجێی شاری ڕواندز بوون، بەشی دووەمیان: نیشتەجێی گوندەکانی ڕواندز بوون، بەشی سێیەمیان: کۆچەرەکان (ڕەوەندەکان بەشێوەزاری ناوچەی سۆران) ئەم دابەشبوونەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕواندز لە چوارچێوەی یەکەیەکیی کارگێڕیی بەناوونیشانی سەنجەقی ڕواندز لە ئەیالەتی بەغداد و دواتر شارەزوور دابووە، کە نزیکەی بیست و دوو ناحیە و ناوچەی جیاواز و هەروەها نزیکەی ٣٢٥



گوندی لەخۆگرتبوو، کە بەپێی خەمڵاندنەکانی خورشید پاشا لە سیاحەتنامەی سنووردا (حدود سیاحتنامەسی) دانیشتووانی ئەوکاتی سەنجەقی ڕواندز بە نزیکەی چل هەزار کەس دەخەملێنێت، بەڵام دوای لێکدانی ئەیالەتەکانی عێراق وەک: مووسڵ، بەسرا و شارەزوور لە چوارچێوەی ئەیالەتێکی نوێدا بەناوی (ئەیالەتی بەغداد لەگەڵ شارەزوور) لە دوای ٥ی ئەیلوولی ١٨٥٢زدا هەتا ١٨٦٢زدا سەنجەقی ڕواندز لەچوارچێوەی ئەو کارگێڕییەدا دەمێنێتەوە، بەڵام دوای دووبارە دامەزراندنەوەی ویلایەتی مووسڵ لە ساڵی ١٨٧٩زدا، قەزای ڕواندز دەبێتە قەزایەک لە چوارچێوەی سەنجەقی شارەزوور (کەرکووک) لە ویلایەتی مووسڵ تا کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە ساڵی ١٩١٨زدا لە باشووری کوردستان و هاتنی داگیرکاری ئینگلیز بۆ ناوچەی ڕواندز[١].

بەپێی زانیارییەکانی نێو قاموس ئەعەلامی شەمسەددین سامی (١٨٥٠-١٩٠٤) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دانیشتووانی شاری ڕواندز بەنزیکەی دە هەزار کەس دەخەملێنێت، کە لە هەمانکاتدا ڕواندز لەسەر شارێیەکی گەورەی بازرگانی نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی و قاجاری ئێرانی بووە و ناوەندێکی گەورەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی تووتن بووە، کە ڕواندز بە دووری ١٣٥ کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەڵاتیی ناوەندی ویلایەتی مووسڵ هەڵکەوتووبووە[٢].

بۆیە لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی دا گرنگییەکی لە ڕادەبەدەر بە پێگەی ستراتیژی ڕواندز دراوە، لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە ئیستانبۆڵ چەندەها بەڵگەنامەی جۆراوجۆر باس لە بارودۆخی تەندروستی قەزای ڕواندز دەکەن.

## ١

دوای هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی سۆران و گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتی عوسمانیی بۆ ڕواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران، دامەزراوە مەدەنییەکانی عوسمانیی بەشێوەیەکی سەرەتایی لەپاڵ دامەزراوە سەربازییەکان بەکارخران، لەوانە: دامەزراوەی تەندروستیی سەربازیش لە ڕواندزدا ئامادەیی هەبووە، لە نووسراوێکی قەڵەمی تۆماری وەزارەتی تەندروستیی عوسمانیی لە سەرۆکایەتی حکومەتی عوسمانیی کە بۆ موشیری تۆپخانەی شاهانەی عوسمانیی لە ڕواندز لە ٣ی تەشرینی دووەمی ١٨٥٥زدا نێردراوە، باس لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە ئیستانبۆڵ دەکات، ئەمەش دوای ڕۆیشتنی موراد ئەفەندی پزیشکی شاری موسڵ، بەڵام دوای ئەوەی موراد ئەفەندی لە شاری ئیستانبۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ شاری ڕواندز دەگوێزرێتەوە، کە مووچەکەی هەزار قورووش بووە، هەرچەندە ڕۆیشتنەکەی بۆ ئیستانبۆڵ بەشێوەی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بووە، بۆیە لە شوێنی ئەو لە شاری موسڵ دا کەسێکی دی بەناوی ئەسعەد ئەفەندی دامەزرێنراوە، ئەمەش دوای ناردنی نووسراو لەلایەن ئەنجوومەنی ویلایەتی موسڵ بۆ هەر یەک لە ئەنجوومەنی باڵا و گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی شاهانەی پزیشکی، هەرچەندە موراد ئەفەندی کە لە ئیستانبۆڵ بووە لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکەدا (پەتاکە) کە دیارینەکراوە چ جۆرە نەخۆشیی و پەتایەک بووە، بەڵام لەگەڵ پزیشکەکانی کەرەنتینەی[٣] مووسڵ ئامادەییان هەبووە و کاریان کردووە[٤].

## ٢

هەر لەم سەروبەندەدا و لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیی دا کێشەی ئاوی ڕواندز هاتووەتە بەرباس و بەدواداچوونی سەرۆکایەتی حکومەتی عوسمانیی بەتایبەتی قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان (مهمە مکتوبی) لە ١٥ی تەشرینی دووەمی ١٨٥٦زدا، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە، کە دانیشتووانی قەزای ڕواندز تووشی تەنگانەی زۆر بوونەتەوە و بەرنامەڕێژی کراوە، کە لە دووری پێنج کاتژمێر لە ڕواندز ئاو بە شارەکە بگەیێندرێت، ئەمەش دوای دابینکردنی خەرجی پڕۆژەی ئاوی ڕواندز لەلایەن قائیمقامیەتی ڕواندزەوە، کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانی عوسمانیی ڕەزامەندی لەسەر دراوە، لە هەمانکاتیشدا بە مایەی ڕێز و پادداشتی زانیووە، ئەمەش بەمەبەستی دابینکردنی ئاو بووە بۆ قوتابخانە و مزگەوتەکانی ڕواندز، بەتایبەتی ئەو فەقێیانەی لە ڕواندزدا خوێندوویانە[٥].


**"سەرەرای ئەم بارودۆخە گشتییەی قەزای ڕواندز لەڕووی تەندروستییەوە، کێشەی کۆمەڵایەتی کارمەندانی تەندروستی قەزای ڕواندزیش گەیشتووەتە ئیستانبۆڵ"**

## ٣

سـەرەڕای ئـەم بـارودۆخـە گشتییەی قـەزای ڕوانـدز لـەڕووی تـەندروستییـەوە، کێشەی کۆمـەڵایـەتی کارمـەندانی تـەندروستی قـەزای ڕواندزیش گەیشتووەتە ئیستانبۆڵ، وەک لە نووسراوێکی تۆماری قەڵەمی ویلایەتەکانی سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی دا بۆ قائیمقامیەتی قەزای ڕواندز عومەر پاشا لە ١ی تەشرینی یەکەمی ١٨٦٢زدا هاتووە، کە خێزانی عـومـەر ئـەفـەنـدی، کـە پزیشکی کـەرەنتینەی ڕایـات[٦] بووە لە قەزای ڕواندز بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاترە خێزانەکەی، کە ناوی ئامینە خانمە و کوڕێکی سێ ساڵانەی هەیە بەبێ هـەبوونی هۆکارێکی دیاریکراو بـەرەو شوێنێکی نادیار بەجێیهێشتوون، بۆیە خێزانەکەی داوای کردووە، کە بەپێی شەریعەت مووچەیەکی بۆ ببڕدرێتەوە، کە بارودۆخی ژیانی باش نییە، وەک نووسراوەکە ئاماژەی پێکردووە تا ئێستا یەک ئاقچەی[٧] بۆ سەرف نەکراوە[٨].

## ٤

لە چارەکی کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەمدا پەتا و نەخۆشی کوشندە لە سنووری پانوپۆڕی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بڵاوبووەتـەوە، کە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکێکی بیانی لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ١٨٨٤زدا کە بۆ کۆشکی یەڵدزی سوڵتانی عوسمانیی عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩ نێردراوە، باس لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی گومـاناوی لەنێوان ڕواندز و خانەقین کردووە، کە پزیشکێک بە نـاوی (مسیۆ لویچ) سـەردانی بەغدادی کردووە و دواتر ڕاپۆرتێکی نووسیووە، کە تێیدا باس لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە گوماناوییە لەنێو هۆزەکانی ناوچەکانی قەزاکانی بەدرە و زەرباتییە دا کردووە، هەر لـەم ڕاپۆرتەدا پرۆتۆکۆڵی خۆپارێزی و زانیارییەکانی دەربارەی پەتاکە لە ڕاپۆرتێکدا بۆ وەزارەتی تەندروستیی عوسمانیی بە وەرگـێـڕدراوی نـاردووە، ئەمە بێجگە لەوەی، کە سوپای شەشەمی عوسمانیی و فـەرمـاندەییـەکەی ئـاگـادار کـراونـەتـەوە، کە سەربازی پێویست بۆ ئەو شوێنانە بنێردرێت،




کە نەخۆشییەکەی تێیدا بڵاوبۆتەوە ئەمەش بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە گوماناوییەکە، هەر بۆیە ئەمە دوای پێدانی ڕێنمایی خۆپارێزی لـەلایـەن ئـەنجوومـەنی تـەندروستیی ویلایـەتی بەغداد بۆ دکتۆر لویچ، بـەڵام دوای گـەیشتنی دکتۆر لویچ بۆ ئـەو شوێنە پێویست بـووە کە سـەربازەکانی عوسمانیی هـەموو ڕێنماییەکانی ئەو جێبەجێبکەن[٩].

بـەڵام دوای پێنج سـاڵ لـە ئـامـاژەدان، کە نەخۆشییەکی کوشندەی گوماناوی لەنێوان ڕواندز و خانەقیندا بڵاوبۆتەوە، ئەوا لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٨٨٩زدا پەتای کۆلێرا لە قەزای ڕواندز و لەسەرانسەری ویلایەتی مووسڵی عوسمانییدا بڵاوبۆتەوە، بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ کە بۆ سـەرۆکی نووسـەرانی کۆشکی سوڵتانی عوسمانیی ناردووە و تێیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لە ڕۆژی ٣٠ی تەشرینی یەکەمی ١٨٨٩زدا نزیکەی ٣ کەس بە کۆلێرا لە ڕواندز دا مردوون و چوار کەس پشکنینیان بۆ کراوە و تووشبوون بە پەتای کۆلێرا[١٠].

وادیـارە لەماوەی ١١-١٢ی تەشرینی دووەمی ١٨٨٩زدا کۆلێرا لە قەزای ڕواندز کاریگەرییەکانیی کەمتر بۆتەوە و بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتـی ناوخۆی عوسمانیی بۆ سـەرۆکی نووسـەرانی سوڵتانی عوسمانیی ئاماژەی بەوە کردووە کە پەتاکە (کۆلێرا) بەتەواوی سەریهەڵنەداوەتەوە[١١].

**"شاری ڕواندز و دەوروبەری لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە لە یەک ئاست دابوونە"**



بەڵام وەک ئاماژەی پێکرا لە پەتاکەی نزیک بە دوانزە ڕۆژی پێشووتردا نزیکەی ٣ کەس بە کۆلێرا لە ڕواندز مردبوون.

## ٥

لە ناحیەکانی قەزای ڕواندزدا نەخۆشی و پەتای کوشندە بڵاوبۆتەوە، وەک لە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی ناوخۆیی عوسمانیی لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٨٩٢زدا، ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تای کوشندە لە ناحیەی باڵەک دا کردووە[١٢]، لەهەمانکاتیشدا لە ناحیەی کفری (سەڵاحییە) بۆیە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانیی زانیاری خستۆتەڕوو، کە ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتای تای کوشندەیە کراوە، هەروەها موتەسەریفی شارەزوور(کەرکوک) زانیارییەکانی بە ئەنجوومەنی باڵای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی داوە، هەروەها ویلایەتی مووسڵیش تەواوی زانیارییەکان دەربارەی پەتای تای کوشندە لە ناحیەی باڵەک(باڵەکایەتیی) بە وەزارەتە پەیوەندارەکانی عوسمانیی لە ڕێگەی تەلەگرافنامەوە گەیاندووە[١٣].

هەر لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا باسوخواسی کارمەندانی تەندروستی قەزای ڕواندز گەیشتۆتە کۆشکی یەڵدزی سوڵتانی عوسمانیی (عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩) کە نووسەری کەرەنتینەی خاڵی سنووری عوسمانیی لە گوندی ڕایات لە ناحیەی باڵەک(باڵەکایەتیی) سەر بەقەزای ڕواندزدا، ڕەزامەندی سوڵتانی عوسمانیی بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج لەساڵی ١٨٩٤زدا بەدەستهێنابووە، کە ناوی (حاجی عەبدولحەلیم ئەفەندی) بووە، ویستویەتی مۆڵەتی پێبدرێت بۆ ئەوەی لە پێش مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٨٩٤زدا بەرەو خاکی حیجاز بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج بەڕێبکەوێت، تا لە مانگی زیلحیجەی هەمان ساڵدا فەریزەکەی ئەنجامبدات، بۆیە لە ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤زدا، سورەیای سەرۆکی نووسەرانی کۆشکی یەڵدز فەرمانەکەی دەرچوواندووە و ڕەزامەندی سوڵتانی بە ناوبراوی ڕاگەیاندووە[١٤].

> **بەپێی زانیارییەکانی نێو قاموس ئەعلامی شەمسەددین سامی ١٨٥٠-١٩٠٤ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دانیشتووانی شاری ڕواندز بەنزیکەی دە هەزار کەس دەخەمڵێنێت**

هەربۆیە لەنووسراوێکی دیکەی کۆشکی سوڵتانی عوسمانیی (یەڵدز) بۆ وەزارەتی تەندروستیی عوسمانیی لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤زدا داوای کردووە کە مۆڵەتەکەی نووسەری کەرەنتینەی ڕایات لە قەزای ڕواندز بەزوویی جێبەجێبکرێت، چونکە ناوبراو لەپێش مانگی ڕەمەزاندا دەیەوێت سەفەری خاکی حیجاز بکات بۆ بە ئەنجام گەیاندنی فەریزەی حەج[١٥].

## ٦

سەرەڕای ئەوەی، کە کاربەدەستانی عوسمانیی لە قەزای ڕواندز بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی ڕوویان لە شارە گەورەکانی سەردەمی عوسمانیی وەک بەغداد کردووە، بۆ نموونە: قائیمقامی ڕواندز چووەتە شاری بەغداد و بۆ ماوەی مانگێک ماوەتەوە، وادیارە وەرگرتنی چارەسەرییەکەی تەواو نەبووە، وەزارەتی ناوخۆی عوسمانیی ماوەی مانگێکی دی بۆ درێژکردۆتەوە، کە چارەسەرییە پزیشکییەکانی لە بەغداد تەواو بکات، ئەمەش دوای بەرزکردنەوەی نووسراوێک بە ژمارە ١٧٣ لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٨٩٤زدا، بۆیە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانیی لە ٢٥ی شوباتی ١٨٩٤ ویلایەتی مووسڵی ئاگادارکردۆتەوە لە پێدانی ڕەزامەندی بەناوبراو، بەتایبەتی دوای پەسەندکردنی داواکاری عارف ئەفەندی قائیمقامی ڕواندز لەلایەن وەزارەتی ژمێریاری عوسمانییەوە[١٦].

سـەرەڕای ئەمە کێشەی دیش هەبووە، وەک قائیمقامێکی ڕواندز بەناوی (شەریف ئەفەندی) دوای ئەوەی نەخۆش دەکەوێت بەرەو ئیستانبۆڵ دەڕوات بۆ وەرگرتنی چارەسەر، کە دوای ئەوەی ویلایەتی مووسڵ حکومەتی عوسمانیی (بابولعالی) لە ١٧ی ئابی ١٩٠٢ بە نووسراوی ژمارە (٧٠) ئاگادار کردووەتەوە، کە قائیمقامی ڕواندز داوای بەزەیی کردووە، بەڵام دوو هەفتەی پێشتر لە ٦ی ئابی ١٩٠٢زدا بە تەلەگراف داوایەکی پێشکەش کردووە، کە بۆ قەزایەکی نزیک لە ئیستانبۆڵ بگوازرێتەوە بەهۆی ئەوەی، کە لەگەڵ کەشوهەوای ڕواندزدا لێرانایێت و ئاوێتەی ناوچەکە نابێت، بڕیاردراوە کێشەی ناوبراو چارەسەر بکرێت، بۆیە داواکارییەکەی بڕیاری لەسەر دەدەرێت، کە بەکارهێنانی ناوبراو وەک فەرمانبەرێکی دەوڵەت لە ویلایەتی مووسڵ دا سوودی نابێت[١٧].

## ٧

بارودۆخ و گوزەرانی کارمەندانی تەندروستیی لە قەزای ڕواندز یەکێکی دی بووە لە باسەکانی نێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیی، وەک لە نووسراوێکی ویلایەتی بەغداد بەژمارە (٨٧) کە لەلایەن موشیری سوپای شەشەمی عوسمانیی و بریکاری والی بەغداد بۆ وەزیر و وەزارەتی ناوخۆی عوسمانیی لە ١١ی ئەیلولی ١٩٠٣زدا ناردووە، تیبدا باس لە کۆچی دوایی (ریمان ئاغای) پاسەوانی کەرەنتینەی ڕواندز دەکات، کە خێزانەکەی بۆ ماوەی سێ ساڵە هیچ مووچەیەکی هاوسەرە کۆچکردووەکەی (ڕیمان ئاغا)ی وەرنەگرتووە کە نزیکەی ٣٠ قورووش بووە[١٨]، هەروەها ئەوە بیردەهێنێتەوە کە لە ڕۆژی ١٢ی تەشرینی دووەمی ١٩٠٠ز دا نووسراویان دەربارەی بارودۆخی هاوسەرەکەی ڕیمان ئاغا کردووە، وەڵامیان نەدراوەتەوە، کە ناوبراو بارودۆخێکی خراپی لەڕووی ژیانکردنەوە هەیە، بۆیە داوای کردووە کە لەسەر ئەو داواکارییەی کە لە ١٢ی تەشرینی دووەمی ١٩٠٠ لەلایەن خێزانەکەیەوە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانیی کرابوو بڕیاری لەسەر بدرێت[١٩].

بەڵام لەنێو بەڵگەنامەکاندا ئەنجامی ئەم دۆسییە و داواکاری ئەم ژنە یەکلاینەکراوەتەوە!

بۆیە بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی تەندروستی قەزای ڕواندز لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە بارودۆخێکی خراپ لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵی ڕواندزدا بووە، هەر بۆیە شایانی لێکۆڵینەوەی زیاتری زانستییە، بەتایبەتی لە بنج و بناوانکردنی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە وڵاتی تورکیادا.

**ئەنجام:**

یەکەم: شاری ڕواندز و دەوروبەری لەڕووی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە لە یەک ئاست دابوونە، بەتایبەتی لە نەبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی دا، هەرچەندە دەسەڵاتی ناوەندییتی عوسمانیی بەشێوەیەکی زۆر بەهێز بەڕێگەی چارەسەری سەربازی لەدوای ڕووخاندنی میرنشینی سۆران سەپێندرابوو، هێدی هێدی دەسەڵاتەکەی بەهێزتر دەبوو.

دووەم: ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بەشێوەیەکی زانستیانە نەیتوانیوە، چارەسەری پزیشکی و خزمەتگوزاری تەندروستیی بۆ هاووڵاتیانی قەزای ڕواندز، کە ژمارەیەکی گەورەی دانیشتووانی هەبووە دابین بکات، بەتایبەتی ناحیە و گوندە دوورە دەستەکانی قەزای ڕواندز کەمترین خزمەتگوزاری تەندروستیان پێشکەشکراوە، لەهەمانکاتیشدا کەمترین زانیاری تەندروستی دەربارەی ناوچەکانیان تۆمارکراوە.

سێیەم: بەرپرسانی یەکەمی عوسمانیی لە قەزای ڕواندز، بۆ وەرگرتنی چارەسەریی پەنایان بۆ شارە گەورەکانی دیکەی عوسمانیی وەک بەغداد و دواتر ئیستانبۆڵ بردووە، کە ئەمە کێماسییەکی گەورەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بەدەردەخات کە نەیتوانیوە چارەسەری پزیشکیی و خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشکەشی کاربەدەستەکانی بکات، ئەمەش وەک نەریتێک لەلای بەرپرسانی خاکی عوسمانیی ماوەتەوە، هەتا دوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتی و ئەو دەوڵەتانەی، کە لەسەر خاکی عوسمانیی لە دوای

**“ لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانیی دا کێشەی ئاوی ڕواندز هاتووەوتە بەرباس و بەدواداچوونی سەرۆکایەتی حکومەتی عوسمانیی، بەتایبەتی قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان مهمه مکتوبی ”**

شەڕی یەکەمی جیهانی دا بنیاتنران، تا ئێستە بەرپرسە باڵاکانی ئەم دەوڵەتانە بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکیی ڕوو لە وڵاتانی ئەوروپا دەکەن، ئەمەش لەبەرئەنجامی بڵاوبونەوەی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی کارگێڕیی، تەندروستیی، سەربازی عوسمانیی ئەوکاتدا بوو، لە ئێستایشدا بە جیاوازییەکی زۆرتر نەک کەمتر ئەم ڕەوشە خراپەی تەندروستیی بەردەوامی هەیە.

چوارەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کاربەدەستان و کەسوکاری لێپرسراوانی تەندروستیی لە قەزای ڕواندزدا گرنگی پێدراوە، هەرچەندە بۆ هەموو سکاڵاکان، کە پێشکەشی حکومەتی عوسمانیی لە ئیستانبوڵ کراون لایبان لێنەکراوەتەوە، بەڵام پەرەسەندنێکی باشی کۆمەڵایەتی و خراپی دۆخی ئابووریی کەسوکاری کارمەندان و پزیشکانی کەرتی تەندروستیی قەزای ڕواندز دەردەخات.

پێنجەم: هەبوونی کێشەی ئاو بۆ ناوەندی قەزای ڕواندز و چارەسەرکردنی لەسەر داهاتی قەزاکە، لە سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، مایەی بایەخپێدانێکی گەورەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی بووە، چونکە ڕەزامەندی سەرۆک وەزیرانی عوسمانیی ویستووە، بەڵام مێژوو‌ییەکی ورد لەسەردەمی مێژووی نوێی کورد دا دەخاتەڕوو، کە مێژووی کێشەی ڕواندز بۆ سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، لەهەمانکاتیشدا چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی ڕواندز هەر بۆ خەڵکەکەی نەبووە، بەڵکو بۆ فەقێ و خوێندکارەکانی قوتابخانەی ئایینی شاری ڕواندزیش بووە، کەواتە دابینکردنی ئاو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بۆ شاری ڕواندز هەم بۆ خەڵک بەگشتی و قوتابیانی خوێندنی ئایینیش بەتایبەتی، کە ئەمە پەرەسەندنێکی ئەرێنیی بووە بۆ ئاوڕدانەوە لەکەرتی خوێندەواری و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆی لە نزیک ١٧٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ.

*** بۆ نووسینی ئەم وتارە زانستییە، سوودمان لەم سەرچاوە سەرەکییە وەرگرتووە، د.نەوزاد یەحیا باجگر (ئامادەکردن و پێشکەشکردن) ڕەواندز لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیی دا ١٢٦٢-١٣٣٧کۆچی- ١٨٤٦-١٩١٩زایینی، وەرگێڕانی: ئاشتی ڕەحمان، بەرگی پانزدە، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان- خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٤٥، ٥٠، ١١٧، ١٣٤، ١٤٣-١٤٤، ١٥٧، ١٥٩، ١٦٤، ١٧٠، ٢١٣.**

**لیستی سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم توێژینەوەیە: محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵەیی: قەزای ڕواندز لە ساڵنامەکانی عوسمانیی دا ١٨٦٢-١٩١٢، لە پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی (ڕواندز و پێگەیێکی ژیاری بەدەوڵەتبوون لە مێژووی کورد دا) ڕواندز ١٩-٢٠ی ئایاری ٢٠١٦زدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٢٢٩-٢٤٨.

(٢) قامووس ئەعلامی شەمسەددین سامی: کورد و کوردستان لە یەکەمین ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا، م. ئەمین بۆز ئەرسلان (وەرگیڕان بۆ سەر زمانی تورکی نوێ و پێشەکی و پەراوێز) و: ئەحمەد تاقانە (وەرگێڕان بۆ کوردی) دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٠٩.

(٣) کارەنتینە (Qurantina): لە ڕیشەدا وشەیەکی ئیتاڵییە، بەمانای (چلەمیین) دێت، بۆ ئەو کەسانە بووە کە لە دەرەوەی شوێنێک، یان وڵاتێکی دی هاتوون، گومانی هەڵگری نەخۆشی درمی و گوازراوەیان لێکراوە، بۆیە لە بنکەیەکی تەندروستی بۆ ماوەی چل ڕۆژ دەهێڵرانەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن تەندروستیان چاکە و هەڵگری نەخۆشی گوازراوە نین. دوای ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکیەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانەوە: د.حسان حلاق و د.عباس صباغ: المعجم الجامع في المصطلحات العثمانية، دار النهضة العربية، بيروت-لبنان،ط١، ٢٠٠٩، ص١٩٠.

(4) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.MKT.NZD.1691-48/.

(5) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.MKT.MHM.1011-74/.

(٦) گوندی ڕایات: لە ئێستەدا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی حاجی ئۆمەران لە قەزای

چۆمان لە پارێزگای هەولێر دایە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا، لە سەرەتای سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی ناوەندی ناحیەی باڵەک بووە، بەهۆکاری ئەوەی، کە یەکەم خاڵی سنووری بوە لەگەڵ دەوڵەتی صەفەوی و دەوڵەتەکانی دی وەک: ئەفشاری و زەندیو قاجاری، کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی صەفەوی لە ئێران حکومڕانیان کرد، لە گوندی ڕایات کەرەنتینەی دەوڵەتی عوسمانیی هەبووە، ئەمە بێجگە لەوەی قەڵایەکی گەورەی سەربازی هەبووە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی و دواتر لەسەردەمی میر موحەممەد پاشای ڕواندز قەڵایەکی پتەوی لە ڕایات دروست کردوە، هەروەکو مسیۆنێری ئەمەریکی جەستن پێرکنس لە ٤ی ئایاری ١٨٤٩ لەبارەی قەڵای ڕایات نووسیەتی، کە قەڵایەکی پتەوی سەربازی بووە و لەلایەن میر موحەممەد پاشای ڕواندز بونیاد نراوە، بەڵام مێژووی گواستنەوەی ناوەندی ناحیەی باڵەک لە گوندی ڕایات بۆ گوندی گەڵاڵە دیار نییە، لە زۆربەی نەخشەکانی دەوڵەتی عوسمانیی گوندی ڕایات نووسراوە، هەروەها لە نەخشەی گەڕیدەکان و نەخشەی ئینگلیزەکان و دەوڵەتی عێراق لە سەدەی بیستەم دا، هەتا ساڵی ١٩٦٣ قەڵای ڕایات وەک پێگەیەکی سەربازیی گرنگ تەماشا دەکرا، بۆیە مسیۆنێری ئەمەریکی بەمشێوەیە باس لە قەڵای ڕایات دەکات: قەڵایەکی بەهێزی هەیە، کە لە بەرد و قسڵا دروستکراوە، وەکو زۆربەی گوندەکانی دی ئەو دۆڵە، کە ڕاستیەکەیەتی، کە پێویستیەک بوو لەو شارۆچکەیەدا، قایمکاری کارێکی لە پێشینە بووە، لە ماوەی پانزە ساڵ، یان بیست ساڵی ڕابردوو لە لایەن محەمەد پاشا یان میری کۆرە (Koor Meer) کە بەوە ناسراوە خەوش و کەمووکوڕی لە یەکێک لە چاوەکانی دا هەیە، هێزە گەورەکەی ڕوزاندز یاخی بوونی خۆی لە حکومەتی سوڵتانی دوژمن ڕاگەیاندبوو، کاولکاری بە هەموو شوێنێکی کوردستان بڵاوکردبۆوە، ترس و تۆقاندنی بەنێو هەموو هاوسنوور و پارچەکانی دی تورکیا و فارس بڵاوکردبۆوەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوەیە:

Justin Perkins(١٨٥١): a Tour from Oroomiah to Mosul، through the Koordish Mountains، and a Visit to the Ruins of Nineveh، Journal of the American Oriental Society، Vol. ٢ (١٨٥١)، pp. ٦٩+٧١، ١١٩،٨٥.

(٧) ئاقچە: لەبنەڕەتدا وشەیەکی تورکییە، بەمانای پارەی زیوی سپی دێت، وشەی ئاق، واتە سپی، پاشگری (چە-çe.ça) وەک ئاوەڵناوێک مانای سپی بوونی پارەکە تەواو دەکات، کە ماددەی زیوی بەسەریدا زاڵ بووە، ئاقچە؛ دراوێکی عوسمانیی بووە، لەسەردەمی سوڵتان ئۆرخانی کوڕی سوڵتانی عوسمانیی یەکەمی دەوڵەتی عوسمانیی کە لەماوەی ١٣٢٦-١٣٦٠ حوکمڕانی دەوڵەتی ناوبراوی کرد، سکەی ئاقچە وەک دراوێکی عوسمانیی لەنێوان ساڵانی ١٣٢٨-١٣٢٩ لێدرا، کە کێشی ئاقچە بەرانبەر بە پێنج قیرات و سێ دەنک زێڕ بووە، یان چارێگە مسقالێکی زێڕ بووە، کە بە پێوەری ئەمڕۆ چوار گرام و ٦١٨ میلیگرام بووە، هەر سێ ئاقچەیەک دەیکردە یەک (پارە) و هەر چل (پارە)یەک دەیکردە یەک قروش، هەر سەد قروشێک دەیکردە یەک لیرەی زێڕی عوسمانیی، کەواتە: هەر(١٣٣٣) هەزار ئاقچە دەیکردە یەک لیرەی زێڕ، هەروەها دراوی ئاقچە بە (ئسپیر)یش ناوزەد دەکرا، ئەم دراوە زیاتر لە باجی ئەو زەویانەی سەربازەکانی عوسمانیی وەردەگیرا، کە بە سیستەمی (تیمار) لە دەوڵەتی عوسمانیی ڕێکخرابوو، لەهەمانکاتیشدا دراوی ئاقچەی ناردکراوی (اقچە الارسالیة)ی وڵاتی مصریش هەبوو، کە داهاتی ساڵانەی بە نەختینەیی بۆ سوڵتانی عوسمانیی دەنارد، هەروەها دراوی ئاقچەی خەزێنەی هەمایۆنیش لە شاری بۆرسە هەبووە، کە پارەکانی بۆ سوڵتانی عوسمانیی دەنارد. بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوانە: د.حسان حلاق و د.عباس صباغ: المصدر السابق، ص ١٣. و حبیب تومی: معجم الألفاظ المحكية المشتركة بين العربية والكردية والتركية والفارسية، ط١، منشورات دار اراس للبطاعة والنشر، أربیل، ٢٠١١، ص ٣٥.

(8)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):A.MKT.UM.6072-6/.

(9)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):Y.A.HUS.1781-5/.
(10)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):DH.MKT.167453/.
(11)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):DH.MKT.167730/.

(١٢) ناحیەی باڵەک(باڵەکایەتیی): باڵەکایەتیی ناوچەیەکی جیۆگرافییە لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەولێر لە هەرێمی کوردستان-عێراق دا هەڵکەوتووە، کە سنوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لە باکووری خۆرهەڵاتەوە (گوندی شیوەڕەش)ە، کە هاوسنووری خۆرهەڵاتی کوردستانە، لە باشوورەوە (پردی حافیز) لە سنووری ناوخۆیی قەزای ڕواندز جیای دەکاتەوە، لە خۆرهەڵاتەوە بە (دۆڵی باڵەییان) بەسەر سنووری هۆزی ئاکۆ و قەزای ڕانیە دەبەستریتەوە، لە خۆراواشدا لە (زینەبێشێ) لەگەڵ هۆزی برادۆست هاوسنوورە، باڵەکایەتیی لە پێنج دۆڵی فراوان پێکهاتووە، کە ئەمانەن: دۆڵی باڵەییان، شیوەزوور، سەکرایەتی، وێڵزە و ڕۆستێ، لەسەردەمی عوسمانییەکاندا، کە ماوەی چوارسەد ساڵە، شێوەی پێکهاتنی کارگێڕیی زۆر گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، کە بۆ یەکەمجار لەسەدەی شانزەهەمدا ناوی باڵەکایەتیی بە (بالک جماعتک) واتە: کۆمەڵی باڵەک، یان کۆمەڵی باڵەکایەتیی هاتووە، کە سەر ئەیالەتی شارەزوور بوونە، ناوەندی ئەم ناوچەیە گوندی ڕایات بووە، دواتر گەلاڵە لەدوای ساڵانی ١٨٨٠کانەوە بووەتە ناوەندی بەڕێوەبردنی ناوچەی بالەکایەتیی، چونکە بەپێی بەڵگەنامەکانی عوسمانیی لە ساڵی ١٨٨٧زدا هێڵی تەلەگراف لە کەرکووک بۆ ڕانیە ئینجا باڵەکایەتی گەیشتووەتە گوندی گەلاڵە، کە ناوەندی ناحیەی باڵەک(باڵەکایەتیی) بووە، تا کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی ژمارەی گوندەکانی نزیکەی (٦٠-٦٥) گوند بووە، ئەم ناوە (ناحیەی باڵەک) تا هێنانەکایەی (استحداث) قەزای چۆمان لە ٥ی تەمموزی ١٩٧٠زدا دەمێنێتەوە، دواتر ناوی ناحیەی باڵەک بۆ ناحیەی گەلاڵە دەگۆڕدرێت، ڕاگواستنی تەواوی گوندەکانی ناوچەی باڵەکایەتیی لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٣زدا، کە لە ئێستەدا تێکڕایی ژمارەی گوندەکانی دەگاتە نزیکەی (٩٢) گوند. باڵەکایەتیی خاوەنی شاڕێیەکی بازرگانیی نێوەدەوڵەتییە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، لە شۆڕشەکانی کوردستان دا پێگەیەکی ستراتیژی و نیشتمانی هەبووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕواننەوە ئەم سەرچاوانە:
محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵەیی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩-٢٤٨. و مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی (نووسین و کۆکردنەوە): ڕواندز، باڵەک، برادۆست، ئامادەکردن و پێداچوونە: زرار محەمەد مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی هاوڕێیانی کتێب، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٠٢-١٠٣.

(13)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):DH.MKT.202695/.
(14)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):I.HUS.2059/.
(15)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):BEO.35126265/.
(16)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA):DH.MKT.2101-12/.
(17)Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): BEO.19854-148843/.

(١٨) قوروش یان پیاستەر(قرش): دراوێکی زیوی عوسمانیی بوو، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٨٨زایینی دا لێدرا، سەرەتا کێشی شەش درهەم بوو، هەر درهەمێکیش نزیکەی سێ گرام بوو، بەڵام دواتر کێش و نرخی لەبەرانبەر دراوەکانی دی گۆڕانی زۆری بەسەر داهات، هەروەها وشەی قرش لەلای ئەورووپییەکان وشەی (پیاستەر)ی لەبەرانبەر بەکاردەهێنرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوەیە: د.سەعدی عوسمان هەروتی(٢٠١٤): کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییەکاندا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی مێژوویی کوردستان، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.ل.٦٠.

(19) Osmanlı Arşivi Daire Başbakanlığı(BOA): DH.MKT.7751-60/.

*** مامۆستا لە بەشی مێژووی فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران.**

# ئەدەب

- **تێگشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خود (بەشی دووەم)**

عەلی شێخ عومەر

- **(١٠) هەناسە شیعر**

هێدی گەلاڵی

- **گەشتی کوێستان**

ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا

# تێکشکاندنی دەق و فانتازیای لەتبوونی خود

عەلی شێخ عومەر

بەشی دووەم

ڕۆمانووس تەکنیکی کەرت کەرتبوونی گێڕانەوە، گرێچنی ڕووداوەکان بە شێوازێکی کرنۆلۆجی پەیرەو ناکات، کەرتبوونی خود، لێرەی غەریبی، لەوێی زێدی خۆی نۆڕمێکی پاسیڤ ئیستەی گێڕانەوە بە ڕابردووی پڕ کارەساتەوە گرێدەدات.

تەنانەت، کە لە بەشی چوارەمی ڕۆمانەکەشدا، کۆپلەیەکی «فەرهاد شاکەلی» دەکاتە دەسپێکی ناونیشانی هەڵۆ و هاوسەرەکەی، واتە دایکی کارا.

کارا پاشبەرەیە، لەو نامۆبوونەدا هەرچەندە بە جەستە لە ئیسکندنافیایە، وەلێ بەڕۆح لە کەرکووکە، لە هەر دیمەنێکی ئێرەی نامۆبوون، ئەوێی بیردەکەوێتەوە، لە ماڵەوە لەهەر بەرکەوتن و باسکردنێکدا لەتەک دایکی کارا دا، دێتەوە سەر گێڕانەوەی خەسڵەتی شوێنێکی کەرکووک، وەک خری خاسە، قوری پاپیلان، قەرەتەپە، یان باس لە قەیسەری کەرکووک دەکات، تۆی ڕێحانە ڕەشەی لەوێ کڕیوە هێناویەتی بۆ ئێرە، چۆن خۆی لێرە گیرساوەتەوە ڕێحانەش لێرە دەنێژێ، بەڵام نە ڕێحانە تاموبۆ و ڕەنگی ئەوێی هەیە، نە ئەمیش ئەوێی ئەوێیە، هەستەکان ڕەنگ ئاسای ڕێحانەکان تۆختر بوون ، لە تۆخبوونەوە و زەقبوونەوەی هەستەکاندا، ناتوانێت وێنەی زوڵم و ستەمی بەعسییەکان لە تابلۆی خەیاڵدا کاڵبکاتەوە، لەتەک دایکی کارا-دا باس لە تەختکردنی نزرگەی وەکاشەی نێو ساڵەیی و ئۆمەرمەندانی نێو شوان دەکات، باس لە تەقاندنەوەی ئۆجاغی ڕێگەی نێوان کەرکووک و لەیلان دەکات، لە هەمان کاتدا وەک دیکۆمنتاری، بەڵگەیەکی فەرمی بەعس کوتومت هەروەک خۆی نووسینەکە دەخاتە بەر دیدە، ئەم بەڵگەیە گەواهێکی مێژووییە بۆ گۆڕین و ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی لە کۆردبوونەوە بۆ بە عارەبوون، کۆگیری هەڵۆ و دایکی کارا بە پاشخانێک موتربەکراوە، کە دیاردەکانی ژیانی خۆراوا نەبووەتە ئەلتەرناتیڤی کارا، قەرەبووی یادەوەری و ژیان و ڕەفتاری کوردانەی لە بیربەرێتەوە، فەراهەمکردنی دونیایەک بە ڕازاندنەوەی مۆڵگە و شوێنی حسانەوە، کردنی ماڵ بە نیشتمانێکی بچووککراوەی زێدی خۆی بە هێنانی تۆی ڕێحانەڕەشە و چەندین جۆری درەختی خۆماڵی جۆرێکە لە پاراستنی کلتور و ژیانی کوردەواری، سەبورییەکە نیشانەی خۆشەویستی و ئەمەگە بۆ نیشتمانی یەکەم، بوونی ئەوان لە هەندران، مامەڵەکردن بە بیرۆکە و نووسینی ئەم ڕۆمانە، بە ڕۆحێکی کوردانە، دەرخەی خۆجیاکردنەوەیە لە ڕۆحی خۆراوا، قسە و سوعبەتیان، هەڵسوکەوتیان، گۆشەنیگای بیرکردنەوەیان، ئەندێشە و خەیاڵیان لە شوێنێکی دیکەیە، بەرگرییە لە ژیانی کوردەواری، خۆ تازەکردنەوەی وێنەی خودە لە ئاوێنەیەک لەوە بەهێزترە، کە تەڵخ و ناشرین بێت، بە ڕووخسارەکانی گومان.

لە گەشتی پێنجەمدا ڕوو لە سەباح ڕەنجدەر-ی

شاعیر دەکات به دێره شیعرێک لەتەک بابەتی گێڕانەوەدا ڕێکی دەخات، ئەوەی ناسنامەی ئەم تێکستە دیاری دەکات زۆروبۆری ڕەگەز و ژانەرەکانییەتی، بە چەشنێک لە سەربووردە هەمە ڕەنگەکانییەوە، هەر هەمووی دەخاتە خزمەتی بیرۆکە سەرەکییەکەی، بە گەمەی فانتازیاوە گرێیاندەدات، هەڵۆی کارەکتەری بێ هاوتا، لە گشت پۆلێنکردنێ یاخی دەبێت، لە ئاوێتەبوونێکی ئێره و ئەوێدا، لە پەرتەوازەیەکدا پەیامی ئەدەب تێکەڵ بە مۆسیقا و فەلسەفە و زانستی گەردوونناسی دەکات، ناوبەناو بەراورد و پرسیاری بەجێ دەکات، لە سەرەتاوە دەبێت لە پەیامی ئەدەبەوە گەڕانێ بکەین و بپرسین:

ئایا عەبدوللا سەراج تا چ ئاستێک لە ڕێگەی زمانی هەمووشتزانەوە بە تەکنیکی گێڕانەوە، دەتوانێ قەرەبووی زێد و نیشتمان بکاتەوە؟ لە کوێوە بەراورد لەنێوان خۆی و چەمکی نۆستالۆژیا دابیندەکات؟ کردەی گۆڕینی زمان بۆ نیشتمان، کردەی گۆڕینی ئەرێنی ئەدەبە لە واقیعیبوونەوە بۆ فانتازیا؟ داکۆکیکردن لە هێزی مانەوەی بەخشینی پێناسەیەک زیاتر هەڵدەگرێت؟ تەژیکردن بە ڕەگەزەکانی خەیاڵ ڕێخۆشکەرێکە دەسەڵاتی تۆپۆگرافیای یەک خوێندنەوە و یەک مانای تێکست قوتاردەکات؟ خەیاڵ و فانتازیا هەرگیز لەتەک ڕەهەندەکانی واقیعبووندا یەکنایەتەوە؟ نووسەر بە چەمکی فانتازیا، لە ڕووبەری ئایدیا تەسکەکان ڕزگاریان دەکات، لە دەروشاندنەوەیەکی دیکەوە، گەرای فاکتێک دەکات، ئەدەب ناگێڕێتەوە، وەک ئەوەی هەیە، هەر لە سەرەتاوە، پێ لەو ڕاستییە دەنێت، گووتەزایەکی سەدرەدین شیرازی دەکاتە پشتیوانێک و دەڵێت: (لە ناخی هەر مرۆڤێکدا مارێکی نۆسەت سەری هەیە) ڕۆمان لاپەرە ٨١

لە تێڕامانێکدا، دەبینین ئەم ڕستەیە زیاتر ئاماژیە بە هەڵگری حەقیقەتی خەیاڵگەر، کە فانتازیا جووڵەی پێدەکات، لە کردەی مردن زیندووی دەکاتەوە، نووسەر لە ڕێگەی فانتازیاوە، هەڵۆی بنیادەم وەک سینبولێک بووەتە هەڵۆی باڵندە لە کردەی سێ فریندا، دەمانگێڕێتەوە بۆ دونیایەک، کە پتر دونیایی پسپۆڕە، نەک دونیایی عەوام، لە بەراییەوە بە نمایشکردنێ باس کۆستارەی خۆماندەکات و خێرایی تیشکی ڕووناکی و گەردیلە و ناوی ستیڤن هۆکینگی زانا دێنێ، بە گەلێ زانیاری دیش چاومان دەکاتەوە، لە یەکەم لادانی واقیعەوە، ئاماژە بە سیرڤانتس بنووسی ڕۆمانی دۆنکیشۆت دەکات، واتە نەگێڕانەوەی ئەدەبە بە مانا کلاسیسییەکەی، لە یەکەم فریندا هەوڵدەدات پەیوەندییەک لەنێوان مۆسیقا و ئەدبدا بدۆزێتەوە، سیمفۆنیای بیتهۆڤن دەکاتە چوارینەی هاندڵ، دەیگۆڕێ بە کۆنسێرتێکی پڕ تاوسی مەلەکی شۆپان، دەبێتە زایەڵەی وەرزەکانی ڤیڤاڵدی، لە دواجاردا لە دووربینینی دەرەوەدا، دەگەڕێتەوە بۆ وێنەی خۆماڵی و دەیکاتە لەرینەوەی پەنجەحەسرەت ژەنی دەرویش عەبدوللای لەمەرخۆمان، لە فرینی دووەمدا کورتبڕ بەسەر مێژووی فەلسەفە و کێشەوە چەمکەکانیەوە بە ڕەگەزەکانی بووندا تێدەپەڕێت.

ئاماژە بە نۆ فەیلەسوف و تیورەکانی دەکات، لەم دەرهاوێژیەدا باس لە ئەفسانەی بووکەدارینەی ماترۆشکا دەکات، بێجگە لە سیرڤانتس، باس لە پەڕاگرافی چیرۆکی هێگلبری فینی مارک توین دەکات، دوای دێتە سەر بیروڕایەکی جیم، لە دوای هەڵفرینی یەکەم، لە کۆڕێکی جۆشاودا دەنیشێتەوە، دێتە سەرباسی زاناکان.

دیسانەوە باس لە نۆ زانای ناوداری مێژوو دەکات، هەر لە سووری ئەستێره و پاشکۆکانی، جۆرەکانی، تەمەن و دووری هەندێکیان، ماتماتیک و فیزیک، ئینجا دێتە سەرباسی تلیسکۆبە زەبەلاحەکەی هایل، کە کۆستارەی دووری دەیان ملیۆن ساڵی تیشکیمان بۆ نزیک دەکاتەوە.

لە دواجاردا مەبەست لەناو هێنانی سێ مۆسیقی، چوار ئەدیب، ئەفسانەیەک، نۆ فەیلەسوف، نۆ زانا، دوو فرین و نیشتنەوەیەک، ئەم هەموو پەرتەوازییە و پچڕان و بەستن و ئاراستەکردنە، ئایا ماف بە ئەدەب دەدات لە ڕێگەی فانتازیا و خەیاڵەوە، ئەم هەموو بازادانە بکات، مانایەک بە ژیان دەدات، ئایا فەلسەفە و زانست ئەدەب ئاسا باس لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکات، ئەمیل سیوران فەیلەسوفێکە لە شوێنێکدا دەڵێت: (فەلسەفە لە شتە گشتییەکان دەدوێت و لە ئازارەکانی مرۆڤ

> **"گەر تلیسکۆبە زەبەلاحەکەی هایل، کۆستارەی دووری دەیان ملیۆن ساڵی تیشکیمان بۆ نزیکدەکاتەوە، ئەوە کونی فاییەرەکە کۆستارەی دووری حەزە حەرامەکان، بە دەیان ملیون ساڵی تیشک و حەزو خولیای سێکسیمان بۆ نزیکدەکاتەوە"**

بێدەنگە)١

عەبدوڵڵا سەراج لەنێو هونەری مۆسیقا و ئیستێتیکی ئەدەب، لەنێو چەمکەکانی فەلسەفە و زانستی زەبەلاحی بەرینی گەردووندا، لەو گەورەبوونەدا، لە تێڕامانێکدا بەراوردێک لەنێوان گەورەیی گەردوون و زانست، ئەدەب و مۆسیقا و ئەو کەسانە دەکات، کە خۆیان لێ گۆڕاوە و دکتاتۆرن، خۆیان بە خواوەندی سەر زەوی دەزانن، لێیان دەپرسێت لەم لۆگۆسەدا خۆتان بەچیی دەزانن، قەبارەتان چەندە؟

لە فڕینی سێیەم جاردا خۆی لە پاڵ شوورەی پەنجا ساڵەی گەرماوەکەی ئاوێنەبەندی قەڵای کەرکووک دەبینێت، لە یادەرەوەرییەکدا، باس لە جۆرەها حیکایەتی ئیباوە و نێرەکەرە حەساوییەکەی دەکات، کە پیشەی پیتاندنی مایین و ماکەرانی نێو شار و ئاواییەکانی دەورییەتی، ئینجا باس لە گەرماوێکی ڕووخاو دەکات، شوکری پاڵەوان کردوویەتی بە زۆرخانە و میلبازی، لە گۆشەی مزگەوتی نائیب، چایخانەکەی سەیگوڵی لێبوو، ئەو پانتاییە قەراخی خاسە شوێن سەیرانی گەڕەک بوو، کور و کچ سواری چەرخوفەلەک و جۆلانە دەبوون، پایتوونی بارگیریان دەگرت، دەچوون بۆ سەیرانگەکانی قۆریە و موسەڵلا، نوقڵ، مەسکەت، لەبزینە...هتد لێدەفرۆشرا، باس لە شایی و هەڵپەڕکێ دەکات، ناوی گەڕەکە میللییەکانی کەرکووک دێنێت، وەک ئیمام قاسم، ڕەحیماوە، بەرتەکییە، زێویە، ئاخرحوسین و بۆلاغ، لە شۆڕشی ئەیلوولەوە باس لە بەشێکی حیکایەتی خەباتی نەهێنی دەکات، لە خەباتی سیاسییەوە بۆ زاخاوی مێشک لە دانشتنێکدا فاروقی هاوڕێی گێڕایەوە لە ماڵی بێوەژنێکدا کرێچی بووە، بێوەژن بە فایبەر هۆڵەکەی نێوانیانی بە هەردوو لادا بەشکردووە، ئەو بێوەژنە تامەزرۆی سێکس و جووتبوون بوو، بە کۆگیری هەردوولا بۆ چاوەدزی کونێکی لە فایبەرکە کردووە، لەگەڵ هەر جووتبوونێکی فارووق و هاوسەرەکەیدا، بێوەژن لەو دیو کوونەکەوە کامی کردووە، ئۆقرەی نەگرتووە، چووەتە سەر خەت، جارێکیان، کە لە دەرگا دەدرێت، ئەم خێرا چۆکی ڕادەپسکێنێت لەو پەلەپرزیەدا ئازاری پێ دەگات، تا هەفتەیەک ناچێت بە لای کەژاڵی هاوسەریدا، گەر شارستانی خۆراوا، مژۆڵی تیۆری زانستیی و چەمکی فەلسەفی بن، گوێ بیستی مۆسیقا و حەزی ئەدەب و کلتور بن، ئەوە بابایەکی عەرب-یش، لە خۆرهەڵاتدا بە شانازییەکەوە تیۆر و گوتەی خۆی هەیە و دەڵێت: (اکل اللحم و ڕکوب اللحم و ادخال اللحم فی اللحم) ڕۆمان لا٩٩

> **"لە ئاوڕدانەوەیەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، لە دەروازەی لەتیف هەڵمەت-ی شاعیرەوە خۆشەویستی پابەندبوونی خۆی بۆ نیشتمان دووپات دەکاتەوە"**

بە دیوێک گەر تلیسکۆبە زەبەلاحەکەی هایل، کۆستارەی دووری دەیان ملیون ساڵی تیشکیمان بۆ نزیکدەکاتەوە، ئەوە کونی فایبەرەکە کۆستارەی دووری حەزە حەرامەکان، بە دەیان ملیون ساڵی تیشک و حەزو خولیای سێکسیمان بۆ نزیکدەکاتەوە. لە سیحری لەزەتی نەهێنییەکدا حەرام حەڵاڵ دەکات، لە کەشفکردنی چەوساندنەوەیەکی سێکسیدا، لە دروستکردنی لەمپەرێکدا ڕێساکانی بە یەک گەیشتن لە کونێکەوە دەستپێدەکات، لە ئامێزێکی برسییدا کوێر دەبێتەوە، دادەمرکێ، وەک مرۆڤ باهاکانی بێگەردی نامۆبوونێکی سێکسی، پارادۆکسێ لەتەک ناپاکیدا فەراهەم دەکات، ئەو نامۆبوونەی، کە دونیای خۆرهەڵات لە دونیایی خۆراوا لە پاردۆکسێکدا جیادەکاتەوە، یەکسانکردنی تلیسکۆبە بە کونی فایبەرێک، تراژیدیایی لەنگی پەیوەندی ڕەگەزی نێر و مێینەیە، لە زەمینەیەکدا، کە لە کرێچێتی زیاتر، نە شوێنی فەرمی، نە جێگری، نە تاپۆی سەقامگیری هەیە، بە دیوێکی دیکە، هەڵۆ لە ڕێگەی فانتازیاوە، بە کردەی فڕین گەشتێکی ڕۆشنبیریی، فەلسەفیی، زانستیی و بابەتیانەی لە مێژووی دووری خۆراوا ئەنجامداوە، دواجار لەمێژوویەکی نزیکدا، لە زێدی خۆی لە نیشتنەوەیەکدا، لەنێو یادەوەری واقعێکی سێکسیدا دەنیشێتەوە، هایل ساڵی تیشکیمان بۆ دەپێوێ، چ پووچگەرایی و بێ ئومێدییەکە، بە حزووری هەڵۆ لە واقعی چایخانەیەکدا، لە هەلێکدا، مستەفا بە ڕیزکردنی پوولی توجی دۆمینە، چۆکی فاروق دەپێوێت، چەند پول دۆمینە درێژە، مەرجی چوونی سینەمای لەسەردەکەن، لەنێو ئەم بەراوردەوە، دەیەوێت بونیادی دەق و پێکهاتەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، لە لێکچواندنێکدا گرێ بدات بە هەقایەتێکی ئەفسانەی، هەر لە دەستپێکەوە، لە

چاپخانەی مچکۆ-وە لە دیلۆگەیەکی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کارەکتەر، بە نۆرە ڕەوتی گێڕانەوە جێبەجێ دەکات، کافکا ئاسا ڕۆماننووس ناو و ناسنامە و گشت تایبەتیمەندی کەسێتی و پیشە و ڕووخساری لێیان سەندووە بە سینبوولی هین و هەرامە، بە زاراوەی هەولێریی ئەفسانەی بیناسازێک و شاگردەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ئینجا هەڵۆ مەغدید-ی هاوڕێی حاڵی دەکات لە دواجاردا بۆ دایکی کارای دەگێڕێتەوە، بژارکردن و ترانجندنی حیکایەتێکی ئەفسانەیی، وەک کۆدێک لەسەر بیناسازی منارە ڕەگەزێکی ئاراستەکراوە، دەلالەتێکی ڕوونە و دەیەوێت مەدلوولێک هەڵگرێت، کە کردەی بونیادی نووسینی ئەدەبی هیچی کەمتر نییە لە بونیاد و بیناسازی منارە لوولپێچەکەی سامەرا، دووبارە بونیادنانەوەی بە شێوەیەکی پوختتر، لە هەولێر بە نەخشە و دەست ڕەنگینی شاگردەکەی، واتە دەکرێت شاگرد پێش وەستا بکەوێت نێرگسیەتی هەڵۆ وادەکات، شاگردێک لە کردەی نووسین خۆی لە گەلێ نووسەری بەناوبانگ پێ باشتربێت، بە ئەزموون و نووسینی چەندەها نووسەر تەژی بووە، نووسینی ئەم دەرهاوێژی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەوانە، تواناکانی ئەم لە کردەی دەقنووسی و داهێناندا لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو کۆی خوێندنەوەی چەندها دەقی بەر لە خۆیەتی، بۆ پاڵپشتی قسەکەمان، باختین لە شوێنێکدا دەڵێت: (نووسەر لە جیهانێکدا پێدەگات، کە پڕە لە وشەی ئەوانی دی)٢

لە ئاوڕدانەوەیەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، لە دەروازەی لەتیف هەڵمەت-ی شاعیرەوە خۆشەویستی پابەندبوونی خۆی بۆ نیشتمان دووپات دەکاتەوە، شۆڕدەبێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی، ئەمجارە نووسەر کردەی گێڕانەوە دەسپێرێت بە دایکی کارا، واتە بە ژنەکەی، لە کەوکەیارڤی دوورە ولاتەوە، باس لەگەشتێکی قەراخ دەریا دەکات، لە قسە گۆڕینەوە و هەندێک قسەی نەستەقی ڕۆژانە، وەک تۆبۆگرافیک، نەک تەنیا باس لە گەڕەک و شوێنە کۆنەکانی کەرکووک دەکات، بەڵکو دەپەڕێتەوە و باس لە هەندێک ترادیسیونی خێزانی دەکات، بە شێوازێکی ورد ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و باس لە باوکی دەکات، لە کوێ دانیشتون؟ چۆن هەڵۆ پێش ئەوەی دایکی کارا بێنێ نەزیرەی یەکەمین ژنی دەمرێت؟ ئامۆزاکانی کێن؟ چۆن کاتێک خۆی بە مامۆستا لە گوندی هەفتەغار دامەزراوە، جۆری خزمایەتیان و ڕەچەڵەک و چۆن تێکەڵی خەڵکانی دی بوونە؟ ناوی زۆرێک لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی کەرکووک دەهێنێت، باس لە شوێنی گۆڕی مەلا عەبدولخالقی ئەسیری شاعیر و گومەزەکەی شێخ محێدین دەکات، لە بینینی هەر دیمەنێک لە ئەسکەندنافیا بە دیمەنێکی زێدی خۆی بریندار دەبێت، خەیاڵ و دڵتەنگییەک دەیباتەوە، بە هەندێک سوعبەت و پێچدانەوە ناتوانێت هەستە لارەکانی غەریبی ڕاستکاتەوە، پێڵێنان بە نامۆبوون، لە هەندەران داننانە بەوەی، تۆ هێشتە هەر لە نیشتمانی، بارگاویە بە ڕابردوویەک، کە ناتوانێت ئەگەرەکانی لەتبوونی ئێستە بە دوێنێیەوە بەتاڵ بکاتەوە، جێهێشتنی نیشتمانی بریندار بە ناچاری، برین و خوێن بەربوونێکی بەردەوامە، باوەرهێنانە بەخۆ، دووبارە کردنەویەک، کە ئەگەرەکانی گەشەکردن و چاکبوونەوەی تێدا نییە، دەروشاندنەوەی کلتورێکە، ڕۆژانە بەشێک لە ڕۆح و سیحرەکانی ڕۆژانی ڕابردووت دەخوات، لە دواجاردا ڕەنگە تۆخەکانی یادەوەریش کاڵ بکاتەوە، یەکگرتووی دەقی نووسراوی دەقیش تێکدەشکێنێ، کۆچی هەڵۆ، گەشتی فانتازییە، ناتوانێ ئاشنای شوێنی تازە بێت، هەر لە زێدی خۆی ماوەتەوە، سەفەری نەکردووە، تەنیا لە منی باڵادا هەستە شاراوەکانی غوربەت لە دەقی نووسراودا، لە بەسەرکردنەوەی دەقی تێکشکاودا ئاشکرا دەکات، ئێمەی خوێنەریش لە پاراتێکستەوە، بە هەندێک داگەڕان دەگەینە ئاکامێک، ناتوانێت لە شوێن و بیرکردنەوەیەکدا، بگیرسێتەوە، هەمیشە شوێن و خەیاڵەکانی لەنێوان زەمەنی ئێستەی غوربەت و دوێنێی نیشتماندا، لەت لەت و پەرتەوازە، وەک دەقی نووسینەکەی، وێنەی بەرگی ڕۆمانەکەی، کە وێنەی عەبدوڵڵا سەراج خۆیەتی و بە دەستی خۆی کێشراوە.

چۆن ڕەنگی پاییزی غوربەت، سەر و ڕووخساری

**“ لە بینینی هەر دیمەنێک لە ئەسکەندنافیا بە دیمەنێکی زێدی خۆی بریندار دەبێت، خەیاڵ و دڵتەنگییەک دەیباتەوە ”**

هەوێنی گومانێک دەگرێتەوە، لە پرسیارکردنی هیچگەراییەکدا، چۆن لە لەتکردنی پرسیارێکەوە ناتوانێت دوو ڕووی ئەمڕۆی غەریبی و دوێنێی نیشتمان، لە وەڵامێکدا بەیەکەوە گرێبدات، یەک کەس و یەک چوارچێوەیە، بەڵام دوو تێڕوانینە، لایەکیان سروشتییە، ڕەنگی خاکە، لایەکەی دیکە دەسکردە، بە ڕەنگی زەردی غەریبی شێوێنراوە، پێویستی بە چاوێلکەیە، تا بگەیت بەو هەستەی، کە بە تێکشکاندنی دەق نەبێت ناتوانێت بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی، کە خەونی پێوە دەبینێت، خەونی ئەم خەونی سینديباد نییە، هەرجارە و شوێنێک، ئەفسانەی حیکایەتێک کەشف بکات، بەڵکو هەرشوێنێک، بە تەنیا بەشێک لە حیکایەتی ئەم ئاشکرا دەکات.

لە بەشی حەوتەمی ڕۆمانەکەدا دێڕە شیعرێکی ماهاباد قەرداخی دەبێتە دەسپێک، هەڵۆ لە ڕێچکەی پێشاندانی نووسراوێکی فەرمی حزبی بەعس، بە زوبانی عارەبیی چاپکراوە، باس لە فرۆشتن و ناردنی بیست و شەش کچی ئەنفالکراوی گەنج دەکات، بە تیاترۆخانەکانی میسر و بە ئاگامەندییەکی ناڕاستەوخۆ شیلانی کچی تێدەگەیەنێت، لێرەدا خودی هەڵۆ خۆی بابەتی ئاگامەندێکە، تا ساتی دەرخستنی نووسراوەکە ڕەنگدانەوەی نابێت، ئاگامەندی وەک بەکارێک منی باڵا ناگرێتەوە، بەڵکو ڕوو لە بەرکارەکە دەکات، کە لە دەرخستنی نووسراوەکە دا ڕەنگدەداتەوە، لە گیرانەوەیەکدا، بە چەمکی گەیاندن، نیشانکار و نیشانکراوە جیاکان بەرهەم دەهێنێت، سەرجەم گرێچنی ڕووداوەکان بەدووی خۆی بەکێش دەکات، ڕووکارەکانی دەق لە هەندەران، بەهەشتی شوێنی گەشتیاری دەخاتە ڕوو، کە بە گوڵ و گوڵزار ڕازاونەتەوە، ناوی تامپرێە لە ڕووی زەمەنەوە شوێنەکان بەیەک چارەنووسەوە دابەش دەکات، خۆشی بە ناخۆشی، بەهەشتی خۆشەویستی بە دۆزەخی سێکسی بەرەڵاییەوە، ئێرەی غەریبی بە زێدی خۆیەوە گرێدەدات، کور و کچ لێرە دەڵێی لە ڕۆژی ڤەلەنتاینن سرووتی خۆشەویستی دەنوێنن وێنەدەگرن، یەکدی ماچ دەکەن، هەندێکیان لە ژێر پردەکە ڕاوە ماسی، یان ڕاوە چاو دەکەن، ئەمیش دیمەنی ماسیگرێکی پردێی بیردەکەوێتەوە و تنگە گۆڵەی ناسییارڤی لێدەبێتە خری خاسە، کە شار دەکاتە دوو لەتەوە، لە ستریپتیز هەرزەکاران ژن بۆ پیاو خۆی ڕووتدەکاتەوە، بە پێچەوانەوەش، عەبدوڵڵا سەراج، کۆچبەرە، جگە لەوەی نابێتە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئەسکەندناڤی، چۆن خری خاسە شاری کردووەتە دووبەش، بەهەمان شێوەش هەستی نامۆبوون ئەمی کردووەتە دووبەش، پردێکی ڕۆحیش نییە ئاشتیان بکاتەوە، لەزەت و نەشعەی بینین و جەستە یەک بخات، لە گرتەیەکدا، جێکەوتی دابەشبوونی خۆی پەخش دەکاتە سەر خەسڵەتی دابەشبوون و پارچە پارچەکردنی جوانی لەش و لاری جەستەی گەشتیارە کچە شۆخەکان، چاو، کە چۆن هاوشێوە بوونێک لەنێوان دابەشبوونی خۆی و شوێنی تەرحی گوارەی کچەکان فەراهەم دەکات، گوارە لە گوێ، لە گۆنا، لە ژێر زووبان، لەسەر ناوک، خوار ناوک، خوارتر، لە گەمەیەکی وردتر لە گواستنەوەی پارچەکانی جەستەدا، ئەو شوێنە تایبەتانەی، کە بزوێنەری سەرەکی بزواندنی هەستی سێکسین، لە سێ تەرزدا کۆیان دەکاتەوە، کراسی مینیجۆب، کورت، کورتر، لێو قەیتانی، ئەستوور و خرپن، بن هەنگڵی تاشراو، دەونی، بلورین، گۆی مەمک، پڕمشت، قیت و بێسوخمە، نمایشی ئەم کەرنەڤاڵە پڕ لە مەستییە، بە کۆکاین، تلیاک و ماراجۆنا جۆش دراوە، سێ ڕۆژی ماوە تەواو بێت، لە ئێرۆکانە، لە ئاوڕدانەوەیەکی یوتوبیدا، بە سێ میتالۆژیا بە ڕەنگی ئەفسانەوە ڕەتوشیان دەکات و دەڵێت باخۆس سەرخۆشە لە چاوی ڤینۆسەوە بادە هەڵدەدات، ئەپۆلۆ بە چامەوە شیعری غەزەل بەسەریاندا هەڵدەدات، خواوەندی مەستی و ڕووت و قووتی، خواوەندی جوانی سێکسی و جووتبوون، خواوەندی مۆسیقا و شیعر و ڕۆشنایی و پزیشکی، بەرانبەر بە ئەفسانەی کچە کافرۆشی لە وێ کۆدەکاتەوە، لە چاوەڕێی دۆستی نادیاردا، ئۆقرەی لەبەربڕاوە، مۆنالیزا، ئافرەتی هۆشمەند خاوەن جوانترین و خەمبارترین بە ماناترین خەندە، لە وێنەیەکی نەمردا، دوو فاقی خۆشی و ناخۆشی لە ڕووخساری بێدەنگییەکدا کۆدەکاتەوە، بزە هەڵدەوەرێنێ، گاڵتەی بەم

**"باس لە فرۆشتن و ناردنی بیست و شەش کچی ئەنفالکراوی گەنج دەکات، بە تیاترۆخانەکانی میسر و بە ئاگامەندییەکی ناڕاستەوخۆ شیلانی کچی تێدەگەیەنێت"**

پۆلێنکردنە و لۆگۆسە دێ، لە سێ جۆر و ڕەنگی جیاوازدا وێنەی تراژیدیای ئافرەت لە وێنە ئارای دونیادا دەکێشێت، یەکەم ئافرەتی بێگوناهی پاکیزە، بەزبری ستەمکاری دەسەڵاتی شۆڤینی، لەژێر پەردەی ئاییني ئیسلام دا شەیتان ئاسا بیردەکاتەوە، لە گرێبەستێکی سیاسیی و بازرگانیی دا، لە زێدی خۆیان دووردەخرێنەوە و ئەنفال دەکرێن، بە تیاترۆخانە دەفرۆشرێن بەزۆرەملێ دەکرێن بە سۆزانی، دووەم ئافرەت بە بیانووی دیموکراتییەت، ئازادیی مافی جەستەیی، بە مێگل کردن و بەچەوتگیری سێکسی بە شەق بردنی جومگەکانی حەز بە دەبیتگەرای خۆیان دەیانکەنە سۆزانی، سێیەم ئافرەت بە ڕامکردن و سەرکوێرکردن، چەپاندنی حەز و ئارەزووی جەستەیی، لە چاوەڕوانی گۆدەییدا دەیکوژن، ئایا ئەم سێ وێنەیە سروشتی ئافرەتە؟

دەکرێت لە خەمێکدا کۆبکرێنەوە، نیوە گریان و نیوە خەندیەکە، چۆن لە ڕووخساری مۆنالیزا دا پرسیاری بێ ئاکام، دروست ناکات، گاڵتە بەوە ناکات، کە لەتەک سروشتی مرۆڤانەی ئافرەتدا یەکنایەتەوە، تەنیا بە جەستە و هەوس سەیر بکرێت، لەئێرۆکانە پەیوەندی سێکسی لافاوێکە سەرجەم پەیوەندییە ڕۆحییەکانی نێوان کور و کچی تێدا نغرۆ کردووە، لەویانە لە خۆرهەڵات پەیوەندی سێکسی بیابانێکە لە تیوونیەتی و نەبوونیدا دەخنکێت، بە هەردوو ئاراستەکە یەک دەرئەنجامە، لە نەبوونی خۆشەویستی، مردنی نیوەی مرۆڤ، لە چەوساندنەوەی ئافرەت دونیایەکی کەنارکەوتووی نامرۆیی بەرهەمدەهێنێت، مۆنالیزا لە خوێندنەوەیەکی هونەرسازییدا، ئاماژەیەکە، سێ پیادەڕۆی مێژووی ئافرەت لە یەکبوونی یەک ئافرەتدا تێکدەشکێنێت، لە ئاستێکدا ڕووکاری گریان وخەندە و بێدەنگی هەڵدەگرێت، لە ئاستێکی شاراوەشدا دەسەڵاتی ڕامیاری بە سێ ستایل، سۆزانی بەرهەمدەهێنێت.

یەکەم بە زۆرەملێ، دووەم بە ڕەخساندنی نامۆبوون، سێیەم بە تێکشکاندن و چێکردنی هەست، ڕەش بردنەوەی حەز زەمینەی سۆزانی، لە بێدەنگی یەک تابلۆدا ڕەنگ دەگرێ، لە گەندەی ڕێساکانی گەنجانەوە، باسی سێ جۆر خێزان دەکات، یەکەم لە پێشتردا ئاماژی بە ژیانی خێزانی خۆی کردووە، لە زیندگی هەندەراندا، کوردستانێ بچووکراوەی بۆ خۆی سازداوە، هەر بەناو لە هەندرانە، خێزانی دووەم، باس لە هاودەمێکی دەکات ناوی ئەسعەد ئیرەجی-یە، پێچەوانەی خۆیەتی کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ژنێکی ئەسمەری بیانی هێناوە، مێژوو و یادەوەری زێدی خۆی سڕیوەتەوە، لە تەنگەژەی کوردبوون دەرچووە، سێیەم بەیار و هاوسەرکەی بوون، کە مەراقی تەماشای چەسپبوون و هەڵگلۆفی کوڕ و کچان بوو، بە هەڵۆ دەڵێت ژیان لێرەیە، نەک براکوژی و کولەمەرگی و .. درێژە بە قسە گۆڕینەوە دەدەن، باس لە خاڵە یوسف دەکات، لە فرۆشتنی بتڵی بەتاڵی نۆشەمەنیە کحولییەکان، کە بژێوی خۆی دابین دەکات، بە چ قنەدرییەک لە دەست دەسەڵاتی خومێنی بۆ عێراق هەڵهاتووە ، لە ڕومادی ئیشی پینەدۆزی و نەبوونی قنی دریبوو، لەم تەڕاوگەیەش هەمان قندرینە، لە دیالۆگێکی کراوەدا باس لە زۆر شتی دیکە دەکەن، لە لادانێ باسی کتێب و گۆڤارە سێکسییەکان دەکات، هەڵۆ لە بارەی کەرتبوونی بەهاکانی مرۆڤی هاوچەرخەوە، پارادۆکسێ لەنێوان ئاسانی ڕابواردن و هەرزانی سێکسی ڕاگوزەر و پەیوەستبوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە بە تەنگەژە و قەیرانی بەیەک نەگەیشتن دا دەخاتە ڕوو، لە داستانە نەمرەکانی ئەویندارییدا ڕاپرسییەک دەکات زانیاری هاوڕێیەکانی تاقی دەکاتەوە، ئەم ناوی دڵدارەکان دەڵێت و ئەوانیش دەبێت ناوی مەعشوقەکەی بدۆزنەوە، لە خەزاڵ و لاسەوە پیایە دێ، تا دەگاتە ئۆڤیلیا و هاملت، نۆ دانە بەسەردەکاتەوە، هیچی لە دونیایی پیسدا، بەمرامی پاکی خۆیان ناگەن، لەتەک بزرۆی هاوڕێیدا سەردێرانە باس لە مێژووی لوولوو و کاسی و هۆری و میتانی دەکەن، زەمانی زەند و بەهلەوی و فارسیی وتورکیی باس لە ئایزاکی هاوڕێی دەکات، کە جووە، باس لە فیرعۆن دەکات چۆن کیژە جوانەکانی دەکردە قوربانی ڕووباری نیل، لە ئێستەشدا فیرعۆنەکان هەر ماون، تەنیا شێوازی قوربانیدانی کیژەکان گۆڕاون بۆ جۆرێکی شاراوەتر.

"
هەندێکیان
لە ژێر پردەکە
ڕاوە ماسی،
یان ڕاوە
چاو دەکەن،
ئەمیش
دیمەنی
ماسیگرێکی
پردێی
بیردەکەوێتەوە
و تنگە گۆڵەی
ناسییارڤی
لێدەبێتە خری
خاسە
"

شیعر

# (١٠) هەناسە شیعر

هێدی گەلالی



هێدی گەلالی

**نهێنی**

*من نازانم*
*شنەبای عەشق*
*لە کوێوە دێ و بۆ کوێ دەڕوات*
*تۆش وەکو من*
*عەشق نهێنییەکە کەس پەی پێ نابات!*

**گرێبەست**

*وتم:*
*با ئاشتببینەوە و دانیشین*
*وتی: بۆ کاری سیاسی*
*وتم: نا*
*وتی: لە پێناو کارکردنی کاری پەرلەمانی*
*وتم: نا*
*وتی: بۆ کاروباری حکومی*
*وتم: نا*
*وتی: ئەی پێم ناڵێیت لە پێناو چی؟*
*وتم: لە پێناو واژۆکردنی*
*گرێبەستی خۆشەویستی*

**مەرج**

*دەڵێن: ژیان چاوتروکانێکە و*
*دێت و دەڕوا*
*لەگەڵ تۆ بم ئەو ژیانە هەڵدەبژێرم*
*بەو مەرجەی پێکەوە بین.*

**دووری**

*دەردی دووری*
*وەک شێرپەنجەی دڵ وایە*
*نازانیت کەی دەتکوژێت!*
*ناشزانیت کەی کۆتایە!*

**فاشیل!**

*من بەرهەمی*
*باوکێکی فاشیل نەبووم*
*کە هەموو ژیانی خۆی پێشکەش بە ئێمە کرد*
*من بەرهەمی*
*عەشقێکی دۆڕاو نەبووم*
*کە تەواوی تەمەنی گەنجێتیم پێشکەش کرد*
*من بەرهەمی*
*حوکمێکی بێدادم،*
*کە جیاوازی تۆخ کردەوە و*
*هەژارەکانی وێران کرد.*



**دایک**

لە سەردەمێکدا دەژین
سیحری خۆشەویستی لای مرۆڤەکان
بە تاڵ بۆتەوە
تەنیا دڵی یەک کەس نەبێ
کە هەمیشە پڕە لە سۆز
پڕە لە خۆشەویستی
ئەم دڵە دڵی دایکە دایک

**عیشق نەمرە**

چاو دامەخە
تیشکی نیگام ناتسوتێنێ
شەپۆلی دەریای چاوم نوقمت ناکا
قەت زانیوتە
عاشق خۆی بسوتێنێ
مەگەر زانیوتە عاشق خۆی بخنکێنێ

**چاویلکە**

ڕقم لە چاویلکەکەی چاوتا
بێ بەشم دەکا لە جوان بینی
ڕەش ڕەنگی دەکا ئاسۆی گەشبینی
بۆیە گیانە
چاویلکەکەت فڕێ بدە
با جوانی و گەشی چاوەکانت ببینم

**لێکچوون**

جوانییەکانی شەو
لە هاویندا
لە کچێکی ڕەشپۆش دەچێ
مانگ برۆکانی
ئەستێرە چاوەکانی
خۆر هەناسەکانی

**بارانی ئەوین**


نمە بارانێکی خۆشەویستی بووم
هێدی هێدی
پێدەشت و بناری ئەوینتم
تەڕ دەکرد و بەردەوامی ژیانم
پێ دەبەخشی
وەرزی وشکە ساڵیت بوژایەوە
سنەوبەری باڵات
کاژی تازە و گەڵای سەوزی دەرکردەوە
بەرهەمی ساڵەهای ئەڤینداریمان
کێڵگەیەکی پڕ لە عەشقی
دروستکرد

# گەشتی کوێستان

ڕەمەزانی ئەحمەد میرزا

سەر هەڵبڕە، تەماشا ئەو چیایە
سەری بەرزی، لەنێو هەور و تەمایە
لە بەرزیدا شتێ ناگاتە شانی
هەتا ئێستە بەبێ باکی ژیایە
ئەوێ، لانەی هەڵۆیانی بە جەرگە
لەبۆ پاراستنێ، وێنەی قەڵایە
لە جێجێ لای نسێ، هەر بەفری پێوە
حەقیقەت دیمەنێکی با سەفایە
هەوای کوێستانی خاڵ خاڵ دێ بەگوێما
کە بەرزە، شادی هێنە، ئەو سەدایە
تەماشاکە لە شایدان گەڵای دار
بەدەم باوە، دەکەن ڕەقس و سەمایە
خوڕەی ئاوی چەم و ڕووبار و کانی
لەلای من وەک جوانترین مۆسیقایە
وەرە تابلۆیی جوانی تێر ببینە
کە بۆ چاوان، وەکو سۆمایی وایە
تەماشای دیمەنی جوانی گەلێکە
بە خوڕخوڕ دێتە خوارێ لەو هەوایە
وەکوو بووکێ لە قەد ئەو شاخە دەردێ
کانی ماران، لەبەرگی بەفریایە
خەرەندی دڵڕفێنم بێ ڕکابەر
لەجوانی کوێ، وەکوو بێخاڵێ وایە
قومێ نۆشکە لەئاوی شێخی باڵەک
دەزانی جا، چلۆنە ئەو دەوایە
لەشوێنانی ترا گیا پووش و وشکە
ئەمان لێرە، کەروێشکەی سەوزە گیایە
وەرن کوێستانی کوردستان سەیرکەن
ببینن تا بەهەشتی ئەم دونیایە

* هەولێر- بێدەر: ٨/ ٦/ ٢٠٢١



# ڕۆشنبیریی گشتیی

- ***شوناسی نیشتمانیی عێراق لە قۆناغە جیاوازەکاندا***

شاناز هیرانی

# شوناسی نیشتمانیی عێراق لە قۆناغە جیاوازەکاندا



شاناز هیرانی

دەوڵەتی نوێی عێراق، هەر لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ۱۹۲۱، تا ئێستە سەرکەوتوو نەبووە لە چەسپاندنی بنەماکانی شوناسی نیشتمانیی، بە شێوەیەک هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لەخۆ بگرێت. سەرباری ئەو هەموو دروشمانەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەرزی کردبوونەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی پەیتا پەیتا ئەو پەیامانەشی بە گوێ هەمووان دادەدا، کە گوایە عێراق نیشتمانی هەمووانە. کەچی نەتوانرا ببێتە کۆکەرەوە و خاوەن شوناسێک بۆ سەرجەم پێکهاتەکان.

هەمەچەشنی، هەمیشە یەکێک بووە لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم بەهێزبوونی ئەو شوناسە و چەسپاندنی، هەروەها گۆڕانکارییەکانی دوای ۲۰۰۳-ش بە پشت بەستن بە سیستەمی پشک پشکێنەی تیرەگەری ئەوەندەی دی بەربەستەکەی گەورەتر کرد.

ئێستە بە شێوەیەکی گشتیی ئەمە بووەتە کێشەیەکی سەرەکی بەردەم دەسەڵاتداران و سیاسەتوان و کۆمەڵگەی عێراق-یش چونکە بۆ ئەو بابەتە، خاڵێکی هاوبەش و کۆکەرەوە لە ئارادا نییە، لە کاتێکدا سەرجەم نەتەوە و گەلانی دونیا هاوبەشن لەو خەون و هیوایانەی بۆ گەلەکانیان هەیانە، بەڵام خاڵی جیاوازیان شوناسە.

واتە هەر گەل و نەتەوەیەک خاوەنی شوناسی تایبەت بەخۆیەتی، کە لە وانی دی جیای دەکاتەوە. لە هیچ وڵاتێکی جیهانیی بوونی شوناسێکی نیشتمانیی مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە تەنیا یەک بنەمای ئیتنی، یان ئایینی، مەزهەب و زمان، مانای بە دەوڵەتبوون بگەیەنێت، چونکە هەمەچەشنی ئەو دەستەواژە کۆمەڵایەتیانە مانای ئەوە نییە، کە ئەگەر ئەوانە هەبوون کەواتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوونی هەیە، چونکە چەمکی شوناسی نیشتمانیی لەهەر وڵاتێکی نوێدا لەگەڵ چەمکی نەتەوە یەک ناگرێتەوە. عێراق یش یەکێکە لەو دەوڵەتە کەمانەی ئەو هەمەچەشنییەی تێدایە. بە پێچەوانەی ئەو لۆژیکەی، کە هەوڵ دەدات وا بیر دەکاتەوە لەم ڕووەوە عێراق تاکە وڵاتە.

زۆرینەی عێراقییەکان (کورد و عەرەب، موسڵمانن) و شوناسی نەتەوەیی ئایینی نزیکەی لە ٨٠٪ عێراقییەکان دەگرێتەوە.

کێشەی شوناسی نیشتمانیی لە عێراق لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ساڵی ۲۰۰۳

شوناسی نیشتمانیی قۆناغێکی مێژوویی و هۆشیارییەکی گەشەسەندو و گرنگە، ئەو هۆشیاریەش بەندە بە بوون و دامەزراندنی وڵاتان، لەلایەکی دیکەیشەوە ئەو شوناسە پەیوەست بوونێکی سەرەکییە و دەبێتە مایەی یەکگرتوویی و یەکبوونی خەڵک، کە دواجار هەر ئەمەش دەیانکات بە گەل و نەتەوە.

> **شوناس گرنگترین هەنگاوە لەپرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا، چونکە لە بنچینەدا دەوڵەت لەسەر بنەمای شوناسێکی یەکگرتوو دادەمەزرێت**

شوناس گرنگترین هەنگاوە لەپرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا، چونکە لە بنچینەدا دەوڵەت لەسەر بنەمای شوناسێکی یەکگرتوو دادەمەزرێت. ئەگەر کیانی سیاسی-ش ببێتە سروشتی دەوڵەتبوون و تایبەمەندی نەتەوەیی، یان نیشتمانیی و لەسەر

بنەمای ڕێسای هاووڵاتیبوون کاری کرد، مانای وایە لە هیچ دۆخێکدا ناتوانرێت مافە سیاسییە گشتیی و تایبەتەکانی، کە هەن، بۆ هەر گروپێکی نەتەوەیی و کلتووریی پووچەڵ بکرێنەوە، بەبێ ئەوەی شوناسەکەی وەکو شوناسێکی سیاسیی نیشتمانیی گشتیی بۆ هاوڵاتیانی تەبەنی بکات، ئەوکاتەش لە لایەن کۆمەڵگەوە شوناسی نیشتمانیی سیاسیی کێشەی بۆ دروست نابێت، بەتایبەتی لە میانی پرۆسەی بونیادنان و پەسەندکردندا.

تەنیا لەیەک حاڵەتەدا نەبێت، کە ئەگەر گروپێکی نیشتمانیی سیاسیی چەند گروپێکی دی لەخۆ بگرێت، کە شوناسێکی کۆمەڵایەتی هەمەچەشنیان هەیە، کەچی هەوڵ دەدات شوناسێکی تایبەت بەخۆی هەبێت. بەو پێیەی پرۆژەکە هەنگاوێکە بەرەو شوناسی نیشتمانیی سیاسیی گشتیی و ئەوانی دیکە لەناوخۆیدا دەتوێنێتەوە،

هەر ئەوەش وا دەکات، کە هەڵگری ئەو شوناسانە دەستبەرداری شوناسی خۆیان نەبن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوون و تێکەڵاوبوونی نیشتمانیی مەرجدار، کە ڕێز لە بوونی ئازادیی شوناسەکانی دی ناگرێت.

ئەمڕۆ عێراق لەنێو قەیرانی شوناسدا دەژیت، ئەو قەیرانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، چونکە عێراقییەکان، تا ئێستە کۆک نین لەسەر شوناسێکی نیشتمانیی بۆ هەمووان. کاتێک دەوڵەتی عێراق لەژێر چاودێری ئینتدابی بریتانیا لە ساڵی ١٩٢١ دروستبوو، هەر تا ساڵی ١٩٣٢ بەردەوامی هەبوو، تا ئەوکاتەی عێراق بووە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئەندام لە کۆمکاری نەتەوەکان.

بۆیە ئەو کیانە نوێیە سەرەتا لەچەندین گروپی کۆمەڵایەتی بەناویەکداچوو پێکهاتبوو، کە لە ناواخندا فرەیی و تیرەگەریی و مەزهەبی هەڵگرتبوو. سوونە، کورد و شیعە و ئەوانی دیکە، کە هەریەکەیان لە ڕێکخستنێکی خێڵەکی پێکهاتبوون و زەمینەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بۆ فەراهەم کردبوون. هەر ئەو دابەشبوونەش بوو، وایکرد فرە هاوسۆزی دروست ببێت. بەڵام دامەزرێنەرانی دەوڵەتی عێراق لە بونیادنانی شوناسێکی نیشتمانیی و خولقاندنی ڕۆحی هاووڵاتیبون و هەست کردن بە شوناسێکی یەکگرتوو شکستیان هێنا.

مەلیک فەیسەڵ لە وتەیەکیدا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێت: (پێم وایە تا ئێستە شتێک نییە بەناوی گەلی عێراق، بەڵکو چەند گروپێک هەن، کە خاڵین لەهەر ئایدیایێکی نیشتمانیی و هیچ خاڵێکی کۆکەرەوەیان نییە) بێگومان ئەوە دۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی عێراق بوو. مەلیک هەوڵیدا سەرەتا لەرێگەی بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دامەزراوەکانی نێو دەوڵەت و فراوانکردنی ڕادەی بەشداریی عێراقییەکان لەنێو دامەزراوە نیشتمانییەکاندا، لەپێناو بەهێزکردنی هەستی ئینتمابوون لەبری ئینتمابوون بۆ ئایین و خێڵ، جۆرێک لە یەکگرتوویی دروست بکات، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت.

عێراقی ئەمڕۆ لەنێو گێژاوی بێ شوناسی و دوورکەوتنەوە لە هەر خاڵێکی کۆکەرەوە دایە، شوناسێک، کە ببێتە مایەی یەکبوونی عێراقییەکان. یەکێک لە کێشە هەرە دیارەکانیش بابەتی سنوور بوو، کە ئەوکاتە بەپێی بەرژەوەندی بریتانیا نەخشێنراوە. هەروەها باری ئابووریش، کە زۆربەی کات لەبار نەبووە بۆ دروستبونی چینی ناوەڕاست لەنێو کۆمەڵگەدا، کە ئەمانە هەردووکیان دوو بنەمای سەرەکین بۆ دروستبوونی شوناسی نیشتمانیی.

سەرکردە و سیاسییەکانی عێراق، تا ئێستە نەیانتیوانیوە خۆیان لە بازنەی ئایین و سەرۆک هۆز دەرباز بکەن و وەکو نوخبەیەکی سیاسیی، دوور لەو بیرە تەسکە کار بۆ ئامانجە سەرەکییەکان بکەن. تەنانەت دوای دروستبوونی کۆمارە یەک لەدوای یەکەکانیش لە عێراق. کە هەرچەندە دۆخەکە کەمێک گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە پاش هاتنی عەبدولکەریم قاسم و دەرچواندنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی و پێدانی زەوی بە جووتیاران و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبون، چەند هەنگاوێک چوونە پێشەوە، بەڵام هێشتە وڵات نەگەیشتە گەشەکردنێکی ئەوتۆ، کە شایانی گۆڕانکاریی تەواو بێت.

لە قۆناغی شەڕی ئێران ـ عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر هەستی نیشتمانیی زاڵبوو، بە جۆرێک لەو ڕۆژگاریدا، جگە لە بەرزبوونەوەی دەنگی (بژی نیشتمان) هیچ دەنگێکی دی نەدەبیسترا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و درێژبوونەوەی جەنگەکە، ئەویش وردە وردە کپ بوەوە، بۆیە حکومەتی

> **"مەلیک فەیسەڵ لە وتەیەکیدا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵێت: پێم وایە تا ئێستە شتێک نییە بەناوی گەلی عێراق، بەڵکو چەند گروپێک هەن، کە خاڵین لەهەر ئایدیایێکی نیشتمانیی و هیچ خاڵێکی کۆکەرەوەیان نییە"**

بەعس زیاتر کاری لەسەر دڵسۆزی تائیفی دەکرد، بەمەش بێ متمانەیی لەنێوان پێکهاتەکان و حکوومەت دروست کرد. هەست کردن بە جیاوازی کردن لەنێوان نەتەوە و تیرەکان لەمیانەی شەڕدا بووە هۆی دروستبوونی درزێکی گەورە. دەربڕینی هەر جۆرە ناڕەزایەتیەکیش بەتوندی سەرکوت دەکرا. بەڵام درزی ڕاستەقینە ئەوکاتە بوو، کە جەنگی کوێت بەرپابوو، ئەو جەنگە هەموو شتێکی لەباربرد، لەلایەکی دیکەیشەوە گورز وەشاندن لە ڕاپەڕینی شیعەکان لە باشوور و کورد لە باکوور، درزێکی یەکجار گەورەتری دروستکرد.

لەسەردەمی دروستبوونی کۆمارە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەتیش دوایین کۆمار (سەددام حوسێن) سروشتی دەسەڵات لە وڵات بە چەندین فاکتەری جۆراجۆردا تێپەڕی، لە ڕووی سیستەم و سیاسەتدا بە تەواوی گەندەڵ و خراپ بوو، سەپاندنی دەسەڵات بە زەبری هێز و پارێزگاری کردن لەناوەندیەتی ئەو دەسەڵاتە وایکرد دەوڵەت دەسەڵات بێت و دەسەڵات دەوڵەت بێت، سەرباری بوونی جیاوازیی لەنێوان هەردووکیشیاندا. دەست گرتن بەسەر سامانی وڵات و قۆرخ کردن، وایکرد ئەو دەسەڵاتە، تا دێت بەهێزتر و ستەمکارتر بێت. هەموو سەرچاوەکانی وڵات لە پێناو یەک تاکە شت بەکاردەهێنرا، ئەویش خزمەت کردنی ئەو سیستەمە سیاسییە بوو، کە ئەمەش هۆکاری زیاتر دوورکەوتنەوەی تاک و کۆمەڵگە بوو لە دەسەڵات.

> “ عێراق لەنێو قەیرانی شوناسدا دەژیت، ئەو قەیرانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ”

ئەو شکستانە لەهەزارەی سێیەمدا گەیشتە ترۆپک، بەتایبەتی دوای پاشەکشەی ئاستی گەشەکردن (بەشداری و دابەش کردن و تێکەڵاوبوون و گونجان) بەمەش هەر قەیرانێک دەبووە هۆی دروستبوونی قەیرانی دیکە و بە تەم و مژتر بوونی قەیرانی شوناس. عێراقییەکان کەوتنە ململانێیەکی سەخت لەبابەت (شوناسی نەتەوەیی، شوناسی تائیفیی، شوناسیی نیشتمانیی، شوناسی ئایینیی) هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان دەبووە هۆی دروستبوونی کێشە ناوخۆیی، یان هەرێمیی.

پاش شەڕی کوێت، بەتایبەتیش دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی بێگانە لەعێراق، گۆڕانکاریی جیاواز ڕوویاندا. کار لەسەر سێ پێکهاتە کرا ، کە ئاماژەی بە عێراقێکی نوێ و کەسایەتییەکی نوێ دەکرد. پێکهێنانی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق، کە یەکەمیان ئەنجومەنی حوکم بوو لەسەر بنەمای نوێبوونەوە و ئاوێتەبوونی هەرسی پێکهاتەی: شیعە و سوونە و کورد بە یەکسانی، وەک ئاماژەیەک بۆ دەستپێکێکی تازە و قۆناغێکی تازە بۆ دروستبوونی کەسایەتییەکی نوێ تاکی عێراقی، بەڵام دواتر بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکان، ئاراستەکەی گۆڕا بۆ شتێکی دی.


شوناسی نیشتمانیی عێراقی پاش هاتنی ئەمەریکا و لەئەنجامی ئەو فشارەی لەوڕووە کەوتە سەر تاکی عێراقی وایکرد، پەنا ببەنە بەر هەر جۆرە نزیکیاتییەک لە هۆز و تیرەو خێڵ. بەمەبەستی دڵنیابوونەوە، لەکاتێکدا نە دەوڵەت و نە دامەزراوەکان نەیانتوانی ئەو دڵنیاییە بدەن، بۆیە دەبینین سەرباری وەرگرتنی هێز لەو تاکە، لەهەمان کاتدا هۆز و تیرەکانیش بەهێزتربوون، دەرئەنجام وەلائی نیشتمانیی بۆ هۆز و خێڵ بوون، نەک بۆ نیشتمان، هەر ئەوەش بووە ڕێگر لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا، بە پێچەوانەوە لەگەڵ هەر جۆرە نوێبوونەوەیەک و لەپێناو مانەوەی خۆیاندا دەبوایە بکەونە ململانێ و ڕکابەری. چونکە هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە بەمانای لەباربردنی بەتەواوی.

دواجار قەیرانی شوناسی لەنێو ئەو هەموو ئالنگاری و کێشانەدا، تا دێت قووڵتر دەبێتەوە. بیریشمان نەچێت پێش هەموو شتێک قەیرانی ئازادیی و قەیرانی هۆشیاریی تاکیش لەئارادایە.

نوخبەی سیاسیش لەعێراق ئەو ناهۆشیاریە و قەیرانەیان قۆستۆتەوە، بەو پێیەی دەوڵەت لاوازە و خودی شوناسی نیشتمانییش دابەش بووە، چونکە کاریان نەکردووە لەسەر گەڵاڵەبونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی دامەزراوەکان، کە ڕێگرن لەو جۆرە بیرکردنەوە تەسکانەی لەسەر بنەمای پشک پشکێنە و تیرەگەرایی دروست بوونە، ئەمەش هەمووی لە پێناو مانەوەی خۆیاندا.

**سەرچاوە:**

١- یاسین البکری: الهویه الوطنیه العراقیه: منضور المخاوف ومسارات البناء/ حوار المتمدن العدد ٢٥٧٦، ٢٠٠٩.
٢- ابراهیم الحیدری: الولاوات العشائریه والطائفیه و اشکالیه الهویه فی العراق، بغداد من ٢ -٣ تشرین الاول ٢٠٠٩ ص ٢.
٣- احمد سلمان محمد شناوه، ما تبقی من الوطنیه العراقیه، حوار المتمدن، العدد ٢٩٨٣ ـ ٢٠١٠.
٤- جیر شمخی: الهویه العراقیه و(تذویب) الهویات الفرعیه. میزوبوتامیا، دوریه موسوعیه تعنی باحیاو الهویه العراقیه.



# دیدار

# د. سامیە شاکر

لەسەر قەڵات لەدایک دەبێت، لە شەقڵاوە دەچێتە قوتابخانە، لە بەغدا دەبێتە کەسێکی چەپ، دواجار لە هەولێر دەبێتە پەرلەمانتار (ئەنجوومەنی یاسادانان).

مۆڵەتی شۆفێری دەردەهێنێ و دەبێتە یەکەمین ژنە شۆفێری هەولێر.

بەعس هەراسانی دەکەن و دەچێتە ئەڵمانیا، لەوێ دەبێتە مامۆستای زانکۆ.

هەر لەو دیمانەیەشدا وەسیەتی خۆی دەکات.

# د. سامیە شاکر:

# نازناوی مەشخەڵ، کەمال غەمبار بۆی دانام و منیش پێم جوان بوو



سامیە شاکر، هەر چەندە تەمەنی خۆی پێ نەگوتین، بەڵام دەزانین، کە ئەو ساڵی ١٩٤٩ لە هەولێر، لەسەر قەڵاتێ لە دایک بووە. کاتەک لەگەڵی دادەنیشی و دەیدوێنی، لە هێمنی و لە سەرەخۆ بوونی لەقسەکردندا، وا هەستدەکەی ژیانێکی زۆر سادە و بێ گرفتی بەڕێکردووە، بەڵام بە پێچەوانەی هێمنییەکەی، ئەو لە ڕابردوودا ژنێکی زۆر جەربەزە بووە، لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن بووە، کە لە خۆپیشاندانێکدا دەسگیر دەکرێت.

یەکەمین ژنە لەهەولێر لەسەر لیستی حزبی شیوعی، ساڵی ١٩٧٤ بووەتە پەرلەمانتار (ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان لەناوچەی حوکمی زاتی) یەکەمین ژنە لە هەولێر مۆڵەتی شۆفێری دەرهێناوە و ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە، لە هەمووی بوێرانەتر، ڕووبەڕوو بوونەوەی بووە لەگەڵ بەعس و نەچوونە ژێر باری داواکارییەکانیان، هاوکات دەرچوونی لە عێراق و لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا، لەگەڵ ئەوەی (مەنع سفر)ی لەسەر بووە.

دوای چوونی بۆ ئەڵمانیاش، دەکەوێتە نێو ژیانێکی تازە و دوانزە ساڵ بەسەر یەکەوە دەخوێنێت، تاکو بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست دەهێنێت و دەبێتە مامۆستای زانکۆ. سامیە شاکر، بەهەموو پێوەرەک شایانی دیمانە لەگەڵ کردن بوو، شایان بەوەیە بیناسین و سوود لە ئەزموونی ژیانی وەربگرین.

**دیمانە: محەمەد گۆران**

**– وەک هەر دیمانەیەک، سەرەتا بەو پرسیارە تەقلیدییە دەست پێدەکەین، ساڵی چەند و لەکوێ لەدایکبوون؟**

+ ئەوجا خەڵک لە ئافرەت ناپرسێت لەچ ساڵەک لە دایکبووی (بەپێکەنینەوە) لە جێیان ئاوایە، بەڵام ئاساییە بڵێم لەکوێ لەدایک بوومە. من لەسەر قەڵاتی هەولێرێ لەدایک بوومە، بنەماڵەی باوکم هەولێرین و ناسراون، دایکیشم سێیەم ژنی باوکم بووە، خەڵکی گوندی (پیرداود)ی دەشتی هەولێرە و دزەییە، کەسێکی نەخوێندەوار و موحافیزکار و بەدین بوو، باوکم ئیشوکاری موقاوەلاتی دەکرد، بۆیە کاتەک بڕیار دەدرێت ڕێگەی نێوان هەولێر شەقڵاوە دروست بکرێت، باوکم سەرپەرشتی ڕێگەکەی کردوە و بەو هۆیەوە ماڵمان چووەتە شەقڵاوە.

**– لەنووسین و دیمانەکاندا، هەندێک جار پاشناوی مەشخەڵ دەخەیتە پاڵ ناوەکەت، لەهەندێک شوێنیشدا، ناوەکەت پاشناوی چاوشلی چووەتە سەر، ئەو نازناوە لە چییەوە هاتووە، ئێوە سەر بە بنەماڵەی چاوشلین؟**

+ پاشناوی مەشخەڵ کەمال غەمبار بۆی دانام و منیش پێم جوان بوو، بۆیە هەندێک جار بەکاری دەهێنم، واتاکەی ئەوەیە، کە منیش مەشخەڵ-ێکم لەنێو ئافرەتاندا و ڕێگە ڕووناک دەکەمەوە. بۆ پاشناوی چاوشلی-یش، ڕاستییەکەی ئێمە بەئەسڵ چاوشلی نین، بەڵام (بیبی شاناز)ەک هەبوو، پووری باوکم بوو، مێردی بەچاوشلیان کردبوو، بەڵام چونکە کوڕی نەبوو، تەنیا کچێکی هەبوو، ئەویش خاوەن پێداویستی تایبەت بوو، بۆیە کەس ڕووی نەدەدایێ، منیش بۆ دڵخۆشکردنی ئەو، هەمووجارێ دەستم لەملی دەکرد و دەمگوت من کچی تۆمە، جا لەبەر ئەوەی مێردەکەی چاوشلی بوو، دەمگوت منیش چاوشلی-مە، بەوجۆرە چاوشلی بووە پاشناومان، ئێستە زۆربەی

> **“ لە ناو فرۆکەش دانیشتبووم هەر ئاوڕم دەدایەوە و دەمگوت ئێستە نا ئێستە دێن و دەمبەنەوە خوارێ ”**



سامیە شاکر باسی ئەندامانی خێزانەکەی دەکات

خزمەکان خۆیان بەچاوشلی دادەنێن!

**- باوکت لەڕووی ڕۆشنبیریی و کرانەوە و تێگەیشتنی بۆ دونیای سەردەم، کەسێکی چۆن بوو؟**

+ باوکم پیاوێکی سەخی تەبیعەت، میواندۆست، دڵفراوان، لەنێو خزم و دۆست و دراوسێکانی خۆشەویست بوو، مرۆڤێکی دڵسۆز و بەسۆز بوو، هەق پەرست بوو، لە بیرمە گەلێک جار خەڵکی هەژاری دەهێنایە ماڵەوە و لەسەر مێزی نان خواردن لە تەنیشت خۆی دایدەنان. باوکم خاڵی موسا سەمەد، عادل سەلیم و شەمسەدین بوو، ئەوانە هەر یەکەیان کوڕی خوشکێکی بوون، باوکم ئەو سێ خاڵۆزایەی زۆر خۆش دەویستن.

میوانەکانی باوکم لەهەموو چین و توێژەک بوون، ئەحمەد محەمەدئەمین، عەباس ئاغای دزەیی، نەعیمە وەکیل و مێردەکەی، عەبدولقادر بیستانی و چەند جارەکیش وەزیری ناوخۆی عێراق سەعید قەزاز لە شەقڵاوەی هاتووەتە ماڵمان. باوکم کەسێکی دونیایی بوو، هەمیشە میوانی لە چواردەور بووە، هەندێک جار بانگی گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمی دەکرد، وەک تایەر تۆفیق، مشکۆ، حەیدەر عەبدوڵڕەحمان (حەیدەرە کەچەڵ) و براکانی کاک موحسین و خودادای دەهاتن و قۆریات و گۆرانی خۆشیان دەگوت، دەیانکردە بەزمی خۆیان. حەیدەرە کەچەڵ لەهاوڕێیە نزیکەکانی باوکم بوو، دەهاتە ماڵێ و گۆرانی دەگوت، باوکم زۆرجار منیشی دەهێنایە مەجلیسەکەی، منداڵ بووم و گۆرانیم بۆ دەگوتن، ئەو شیعرانەی لەبەرم کردبوون بۆیانم دەگوتنەوە.

“ **بەیانییەک هاتمەوە دەرەوە بۆ دەوام بچم، مەلایەک لەبەر دەرگا وەستابوو** ”

زۆر لە پیاوماقوولانی ئەوساش دەهاتنە لای، لەوانە سەدیق میران و عوسمان میران-ی شەقڵاوەی، عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا و قادر ئاغا و دکتۆر عوسمان، ئەوانە و زۆری دیکەش لە هەولێر و شارەکانی دیکە دەهاتنە لای. باوکم لەگەڵ ئەوەی زۆر کەیفی بەمێوان و کەشوهەوای هونەریی و خوێندەواران دەهات. زۆریش حەزی بەگەشت کردن بوو، گەشتی دەرەوەی زۆر دەکرد، بەتایبەت ئیستانبۆڵ و شارەکانی دیکەی تورکیا، بۆ گەشتە ناوخۆییەکان، مووسڵ و شوێنانی دیکەی عێراق، زۆربەی جارەکان منی لەگەڵ خۆی دەبرد.

**- ئێوە لەشەقڵاوە قۆناغی سەرەتایتان دەست پێکرد و تەواوتان کرد، ئەی قۆناغەکانی دیکەی خوێندنتان لەکوێ و چۆن تەواوکرد؟**

+ قۆناغی سەرەتاییم لەشەقڵاوە تەواوکرد، پۆلی یەک و دوو و سێ-م لەگەڵ کچان خوێند، لەمە بەدواوە، چوار و پێنج و شەشی سەرەتاییم لەگەڵ کوڕان خوێند، چونکە سەرەتایی بۆ کچان تەنیا هەتا پۆلی سێ هەبوو، ئێمە هەمووی پێنج شەش کچێک بووین، لەگەڵ کوڕانمان خوێند، دوو سێ کچ هی ساڵح بەگی میران بوون، دوای تەواوکردنی شەشی سەرەتایی و لەبەر ئەوەی لەوێ ناوەندی و ئامادەیی نەبوو، هاتمەوە هەولێر بەڵام ماڵی باوکم هەر لە شەقڵاوەی مانەوە، ئێمە لە قەڵاتێش ماڵمان هەبوو، لەوێ لای زڕ برایەکم بووم، ماڵی مامیشم ڕەئوف قۆجە، بەڕێوەبەری ئەوکاتی پۆلیسی هەولێر، کە دەکاتە مامی (نیهاد لەتیف قۆجە)ی، ئەوانیش هەر لەسەر قەڵاتێ بوون، بەوجۆرە لەهەولێر قۆناغی ناوەندیم تەواوکرد. لە بەدبەختی خۆیشم هەر یەکەم دەردەچووم، ئیدی حەزمکرد خوێندن تەواو بکەم. باوکم، براکەمی لەگەڵ ناردم و چووینە بەغدایێ و لەوێندەرێ خوێندنی ئامۆژگای مامۆستایانم دەستپێکرد، ئەوکاتەش لەنێو بنەماڵەکان بووە قسە و قسەلۆک و دەیانگوت چۆن کچتان

ناردووەتە ئەو دوورەی؟ باوکیشم دەیگوت کچی خۆمە و دەینێرم.

**– ئێوە لەتەمەنێکی زۆر کەمدا کەوتنە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپ و سۆشیالیستی، ئەمە چۆن و لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

+ بەهۆی بنەماڵەی باوکمەوە بوو، کاتەک لە مەجلیسی باوکم باسی یەکسانی و دژایەتی ئافرەت و نەچوونی بۆ مەکتەب و ئەو شتانە دەکرا، میوانەکان بەرگرییان لەو بنەمایانە دەکرد، باوکیشم لەوان زیاتر و توندتر بوو، ئەمە سەرەتای چەسپینی ئەدەبیاتی چەپ بوو لەلای مندا. لە بەغداییش لە ئامۆژگەی مامۆستایان لەمیعە عەباس عمارە-م ناسی، کەسێکی چەپ بوو، زۆرجار، کە تەلەبە دەردەچوون بۆ ڕێپێوان و خۆپیشاندان، چاوێکی لەمن دادەگرت و دەیگوت ئەتوش بڕۆ،

لەمیعە شاعیرەکی ناسراوی ئەو سەردەمە بوو، هەر لەژێر کاریگەری ئەویشدا، دواتر منیش شیعرم نووسی.

**– هەر لەو سەردەمەشدا دیوانی بیری چەسپاو-ت بە چاپ گەیاند؟ لەچاپکردنی ئەو دیوانەدا کێ هاوکارت بوو؟**

+ یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بەناوونیشانی بیری چەسپاو لە ساڵی ١٩٧٣ بەیارمەتی مامۆستا گیو موکریانی لەچاپخانەی کوردستان بەچاپ گەیاند. هەرچەندە ئەوکات پارەیەکی زۆم نەبوو، بەڵام مامۆستا گیو موکریانی گوتی خەمی پارەت نەبێت، چەندت هەبوو ئەوەندەمان بدێ.

دواتر بوومە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، چونکە من لەکۆنگرەی یەکەم و زۆربەی کۆنگرەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد بەشداریم کردووە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕۆشنبیری-یش بووم، کە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچوو. جا مەبەستم ئەوەبوو، کە پاش ئەوەی بوومە ئەندامی یەکێتیی نووسەران، مامۆستا عیزەدین فەیزی-یم ناسی، ئەویش زۆر ڕێزی دەگرتم و پشتگیریی دەکردم و هانی دەدام بۆ بەردەوام بوون لەو ڕێچکەیەی، کە گرتبوومە بەر.



لميعة عباس عمارة – Wikipedia

**– نزیک بەسێ دەیە، لەم بەشەی کوردستاندا، لەحەفتاکانەوە تاکو کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووشدا، شیعر هەوادار و خوێنەری یەکجار زۆری هەبوو، بەڵام لەو قۆناغانەی دواتردا شیعر زۆر پاشەکشەی کرد. بەبۆچوونی ئێوە، کەموکوڕییەکە لەشیعرە، یان لەشاعیران؟ یاخود هەر شیعر سەردەمی بەسەرچووە؟!**

+ من وای بۆ دەچم، خەتاکە لەو تێفکرینەیە، کە لێرە بووەتە ڕێچکە و ڕێبازی کۆمەڵگە، ئیمڕۆ پارە لەبارە! شیعر فیکرە، زانستە، بەڵام لەبەر پارە کەس ئاگای لە شیعر نەما:

*(دنیا زۆر زۆر گۆڕاوە*<br>
*ئەم خەڵکە لێی شێواوە*<br>
*ڕاستی دۆستی نەماوە*<br>
*ڕۆژ ڕۆژی دراوە)*<br>
ئەمە ڕاستی مەسەلەکەیە.<br>
*(ئەگەر بە ماڵی*<br>
*بەمام و خاڵی*<br>
*ئەگەر بێ ماڵی*<br>
*ڕووت و ڕەجاڵی)* ژیان وای لێهاتووە.

**“ لە پاییزی ساڵی ١٩٧٩ لە توانامدا نەما چونکە کاتێ دەڕۆیشتم بۆ سەرکار، بە ئوتومبێل بەدوامدا دەهاتن، هەر یەکێکیش دەهاتە ماڵمان، لەبەر دەرگا ڕایاندەگرت و دەیانپشکنی ”**


بعتبر تأسيس المجلس التشريعي في كردستان خطوة كبيرة في طريق اقامة الديمقراطية ، وتثبيت سلطة الشعب في شمال وطننا .
لقد استبشرت جماهير شعبنا باكمله بهذا الانجاز الرائع ، وسعدت المرأة العراقية بحضور . ممثلين من النساء في المجلس .
ولنا وطيد الامل بقدرة نسائنا اللواتي منحن الثقة في تمثيل المرأة العراقية ، واملاء مكانتها في هذا المجال .
تحية تقدير واعجاب من كل النسوة العراقيات المثابرات اللواتي استطعن الحصول على تلك الثقة .

**– جگە لەدیوانی بیری چەسپاو، کە ساڵی ١٩٧٣ لەهەولێر بەچاپتان گەیاند، چەند بەرهەمی دیکەتان هەیە؟**

+ بێجگە لە دیوانە شیعرییەکەم، ئەو بەرهەمانەشم چاپ و بڵاوکردوونەتەوە: دیوانی شیعری بەهرەوەری دوور، لایپزیک چاپی سوید ١٩٨٤. ئەلف و بێی کوردیی بەناوونیشانی هەولێر بۆ خوێندکارانی ئەڵمانی ١٩٨٦. بیۆگرافیای ناساندنی نووسەرانی کورد، بەزمانی ئەڵمانی ١٩٩١. تێزی ماستەر و دکتۆراکەم، باری کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد لە کوردستانی عێراق لەساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٠. وەرگێڕانی کتێبی ڕزگارکردنی ئافرەتە کرێکارەکان، دانانی ئەلسەندرا کۆلۆنتای. سێ بێ، بەستەپیازە، بەغدا – بەرلین ٢٠٢١ هەولێر.

**– لەدوای تەواوکردنی ئامۆژگەی مامۆستایانی بەغدا، یەکەم دامەزراندنت لەکوێ بوو؟**

+ یەکەم دامەزراندنم لەشەقڵاوەی بوو، دوو ساڵەک لەوێ مامۆستایەتیم کرد، باوکم بەسەردا نەخۆش کەوت و هاتەوە هەولێر، منیش بەدوای ئەودا ڕاژەکەم گواستەوە و هاتمەوە هەولێر و چوومە قوتابخانەی سەفین. نزیکەی دوانزە ساڵەک لەپیشەی مامۆستایەتی بەردەوام بووم، تا ئەوکاتەی بوومە ئەندام لەئەنجوومەنی یاسادانی ناوچەی حوکمی زاتی.

> **"لەخزمەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، دەیانگوت نابێت کچێک لەم تەمەنە بەتەنیا بچێتە بەغدا، بەڵام باوکم دەیگوت کچی خۆمە و دەینێرم"**

**– بەڕاست، چۆن بوویتە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان؟**

+ ساڵی ١٩٧٤ یەکەم ئافرەت بووم لەهەولێرێ، بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان لەناوچەی خودبەڕێوەبەری، دە کەس بووین، لەسەر لیستی حزبی شیوعی بووینە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان. دەورەی یەکەم هەر چوار ساڵەکە، لە دەورەی دووەمیش دیسانەوە بوومەوە ئەندام، بەڵام دواتر بەهۆکاری تێکچوونی پەیوەندی حزبی شیوعی لەگەڵ حزبی بەعس، ساڵی ١٩٧٩ ناچار بووم کوردستان بە جێ بێڵم.

من ئەندامێکی چالاک بووم، هەر لەو خانووەی گەڕەکی شۆڕش بووم، بەیانیان کە دەچوومە دەرەوە، دەمبینی چەندین کەس بە مەبەستی هاوکاریی و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەبەر دەرگا وەستاون.

ئێمە زۆر هەوڵماندا ئەو تێگەیشتن و عەقڵیەتە بگۆڕێ، بەڵام بەداخەوە، وەک دەڵێن: ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار. لەدوای ئەو زەمەنە دوورودرێژە ئێستە زۆر شت دەبینم، نەک بەرەو پێش نەچووەو باشتر نەبووە، بەڵکوو خراپتریش بووە، لەو سەردەمەدا، کاتێک قسە بۆ ئافرەتێکی گەنج دەکەم و داوای گۆڕانکاریی لە هەندێک لە بیرکردنەوە و دیاردەکانی لێ دەکەم، دەڵێن ئاخر کۆمەڵگەی ئێمە وەهایە و قبووڵ ناکا. منیش دەڵێم کۆمەڵ لەهەموو سەردەمێکدا پێویستی بە ڕێ پیشاندەر و بە ماندووبوونە بۆ گۆڕانکاریی. خەڵکێک بەتایبەت لەنێو حزبەکاندا، ئەو مووچە زۆرە وەردەگرن، لەبەرانبەردا هیچ هەوڵێکیان بۆ کارکردن و گۆڕانکاریی لەنێو کۆمەڵدا نییە.

لێرە کەس ئیش ناکات و خۆی ماندوو ناکات و لەخەمی خەڵکدا نییە، بەتایبەتی کەسی حزبی، پێیان وایە، کە خەڵک خزمەتکارە، بەپێچەوانەوە کەسی حزبی دەبێت خزمەتی خەڵک بکات و خۆی بەخزمەتکار بزانێ و میللەتی بێنێتە سەر ڕاستەڕێ.

من هەر لەوماڵەی ئێستەم لەگەڕەکی شۆڕش، بەیانییەک هاتمەوە دەرەوە بۆ دەوام بچم،

مەلایەک لەبەر دەرگا وەستابوو، نووسراوێکی لەدەست بوو، هاتە پێشەوە و گوتی زانیومە تۆ هاوکاریی خەڵکی دەکەی، بەڵکوو بە بەڕێوەبەر بڵێی وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەک دامەزرێنن، چونکە ئێستە مەلایان دادەمەزرێنن بۆ گوتنەوەی وانەی ئایین، سواری سەیارەم کرد و لەگەڵ خۆم بردم، لەوێ پێیانگوتم: «خوشکە سامیە ئەتو و مەلا کوجا مەرحەبا!» گوتم من خزمەتکاری میللەتم، هەقم چییە مەلایە، ئەوە دەیەوێت دابمەزرێت؟ گوتیان ناوی چییە؟ گوتم نازانم! جا مەبەستم ئەوەیە، خەڵک دەبێت خۆی ماندوو بکات و خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، نەک میللەت بەخزمەتکاری خۆی بزانێت.

**– لەدوای گەنگەشە و گفتوگۆیەکی بەردەوام لەنێوان لایەنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، لەئێوارەی ١٧ی ٧ی ١٩٧٣ بەیاننامەیەکی هاوبەش لە نێوان حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و حزبی شیوعی عێراق (بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز) مۆرکرا، دوای پەنجاساڵی ڕێک لەم مێژووە، دەمەوێت بپرسم، ئایا ئێوە بۆچوونتان لەسەر ئەو ڕێککەوتن و بەرەیەی نێوان بەعس و شیوعی، چۆن بوو؟**

+ من پێم خۆش نەبوو، لە کۆبوونەوەکانی ئەوکاتەش، کە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا، بۆچوونی خۆم ڕاشکاوانە پێدەگوتن، من لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە نەبووم، بەڵام دواجار ڕەئی زۆرینە لەگەڵ ڕێککەوتنەکە بوو، دەیانگوت ئەوە سیاسەتە و ئەزموونێکە و با تاقی بکەینەوە، هەنگاوەکان لەسەرەتادا باشبوون، بەڵام دواتر بەعس لە بەڵێنەکانی پاشگەزبووەوە. هەتا گەیشتە ئەوەی کاک عادل سەلیم-ی کوڕی پوورم دەرمانخوارد کرا. قاوەیان بۆ منیش هێنا، بەڵام نەمخواردەوە، دەنا لەگەڵ عادل، ژەهر خوارد دەکرام.

**– کاتەک ناوی سامیە شاکر دێت، زۆربەی کەسە بەتەمەن و دیارەکانی هەولێر دەڵێن، ئەو ژنەی، کە ئوتومبێلی هەبوو! بێگومان ئێوە یەکەمین ژن بوونە لە هەولێر مۆڵەتی شۆفێریتان دەرهێناوە و ئوتومبێلتان لێخوڕییە، چیرۆک و کاردانەوەی خەڵکی لەو سەردەمە چۆن بوو؟**

+ کاتەک بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان، دوو سێ گەشتی دەرەوەی وڵاتم کرد و زیاتر چاوم کرایەوە، ڕاستییەکەی یەکەمجار هەوڵمدا پایسکل لێخورم، بەڵام لەگەڵ ماندووبوون و هەوڵێکی زۆردا، سەرکەوتوو نەبووم و نەمتوانی پایسکل لێ بخورم. بۆیە ئەوجارە حەزم چووە شۆفێری و ئوتومبێلی تایبەت بەخۆم. لە ناوەڕاستی حەفتاکان، ئوتومبێلێکی ڤۆلگای ڕووسیم کڕی، کە دەچوومە دەوروبەری هەولێر، یان گەڕەکەکان، خەڵک، کە دەیانبینی پێیان سەیر بوو، منداڵ دەکەوتنە دوام و بەردیان دەهاویشت و دەیانگوت: ژن داژوا، ژن داژوات.

من لەزۆر شتی دیکەش ڕەچەشکێن و یەکەم کەس بوویمە: یەکەم کچ بووم، کە لە تەمەنی منداڵی و لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لەخۆپێشاندان دژی ڕژێمی مەلەکی لەشەقڵاوە، کە ئەوسا شارەدێ (ناحیە) بوو بەشداریم کردووە، دواتر بەم بەهۆیەوە بەند کرام، بەڵام بە هۆی بچووکی تەمەنمەوە، کە ئەوسا تەمەنم یازدە ساڵان بوو، تەنیا چەند ڕۆژێک لەبەندیخانەی هەولێر مامەوە و دواتر بەکەفالەت ئازاد کرام.

یەکەم کچی بنەماڵەکەمانم، کە چووبێتمە بەرخوێندن و تەواویشم کردبێت، بەڵام ئەوەی بەرانبەر بە من کرا، با بەدەواری شڕی نەکردووە. هەر بەین نا بەینێک خزم و کەسانی سەمەرە،



**یەکەم کەس لە دەستە ڕاست: عادل سەلیم، یەکەم کەسیش لە دەستە چەپ سامیە شاکر- ساڵی ١٩٧٧**

**"نێوەڕۆیەک گەڕامەوە ماڵەوە، دایکم زۆر بە شڵەژاوی بەرەو ڕووم هات و گوتی ئەوە چەند جارە لە ئەمنی هەولێر تەلەفۆنت بۆ دەکەن"**

> **"ناوەڕاستی حەفتاکان، ئۆتۆمبێلێکی ڤۆلگای ڕووسیم کڕی، خەڵک کە دەیانبینی پێیان سەیربوو، منداڵ دەکەوتنە دوام و بەردیان دەهاویشت و دەیانگوت: ژن داژوا، ژن داژوات"**


د. سامیە شاکر و باوکی

کەسوکاریان لێ هان دەدام، بۆ ئەوەی ڕێم لێ بگیرێت و نەچمە قوتابخانە، بەشێک لەخزمەکان زۆریان پێ ناخۆش بوو، دەیانگوت نابێت کچێک لەم تەمەنە بەتەنیا بچێتە بەغدا، بەڵام باوکم دەیگوت کچی خۆمە و دەینێرم.

**- ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی فشارە زۆرەکانی بەعس و چەند کردەوەیەکی تیرۆرکردن، بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو بەرەی نێوان بەعس و حزبی شیوعی هەڵوەشایەوە و سەرکردەکانی شیوعی یەک بەدوای یەکدا بەغدایان بەرەو ناوچە ئازاد کراوەکان و دەرەوەی وڵات بەجێهێشت. بێگومان لەم بارودۆخەدا، ئێوەش وەک ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی خودبەڕێوەبەری، لەسەر لیستی شیوعی، لەناوەخۆی وڵاتدا لەژێر چاوەدێری و فشاردا بووینە، دەکرێ باسی ئەو کاتانەمان بۆ بکەی؟**

+ لەدەورەی دووەمی ئەندامێتیم، لەدوای تێکچوونی پەیوەندی حزب لەگەڵ حکومەت و نەمانی بەرەی نێوانیان لەساڵی ١٩٧٨، دەستیان بەفشار کرد و خەڵکیان بانگ دەکرد و دەیانگوت وەرن ببنە بەعسی، کاتەک منیان بانگکرد سەیرم پێهات، کە چۆن ئەندامی پەرلەمان (ئەنجوومەنی یاسادانان) لەلایەن حزبێکی دیکەوە بانگ دەکرێت؟ کاتەک چووم، خەریکی ئەوە بوون، کە لیستی ئەو ناوانەی حزب شیوعی-م نیشان دەن، کە بوونەتە بەعسی. ئیدی کابرای لێکۆڵەر دەستی پێکرد و گوتی: هیچ مەجال نەماوە، ئێمە تۆ دەناسین خزمی فلان و فیساری، ئیمزایەکمان بۆ بکە!

گوتم ئیمزای چی بکەم؟ گوتی ئاخر حزبی تۆ نەماوە و هەموو ئیمزایان کردووە! منیش گوتم بەهیچ شێوەیەک ئیمزا ناکەم. گوتی: ئێمە چیدی ناتوانین یارمەتیت بدەین. گوتم هیچ یارمەتیم مەدەن و چیتان لەدەست دێ بیکەن و ئێمە لەبەندیخانە یەکدی دەبینینەوە.

**- کێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردی؟ فشارەکان لەچ ئاستێکدا بوون؟ دەکرێ ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

+ نیوەڕۆیەک گەڕامەوە ماڵەوە، دایکم زۆر بەشڵەژاوی بەرەو ڕووم هات و گوتی ئەوە چەند جارە لەئەمنی هەولێر تەلەفۆنت بۆ دەکەن. من وای بۆ چووم، کە لەوانەیە کارێک ڕووی دابێت و ڕەنگە من بتوانم یارمەتیان بدەم، لەو قسانەدا بووین، جارێکی دیکە زەنگی تەلەفۆن لێ درایەوە، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، لێپرسراوی ڕێکخراوی حزبی بەعس بوو، دوای سڵاو و ڕێز نوواندێکی زۆر، بەزمانی عەرەبیی گوتی: «بەڵکوو هەتا لای ئێمە بێیت و هەندێک پرسیارمان هەیە« گوتم باشە.

کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ گەیشتمە ئەوێ.

ژوورێکی یەکجار ڕازاوە بوو، دوای بەخێرهێنانێکی گەرم، دەستی بەقسان کرد و گوتی: «ئێمە جەنابتمان بانگ کردووە تاکو هەندێک قسەت لەگەڵدا بکەین، ئەوەش فایلی جەنابتە ناوی نەهێنی و هەموو زانیارییەکی تێدایە« یەکسەر قسەکەیم پێبڕی و گوتم: «من ئەندامێکی پەرلەمانم و پارێزبەندی (حەسانە)ی پەرلەمانیم هەیە، ئایا

نازانن، کە بەبێ ئەنجوومەن، نابێت لێکۆڵینەوە لەگەڵ مندا بکرێت»

ئەویش گوتی: زۆر بەرێزەوە تەلەفۆنمان بۆ کردووی، ئێستەش بەرێز و ئیحترامەوە قسەت لەگەڵدا دەکەین، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی شۆڕش (مەجلس قیادەی سەورە) ئیدی ئەندامیەتی حزبی شیوعی عێراق قەدەغەیە. داوای ئێمەش ئەوەیە تەنیا بۆمان بنووسی، کە لەگەڵ حزبی شیوعی کار ناکەیت. گوتم: «ئەوە بەمن ناکرێت، ئەمڕۆ ئەوەم داوا لێدەکەن، بەیانی پتر، ئەوەی ئێوەش دەیکەن کارێکی باش نییە و ئێمە باوەڕمان پێکردن، بەڵام ئێوە لە بەڵێن و پەیمانی خۆتان پەشیمان بوونەتەوە، باوەڕت بێت قازانج ناکەن و یەکدی لەبەندیخانە دەبینینەوە«.

ئەوجارە بەشێوەیەکی هەڕەشەئامێز گوتی: «ئەوە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە، بۆیە بێ سێودوو دەبێت جێگیر بکرێت، ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە لەمەودوا تۆ بپارێزین. خزم و کەسوکارەکەشت دەناسین و هاوڕێمانن (ناوی هادی چاوشلی و موسا سەمەدی هێنا) بۆیە بەڕاشکاوی بەجەنابت دەڵێم، لەمڕۆ بەدواوە هەر شتێکت بەسەرهات گلەیی نەکەی و خزمەکانیشت کەسیان داوامان لێ نەکەن تۆ بپارێزین» کاتەک هاتمە دەرەوە و پرسم بەحزب کرد. گوتیان ئەوجا چییە، ئیمزات کردبا! گوتم من نەمکردووە و بەقسەی ئێوەش نایکەم.

ڕۆژ بەڕۆژ فشارەکانی بەعس زیاتر دەبوون، لە پایزی ساڵی ١٩٧٩ لەتوانامدا نەما چونکە بەتەواوی ژیانم نەمابوو، کاتێک دەڕۆیشتم بۆ سەرکار، بەسەیارە بەدوامدا دەهاتن، تا شوێنی کارەکەم، هەر یەکێکیش دەهاتە ماڵمان لەو خانووەی گەڕەکی شۆڕش، لەبەر دەرگا ڕایاندەگرت و دەیانپشکنی. دواجار حزبەکەم گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بۆ من وا باشترە بچمە دەرەوە و کوردستان بەجێبێڵم. دایکم وای دەزانی، کە ئەگەر من بڕۆم ئەوان هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە و حکوومەت هەقی بەسەر ئەواندا نابێت، بۆیە حەزی دەکرد کوردستان جێبێڵم و نەکەومە دەستیان.

پەیوەندیم بەهاوڕێ (فاتیح ڕەسوڵ)ەوە کرد، پێشنیازی کرد، کە من وڵات جێبێڵم و بچمە هەندەران، بەڵام ئەوجارە بۆم دەرکەوت کە (مەنعی سەفەر)م لەسەرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی خۆمم دا بۆ سەفەرکردن، چونکە ژیانم لەکوردستاندا تا دەهات تەنگتر دەبوو.

**– چۆن هێندە بڕوات بەخۆت هەبوو، کە بە فڕۆکەخانە سەفەر بکەی، لەکاتێکدا مەنعی سەفەرت لەسەر بوو؟**

+ لەو کاتەدا لەئەڵمانیای خۆرهەڵاتدا، بەدەسپێشخەری ڕێکخراوی ئافرەتانی جیهان کۆنفرانسێک دەربارەی ئافرەتانی جیهان بەڕێوەدەچوو، ڕێکخراوی ئافرەتانی ئێمەش بانگهێشت کرابوو، حزبیش بەمنی گوت بڕۆ باڵوێزخانەی ئەڵمانیای خۆرهەڵات لەبەغدا داوای ڤیزا بکە. بەیانی زوو خۆم گەیاندە باڵوێزخانە، کارمەندێک پاسەپۆرتەکەی لێ وەرگرتم و چووە ژوورەوە، دوای کەمێک چاوەڕوانی هاتە دەرەوە و پاسەپۆرتەکەی هێنایەوە و ڤیزایان لێدابوو.

هەر هەمان ئێوارە هاوڕێیانی حزب هاتن و خۆم ئامادەکرد. کراس و پانتۆڵێکی کابۆیم لەبەردابوو و بەرەو فڕۆکەخانەی بەغدا کەوتینە ڕێ. چوومە ژوورەوە، کاتێک نۆرەم هات، کابرای ئەفسەر بەڕووخۆشییەوە سەیری کردم، منیش خێرا پاسەپۆرتەکەم پیشاندا، ویستی دەفتەری ئەو



کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی ئافرەتانی ئێراق – بەغداد ١٩٥٨

وێنەکان لە ڕاستەوە: فەتحیە محەمەد ، فەیروزخان، مەلیحە حەیدەری، شوکریە محمدئەمین (دینۆ) ئەوەی لە پێنجەم کەسیش دانیشتووە خۆمم (سامیە شاکر) دواتریش روناک جاف و ئەوانیرش نەناسرانەوە

ناوانە سەیر بکات، کە قەدەغەی سەفەرکردنیان لەسەرە، منیش ناسنامەکەم دووبارە نیشاندایەوە و گوتم من ئەندامی پەرلەمانم، بەڕەزامەندی پەرلەمان و بەکاری ئەوان سەفەر دەکەم. ئەفسەرەکە دەستی خستە سەرسنگی و گوتی: فەرموو، دوای چوونە ژوورەوە ئەوجارە کەوتمە ژوورێکی بچووکی داخراو، ئافرەتەک پێی گوتم: بووەستە ئێرە شوێنی پشکنینە؟ زۆر شڵەژام و هەموو گیانم بووە ئاو، بەڵام هێزم دایەوە بەرخۆم و گوتم: من ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانانم، ناسنامەکەم دەرهێنا و گوتم بیخوێنەوە. سەیرێکی کرد و دایەوە دەستم و گوتی فەرموو خوات لەگەڵ بێت.

بەم شێوەیە لە دواخاڵی پشکنین ڕزگارم بوو، بەڵام تا لەنێو فڕۆکەش دانیشتبووم، هەر ئاوڕم دەدایەوە و دەمگوت ئێستە نا ئێستە دێن و دەمبەنەوە خوارێ. فڕۆکەکە سەعات دووی بەیانی دەستی بەجووڵە کرد و بەڕێکەوتین، بەیانی زوو گەیشتمە فڕۆکەخانەی بەرلین. ئەو ڕۆژەش ١١ی ٢ی ١٩٧٩ بوو، هێشتە ماوەیەک مابوو بۆ بەشداری کردنم لەو کۆنفڕانسەی، کە دەعوەت کرابووم چونکە کۆنفرانسەکە لە ٨ی ٣ی ١٩٧٩ دەبەسترا.

**– دوای ڕۆیشتن و خۆ دەربازکردنت لەدەست بەعس، پەرچەکرداری بەعس چبوو بەتایبەت لەبەرانبەر خانەوادە و کەسە نزیکەکانت؟**

+ پاش گەشتکردنم بۆ ئەڵمانیا، حکومەتی عێراق بەهۆی منەوە، دایکم و نەسرینی خوشکمی گرتبوو و خستبوونیە بەندیخانە، پاش مانەوەیان بۆ چەند مانگێک لەبەندیخانە پاشتر ڕاپگواستبوون بۆ شاری ئەسکەندەرییە، کە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بەقەزای (موسەیەب) بوو لەپارێزگای بابل، لەناوەڕاستی عێراق و ٤٠ کیلۆمەتر لەبەغداوە دووربوو. دایکم لەغەریبی و ناخۆشی، گیانی لەدەست دا. هەروەها دوو لەبراکانم (خەلیل) و (فوئاد) ئەوانیش دوای من دووچاری گرتن و ڕاوەدونان ببوون و تەنگیان پێ هەڵچنی بوون. چەندینجار هەڵیانکوتابووە سەر ماڵی خوشکم سەعدیە و بەهۆی منەوە ئازاریان دابوون، هەر چەندە ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بەسیاسەتەوە نەبووە. هەروەها چەندینجار خزمەکانمیان بانگی ئاسایش کردبوو و پێیانگوتبوون: بۆ هێشتتان سامیە بڕوات و وڵات جێبێڵێت؟ ئەوانیش پێیان گوتبوون: سامیە ئەندام پەرلەمان بووە و لەفڕۆکەخانەی بەغدا بەفەرمی سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردووە و گوناهی ئێمە چییە؟

**„ یەکەمین کۆمەڵە شیعرم بە ناونیشانی بیری چەسپاو ساڵی ١٩٧٣ بە یارمەتی مامۆستا گیو موکریانی لە چاپخانەی کوردستان بە چاپ گەیاند "**

**– کچێکی تەنیا، زمان نازانێ و هیچ شوێنەکیش شارەزا نییە، بەم حاڵەوە چۆن و لەکوێوە دەستتان پێکردەوە؟**

+ پاش گەیشتنم تەنیا شەوێک لەماڵێکی عێراقی مامەوە، دواتر منیان بردە باڵەخانەیەک پێیان دەگوت «ماڵی دەوڵەت» شوێنەکە وەک ئوتێل وابوو، لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیان لەگەڵمدا، زۆر بەڕێزبوون، کاتێک ئیشێکی دەرەوەم دەبوو، ئۆتومبێل و پاسەوانیان بۆ دابین دەکردم.

ئەو کاتەش ئەوێ کوردی زۆری لێبوو، سەردانیان دەکردم، لەوانە زوهدی داودی، کە خەڵکی کەرکووک بوو، جەوهەر شاوێس خەڵکی سلێمانی بوو، خەڵکی دیکەش دەهاتن بەڵام ئاگاداری بارودۆخی کوردستان نەبوون. ماوەیەک ئاوا لە ماڵی دەوڵەت مامەوە و خەریکبوو لەو ژیانە بێزار دەبووم، چونکە هیچ چالاکی و جموجۆڵەکم نەبوو، زیاتری کاتەکانم نووستن و نانخواردن بوو، وەختی ژەمەکان، کە دەچوومە هۆڵی نان خواردن، شەرمم دەکرد نانی بخۆم و لەخۆم دەپرسی هەتا کەی ئاوا بژیم؟ کوردەکانی ئەوێش تەنیا سەردانیان دەکردم و کەسێک ڕێنماییەکی نەدەکردم، کە پێویستە چی بکەم و لەکوێوە دەست پێ بکەم.

ڕۆژێک بەڕێککەوت لەدەرگای ژوورەکەم درا، منیش لەدەمم دەرچوو و بەکوردیی گوتم ئەوە کێیە؟ ئەو کەسەی پشت دەرگا پیاوەک بوو، گوتی تۆ کوردی؟ گوتم بەڵێ! ئینجا گوتیان وەرە لەگەڵ ئێمە دانیشە. گوتم ئێوە کێنە؟ گوتی ئێمە کوردی ئێرانین. ئەوکات ساڵی ١٩٧٩ ساڵی کودەتاکردن بوو بەسەر حەمەڕەزا شادا و ئەوان نیازی گەڕانەوەیان هەبوو بۆ ئێران، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کوردە ئێرانییە بووینە هاوڕێ و هەر لەگەڵ ئەوان دادەنیشتم.

ئەوان بوونە هاندەر و ڕێنیشاندەرم، گوتیان بڕۆ بخوێنە، سەرەتاش دەبێت فێری زمانەکەیان بیت، هەر خۆشیان ناوونیشانی پەیمانگەی فێربوونی زمان و هەنگاوەکانی دواتری خوێندنیان فێرکردم. پەیمانگەکە «هێردەر»یان پێ دەگوت. کەوتمە نێو کتێبخانە و کتێبان و لە کۆتایشدا پلەی یەکەمم بەدەست هێنا. هەر بەردەوام بووم لە خوێندن تاکو لە زانکۆ وەرگیرام. ١٢ ساڵی ڕێکم خوێند و گەیشتمە پلەی دکتۆرا، قۆناغەکانم هێندە بەخێرایی و لەسەر یەک بڕی، زۆر لەکوردەکانی خۆمان پێیان ناخۆشبوو و ئیرەییان پێ دەبردم. دەیانگوت بۆ ناگەڕێیتەوە و چی دەکەی لێرە؟ ئەو قسە و هەڵوێستانەی ئەو کاتەم هەرگیز لەبیر ناچنەوە.

**– ئەو کوردانەی ڕۆژهەڵات کە بوونە هاوڕێ و ڕێنیشاندەری ئێوە؟ کەسی ئاسایی بوون یاخود پەناهەندەی سیاسی و ناوداربوون؟**

+ مامۆستا غەنی بلوریان، ئەو بوو لەدەرگای ژوورەکەمی دا، ئەوانەی دیکەش لەبنەماڵەی کاکە عەلی گەلاوێژ ئامۆزای شەهید قازی محەمەد بوون. ڕۆژێک کاکە عەلی گوتی: تۆ هەتا کەی هەروا دڵ پڕ لەخەم و ئازار ژیان بەڕێ دەکەی؟ چونکە من یەک ساڵ بێ ئیشوکار لەماڵی دەوڵەت لەبەرلین دانیشتم. ئەو گوتی بۆچی ناچیە بەرخوێندن؟ گوتی لە لایپزیک دانیشگە هەیە، خەڵکی فێری ئەڵمانی دەکەن لەپەیمانگەی (هێردەر) ئێمە هەموو لەوێ فێری زمان بووینە. ئیدی من بەرەو لایپزیک چووم و ئەوانیش بەرەو ئێران گەڕانەوە، بەداخەوە دواتر هەموویان لەسێدارە دران.

**– تێزی ماستەر و دکتۆراکەتان لەسەر چیبوو؟**

+ ماستەر و دکتۆراکەم، هەردووکیان لەسەر (باری کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد لەکوردستانی عێراق لەساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٨٠) بوو. لەسەر ئەو ناوونیشانە سەرەتا تێزی ماستەرەکەم نووسی و دواتر هەر لەسەر هەمان بابەت و ناوەڕۆک، بەڵام ئەوجارە فراوانترم کرد، دکتۆراکەشم نووسی. بابەتەکە بۆ ئەوان سەرنجڕاکێش بوو.

پرۆفیسۆر و سەرۆک بەش (کلاوس ئێرنست)



**د. سامیە شاکر و سینەم جەلادەت بەدرخان**

دوای بەرگریکردنم لەنامەی ماستەرەکەم، هەستایەوە سەرپێ و گوتی: سامیە بەچوست و چالاکی و بێ دواکەوتن، ئەرکی خۆی بەسەرکەوتوویی تەواوکرد، لەهەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیشدا بەپلەی زۆرباشە سەرکەوت، بۆیە ئێمەش بڕیارماندا بە بەخشینی کورسی پلەی ئەکادیمی (دکتۆرا) لە هەمان بابەت و بەشەکەی. دکتۆر (هێرتا مولەر) سەرپەرشتیاری تێزی ماستەرەکەم، ئەویش هەستایەوە سەرپێ و گوتی: من زۆر شتی تازە لەبابەتەکەی سامیە فێربووم، بۆیە شایستەی پلەی باڵاترە.

ڕاستەوخۆ پاش تاوتوێکردن و گفتوگۆی دکتۆراکەشم، لەزانکۆی لایپزیک وەک مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی وەرگیرام و دەستم بەگوتنەوەی وانەکان کرد. هەتا ئەو دەمەی لەساڵی ١٩٩٤ خانەشین کرام، هەر لەو زانکۆ و بەشەدا مامەوە. هۆکاری خانەنشینکردنەکەشم، بەهۆی خزمەت و تەمەنەوە نەبوو، چونکە هێشتە مامبوو بۆ ئەوە، بەڵام دوای ئەوەی هەردوو بەشی ئەڵمانیا، خۆرهەڵات (ئیشتراکی) کە من لەوێ بووم لەگەڵ بەشی خۆراوا (سەرمایەداری) یەکیان گرتەوە، ئێمەیان سڕ (تەجمید) کرد، بە

**“ ساڵی ١٩٧٤ من یەکەم ئافرەت بووم لە هەولێرێ، کە بوومە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسادانان لە ناوچەی خود بەڕێوەبەری ”**



ڕەشاغای قەڵاسنجی، مامەی سمایل بەگ، سامیە شاکر

کورتییەکەی دەریانکردین. هەر لەوکاتەش نەخۆش کەوتم و نەشتەرگەریم بۆ کرا، بۆیە بە هۆکاری نەخۆش کەوتن، خانەنشین کرام.

**– لە دوای ئەو تەمەنە، لە کار و خەباتی سیاسی، غوربەت، زانکۆ و کاری نووسین و ئەکادیمیی، لەهەموو ئەمانەدا کاتێک گوزەر بەژیانی ڕابردوودا دەکەیەوە، لەچ شتێک پەشیمانن؟**

+ من هیچم نەکردووە بەرانبەر میللەتی خۆم، ناگەمە دڵۆپە خوێنەکی شەهیدێک، ئەوەی کردوومە بە ئەرک و واجبی سەرشانی خۆم زانیوە، سەربەرزییە بۆ بنەماڵەکەم و میللەتەکەم. من هەموو ژیانی خۆم بۆ ئەوە تەرخان کرد، نرخی یەکدی بزانین، ڕێز لەئافرەتان بگیرێت.

**“ وەسیەتم کردووە، ئەو خانووەم لە گەڕەکی شۆڕش لە شاری هەولێر، دوای خۆم بکرێتە شوێنەکی خێرخوازی ”**

**– پێتوایە لەئەمەریکا، ئەوروپا و هەر شوێنەکی ئەم دونیایە، ئافرەت ڕێزی تەواوی لێنرابێ و مافی ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتبێ؟**

+ لەئێستەدا لەهەموو شوێنەکی دونیا، ماف و ڕێزی ئافرەت ڕوو لە لێژییە، هەتا لە ئەوروپا زۆرجار گفتوگۆ دەکەین لەسەر ئەوەی، کە لە زۆر شت پاشەکشە کراوە و دەبێ یەکسانی هەبێت لەنێوان ژن و پیاودا، بێگومان ماف و پێگەی ژن لەوێ لەگەڵ ئێرە و ناوچەکانی خۆرهەڵات بەراورد ناکرێت، زۆرجار دەڵێم لەوێ مافەکان لە سەدا حەفتا و پێنج هەیە، بەڵام لێرە لە سەدا پێنج بۆ سەدا دەیە.

**– لەچەپەکانی کوردستان و حزبەکەی خۆت ڕازی؟ پێتوایە هەنگاوێکی جددیان لەو پێناوە هەڵگرتبێ؟**

+ بەڵێ ڕازیمە لێیان، ئەوە جەمال حەیدەری، نافیع یونس، لەنێو ئافرەتانیش ساکینە سلێمان و خوشکەکانی نافیع یونس و چەندانی دیکە، ئەمانە هەموو خوێنی خۆیان لەم پێناوەدا ڕشت و زۆر دڵسۆزبوون بۆ ئەو بیروباوەڕە. نافیع یونس پارچە پارچە کرا و هاویشتیانە نێو جۆگەی، ئێمەش بەدوای ئەواندا هاتین و وەرەمان لەوان وەرگرت و فێربووین. هەر ئەوەندە دەکرێت. کورد قوربانی زۆری داوە، بەڵام بە داخەوە، ئێستە پارە خەڵکەکەی شێواندووە! وەک دەگوترێت: «ماددە خەڵکی دەگۆڕی»

**– پێتوایە کە «ماددە خەڵکی گۆڕیوە؟».**

+ بەبۆچوونی من، بەڵێ.

**– با دوایین پرسیارمان لەسەر داهاتوو بێت. زۆر لەکەسایەتییەکان بۆ دوای خۆیان «وەسییەتنامە»ەک، دەنووسنەوە و هەڵیدەگرن. ئێوە وەسیەتی خۆتان نووسیوەتەوە؟**

+ وەسیەتم نەنووسیوەتەوە، بەڵام کردوومە، برادەری دڵسۆزم هەیە و بۆ ئەوانم کردووە. ئەو خانووەم هەیە لەگەڕەکی شۆڕش لەشاری هەولێر، هی خۆمە و مافی کەسی پێوە نییە، لەدوای خۆم دەمەوێت بکرێتە شوێنەکی خێرخوازی، جا شوێنەک بێت بۆ (منداڵی بێکەس و بێ باوک) یاخود هەر پرۆژەیەکی خێرخوازی بێت، شوێنەکە بەناوی خۆمەوە بکرێت، چونکە دەمەوێت ناوم بزر نەبێت و میللەتەکەم دوای خۆم سوپاسم بکات. بەهیوام دوای خۆم، یەکێ لەهاوڕێیانی دڵسۆزم، یان یەکەک لەخزمانی دڵسۆز، ئەو ئاواتەم بهێننە دی.

# هونەر

- **کۆشکی هەنار ... لەنێو کۆمەڵێک ئاریشە و ناتەباییدا**

حەمەسوار عەزیز






حەمەسوار عەزیز

کوردسات کەناڵێکی کلتووریی جیاوازە و پێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە برەودان بە ڕەوتی ڕۆشنگەریی لە کوردستان، بە تایبەت پاراستنی بەها کلتوورییەکان.

لە بواری دراماشدا کوردسات وەک پێوانەی ئاستی درامای کوردیی سەیر دەکرێت و دیدگای هونەرمەندان و بینەرانی کورد ڕووی لە شاشەی ئەو کەناڵەیە، ساڵانە چاوەڕێن چەند کارێکی درامی پێشکەش بە بینەرانی بکات و ئیزافەیەک بخاتە سەر ئەو خەرمانەیەی، کە لەسەردەمی حوسێن میسری و هاوڕێکانی دەستی پێکرد.

لەم ڕووەوەش کوردسات بووە کەناڵی تایبەتمەندی بەرهەمهێنانی درامای جددی و داهێنەر لە کوردستان، ئەرشیفی ئەو کەناڵەش پڕە لەو کارە داهێنەرانەی، کە وایکردووە جیاواز لە هەموو کەناڵەکانی دی کوردستان، بە کەناڵی یەکەمی دراما لە کوردستان هەژمار بکرێت و زۆرترین بینەر لە خۆی کۆبکاتەوە و ئاستی هونەریی و داهێنانی درامای کوردیی بەو درامایانەوە پەیوەست بکات، کە کوردسات بەرهەمیان دەهێنێت و پەخشیان دەکات.

ئەمساڵیش وەکو ساڵانی ڕابردوو کوردسات توانی لەنێو وەرزی یەکەمدا دوو درامای کوردیی پێشکەش بە بینەرانی بکات، درامای باران، سیناریۆی کامەران نوری گوڵاڵە و دەرهێنانی ئاکۆ عەزیز میرزا. درامای کۆشکی هەنار سیناریۆی ئومێد کەمال و چیرۆک و دەرهێنانی جەمیل مەفاخیری و بەرهەمی کۆمپانیای زەنێ، هەردوو دراماکەش بوونە جێگەی باس و خواستی بینەران و ڕەخنەگرانی بواری دراما و بە هەردوو ڕووە ئەرێنی و نەرێنییەکە دەنگدانەوەی زۆریان هەبوو.

"ئەوەی کە دەرهێنەر تیایدا سەرکەوتوو نەبوو، چۆنیەتی بەکاربردنی درامی ئەو باڵەخانەیە بوو، لەنێو فۆرمی کارێکی دراميیدا"

درامای کۆشکی هەنار، کە دواترین کاری درامی ئەو کەناڵەیە، پێویستی بە لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی شیکاریی و ڕەخنەییە، تا لە ڕووە گەش و تەماوییەکانی تێبگەین.

کۆشکی هەنار، کە لە سی و سێ زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی پێکهاتبوو، لە ناوونیشانەکەیەوە ئاماژەیەکی گرنگ بۆ جۆری ململانێی نێو دراماکە بە ڕوونی دەبینرا، بینەر لەو ئەدرەسە تێدەگات، کە کۆشکێک لە ئارادایە و دەبێتە چەقی ململانێی نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی نێو دراماکە، لەگەڵ دەسپێکی تایتڵی دراماکە و چرینی ئەو گۆرانییە تایبەتەی تایتڵ بە دەنگی (هێمن حوسێن) کە شیعری ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و ئاوازی هونەرمەندی داهێنەر زیاد ئەسعەد بوو، بینەر زیاتر بەر مەبەست و مەغزای ئەو کۆشکە دەکەوێت، کە سیمبولێکە بۆ سلێمانی و سیما و بونیادی شارستانی ئەو شارە، کەواتە هەر لە تایتڵەوە بینەر لەوە تێدەگات، کە ئەو ململانێ کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەی نێو دراماکە، ڕەهەندی سیاسی و مێژوویی هەیە و چیرۆکەکە بۆ قووڵایی زیاتر شۆڕدەبێتەوە، کە ئەو بەرکەوتنە ڕووکەشە تێدەپەڕێنێت و بەرەو ڕووبەری گەورەتر هەنگاو دەنێت، ئەویش ڕووبەری پاراستن و بەرگریکردنە لە بونیادی کلتووریی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی شارێکی وەکو سلێمانی، کە لە ئێستادا لە زۆر بواردا بووەتە چرایەکی ڕۆشن و پێشەنگی کاروانی داهێنان و نوێگەریی و مەدەنییەت لە





کوردستان.

ئەو پێگەیەی سلێمانی، کە وایکردووە لە زۆر بواری مەعریفی و سیاسی و کلتووریی، ڕۆڵی پێشەنگی هەبێت. داوامـان لێدەکات، کە دەبێت ئەم شارە سەلامەت بێت و دەست بە بونیادی شارستانی و فرەڕەهەندییەکەیەوە بگرین و هەوڵبدەین لە نەخۆشییە بکوژەکان بیپارێزین، چونکە بە نەخۆشکەوتنی سلێمانی و کەوتنی بەها جوانەکانی ئەو شارە، هەموو کوردستان نەخۆش دەکەوێت و نموونەی باڵا لە کوردستان دەکەوێت و کاریگەریی نەرێنی بەسەر باشوور و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەجێ دەهێڵێت، بۆیە هەڵبژاردنی سلێمانی وەک سیمبوڵ، لەم کارەدا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و نوسەر و سیناریست تەواو سەرکەوتوو بوون.

**سەرای سلێمانی لەنێو ڕووبەری درامادا**

پەنابردنی دەرهێنەر بۆ سـەرای سلێمانی، بۆ ئەوەی وەک ڕەمز و سیمبولێکی ئەو شارە پیشانی بدات، کارێکە پڕە لە کێشە و مەترسی بەتایبەت لەڕووی درامی و دارشتنەوەی ئەو باڵەخانەیەی لەنێو درامایەکی تەلەفزیۆنیدا. کێشەی دەرهێنەر ئەوەیە، کاتێک ئەم باڵەخانە مێژووییە هەڵدەبژێرێت، لەڕووی درامییەوە ناتوانێت تەوزیفێکی دروست بەو ڕووبەرە ببەخشێت، ئامادەیی ئەم باڵەخانەیە لەنێو ئەم درامایەدا کێشەی گەورە بۆ دەرهێنەر و تەبابییەکەی کارەکەی دروست دەکات، ئەوەی

> "هەنار کچە ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی ئیحساسێکی بەرزی بە کارەکتەر هەیە و دەتوانێت ئەو ئیحساسە بە دەوربەر ببەخشێت، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەری کاکەخان، دوانەیەکی بەهێزیان پێکهێناوە"

کە دەرهێنەر تیاییدا سەرکەوتوو نەبوو، چۆنیەتی بەکاربردنی درامی ئەو باڵەخانەیە بوو، لەنێو فۆڕمی کارێکی درامییدا، کە باس لە ئێرە و ئێستە دەکات، ئامادەیی بەهێزی ئەم سەرایە لە زەین و یادەوەری خەڵکی سلێمانی و کوردستان، پێویستی بـەوە دەکـرد، کە دەرهێنەر خاوەنی تەکنیکێکی زۆر بەهێز و کاریگەر بێت، تا بتوانێت ئەو ئامادەییە مێژوویی و فەرهەنگییە لە زەینی تاکی کورد بسڕێتەوە و لە ڕووبەرێکی مێژوویی و فەرهەنگییەوە ئامادەیەکی درامایی جیاواز بەو باڵەخانەیە ببەخشێت، کە تایبەتە بە دوێنێ و بیگوازێتەوە نێو ڕووبەرێکی درامی و کردرایی، کە گوزارشت لە ئێرە و ئێستە دەکات و دەتوانرێت تەبا بکرێت لەگەڵ ڕووبەرەکانی دیکەی دەرەوەی خۆی، لەنێو دراماکەدا، هەم باڵەخانەی سەرا، کە بەنێوی کۆشکی هەنارەوە ناوزەد دەکرا، هەمیش ئەو بازاڕە کۆنەی، کە وەک تەواوکەری کۆشکەکە خۆی وێنا دەکرد، لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا دوو لۆکەیشنی زۆر ناتەبا و دابـڕاو بـوون، نەیان دەتوانی ئاوێتەی فەزای ئێرە و ئێستەی دراماکە ببن، بەشێوەیەک بینەر هەستی بـەو دابڕانە زەقە دەکرد، کە لەنێوان ئەو دوو لۆکەیشنە و لۆکەیشنەکانی دەرەوەی ئەو دوو شوێنە هەیە، لەنێو یەکەی ستراکچەرێکی هونەریی درامی، کە وێنای شارێک دەکەن، هەرگیز ناتوانن ئاوێتەی یەکدی ببن.

لەڕووی درامییەوە دەرهێنەر نەیتوانی ئینتیمای سەرا لە باڵەخانەیەکەوە، کە وەک موڵکێکی گشتیی و فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بگۆڕێت بۆ موڵکێکی تایبەتی خانەوادەی کاکەخان.

ئامادەیی سەرا لەنێو دراماکەدا زیاتر لەو فۆرمە مێژووییە گشتییە دەبینرا، نەک وەکو موڵکێکی تایبەت مامەڵەی پێوە بکرێت و ببێتە شوێنی ژیانی خانەوادەیەک، تەنانەت لە هەندێک گرتەی فراواندا کامیرا پەیکەری برایم پاشای بابانی لەنێو حەوشـەی کۆشکەکە پیشان دەدا، کە ئەوەش هەڵەیەکی گـەورەی دەرهێنـەر بـوو، چونکە لە عورفی باشووردا پەیکەری قارەمانە مێژووییەکان لەنێو شوێنە گشتییەکان دادەنرێن.

بە نیشاندانی ئەو پەیکەرە لەنێو کۆشکی هەنار،

زیاتر ئەو دیدگایە زەق دەبووەوە، کە ئەم کۆشکە شوێنێکی گشتییە نەک کۆشکی نیشتەجێبوونی خێزانێکی ئەو شارە، تەنانەت هەموو هەوڵەکانی دەرهێنەر بۆ بەکاربردنی دالان و شوێنە جیاوازەکانی ئەم سەرایە وەک ڕووبەرێکی درامی نوشستیان هێنا. بە هۆی ئەو ڕەهەندە سایکۆلۆژییەی ئەکتەر بەرانبەر دار و دیواری ئەو کۆشکە، کە هەمیشە لەنێوان لۆکەیشن و ئەکتەردا، هەستت بەو دابڕانە زەقە دەکرد. بینەر بە ئاسانی هەستی بەوە دەکرد، کە ئەو کارەکتەرانە ئینتیمایان بۆ ئەو ڕووبەرە نییە و پێی ئاشناو تەبا نین، لەبەر ئەوەی خودی دالان و دیوار و حەوشە و ژوورەکانی ئەم کۆشکە، توانای ئەوەیان تێدا نەبوو ببنە بەشێک لە چیرۆکێکی مۆدێرن، کە باس لە ئێرە و ئێستە دەکات.

ئەگەر ئەو درامایە ڕەهەندێکی مێژوویی هەبووایە و کۆنتاکتی بە مێژووی ئەو سەرایە، یا هەر مێژوویێکی هاوشێوە هەبووایە، ڕەنگە ئەوکاتە ئەو تەباییە لەنێوان لۆکەیشن و کارەکتەر دروست ببێت، بەڵام لەم درامایەدا کەلێنێکی گەورە لەنێوان کارەکتەر و لۆکەیشن هەبوو، بینەر بە ئاسانی تێدەگات، کە ئەم کارەکتەرانە ئاشنایی و ئولفەتی شوێنیان بە لۆکەیشنەوە نییە و بەزۆر خزاونەتە نێو ئەو ڕووبەرە و ناتوانن لەگەڵی تەبا بن، لە ئەنجامدا دەرهێنەر بۆ بونیادنیان و جێگیرکردنی کۆشکی هەنار لەنێو سەرای سلێمانی بە ئامانج ناگات، چونکە دەرهێنەر توانای ئەو کەرەستە مەعریفیی و هونەریی و تەکنیکییە نەبوو، کە بتوانێت باڵەخانەی سەرا وەک ستراکچەرێکی مێژوویی و شارستانی و وەک فەزایەکی درامی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت بۆ کۆشکی هەنار.

**چیرۆک و سیناریۆ و چنین و دیمەنسازی و کارەکتەر**

ئەگەر ئەم درامایە بە کارەکانی پێشووتری کۆمپانیای زەنێ بەراورد بکەین، دەبینین پێشوەچوونێکی باش هەیە و کۆمپانیا کەوتووەتە سەر ئەو ڕێگە ڕاستەی، کە گومانم نییە بە هۆیەوە دەگاتە ئامانج و دەتوانێت لە داهاتوودا کاری نایاب و گەورە بەرهەم بێنێت، بۆیە سەرەڕای هەموو ڕەخنە و سەرنجەکان، ئەم کارە سەرەتایەکی دروستی کارکردنی کوردسات و کۆمپانیای زەنێ-یە، ئەمیش بە هۆی ئەو فۆرمە جیدییەی، کە دراماکەی تیادا بەرهەم هێنراوە و هەوڵیداوە خۆی لە گوتاری عەوام بەدوور بگرێت و هونەرێکی بەرز و بڵند پێشکەش بکات.

بابەتی سەرەکی چیرۆکی ئەم درامایە هەوڵدانی کاکەخان و هەنار-ە بۆ پاراستنی کۆشکی هەنار، ئەو کۆشکەی، کە نمایندەی کلتوور و ڕەسەنایەتی و مێژووی شار دەکات، لە بەرانبەریشدا هەوڵی بەردەوامی حاتەم و گوڵێ هەیە بۆ دەست بەسەرداگرتنی کۆشکەکە و ڕوخاندنی، هەریەکەشیان بە پلانێکی جیاوازەوە، حاتەم بۆ ئەوەی بیکاتە مۆڵێکی بازرگانی و پارەی زۆری لێ دەست بکەوێت، گوڵێ-ش بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە کاکە خان و هەنار بکاتەوە، کە لەو کۆشکەدا زوڵمی لێکراوە و ژنی بەسەردا هێنراوە، کەواتە لێرەدا کۆشک وەک بونیاد و سیمبوڵ پاڵەوانی ڕاستەقینەی چیرۆکە و هەردوو لایەنی ململانێکە دەیانەوێت سەروەری کۆشک ببەنەوە، هەریەکەیان بە مەبەستێکی جیاواز، نووسەر و دەرهێنەری دراماکە بە ڕووداوێک دەست پێدەکەن، کە زۆر زیرەکانە دارێژراوە، ڕووداوەکە لە ڕووە ئاشکراکەی پەیوەندی بە ململانێی سەر کۆشکەکەوە نییە، لە ناواخنییدا کرۆکی ئەو ململانێیە نیشان دەدات و تەوەری سەرەکی شەڕەکە لەسەر ئەو ڕووداوە هەڵچنراوە، کە

“ یونس وەک ئامادەیی و کاریزما و ئیحساسکردن بە کارەکتەر زۆر نایاب دەردەکەوێت، بەڵام کێشەیەک لە تۆن و ئیلقای یونس هەیە ”



ڕووداوی ونبوونی خاتو گوڵێ-یە، نووسەر و دەرهێنەر  زۆر زیرەکانە لە دەسپێکی دراماکەدا کاریان لەسەر کردووە و توانیویانە سەرنجی بینەر بۆ ڕووبەرێکی دی ببەن و دواتریش بە پرسی کۆشکی هەناری گرێ بدەنەوە، ئەمە باشترین سەرەتا بوو بۆ کارێکی درامی.

هەر لە سەرەتاوە زۆر گەشبین بووم بەو دەسپێکە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دواتر دەبێتە کێشە ئەوەیە، کە ئەم ڕووداوە توانای هەڵچنینی لاوازە و چیرۆک بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر لە پەراوێزی ئەم ڕووداوە خۆی بە کۆمەڵێک کێشە و ئاریشەی سادە و تاڕادەیەک ساختە سەرقاڵ دەکات. بینەر تێناگات بۆ ئەم ڕووداوە دەرهاوێشتەی گەورەی نییە و ڕووداوی گەورەتری لێ نابێتەوە، زیاد لە بیست زنجیرەی ئەو درامایە چیرۆک ناتوانێت هیچ ئیزافەیەکی ڕاستەقینە بە چنینی ڕووداوەکان ببەخشێت و دەروازەی دیکە بکاتەوە، بە پێچەوانەوە، کۆمەڵێک چیرۆکی لاوەکی دەخزێنە نێو هێڵی سەرەکی دراماکە، کە هەندێکیان هیچ پەیوەندییان بە ڕووداوی سەرەکییەوە نییە، وەک چیرۆکی ناسر و پەروانە و چیرۆکی شەریف، تەنانەت خودی ئەو هێڵە درامییەی جوانیکا و تەیفور-یش، کە بە سادەیی و ڕووکەش کاری تیاکراوە و بەستنەوەی بە هێڵی سەرەکی دراماکە دەیان کەلێنی زەقی پێوە دیارە، کە پێویستی بە چارەسەری بڕواپێکەر هەیە.

تێکەڵ بوونی پۆلیس و یاسا بە ڕووداوەکانی ئەم درامایە زۆر ڕووکەشانەیە، نەتوانراوە باوەڕپێکراو بێت، بۆ نموونە لەکاتی ونبوونی کەسێکی ئاسایی، کە زەهایمەری هەیە و هیچ بەڵگەیەک نییە، کە ئەو ژنە کوژرا بێت، یا ڕفێندرابێت، پۆلیس ئەفسەرێکی گەورە لەو ماڵە بەشێوەیەکی نهێنی  ناچێنیت، تا نهێنییەکانی ئەو ونبوونە ئاشکرا بکات، بەتایبەت لە وڵاتی ئێمە، کە ئەم جۆرە کارانە کاری ئەفسەری پۆلیسی پلەبەرز نییە، بەڵکو خەڵکانێک هەن، بە نهێنی کار بۆ دەزگا هەواڵگرییەکان دەکەن، نەک پۆلیس، ئەوانە پێیان دەگوترێت (معتمد_باوەڕپێکراو) کە لە خەڵکی ئاسایی پێکدێن.

بۆ کێشەی ونبوونی خاتوو گوڵێ دانانی ئەفسەرێکی گەورە لەو ژینگەیە بە نهێنی، زیادەڕۆیەکی گەورەیە و بۆ بینەر باوەڕکراو نییە.

> بەکر مستەفا یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی کوردستان و لەم دواییەش هەوڵدەدات فۆرمێکی کۆمیدی تاقی بکاتەوە، بە بڕوای من لە پیادەکردنی ئەم تەرزە کۆمیدیایە زۆر سەرکەوتووە

هەموو ڕووداوە گرنگەکانی ئەم درامایە لە چەند ڕووداوێکی لاوەکی تێپەڕی نەکرد (ونبونی خاتوو گوڵێ، عەشقی خان بۆ جوانیکا، دزینی ملوانکە و بەناوکردنی کۆشکەکە) ئەمە هەموو ئەو ڕووداوە گرنگانە بوون، کە لە ماوەی (٣٣) ئەڵقەدا بینەر بەدیارییەوە گیرسایەوە، واتە نەیتوانی چەند ڕووداوێکی گرنگ دروست بکات و بینەر لەگەڵ خۆی ببات.

لیڤڵی ڕووداوەکان و ئاستی ئەکشن بۆ درامایەک، کە بەرگی پۆلیسیی پۆشیوە، زۆر لاواز و سەرەتاییە، ئەم درامایە لە ڕووی چنین و دروستکردن و بەرەوپێشبردنی ڕووداو، زۆر لاواز و هەژار بوو، بۆیە زۆرینەی کاتی دراماکە لەسەر چنینی دیمەنی دووبارە و زیادە هەڵچنرا بوو، کە بەلابردنیان هیچ شتێک لە دراماکە ناگۆڕێت، بەپێچەوانەوە، بەلابردنیان دراماکە زۆر تۆکمە و باشتر دەبوو.

تەنانەت ئەکشنی کۆتایی دراماکە ئەوەندە چاوەڕوانکراو بوو، کە نەیتوانی هیچ شۆکێک لای بینەر دروست بکات، ئەم کۆتاییە لاواز و بێدەرەتانە، تەنیا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە هەناسەیەکی پشوودانی بە بینەردا، کە لە کۆتاییدا خراپەکاران بە سزای خۆیان دەگەن و گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیانیش سەردەکەوێت و هەموو شتەکان لە جاران جوانتر دەبنەوە، لە ڕاستیدا ئێمە دراما دەکەین و خەون نابینین، لە خەوندا ئەو جۆرە کۆتاییانە جوانن، بەڵام ژیان زۆر لەوە سەختتر و ئاڵۆزترە، بونیادی مرۆڤ بەر هەزاران هەوراز و نشێو دەکەوێت و ناتوانرێت بەو ڕووکەشییە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، هەموو شتێک بە شایی و هەڵپەڕکێ تەواو بکرێت.

لە ڕووی بونیادی کارەکتەرەوە زۆرینەی کارەکتەرەکانی ئەم درامایە کێشەیان هەیە و ڕەهەندەکانیان ونە، بۆ نموونە کاکەخان پیاوێکی هۆشمەند و خاوەن ئەزموون و ژیرە، چۆن عاشقی کچێک دەبێت، کە لە تەمەنی نەوەکەی خۆی دایە، ئەم عاشقبوونە هەزار پرسیار دەخاتە



سەر هۆشمەندی و ئیدراکی ئەم کارەکتەرە، تەنانەت ئەگەر عاشقیشی بێت، هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، کە چل ساڵ لە خۆی بچووکترە، ئەگەر ئەوە بکات، کەواتە هەموو جوان بینییەکانی کاکەخان ساختە و درۆن، چونکە ئەمە تاوانێکی گەورەیە و نابێت پاڵەوانە نموونەییەکە، کە پارێزەری کۆشکی هەنارە و دەستی بە بەها جوان و ڕەسەنەکاندا گرتووە، ئەم بیرکردنەوە بەد و قێزەوەنەی هەبێت، ئەمە دووفاقییەکی گەورەیە لە بونیادی کارەکتەردا، ئەی سەرچاوەی داهاتی ئەم کارەکتەرە چییە، کە ئەو هەموو کارمەند و بەردەستەی هەیە و مووچەیان پێدەدات؟ ئەگەر ئەم چوار فەرشە و ئەو ئامێرە مۆسیقیانە بێت؟ ئەوە نووسەر و دەرهێنەر لە خۆشخەیاڵیدا دەژین، چونکە ئەو خەرجییەی کاکەخان دەیکات پێویستی بە داهاتی مانگانەی گەورەیە، بەڵام لەم درامایەدا نەمانزانی سەرچاوەی داهاتی کاکەخان چی بوو؟ کارەکتەری حاتەم زۆر ناتەبایە لەگەڵ کارەکتەری خاوەن کۆمپانیایەکی مۆدێرن، کە نازانین ئیشی ئەو کۆمپانیایە چییەو داهاتی چییە؟ کارەکتەری جوامێر لە نیگەرانییەکی گەورەدایە، هەندێک جار زۆر دڵی لای باوک و خوشکەکەیەتی، هەندێک جاریش لە سوارە خراپتر دەردەکەوێت، هەردوو کارەکتەرەکەش بۆ ساتێک ناتوانن بڕوات پێبکەن، کە برای هەنارن، بەڵکوو وەکو غەریبە بەر یەک دەکەون، لە کاتێکدا ئەمانە بەیەکەوە گەورە بوونە، ئەگەر بەرژەوەندییەکانیشیان جیاواز بێت، پێویست بوو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەیان زۆر ڕوون بێت.

کارەکتەری جوانیکا لەنێو کێشەیەکی بونیادی گەورە دایە، لەلایەک وەک هونەرمەندێک بایەخ بە پرسی ژن و مافەکانی مێینە دەدات و بەرگری لێ دەکات، لە لایەکی دیکەوە، بۆ دەست بەسەرداگرتنی کۆشکی هەنار، لەنێو پیلانێکی گەورە دایە، ئەویش بە بازرگانیکردن بە ژنێتی و جەستەی ژنەوە.

لەڕووی دیمەنسازییەوە بەربڵاویەکی زۆر هەیە، کە بوونەتە بار و قورسایی بەسەر دراماکەوە، دیمەن لەنێو دراماادا کۆمەڵێک وەزیفەی دیاریکراوی هەیە، ئەگەر نەتوانرێت ئەو وەزیفانە ئەدا بکات، دەبێت لاببرێن.

ئەمانیش بریتین لە بەرەو پێشبردنی ڕووداو، ناساندنی کارەکتەر، پێدانی زانیاری بە بینەر، وێناکردنی کات و شوێن، داڕشتنی زمانی وێنەیی دراما و شۆککردنی بینەر. زۆرێک لە دیمەنەکانی کۆشکی هەنار هیچ یەکێک لەم وەزیفانەی تێدا بەدی نەهاتووە. هەندێکیان هەر پەیوەندیشیان بە ڕووداوی سەرەکی دراماکەوە نییە، وەک: زۆرینەی دیمەنەکانی بازاڕەکە، دیمەنی بێ بەرهەم و بێ ئامانج، ئەم چیرۆکانەی، کە لەو دیمەنە زیادانەدا بۆ بینەر پیشان دەدرێن، یا ئەو زانیارییانەی، کە پێی دەدرێت، بۆ بینەر گرنگ نین، چونکە نارژێنە نێو هێڵی سەرەکی ڕووداوەکان، چیرۆکی ناسر و شەریف و سەعدون تەنیا بۆ کات کوشتنە و ژمارەی ئەڵقەی پێ زیاد کراوە، دیمەنە دووبارەکانی نێوان حاتەم و خوشکەزاکانی، دیمەنی دووبارەی نێوان بەدری و خەندە، دیمەنی شێفەکان و دیمەنی فاڵچییەکە، زۆرینەیان وەزیفەیان نییە و هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر دراماکە. دەرهێنەر دەبوو بیر لەوە بکاتەوە بە لابردنی ئەو دیمەنانە دراماکە چی بەسەر دێت، لە بەرانبەردا دراماکە پێویستی بە کۆمەڵێک دیمەنی دی هەبوو، کەچی هەر بەلاشیدا نەڕۆیشتووە، وەک پەیوەندی نێوان خان و گوڵێ.

دراماکە دەبوو لە چەند دیمەنێک ژیانکردنی پێشووی ئەو دوو کارەکتەرە بە بینەر پیشان

> ❝ کاڵێ سەباح لە ئەداکردنی کارەکتەری جوانیکا زۆر سەرنجڕاکێشە، هەستناکەی ئەو کچە بەو ئەزموونە کەمەوە چۆن بەو متمانە زۆرەوە ئەدای ئەو کارەکتەرە دەکات ❞




بدات، تا بینەر لە ڕقەکانی خاتوو گوڵێ تێ بگات، بینەر لەم درامایەدا نەیزانی کامەیان ڕاست دەکەن، کاکەخان، یا خاتو گوڵێ، چونکە هەریەکەیان ئەویدی تۆمەتبار دەکرد، لە کاتێکدا دەبوو ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی چەند دیمەنێکی دراميیەوە وێنا بکرێت، تا بینەر بتوانێت بڕیار لەسەر ڕاستودروستی هەڵوێستی کارەکتەرەکان بدات، یا پەیوەندی نێوان هەنار و خاتوو گوڵێ، دراماکە هیچ بایەخی بەو پرسە نەداوە، بینەر نازانێت لە ڕابردوودا ئەم دوو کارەکتەرە چۆن بەریەک کەتوون، تا بتوانێت حوکم لە ئێستەی ئەو دوو کارەکتەرە بدات، کەواتە زمانی وێنە لەم درامایەدا ناتوانێت کۆنتاکتی بەهێزی لەگەڵ بینەر هەبێت، دەرهێنەر زیاتر کاری لەسەر ئەو زمانە بنەڕەتییە نەکردووە، کە وێنە دەیخوڵقێنێت، زیاتر ڕووبەری بە دیالۆگی ئەکتەر داوە.

دیالۆگ هەمان کێشەی دیمەنەکانی هەیە، ناتوانێت وەزیفەکانی ئەدا بکات، لەکاتێکدا دیالۆگ هەمان وەزیفەی تەواوکاریی هەیە، واتە لەو شوێنەی، کە وێنە ناتوانێت هەموو شتێک بە بینەر بدات، هەندێک کەلێن بە دیالۆگ پڕ دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی تەواوکەری وێنەکان بێت و یارمەتی بینەر بدات، بەڵام کاتێک دیالۆگ لە پێناو دیالۆگ و کات کوشتن دەنووسرێتەوە، ئەوە دەبێتە قورسایی بەسەر دراماوە، ئەو واقیعەی لەنێو دراماداا هەیە، واقیعێکی گریمانەکراوە، واتە کۆپیکراوی واقیع نییە، تا هەمان دیالۆگی ڕۆژانەی تیا دووبارە بکرێتەوە، ئەمە واقیعێکی چڕکراوەیە، کە دەبێت هەر ڕستە و وشەیەک تیایدا ئەدای وەزیفەیەکی درامی بکات، ئەویش وەک دیمەن، وەزیفەی هەڵچنینی ڕووداو و ناساندنی کارەکتەر و درکاندنی زانیاری هەیە، ئەگەر دیالۆگ نەتوانێت ئەمانە بکات، دەبێت لاببرێن، لەم درامایەدا ئەوەندە بەر دیالۆگی دووبارە دەکەوین، بەشێوەیەک بینەر دەزانێت لە هەر لۆکەیشنێک چ دەگوزەرێت، دەزانێت بابەتی بازاڕەکە چییە، دەزانێت بابەتی نێوان حاتەم و خوشکەزاکانی چییە و چی تیا دەگوترێت، دەزانێت بەدری و خەندە هەمیشە باسی چی دەکەن و کێشەیان چییە، ئەم پێشبینییەی بینەر بۆ بابەت و دیالۆگی نێو دیمەنەکان، وادەکات دراماکە لە کارێکی داهێنەرانەوە ببێتە کارێکی ئاسایی پێشبینی کراو، ئەمەش خراپترین ئاستی کاری درامایە کە لەگەڵ پێشبینییەکانی بینەر یەک بگرێتەوە و نەتوانێت تێیپەڕێنێت، هەندێک جاریش دیالۆگ دەبێتە کێشە بۆ کارەکتەر، لە یەک دیمەندا کارەکتەرەکە بەشێوەی جیاواز نیشان دەدات، ئەمە بەڕوونی لە کارەکتەری جوامێر و سوارەدا دەبینرا.

ئەگەر لە هەندێک لایەنی دیکەوە سەیری چیرۆک و هەڵچنینی ئەو درامایە بکەین، دەبینین کەلێنی زۆر زەقی تێدایە، بەتایبەت لە ڕووی یاساییەوە، ناکرێت درامایەک سیما و ئاکارێکی پۆلیسی و تاوانکاری هەبێت و ڕاوێژکاری یاسایی نەبێت، بەشێوەیەک بکەوێتە نێو کۆمەڵێک هەڵەی یاسایی زەقەوە، کە دراماکەیان لەکەدار کرد، ناکرێت سیناریست نەزانێت، کە وەکالەت تەنیا لەبەردەم دادنوس مۆر دەکرێت، ناکرێت نەزانێت ئەو موڵکانەی، کە دەخرێنە زۆنی موڵکی مێژوویی کۆنەوە بە ئاسانی ناتوانرێت تێکبدرێن، ناکرێت نەزانێت، کە یاسا لەسەر نیەت، خەڵک ناگرێت، تا تاوانێک ئەنجام نەدات، ناکرێت نەزانێت، کە تۆمەتبار لای پۆلیس بە کەفالەت ئازاد ناکرێت و ئەوە ئەرکی دادوەرە، ناکرێت نەزانێت، کە ئەو سەنەدەی تاپۆیە لە ماڵەوە هەمانە، ساختەشی بکەیت هیچ بایەخی نییە، چونکە کۆپی ئەسڵی لای فەرمانگەی تاپۆیە و لەوێ پارێزراوە، ناکرێت نەزانێت، کە گرتنی دوو کەس بە خاکەناسێکەوە لە حەوشەیەکدا، کە هێشتە هیچیان نەکردووە، سزاکەی لە چەند مانگێک تێپەڕ ناکات، بەتایبەت،

“

**کەمال عەلی و جەزا حەمە سەعید دوو ئەکتەری تەلەفزیۆنی گرنگن و ئەزموونی کارکردنی باشیان بەیەکەوە هەیە، بەتایبەتی لە کارەکانی حوسێن میسری**

”

کە یەکیان پارێزەرە و دەتوانێت دەرچەی یاسایی بۆ کارەکەی بدۆزێتەوە، ناکرێت نەزانیت، کە ساختەکردنی دۆلار ئیشی دەست نییە و بە تاکیش ناکرێت، ئەوە ئیشی گەورەترین مافیاکانی دونیایە.

### کاری تەکنیک و دەرهێنان

وەک لە سەرەتاوە باسم کرد، یەکەم کێشە، کە بەر ئەم درامایە کەوتووە، کێشەی هەڵبژاردنی لۆکەیشن و تەبایی لۆکەیشنە لەگەڵ ڕەوتی درامی ڕووداوەکان، دەرهێنەر سەرکەوتوو نەبووە لەو بوارەدا و کاریگەریی نەرێنی بەسەر ئاستی تەکنیکی دراماکە دروستکردووە، بۆ نموونە کاتێک چەند دیمەنێک لەنێو دالانی ئەو کۆشکە پیشان دەدات، هەرگیز نەیتوانیوە ئەو ئیحساسە بە بینەر بدات، کە ئێرە ئەو فەزایەیە، کە ئەو کارەکتەرانە ژیانی تێدا بەسەر دەبەن، هەمیشە دیوارە ئەستوورەکانی کۆشک بەربەستێکی گەورە بوون لە ڕووی توانەوەی کارەکتەر لەنێو فەزای ئەم کۆشکەدا، ئەم باڵەخانەیە بەو تەکنیکەی، کە کاری تێدا کراوە، نەتوانراوە بکرێتە ئەو کۆشکەی، کە دراماکە پێویستی بوو، لەوەش خراپتر مامەڵەی دەرهێنەر لە ڕوانگەی ئەو گرتە گشتییانەی کە لە دەرەوە تەواوی کۆشکەکە پیشان دەدات، بەو شێوازە بیناسازییە و پەیکەرەکەی نێوی و باخ و باخاتەکەی، ئەم گرتانە هیچ خزمەتێکی بابەتی ئەو درامایەیان نەکرد، بە پێچەوانەوە هەمیشە دەروازەیەک بوون بۆ ئەوەی وەبیری بینەری بهێننەوە، کە ئێرە ئەو سەرایە مێژووییەیەی سلێمانی-یە، ئەمەش دەبووە لەمپەرێک لەبەردەم ئەوەی ئەم سەرایە ببێتە کۆشکی هەنار، ئەو ماڵە خێزانییەی، کە خانەوادەی خان کۆدەکاتەوە.

بە هەمان شێوە بازاڕەکە بەو بینا سادەیە ناکرێت بازاڕێکی سەدەی بیست و یەک بێت، ئێستەش دەیان بازاڕی هاوشێوەی ئەو بازاڕە کۆنەی نێو دراماکە لە کوردستان و وڵاتان هەن، بەڵام هەموویان سیمای بازاڕیان پێوەیە، بەو مانایەی، کە باڵەخانەکە کۆن بوو، ئیدی مانای ئەوە نییە، کە نابێت بازرگانی مۆدێرنی تێدا بکرێت، دەبوو ئەم بازاڕە گوزارشتێکی ڕاستەقینە بووایە لە دیدگاکانی خان، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی بازاڕێکی کۆنیشەوە بازرگانی بکرێت و داهاتیشی هەبێت، بەڵام ئەو وێنەیەی ئەو درامایە پیشانی دا، پاساوی ئەوەی بەدەستەوە دا، کە ئەو بازاڕە تەواو دابڕاوە و کەڵکی ئابووریی نییە و هەر بۆ ڕووخاندن باشە، چونکە دەرهێنەر بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی لۆژیکی مانەوەی ئەو بازاڕە بە بینەر بدات، بە پێچەوانەوە وەکو شوێنێکی دابڕاو نیشانی دا، کە جگە لە ئەنتیکەخانە بۆ هیچ شتێکی دی نابێت، ئەمەش تەواو ناکۆکە لەگەڵ پەیام و لۆژیکی دراماکە.

ئەگەر باسی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕووبەرەکە بکەین، کە دەبوو دەرهێنەر لەڕووی زەمەن و شوێن و جوانی و هونەرییەوە بە یەکیان گرێ بداتەوە، دەبینین لەم بوارەدا کێشەی گەورە هەیە، نە کۆشکی هەنار دەتوانێت ببێتە باڵەخانەیەکی نێو شار و وەک ماڵێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەبازاڕەکەش دەتوانێت ببێتە بەشێک لە بازاڕی ئاسایی سلێمانی، لەبەر ئەوەی هەموو ڕووداوەکانی نێو کۆشک دابڕاوە لە ڕیتمی گشتیی شار و بازاڕەکەش ڕووبەرێکی فەرامۆشکراوی بازاڕە، کە هیچ سیمایەکی بازاڕی هەڵنەگرتووە، ئەم ئاوێتە نەبوونە وایکردووە کێشەی زەمەن لە دراماکە دروست ببێت، بەشێوەیەک بینەر هەست ناکات، کە زەمەنی لۆکەیشنە کۆنەکان و لۆکەیشنە مۆدێرنەکان هەمان زەمەن بن، لەڕووی شوێنیش، ئەو دابڕانە بەڕوونی دەبینرێت، لە هەمووشی کێشەتر ئەم کۆشک و بازاڕە بە تەواوی دابڕاوە لە هەموو کێشە و ئاریشە ئێستەییەکانی شار و ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆشکی هەناردا نییە، وەک ئەوەی ئەم کۆشکە لە دەرەوەی زەمەن و کات بێت، چونکە هیچ لە کێشە هەنووکەییەکانی تاکی کورد لەنێو ئەو کۆشک و بازاڕە دابڕاوەدا ئامادەیی نییە، بەشێوەیەک، کە هەست بە ناتەبایی زەمەن دەکەین و هەست ناکەین کارەکتەرەکانی ئەم کۆشکە لەنێو کێشەکانی ئێستەی کۆمەڵگەی کوردیدا دەژین.

هەڵبژاردنی شانۆی ڕۆمانی لە هەواری شار، وەک بەشێک لە لۆکەیشن بەتایبەت وەک ئۆفیسی هەنار دیسان کێشەیە بۆ دراماکە، چونکە بونیادی ئەو شانۆیە ڕوونە، کە شوێنێکی کلتووریی گشتییە و سەختە وەک نوسینگەی تایبەتی هەنار بەکار بێت، کە نوسینگەیەکی تایبەتە، ئەگەر

> ❝
> **تاقیکردنەوەی ئەو فۆرمە بۆ فەرەیدون حەمەساڵح لە کارەکتەری شەهاب دا کارێکی یەکجار گرنگ بوو، بۆ ئەوەی ئەو فۆرمە کۆمیدییە دووپارەیە بەتاڵ بکاتەوە، کە لە چەندین کاری درامی و کاریکاتێری تەلەفزیۆنی تیایدا دەردەکەوت**
> ❞



وەک ئەوەش بەکار نەهاتبێت دووبارەبوونەوەی ئەم هەموو گرتانە لە هەواری شار، بێ ئەوەی لۆکەیشنی دراماکە ئەو شوێنەی پێویست بێت، هەمدیسان کێشە بوو بۆ دراماکە، مەگەر دیمەنی کۆتایی دراماکە بە تەواوی سوودی لەو لۆکەیشنە وەرگرتبێت، چونکە یەکانگیرییەکی تەواو لەنێوان فۆرم و بابەت هەیە و دیمەنێکی ناوازەی تایبەتە و جوانی زۆری بە دراماکە بەخشیوە، خۆزگە دەرهێنەر لە ئەڵقەی کۆتاییدا ئەو هەموو کۆتاییەی بۆ دراماکە دروست نەدەکرد، وەکو هەڵپەرینی هاوسەرگیری ئارام، یا کۆبوونەوەی کاکەخان لەگەڵ خێزانەکەی، چونکە هەواری شار و شانۆی رۆمانی، دەکرا جوانترین و بە بەهاترین کۆتایی دراماکە بن.

لەرووی مۆنتاژ و گرێدانەوەی گرتە و دیمەنەکان جۆرێک لە بێ بەرنامەیی هەیە، دیمەنێک بۆ چەند جارێک دەپچرێندرێت و دواتر دەگەرێینەوە بۆ لای، بێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی درامی روون لەو کەرت کردنە هەبێت، بینەر تێ ناگات بۆ ئەو دیمەنانە لەکاتی مۆنتاژدا ئاوێتە کراون، لە کاتێکدا هیچ کاریگەرییەکی لۆژیکی و درامییان بەسەر یەکەوە نییە و دیمەنەکان بە جیاش دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، لەرووی وێنەگرتن و گۆشەی کامیرا و جووڵەی کامیرا، جۆرێک لە دامەزراوەیی بەدی دەکرێت و دەرهێنەر توانیویەتی ریتمی دراماکە تەبا لەگەڵ هەڵچوونی خاوی رووداوەکان لە رووی وێنەگرتن و جووڵەی کامیراوە وێنا بکات و جۆرێک لە تەبایی لەنێوان وێنە و بابەت بەرهەم بێنێت، هەرچەندە دیسان کۆمەڵێک وردەکاریی هەیە، کە بۆ بینەر گرنگ نین، دەبوو لاببرێن و کار نەکاتە سەر دابەزینی ریتمی دراماکە و جۆرێک لە وەرسبوون دروست بکات.

> **❝ حەمەسەعید توانی ئەدایەکی تایبەت لە ئەداکردنی کارەکتەری ئەفسەری لێکۆڵینەوە پێشکەش بکات و فۆرمێکی جیاوازی نواندن تاقی بکاتەوە ❞**

لەم درامایە، بە تەواوی لەگەڵ سیستمی دەنگ و رووناکی و کارتێکەرە بیستراو و بینراوەکان بووم، بەتایبەت لە هەندێک دیمەندا، کە زۆر نایاب کار لەسەر رووناکی و رەنگەکان کرابوون، بەشێوەیەک روویێکی نائارامی ژیانی نێو ئەو کۆشکەی وێنا دەکرد و ئەو دڵەخورپەیەی کارەکتەرەکانی پیشان دەدا، کاتێک رووبەرووی مەترسییەکی پەنهان و نادیار دەبوونەوە، کە لە دەرەوەی کۆشک سەرچاوەی دەگرت.

راکوار دەکەوێتە نێو چەندین هەڵەی زەقەوە، هەرچەندە دەرهێنەر هەوڵدەدات لەرێگەی جلوبەرگەوە کێشەی راکوار چارەسەر بکات، بۆ نموونە هەندێک کارەکتەر، دراماکە بە جلێک، یا دوو جل بەرێ دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک دیمەندا هەڵەی راکوار بەروونی دەبینرێت.

ریتم لەم درامایەدا بە هۆی پەرەسەندنی ئاسۆیی رووداوەکان بەر کێشەیەکی گەورە دەکەوێت، کاتێک ناتوانێت بە تێپەربوونی کات، هەڵچوون لای بینەر دروست بکات و بینەر بخاتە نێو جۆرێک دڵەخورپەوە، کە پەرۆشی بینینی زیاتر بکات، بە پێچەوانەوە، ریتم لە دوو ئەڵقەی یەکەم زۆر کاریگەرتر و خێراترە، لەچاو ئەڵقەکانی دواتر، بەتایبەتی کاتێک دراماکە هێڵی سەرەکی خۆی لەنێو کۆمەڵێ رووداوی بێ بایەخی ئاسایی ون دەکات، رووداوەکان تووشی جۆرێک لە چەقبەستن دەبن و ناتوانن لەرووی درامییەوە بچنە پێشەوە و کێرڤی کارەکە بەرز بکەنەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو دیمەن و دیالۆگە زیادەوە دروست دەبێت، کە هیچ لێکەوتەیەکی درامییان لەنێو کارەکەدا نییە، دەبوو زەمەنی ئەم هەموو دیمەنە بێ کردارە چڕ و کەمبکرێنەوە، رێتم پەیوەستە بە دابەشکردنی زەمەن بەسەر شوێن و رووداوەکانەوە، ئەگەر زەمەنی زیاتر بەهەر شوێنێک، یا رووداوێک بدەیت، ریتم تووشی دارمان دەبێت و سیاقی درامی دەکەوێتە کێشەی گەورەوە، ئەڵقەکانی کۆتایی دراماکەش، کە دەبوو ریتم تیایدا بەرزبێتەوە و کۆمەڵێک

ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو بینەر شۆک بکەن و چەند ئاکشنێکی تازە لە پاڵەوان و نەیارانی پاڵەوان ببینین، بەڵام هیچ کام لەمانە ڕوونادات، تەنیا ئەوە نەبێت، کە بینەر لە سەرەتاوە دەیزانی ڕوودەدات، ئەویش داگیرکردنی کۆشکی هەنارە لەلایەن حاتەمەوە، پاڵەوانەکانی دراماکەش لە قسە زیاتر توانای هیچ کردارێکی دیکەیان نییە، تەنانەت کرداری نەخۆشکەوتنی خان-یش لە دوا ئەڵقە ئەکشنێکی بێ بەرهەمە و هیچ کاریگەریی بەسەر دراماکەوە نییە، وەک چۆن لە پێشەوە چەند کردارێکی دی، کە هیچ ئامانجێک لە دراماکە ناپێکن، وەک دەرکەوتنی شەوانەی خاتوو گوڵێ لەنێو کۆشک، یا هاوکاریکردنی جوانیکا لەگەڵ حاتەم دژی کاکەخان، ئەمانە ئەو کردارانەن کە ئامانجیان نییە، چونکە دەرکەوتنی تارمایی خاتوو گوڵێ بۆ خان هیچ ئامانجێک ناپێکێت، ئەم دەرکەوتنە بۆ هەنار گونجاوتر بوو، کە کۆشکەکەی بەناوە و ئەمانیش دەیانەوێت دەستی بەسەردا بگرن، لە کرداری یارمەتیدانی جوانیکا بۆ حاتەم کاتێک دەیەوێت شوو بە کاکە خان بکات، نازانم ئەم کردارە چ سوودێکی بۆ حاتەم هەیە، ئەگەر جوانیکا شوو بە خان بکات دەبێتە خاتوونی ئەو ماڵە و هەموو شتێک دەبێتە موڵکی جوانیکا، نەک حاتەم، بەمەش حاتەم کێشەیەکی گەورەتر بۆ خۆی و خاتوو گوڵێی خوشکی دروست دەکات، ئەوان هێشتە لە هەناری دایک و هەناری کچ ڕزگاریان نەبووە، چۆن هەنار-ێکی دی بۆخۆیان زیاد دەکەن.


دەرهێنەر زۆر بە سادەیی و هەژاری مامەڵەی لەگەڵ هەندێک دیمەندا کردووە، وەک دیمەنی هەڵکۆڵینی حەوشەی کۆشکەکە لە لایەن سالار و سەرکەوتی پارێزەر، هەر یەکە و خاکەناسێکی داوەتە دەستیان گوایە هاتوون حەوشەی کۆشک هەڵدەکۆڵن و گەنجینە دەردەهێنن، جارێ من تێنەگەیشتم چۆن تەیفور دەیزانی گەنجینە لە حەوشەی ئەو کۆشکەدا هەیە و کاکە خانی خاوەن کۆشک نەیدەزانی، دواتر دەکرێت ئەم بەردە ڕەقەی ئەم کۆشکە بە دوو خاکەناس هەڵکۆڵیت، من دەمەوێت گریمانەیەک بکەم، ئەگەر پۆلیس ئەو دوو کەسەیان لەوێ نەگرتبایە، چۆن ئەم حەوشەیان هەڵدەکۆڵی، یا دەرهێنەر دەیزانی پۆلیس دەیانگرێت، بۆیە پێی گوتوون هەر شتێک لەگەڵ خۆتان ببەن، خۆ ئێوە فریای هەڵکۆڵین ناکەون پۆلیس دەتانگرێت.

چارەسەری کێشەکان لە دوا ئەڵقەی دراماکە زۆر سادە و ساکار و بە هەواو هەوەسی بینەر بوو، بەڵام بەشێوەیەک زیانی لە توانایی و کارامەیی پاڵەوانەکانی نێو کۆشکی هەنار دا، نیشانی دا ئەوانە بەهیچ شێوەیەک شایستەی ئەوە نین، کە خاوەن و بڕیاردەری ئەو کۆشکە بن، چونکە کەوتنی تاوانبارەکان و ئاشکراکردنیان هەمووی بۆ پۆلیس گەڕایەوە و پاڵەوانانی دراماکە ئاگاداری هیچ نەبوون، ئەوەش نیشانەی پرسیاری گەورەیە لەسەر شایستەیی پاڵەوانەکان، بۆ خاوەندارێتی کۆشکی هەنار، کە ڕەهەندی سیاسی و ئابووریی و کلتووریی و کۆمەڵایەتی هەیە، دەرخستنی پاڵەوانەکانی نێو کۆشک بەو سادەیی و ڕووکەشییە لە خزمەت ئایدیا و دیدگای دراماکەدا نەبوو، لە وێناکردنی کۆمەڵێکدا، کە دەیانەوێت کۆشک بپارێزن، لەبەر ئەوەی دراماکە ئەوانەی زۆر پاسیڤ پیشاندا و زۆر ڕووکەشانە بەر ڕووداوەکان کەوتن.

**ئەدای ئەکتەر لە کۆشکی هەنار**

گومان لەوەدا نییە، کە ئێمە ئەکتەری زۆر نایاب و تایبەتمان هەیە و توانای ئەداکردنی سەختترین کارەکتەریان هەیە، لەم ڕووەوە دەرهێنەری

> **“ مستەفا ئەحمەد بۆ ئەداکردنی کارەکتەری حاتەم هەڵبژاردنێکی دروست نەبوو ”**



کورد بەتایبەت لە سلێمانی بژاردەی زۆری لەبەر دەست دایە بۆ ئەوەی ئەکتەری گونجاو بۆ ئەداکردنی کارەکتەرەکانی نێو کارەکەی هەڵبژێرێت، بەڵام ئەوەی زۆرجار کۆمەڵێک فاکتەر دەبنە ڕێگر لەوەی ئەکتەری کورد نەتوانێت توانا و ئەدای بە شێوەیەکی دروست پیشان بدات، یەکێک لەوانە کێشەی هەڵبژاردنی ئەکتەرە بۆ کارەکتەرێکی دیاریکراو، دەبێت دەرهێنەر لە هەڵبژاردنی ئەکتەردا، هەموو ڕەهەندە فیزیکی و دەروونییەکان لێک بداتەوە و بزانێت ئەو ئەکتەرە، تا چەند دەتوانێت بەرجەستەیەکی دروستی ئەم کارەکتەرە بکات.

بۆ نموونە لەم درامایەدا هەڵبژاردنی مستەفا ئەحمەد بۆ ئەداکردنی کارەکتەری حاتەم هەڵبژاردنێکی دروست نەبوو، چونکە مستەفا ئەحمەد ئەگەرچی یەکێکە لە ئەکتەرە دیار و باشەکانی کوردستانە، بەڵام فۆرمی ئەداکردنی مستەفا ئەحمەد جۆرێک لە ئەداکردنێکی میللی خۆڕسکی پێوە دیارە، کە ناتەبایە لەگەڵ فۆڕمی کارەکتەری حاتەم، تەنانەت خودی کارەکتەری مستەفا ئەحمەد وەک بۆدی تەکنیک و فۆڕم ناتەبایە لەگەڵ کارەکتەری حاتەم، کە بەگوێرەی ئەو فەزایەی دەرهێنەر لە ڕێگەی لۆکەیشنی کۆمپانیاکەی بۆی نەخشاندووە، دەبێ پیاوێکی مۆدێرن و ڕەفتار مۆدێرن بێت، بەڵام سیماو ڕەفتارەکانی مستەفا ئەحمەد ناتوانن ئەوە بە کارەکتەرەکە بدەن، بۆیە هەمیشە هەست دەکەیت کارەکتەرێکی ناتەبایە لەگەڵ ئەو فەزایەی، کە تێیدا خزاوە.

یونس حەمە کاکە یەکێکە لە باشترین ئەکتەرەکانی کوردستان و توانایەکی گەورەی هەیە لە ئەداکردنی کارەکتەرە سەخت و ئاڵۆزەکان و خاوەن ئیحساسێکی قوڵ و ڕووخسار و سیمایەکی گوزارشتکەرە، لەم درامایەشدا یونس وەک ئامادەیی و کاریزما و ئیحساسکردن بە کارەکتەر زۆر نایاب دەردەکەوێت، بەڵام کێشەیەک لە تۆن و ئیلقای یونس هەیە، زۆرینەی زۆری دیالۆگەکانی بە (چرپە–همس) دەردەبڕێت، ئەم دەبڕینەش تەواو ناکۆکە لەگەڵ بونیادی کارەکتەرێکی خاوەن بڕیاری وەک کاکەخان، کە دەبێت جۆرێک لە قەرار و متمانە لە تۆنی قسەکردنیدا هەبێت.

شەیما مەلایی _هەنار کچە ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی ئیحساسێکی بەرزی بە کارەکتەر هەیە و دەتوانێت ئەو ئیحساسە بە دەوربەر ببەخشێت، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەری کاکەخان، دوانەیەکی بەهێزیان پێکهێناوە، لیڤلی ئەداکردنیان لەڕووی هەستەوەرەکانەوە زۆر بەرزەو دەتوانن لە ڕێگەی ڕوخسارو ئاماژەکانی چاوو ڕوخسار وێنای کۆمەڵێک دژواری نێو کارەکتەرەکە بکەن، زۆر بە متمانەوە مامەڵە لەگەڵ کارەکتەری هەنار دەکات، تەنها کێشەی ئەکسێنت و شێوەزاری قسەکردنی هەیە کە دەبوو چارەسەر بکرێت، بە تایبەت کە شێوەزاری سلێمانی و سنەیی زۆر لەیەکەوە دوور نین.

بەکر مستەفا یەکێکە لە ئەکتەرە دیارەکانی کوردستان و لەم دواییەش هەوڵدەدات فۆرمێکی کۆمیدی تاقی بکاتەوە، بە بڕوای من لە پیادەکردنی ئەم تەرزە کۆمیدیایە زۆر سەرکەوتووە و بووەتە ڕەگەزێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی بینەر. لەو درامایەشدا توانیویەتی فۆڕمێکی جیاوازی ئەداکردن پێشکەش بکات، کە خزمەتی زۆری بە دراماکە کردووە و لەگەڵ بەیان بۆمبا، لە کارەکتەری خونچەدا جۆرێک لە چێژی تایبەتیان بە دراماکە بەخشیوە، بەبێ بوونی ئەم ئەدایەی ئەم دوو ئەکتەرە دراماکە بەشێکی زۆری هاوسەنگی لە دەست دەدا و دەبووو کارێکی وەڕسکەر.

**“ئەگەر ئەم درامایە بە کارەکانی پێشووتری کۆمپانیای زەنێ بەراوورد بکەین، دەبینین پێشوەچوونێکی باش هەیە”**





کاڵێ سەباح لە ئەداکردنی کارەکتەری جوانیکا زۆر سەرنجڕاکێشە، هەستناکەی ئەو کچە بەو ئەزموونە کەمەوە چۆن بەو متمانە زۆرەوە ئەدای ئەو کارەکتەرە دەکات و چۆن کۆنترۆڵی ئیحساسەکانی دەکات و دەتوانێت یاری بە دەوروبەرەکەی بکات و لە خشتەیان ببات و هەمیشە هێزو دامەزراوەیی بداتە ئەو دیمەنانەی، کە تێدا دەردەکەوێت و ئامادەیی تێدا هەیە.

تاقیکردنەوەی ئەو فۆڕمە کارەکتەرە بۆ فەرەیدون حەمەساڵح لە کارەکتەری شەهاب کارێکی یەکجار گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەو فۆڕمە کۆمیدییە دووبارەیە بەتاڵبکاتەوە، کە لە چەندین کاری درامی و کاریکاتێری تەلەفزیۆنی تیایدا دەردەکەوت، تاقیکردنەوەی ئەم فۆڕمە بۆ فەرەیدون، فۆڕماتکردنێکی تازەی تواناکانی ئەم ئەکتەرەیە و بە باشی تێیدا سەرکەوتوو بوو.

کەمال عەلی و جەزا حەمە سەعید دوو ئەکتەری تەلەفزیۆنی گرنگن و ئەزموونی کارکردنی باشیان بەیەکەوە هەیە، بەتایبەتی لە کارەکانی حوسێن میسری، لەم درامایەشدا ئەم هەماهەنگییە بەجوانی لە ئەداکردنی ئەم دوو ئەکتەرەدا ڕەنگی داوەتەوە و جۆرێک لە عەفەویەت و سادەیی لە ئەداکردنیاندا بەدی دەکرێت، کە دەتوانێت پردێکی باش لەگەڵ بینەر دروست بکات، چونکە لەسەر ڕاستگۆیی و ئەدای ئاسان بینا کراوە، هەرچەندە لە هەندێک دیمەندا جۆرێک لە ساختەیی دەبینرێت بەتایبەت لە دیمەنی سکچوونەکەی جوامێر.

شیلان عەبدوڵڵا و بەیان عەلی توانیان لە ئەداکردنی هەردوو کارەکتەری خەندە و بەدری فۆڕمی دوو ژنی چەنەبازی چاوچنۆک وێنا بکەن، کە هەمیشە چاویان لەسەر ئەوانی دیکەیە و نایانەوێت کەس خێر لە خۆی ببینێت، ئەم فۆڕمە میللییە، بەتایبەت لای بەیان عەلی زۆر جوان ئیشی لەسەر کرابوو، بەتایبەتی کاتێک وێنای ژنێکی نەدیتکەی چاوچنۆک و دڵ پڕ لەقین دەکرد، شیلان-یش توانی بەو ئەزموونەی هەیەتی فۆڕمێکی جیاواز لە بەیان پێشکەش بکات، هەرچەندە هەردوو کارەکتەرەکە لەڕووی بونیادەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن، بەڵام شیلان توانی جۆرێک لە پلەبەندی جیاواز بە کارەکتەرەکەی ببەخشێت، لەسەرەوە بۆ خوارەوە سەیری کارەکتەری بەدری بکات.

حەمەسەعید توانی ئەدایەکی تایبەت لە ئەداکردنی کارەکتەری ئەفسەری لێکۆڵینەوە پێشکەش بکات و فۆڕمێکی جیاوازی نواندن تاقی بکاتەوە، هەرچەندە پێویستی بە هێمنییەکی زیاتر هەبوو، چونکە ئەفسەرەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەیان



**شیلان عەبدوڵڵا و بەیان عەلی توانیان لە ئەداکردنی هەردوو کارەکتەری خەندە و بەدری فۆرمی دوو ژنی چەنەبازی چاوچنۆک وێنا بکەن، کە هەمیشە چاویان لەسەر ئەوانی دیکەیە و نایانەوێت کەس خێر لە خۆی ببینێت**


کێشە و تاوانی گەورە دەبنەوە و تاوانی لەو شێوەیەی دراماکەش بەو شێوەیە نایانخاتە هەڵچوون، غەفوور عەبدوڵڵا ئەکتەرێکی زۆر مولتەزیم و تایبەتە و هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە خزمەت ئەداکردنی کارەکتەر، بەڵام کاتێک کێشە لە بونیادی کارەکتەر هەیە، کێشە بۆ ئەدای ئەکتەر دروست دەکات، وەک کارەکتەری تەیفوور، کە بێ هیچ بەهانەیەک کرایە قاچاخچی و پیاوکوژ، لە کاتێکدا لە دیمەنەکانی سەرەتادا بەشێوەیەکی دی بونیاد نرابوو.

لێرەدا من ناتوانم باسی هەموو ئەکتەرەکانی ئەم درامایە بکەم، چونکە ژمارەیان یەکجار زۆرە، بەڵام زۆرێک لەو ئازیزانە توانیان ئەدایەکی باوەڕپێکراو پێشکەش بکەن، بەڵام کێشەی گەورە لە بونیادی کارەکتەرەکان دەبینرا، کە وایدەکرد بوونی کارەکتەرەکە لەنێو دراماکەدا هیچ بایەخی نەبێت، دواتریش ئەکتەرەکە نەتوانێت، وەک پێویست لە زاکیرەی بینەردا بمێنێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئەدای باوەڕپێکراوی هەریەک لە (ژیان ئیبراهیم، شاناز محەمەد، کەریم ساڵح، هەڵۆ مستەفا، بەهادین هەڵەبجەیی، عابد هەورامی، مەستان مەریوان، شیبا ئیسماعیل، کەژاڵ لەتیف، میران ئازاد، حیکمەت هیندی، عەلی ئەحمەد، نەژاد فەتحی، بێگەرد سەلیم، ئومێد کەمال، موزەفەر محەمەد و شەنگە کەرکوکی) بکەم، کە توانیان بە ئاست و لیڤڵی جیاواز هاوکاری کارەکە بکەن، ئەگەر پانتایی کرداری کارەکتەرەکانیان باشتر و تۆکمەتر تر بووایە، ڕەنگە دەرفەتی مانەوەیان لە زاکیرەی بینەر بەهێزتر بووایە، بەڵام کاتێک کێشە لە بونیاد و پانتایی درامی کارەکتەر و بەهای درامی کارەکتەر دەبێت، بە نەرێنی بەسەر ئەدای ئەکتەردا دەشکێتەوە.


*** وێنەکان لە شاشەی کوردسات وەرگیراون**




خوێندنەوەی کتێب
• خوێندنەوەیەکی قووڵتر بۆ دەقی کوێت
تاریق کارێزی

بەدواداچوون و وەڵامدانەوە

# خوێندنەوەیەکی قووڵتر بۆ دەقی کوێت


تاریق کارێزی


جەنگی ( کوێت) لە گەواهی نامەکەی( تاریق کارێزی)دا

د. نەجم ئەلوەنی

بنیاتی رووداو لە زۆر شوێنی ئەم دەقەدا لاوازە و نووسەر هەوڵی داوە زیاتر ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە، کە لە واقیعدا لە رۆژگاردا رۆویانداوە، لەمەشدا شێوازێکی کۆنە و پێیا دەگوترێ کۆپیا کردنی واقیع

کوێت
تاریق کارێزی
KUWAIT B TARIQ KAREZY

119

120 دیوان ژمارە (٢٣) نیسانی ٢٠٢٣

زۆر خۆشحاڵ بووم، د. نەجم ئەڵوەنی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە ئەدەبیاتی کوردی و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین، بە ناوونیشانی (جەنگی کویت، لە گەواهی نامەکەی تاریق کاریزی-دا) لە ژمارە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٣ی گۆڤاری دیوان-دا کتێبی کوێت-ی بەسەر کردۆتەوە.

سوپاس بۆ هاوڕێی دێرینم سمکۆ عەبدولکەریم سەرنووسەری گۆڤاری دیوان، کە دەرفەتی دا ئەم بەدواداچوونە بۆ بابەتەکەی د. ئەڵوەنی بکەم، بەدەم ئەوەشەوە هەندێک ڕۆشنایی بخەمە سەر دەقی کوێت، کە بەڕێزیان بە (گەواهی نامە) ناوی دەبات. من بەر لەوەی بچمە نێو وردەکاریی تایبەت بە دەقی (کوێت)ەوە، پێم خۆشە هەڵوەستەیەک لە ئاست نووسینەکەی جەنابی دکتۆردا بکەم.

من، کە نووسەری ئەم کتێبەم، ئەم دەقەم لە بارەی دووەمین جەنگی کەنداو (شەڕی کوێت، گەردەلوولی بیابان) نووسیوە.

بە ڕاستی زۆر بە لامەوە گرنگە مامۆستایەکی پسپۆڕ و ڕەخنەگرێکی ئەکادیمی و خاوەن ئەزموونی وەک د. نەجم ئەڵوەنی، کە هاوڕێیەکی دێرینمە و سەرووی چل ساڵە یەکدی دەناسین، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستیی و ئەکادیمی بۆ دەقەکەم بکات، ئەو کارەی ئەو بۆ من دەبێتە بەرچاوڕوونییەکی گەورە، کە ئەگەر خودا دەرفەت بدات و تەمەن بوار بدات، لە نووسینی دەقی دیکەدا، سوودی لێ دەبینم، بەڵام من پێم وانییە د. نەجم هێندە لە دەقەکە قووڵ بووبێتەوە، تەنانەت مەزندەم بۆ ئەوەش دەچێت، کە پێناچێت بواری هەبووبێت دەقەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە، بۆیە ناچارم بڵێم، هەر تەنیا بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەقێکی گەورە و فرە ڕەهەند، ئاسان نییە مرۆڤ پەی بە قووڵایی ئەو دەقە ببات، بۆ ئەوەی قسەکانم بە بەڵگەوە بسەلمێنم، وا خوێندنەوەیەک بۆ نووسینەکەی دکتۆر دەکەم.

بەر لەوەی بچمە سەر خوێندنەوەی ئەو هەڵسەنگاندنەی لە ژمارەی ٢٣ی دیوان-دا بۆ دەقەکەم کراوە، حەز دەکەم ئاماژە بە چەند بۆچوونێک بکەم، کە خەڵک و خوێنەرانی هەمەجۆر دەرهەق بە دەقەکە دەریان بڕیوە. لاشم وایە، وەک نووسین، تا ئێستا باشترین هەڵسەنگاندن بۆ دەقی کوێت کرا بێت، ئەو نووسینەیە، کە مامۆستا سدیق سەعید ڕواندزی کردی و لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوی کردەوە. لەو نووسینەدا دەردەکەوێت، مامۆستای ڕواندزی دەقەکەی خوێندووەتەوە، بۆیە کۆمەڵێک سەرنجی وردی لە بارەیەوە خستووەتە ڕوو. شتێک کە لە نووسینەکەی ئەودا زۆر سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەبوو، کە لە باسی زمانی دەقەکەدا دەڵێت، نووسەر (مەبەستی تاریق کاریزی خاوەنی دەقەکەیە) لەو دەقەدا ساتمەی نەکردووە. بە دروستیش وایە، هەڵبەت لەم دەقەدا یەکێک لەو شتانەی، کە زۆر بایەخم پێ داوە، زمانە. تەنیا

**پێم وانییە د. نەجم هێندە لە دەقەکە قووڵ بووبێتەوە، تەنانەت مەزندەم بۆ ئەوەش دەچێت، کە پێناچێت بواری هەبووبێت دەقەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە**

لە ڕووی پوختەکردنی زمانەوە، واتە جوان کردن و پوختەکردنی زمانی دەقەکە سێ جار بە دەقەکەدا چوومەتەوە و هەوڵم داوە دەقەکەم بە زمانێکی پاراو و شیرین و تۆکمە بێت. خوێنەرێک، کە بۆ خۆی کەسێکی کاسبە گوتی: (ئەو دەقە گریاندمی، بە ڕاستی ئێوە زەحمەتیی زۆرتان دیوە) خوێنەرێکی دیکە، کە شوفێرە و خوێندەوارێکی باشە پێی گوتم: (بست بە بست و چرکە بە چرکە من لەگەڵ دەقەکەدا ژیام، هەر دەتگوت منت لەگەڵ خۆتدا بردووە)

“ لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقی کوێت-دا، پێم خۆش بووە گوێ لە هەموو خوێنەرێک ڕابگرم، ئیدی سەر بە هەر چین و توێژێک بێت. خۆ من ئەم دەقەم، بۆ خوێنەرانم نووسیوە، نەک خۆم، بۆیە ڕای ئەوان بە لای منەوە زۆر گرنگە. ”

ئەڵوەنی چیی فەرمووە؟

لە یەکەمین بڕگەی نووسینەکەیدا، د. ئەڵوەنی نووسیویەتی (ئەم پەرتووکە لە ڕووی هونەری نووسینەوە، دەکەوێتە نێوان ژیاننامە و گەواهی نامە و دۆکۆمێنتارییەوە) ئەم قسەیە بۆ خۆی ڕەهەندێکی کراوە و فراوان بە دەقەکە دەدات، واتە لە ناوەندی بە یەک گەیشتنی ڕەهەندی سێ چەشنە هونەری نووسیندا وەستاوە. وێڕای ڕێزم بۆ خوێندنەوەکەی د. ئەڵوەنی، من بەر لەوەی ئەو دەقە بنووسم، لە نێوانی بیرەوەری و ڕۆمان-دا، هەڵوەستەم کرد، هەستم کرد نووسینی ئەم دەقە وەک بیرەوەری تام و چێژێکی ئەوتۆی نابێت، لە هەمان کاتدا هێندە تەڕ و هونەریی نابێت، بۆیە بە مەبەست لە شێوەی گێڕانەوەی هونەری ڕۆمان-دا دامڕشت. هەڵبەت هەموو دەقێک بۆ

**ڕۆژێک دادێت سایت و ئینتەرنێت نامێنێت، خوێنەریش لە بری ئەوەی ناچار بێت بە دوای چەندین سەرچاوەدا بگەڕێت بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو ڕووداوە مەزن و کارەساتبارە، من هاتووم کارەکەم بۆ ئاسان کردووە**

خۆی گەواهی نامەیە، بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە.

لە بڕگەی دووەم و دێڕی سێیەمی نووسینەکەدا، د. ئەڵونی هاتووەتە سەر لاپەڕە ٢٦٣ی دەقەکە، بەوەی لەو لاپەڕەیەدا من دەڵێم ئەم نووسینە ڕۆمانە، پاشان دەچێتە سەر لاپەڕە ٢٩٤ی دەقەکە و ئەم ڕستەیەی لێ گواستووەتەوە: (هەر چیی گوتراوە، گەواهی و ئەزموونی تاکە کەسێکە)

بازدان بەسەر ٢٦٢ لاپەڕەی دەقێکدا و یەکسەر قسە کردن لەسەر زانیارییەک، یا وشەیەک، کە لە لاپەڕە ٢٦٣دا هاتووە، نیشانەی ئەوەیە ئەو دەقە نەخوێندراوەتەوە، چونکە ئەم دەقە، نەک هەر پڕیەتی لە ڕووداو و زانیاریی سەرسوڕهێنەر و دەگمەن، بەڵکوو هەر لە دەسپێکدا خوێنەر تێ دەگات ٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا چ کارەساتێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا قەوما، ئەوە لە دەسپێکی دەقەکە، لە یەکەمین ڕستەیەوە تارمایی ئەو کارەساتە خراوەتە ڕوو: (بەیانییەک بە خەبەر هاتین، دنیا وەرگەڕا بوو!) ڕستەی دەسپێک لە هەر دەق و گێڕانەوەیەکدا زۆر گرنگە، باشە تۆ بڵێی خوێنەر هێندە هەست مردە بێت، نەپرسێت، ئاخۆ دەبێت لەو بەیانییەدا چی قەوما بێت، کە دنیای وەرگەڕاندووە!

من پێم سەیرە، د. ئەڵوەنی بۆچی بە لای ئەوەدا نەچووە، چۆن و بۆ و لەبەرچی؟ لە لاپەڕە (٢٦٣)دا من باسی ڕۆمان دەکەم، لەوێدا بۆ ناوی ڕۆمانم هێناوە، کەچی لە لاپەڕە یەکی دەقەکەدا، لە سەرووی ناونیشانی کتێبەکەدا نووسیومە و بەم جۆرە پێناسەی دەقەکەم کردووە: (دەقێکە، تۆی خوێنەر ناوی لێ بنێ) ئەگەر لە ڕایەڵی فەلسەفەی نێوان ڕستە پێناسەی دەقەکە لە لاپەڕە یەک و لەو شوێنەی لە لاپەڕە ٢٦٣دا ئاماژە بە وشەی ڕۆمان دەکەم، ورد ببینەوە، من پێم وایە وەک نووسەرێک، من سەرکێشییەکی وێژەییم کردووە.

بۆ من ئاسان بوو لەسەر بەرگی دەقەکە بنووسم ڕۆمان، بەڵام نەخێر، ڕێزم لە خوێنەر گرتووە، هەر ئەویشم سەرپشک کردووە، کە چ ناوێک لەو دەقە دەنێت. من ناوم بە لاوە گرنگ نەبوو، ناوەڕۆک، کاکڵە و مەبەستی من بوو. لەمەشدا وەنەبێت لە مەرج و ڕەگەزەکانی ڕۆمان بێ ئاگا بم. زۆر باش دەزانم ڕۆمان دەقی پەخشانێکە، کۆمەڵێک ڕووداو دەگرێتە خۆ، کاراکتەر و کەسانی دەقەکە دەکرێت خەیاڵکرد و دەشکرێت ڕاستی بن، ڕووداو لە هەلومەرجی سەیر و سەمەر و سەرسوڕهێنەردا ڕوو دەدەن. ڕۆمان دەبێت بە تام و چێژ بێت، خوێنەر پەلکێشی نێو ئامێزی خۆی بکات، هەڵوەدای نێو جیهانی خۆی بکات، چرکە بە چرکە لەگەڵ ڕووداوەکانیدا بژیت، بگێڕ (گێڕەرەوە) هێندە کارامە بێت، خوێنەر بە ڕاستییەک تەفرە بدات و لە کرۆکی ڕاستییە ڕەسەنەکەی دوور بخاتەوە، بە جۆرێک خوێنەر لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، بە ئاشنا بوونی بە ڕاستییە ڕەسەنەکە، سەرسام بێت.

ئەوەش دەزانم، ڕۆمانی تۆکمە و سەرکەوتوو چەند توخمێک دەگرێتە خۆ:

یەک: کاراکتەر، ئیدی سەرەکی بێت، یان لاوەکی، ڕاستەقینە بێت، یان زادەی خەیاڵ.

دوو: تانوپۆ، کە گرێچنی دەقە، واتە ئاوێزانی پاڵەوانەکە لەگەڵ ئەو گرێ و گرفتەی بەرەو ڕووی دەبێتەوە، لە هەر دەقێکدا، تانوپۆ وەک نەخشی مافوور خۆی دەچنێت.

سێ: بابەت یان ناوەڕۆکی ڕۆمان، ڕۆماننووس پێشتر کرۆکی بابەتەکەی دیاری دەکات، پاشان خوێنەر بە خوێندنەوەی دەقەکە، بە کاکڵ و کرۆکەکەی ئاشنا دەبێت.

چوار: شوێن و کات جووتە ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانن، خوێنەر بەدەم خوێندنەوەی دەقەکە، بە هەست و نەستەوە دەچێتە نێو سەرزەمین و سەردەمی دەقەکەوە.

پێنج: دیالۆگ (گفتوگۆ) ئەو قسە و گفتوگۆیەی لە نێوان کاراکتەرانی دەقەکەدا بەدی دێت، دەبێتە دەلاقەیەک بۆ چوونە ئەو دیوی ڕووداوەکانەوە، بۆ ئەوەی هەرچی هەیە، بە ڕووی خوێنەردا بکرێتەوە.

ئاشکرایە ڕۆمان هەمەچەشنە، بۆ نموونە ڕۆمانی سۆزداریی، پۆلیسیی، ڕیالیست، خەیاڵی زانستیی و گەلێک جۆری دیکەش هەن.

بەدەر لە هەر ڕا و بۆچوونێک لە بارەی بنەماکانی هونەری ڕۆمان و دەقی سەرکەوتووی ڕۆمان و جۆرەکانی، دوای چل و پێنج ساڵ ئەزموونی نووسین و سەرووی پەنجا ساڵ ئەزموونی خوێندنەوە، لە پاڵ سەرووی سی ساڵ ئەزموونی ڕۆژنامەوانی، بە ڕاستی و دوور لە خۆپەسنی، زاتی ئەوە دەکەم، کە دەست بۆ نووسینی دەقێک ببەم، لەوەشدا نامەوێت لاسایی کەس بکەمەوە، بەڵکوو مەبەستمە دەقەکە بە گوێرەی خواست و تێگەیشتنی خۆم بنووسم. خۆ دنیای نووسینیش هەروایە. لەنێو یەک ملیۆن ڕۆمان-دا، کە لە سەرانسەری جیهاندا نووسرا بن، دوو ڕۆمان نابینیت، تەنانەت ئەگەر لە لایەن یەک ڕۆماننووسیشەوە نووسرا بن، وەک یەک بن. منیش پێم وایە کارێکی کردەنی نییە، کۆپیی کەسانی دیکە بم. ویستم ئەزموونی نووسین و گێڕانەوەی خۆم هەبێت، لە نووسینی ئەم دەقە و هەر دەق و نووسینێکی دیکەدا، هەمیشە وەک نووسەرێک ویستوومە خۆم بم، نەک کۆپیی کەسانی دیکە.

حەزم دەکرد و چاوەڕوانی ئەوەش بووم د. ئەڵوەنی وردتر، بە سەلیقەی بەرزی خۆی، شەن و کەوی دەقی کوێت-ی بکردایە. نەک ئەوەی باز بەسەر دەقەکەدا بدات و یەکسەر باسی لاپەڕەکانی نێوان (٢٩٥ تا ٣٢٩) بکات، بەبێ ئەوەی لە ئامانج و کرۆک و تەنانەت ناوی ئەو بەشەی دەقەکەش بگات. داوای لێبووردن لە د. ئەڵوەنی دەکەم، کە ڕوون و ڕەوان دەڵێم جەنابیان دەقەکەیان نەخوێندووەتەوە، بەڵکوو بە

**بۆ من ئاسان بوو لەسەر بەرگی دەقەکە بنووسم ڕۆمان، بەڵام نەخێر، ڕێزم لە خوێنەر گرتووە، هەر ئەویشم سەرپشک کردووە، کە چ ناوێک لەو دەقە دەنێت**

پەلە و لەبەر نەبوونی کات و دەرفەت، چاوێکی پێدا خشاندووە. من لەم دەقەدا چەندین شتی نوێم ئاخنیوەتە دووتوێی دەقەکەوە، بەڵام چونکە دژە باون، د. ئەڵوەنی پەی پێ نەبردوون، بە لای ئەوەوە نامۆن. بۆ نموونە دەقی کوێت، ئێمە بە ڕۆمانی بزانین، یان گەواهی نامە، یان دەقێکی کراوە، یان هەر شتێکی دی، لە لاپەڕە ٣٢٩دا تەواو نابێت، بەڵکوو لە لاپەڕە ٢٧٩دا تەواو دەبێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەدی لە لاپەڕە ٢٨٠ تا ٣٢٩ چییە؟

دەقەکە لەگەڵ گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ کوردستان و گەیشتنی بە ماڵی باوکی لە گەڕەکێکی یەکێک لە شارەکانی کوردستان، کۆتایی دێت، بەڵام ئەوەی من لە پەنجا لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکەدا کۆمەڵێک زانیاریم لە سەرچاوەی هەمەجۆر، بە

دروستی لە ئینتەرنێتەوە گواستووەتەوە، لەوەدا ئامانجم هەبووە. کارەکەی من بێ مەبەست نییە، بەڵێ خۆ هەرکەس بخوازێت، دەتوانێت ئەو زانیارییەی لەو پەنجا لاپەڕەیەدان و زیاتریش بەدەست بهێنێت، بەڵام من ویستوومە گرێچنی دەقەکە (زۆر بە دڵنیاییشەوە دەڵێم ڕۆمانەکە) بە ڕووی خوێنەردا بکەمەوە.

ئەوەی لەم دەقەدا خراوەتە ڕوو، پێم وانییە لە ئەدەبی عەرەبیی عیراق و تێکڕای عەرەب و تەنانەت لە ئەدەبی گەلانی دیکەشدا، خرابێتە ڕوو. میدیای جیهان وێنەیەکی لە بارەی جەنگی کوێت (گەردەلوولی بیابان: دووەمین جەنگی کەنداو: دایکی شەڕان) دەخستە ڕوو، کە سوپای وڵاتێک، وڵاتێکی دیکەی دراوسێی داگیر کردووە، سەرووی سی دەوڵەتیش سوپا و توانای لۆژستیی خۆیان خستووەتە خزمەت ڕزگار کردنی وڵاتە داگیر کراوەکە. ئەوە تەنیا

**حەزم دەکرد و چاوەڕوانی ئەوەش بووم د. ئەڵوەنی وردتر، بە سەلیقەی بەرزی خۆی، شەن و کەوی دەقی کوێت-ی بکردایە**

دەقی کوێت-ە کە دیوی ناوەوەی سوپای داگیرکەر دەخاتە ڕوو. ئەمەش تەنیا خواست و مەبەستێک نییە، کە دەقەکە دەیخاتە ڕوو، بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە خوێنەر بە کەشی تۆقێنەری سەردەمی سەددامی دیکتاتۆر ئاشنا دەبێت، دێوزمەی دیکتاتۆر، کە وەک ترس و تارمایی باڵی بەسەر وڵات و گەلێکدا کێشاوە، زۆر بە ڕوونی لەم دەقەدا خراوەتە ڕوو. د. ئەڵوەنی بە هەر لای ئەمەدا نەچووە، هیچ باسی نەکردووە.

سوپاس د. ئەڵوەنی، کە لە سێیەمین بڕگەی نووسینەکەیدا لە کرۆکی دەقەکە نزیک بووەتەوە، نووسیویەتی: (جوانترین لاپەڕەکانی ئەم پەرتووکە ئەوانەن، کە لە لایەن نووسەرەوە تەرخان کراون بۆ ڕۆژانی سەربازیی خۆی و سەنگەرەکانی سوپای عێراق لە سەر خاکی داگیر کراوی کوێتدا. زۆر بە وردی، بە وزەی نووسەرێکی خاوەن ئەزموون، باسی ئازار و مەینەتییەکانی خۆی و هاوڕێ سەربازەکانی دەکات...)

بەدەم ئەوەی د. ئەڵوەنی فەرمووی، منیش دەڵێم، جگە لەوەی جەنابیان فەرموویان، لەو دەقەدا گەلێک شتی سەرسوڕهێنەر و وردەکاریی پڕ لە تراژیدیای داگیر کردنی وڵاتێک، خراونەتە ڕوو، خوێنەری بە سەلیقە و پشوودرێژ دەتوانێت پەی بە تەواوی ئەو وردەکارییانە ببات، کە دەقی کوێت دەیانخاتە ڕوو.

د. ئەڵوەنی پێی وایە: (دەقەکە لە زۆر لاوە لاوازە، وەک لاوازیی بنیاتی کارەکتەر) ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە نووسەر (تاریق کارێزی) لە بواری نووسینی ڕۆمان-دا ناشارەزایە. من پێشتر گوتم، لەم دەقە و لە هەر دەق و نووسینێکی دیکەی خۆمدا، نامەوێت و ناخوازم کۆپیی کەسانی دیکە بم، یان بە گوێرەی پێوانە و کێشی ڕەخنەگران و تیۆریزەکارانی ڕۆمان و ڕۆماننووسی دەق بنووسم، من جڵەو بۆ ویستی نووسین لە ناخی خۆمدا شل دەکەم، بڕیاریش دەرهەق بە دەقەکەم، بۆ خوێنەر جێ دەهێڵم. من بۆ خۆم ستایل و ڕێڕەوی نووسینی خۆم دیاری دەکەم، ناتوانم ئەزموونی ئەوانی دی دووبارە بکەمەوە، یان بچمە بن باری بازنەی تێگەیشتنی کەسانی دیکەوە، باوەڕم بە ئازادیی نووسین لە دەرەوەی چوارچێوەبەندی هەیە، ئیدی کێ پەسندی دەکات و کێش نایکات، ئەوە کاڵای منە و دەیخەمە بازاڕی خوێنەرانەوە.

سەبارەت بەوەی کارەکتەری کوێتی لە دەقەکەدا نییە، بەپێی پێویست و لە سێ شوێندا، کارەکتەری ئەو وڵاتە سێ جار (ئەو فەڵەستینییەی شوفێری تاکسی بوو، ئەو کوێتییەی بە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی خۆی شوفێریی دەکرد، ئەو دایک و کیژۆڵەیەی جل فرۆشییان دەکرد) خۆی نواندووە. بە مەرجیشم نەزانیوە، بە زۆر، کارەکتەری کوێتی بئاخنمە نێو دەقەکەوە. پەیوەست بە کارەکتەری عەرەبی عیراقیش، هەر لە خومەیسی پلەدار کە لە سەربازگەی مەشقی ناسرییەوە، تا دەگاتە ساهیر، کە کەسایەتییەکی

زۆر سەیر و سەمەرەیە، تا دەگاتە ئەو سەربازەی لەنێو ئێڤاکەدا پاڵەوان دەیناسێت و لە دەقەکەدا ئامادەن، لە گەرمەی کەشی دەقەکەدا، نووسەر ڕۆچووەتە نێو دیوی ناوەوەی وردەکاریی ڕووداوێکەوە، کە دنیای هەژاند. بە بڕوای من دەقی کوێت دارای ئەوەیە خوێندنەوەی قووڵ و وردی بۆ بکرێت. ئەمە دەقێکە بۆ چەندین نەوە نووسراوە، هەر نەوەیە بە جۆرێک دەیخوێنێتەوە، لە هەمان کاتدا، دەکرێت سیناریۆی چەندین فیلمی لێ دابڕێژرێت.

د. ئەڵوەنی فەرموویەتی: (بنیاتی ڕووداو لە زۆر شوێنی ئەم دەقەدا لاوازە، نووسەر هەوڵی داوە زیاتر ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە کە لە واقیعی ئەو ڕۆژگارەدا ڕوویان داوە. ئەمەش شێوازێکی کۆنە و پێی دەگوترێ کۆپی کردنی واقیع. لە کاتێکدا خوێنەر پێویستی بەوە نییە ئەو ڕووداوانەی بۆ بگێڕیتەوە کە خۆی دەیزانێ و تێیدا ژیاوە و ئەزموونی خۆشی و ناخۆشییەکانی کردووە. ئەمە کاری مێژوونووسە، نەک ڕۆماننووس. گرنگترین ئەرکی ڕۆماننووس دروست کردنی ڕووداوە، نەک گێڕانەوەی ڕووداوە زانراوەکان)

لەم کۆپلە نووسینەدا، ئەگەرچی لەگەڵ کرۆکی بۆچوونەکەدا نیم، بەڵام بە دڵمە چونکە هاتووەتە سەر باسی ناوەرۆکی دەقەکە و شرۆڤەی دەکات. من پێم وایە لەو شوێنەی (بە بۆچوونی د. ئەڵوەنی) بنیاتی دەقەکە لاوازە، بە پێچەوانەوە بنیاتی گێڕانەوە زۆر بەهێزە، لەمەشدا گێڕانەوە شوێن بە بنیات و ڕووداو لەق دەکات. بەم جۆرە باڵانسی دەقەکە هەر سوار و بەرز دەمێنێتەوە، داناکشێت. بەڵێ من دروست ئەو ڕووداوانەم گێڕاونەتەوە کە لەو ڕۆژگارەدا ڕوویان داوە. لەوەشدا بە مەبەست وام کردووە، چونکە ڕووداوی ئەو ڕۆژگارە نائاسایین، ڕووداوی ئاسایی نین، بەڵکوو ڕووداوی هێندە نائاسایین، بە ڕادەیەک لە ئاقاری فەنتازیا و خەیاڵ نزیک دەبنەوە، پێشم وا نییە هیچ خوێنەرێک بەو ڕووداوانە ئاشنا بوو بێت، مەگەر لە ڕێی خوێندنەوەی کوێت-ەوە نەبێت، تەنانەت ئەو فیلمانەی لە بارەی شەڕەکەوە بەرهەم هاتوون، بە ئاقاری ئەوەدا نەچوون کە دەقی کوێت باسیان دەکات. دەبا خوێنەرێکی بە سەلیقە و شارەزا ئەم دەقە بخوێنێتەوە، بزانە چۆن پێی وایە من حەکایەت و ئەفسانەی بۆ دەگێڕمەوە، نەک ڕووداوگەلێک کە لە واقیعدا ڕوویان داوە. گرنگ نییە ئەو شێوازی گێڕانەوەیەی من گرتوومەتە بەر کۆنە یان نوێ، گرنگ ئەوەیە گێڕانەوەکە دەرەقەتی دراما و دراماتیکی ڕووداوەکە بێت، بتوانێت وێنەیەکی بەرجەستەی شاڕووداو، بە زمانێکی پڕ لە ستاتیکا و سفت و سۆڵ، بگوازێتەوە، لاشم وا نییە هەردەم شتی تازە و شێوازی تازە، باش و نایابە و هی کۆن خراپ و چەوتە. ئەوە ڕۆحی دەقە بە هەموو لق و پۆپییەوە، کە ڕچە و ڕێچکەی گێڕانەوە دیاری دەکات. بەر لەوەی ئەم دەقە بنووسم، بە ساڵان لە ویژدانمدا ژیاوە، جگە لەوەی گەلێک ئامانج و

**دانانی پاشخان لە دەقێکی گێڕانەوەدا، بۆ ناکرێت وەک داهێنان تەماشا بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لەمەدا من دژە باوم. شتی دژە باویش قسە هەڵدەگرێتکە چ ناوێک لەو دەقە دەنێت**

پاڵنەر لە پشت نووسینییەوە هەن.

د. ئەڵوەنی پێی وایە ئەوەی من گێڕاومەتەوە، خوێنەر ئەزموونی کردووە، نەخێر ئەوەی من گێڕاومەتەوە، تەنیا سەربازانی سوپای عیراق، ئەوانەی لە ماوەی نێوان ئابی ١٩٩٠ تا کۆتایی شوباتی ١٩٩١، وەک بەشێک لەو سوپایە چوونە نێو خاکی کوێتەوە، دراماتیک و تراژیدیای ڕووداوەکەیان ئەزموون کردووە. لەوە ناچێت لە نێو نزیکەی یەک ملیۆن هەمەجۆر چەکداری عیراق، هێندە خەڵکی نووسەریان تێدا بوو بێت، بۆیە تا ئێستا لە نێو وێژەی عەرەبی عیراقیشدا دەقێک نییە بە تەواوی، سەرلەبەری بۆ جەنگە سامناکەی گەردەلوولی بیابان تەرخان کرا بێت. لەم گۆشەنیگایەوە، دەقی کوێت دەبێتە دەقێکی

دەگمەن بۆ ئاشنا بوون بە دیوی ناوەوەی ڕەوشی سوپای داگیرکەری عیراق. ئەوەی منیش کردوومە، مێژوونووسین نییە، بەڵکوو بە زمانێکی ناسک و تەڕ و پاراو، کە لایەق بە وێژەیە، دەقەکەم نووسیوە. پێم خۆشە، هەم جەنابی د. ئەڵوەنی، هەم خوێنەرانی دیکەش، بە وردی و قووڵییەوە، دەقەکە بخوێننەوە. دەقەکە نەک هەر لاواز نییە، بەڵکوو زۆرم خۆ پێوە ماندوو کردووە، مەبەستم بووە گەواهیی خۆم لە بارەی ڕووداوێکەوە بنووسمەوە و بگێڕمەوە، کە هێندەی پەیوەندیی بە ئێمەی کوردی باشوورەوە هەبێت، وەرچەرخانێکی مێژوویی بە دوای خۆیدا هێنا. دەقی کوێت پێویستی بە خوێندنەوەی ورد، زۆر ورد هەیە، بەر لەوەی قسەی لە بارەوە بکرێت.

بۆچوونی د. ئەڵوەنی وایە، «بنیاتی دیالۆگ لەم پەرتووکەدا زۆر سادەیە، لە هەندێ قسەی ڕۆژانە نەچووەتە دەرەوە، لە کاتێکدا دیالۆگ کۆڵەگەیەکی گرنگی بنیاتی گێڕانەوە و دامەزراندنی ڕووداو و پەرەسەندنی ململانێیەکانە لە دەقی گێڕاوە، بە تایبەتی لە ڕۆمان و چیرۆکدا.»


بە دڵنیاییەوە، پێگە و ئامادە بوونی دیالۆگ و کاریگەری و ڕەهەندی دراماتیکیانەی لە ڕۆحی دەقدا، لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە، جودایە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم، دەکرێت سەدان چیرۆک و دەیان ڕۆمان بنووسیت، بە بێ ئەوەی یەک تاکە دیالۆگیان تێدا بێت. نەخێر، من ناڵێم دیالۆگ گرنگ نییە، ئاشکرایە ئەو کۆڵەگە و ڕەگەزێکی بنەڕەتە لە دەق و گێڕانەوەدا، بەڵام ڕادە و ڕێژەی هەبوونی دیالۆگ لە هەر دەقێکدا، پەیوەستە بە هەلومەرجی دەق، ڕووداو، کارەکتەر، کرۆک و ناوەرۆکی دەقەکەوە. لە نێو سەربازانی سوپای عیراقدا، ئەوانەی پاڵەوانی دەقەکە باسیان دەکات، نە بیرمەندێک هەبووە نە پیاوێکی ڕۆشنبیر و دەستەبژێر، بە گشتی خەڵکێکی عەوامن و لە دۆخێکی دژواری ژیاندان، چاوەڕوانی چارەنووسێکی ڕەش و نادیار دەکەن، ئیدی بۆیە دیالۆگ لە دەقەکەدا خشت بە باڵای کارەکتەران هاتووە. ئێوە سەرنجی کەسایەتیی ڕەشید گاینجی بدەن، لە گەشتی هەڵاتن و جێ هێشتنی سەنگەردا چ سەمەرەیەکی ناوەتەوە. ڕەشید سەربازێکی سوپا و کوردێکی گوندنشینی کوردستانە، لەو ڕۆمانەکەدا دیالۆگ خشت بە زمانی ئەو هاتووە، ئێ خۆ ناکرێت زمانێکی دیکەی دوور لە کەسایەتیی ئەوی بۆ دابتاشین.

لە دوایین برگەی نووسینەکەیدا جەنابی د. ئەڵوەنی فەرموویەتی، کە لە ٣٤ لاپەڕەدا (نووسەر) کۆمەڵێک ڕاپۆرتی سیاسی و سەربازی و ئابووری و تەندروستیی بڵاو کردووەتەوە، هیچ زانیارییەکی نوێیان تێدا نییە، نووسەر کۆپیی کردوون. بەڵێ، ئەوەی جەنابی د. ئەڵوەنی فەرمووی، ڕاستە. خۆ منیش هەر وام گوتووە، بەڵام ئەمەم بە بێ مەبەست نەکردووە. یەکەمین جارە ڕۆمان (گێڕانەوە) پاشخان دەگرێتە خۆ، لەمەشدا من زۆرم مەبەست بووە، بەرچاوڕوونی بە خوێنەر بدەم. د. ئەڵوەنی پێی وایە مەبەستی من تەنیا (قەبە کردنی قەوارەی پەرتووکەکەیە، هیچ سوودێکیان نییە و زیادەن) بە تەواوی من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، قەبە کردنی کتێبەکەم هەرگیز بە لاوە مەبەست نەبووە، بەڵکوو مەبەستی من ئەوەیە، کە دوای خوێندنەوەی دەقەکە، خوێنەر وێنەیەکی گشتگیری لە بارەی ئەو ڕووداوە سامناکە لە لای دروست ببێت، ئەو شاڕووداوەی زیاتر لە ناوێکی هەیە (دووەمین جەنگی کەنداو، گەردەلوولی بیابان، دایکی شەڕان، شەڕی کوێت) ڕۆژێک دادێت سایت و ئینتەرنێت نامێنێت، خوێنەریش لە بری ئەوەی ناچار بێت بە دوای چەندین سەرچاوەدا بگەڕێت بۆ کۆ کردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو ڕووداوە مەزن و کارەساتبارە، من هاتووم کارەکەم بۆ ئاسان کردووە، وام بە پەسند زانی، بە چڕی و پوختی زانیارییەکەی لە پاشخانی دەقەکەدا پێ بدەم، سووک و ئاسان بیخەمە بەر دەستی، نەشمگوتووە ئەوە هی من، بەڵکوو ئاماژەم بە سەرچاوە کردووە. دانانی پاشخان لە دەقێکی گێڕانەوەدا، بۆ ناکرێت وەک داهێنان تەماشا بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، لەمەدا من دژە باوم. شتی دژە باویش قسە هەڵدەگرێت.

# لەبری بیرەوەری

- شەو لەکێوان - بەشی (١٨)

د. ئەرسەلان بایز






د. ئەرسەلان بایز

(١٨)

لەسەرەتادا هەڵوێستی (ی.ن.ک) لە بەرانبەر شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران جۆرێک لە بێ لایەنی بوو. نە پشتیوانی لە شەڕەکە کرد، نە ئیدانەشی کرد. چونکە پێی وابوو شەڕەکە زیان بە بەرژەوەندی هەردوو وڵات دەگەیەنێت، جیا لە ڕۆحی ئەو سەدان هەزار بەناهەق کوژراوەی نێوان هەردوولا. یەکێتی وەکو پێوەندی سەدان ساڵەی نێوان کورد و عەرەب نەیدەویست هەستی نەتەوەیی عەرەب دژی خۆی بووروژێنێت. چونکە لەو شەڕەدا زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبیی پشتیوانیان لە عێراق دەکرد. لەلایەکی دیکەیشەوە چونکە ئەو ساڵانە (ی.ن.ک) وەکو نیمچە بەرەیەکی چەپ و شۆڕشگێڕ و عەلمانی بوو، نەیدەویست دەوڵەتێکی سستەم ئیسلامی سەرکەوتوو بێت. بۆیە لەسەرەتادا ویستی جۆرێک لە وەستاندنی شەڕی خۆی لەگەڵ ڕژێمی عێراق ڕابگەیەنێت، بەڵام دیار بوو ڕژێمی عێراق بەهۆی لەخۆ باییبوونەوە گوێی بە هەڵوێستەکەی (ی.ن.ک) نەدا. بەڵام دوای شکانی سوپای عێراق لە (شاری خورەمشەهر) ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی شەهید د.قاسملو-ی سکرتێری ئەوسای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئامادەی گفتوگۆ بوو لەگەڵ (ی.ن.ک) ئەگەرچی سەرەتا چەند هەڤاڵێکی (م.س) وەکو وەفد چوونە بەغدا، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو. چونکە سەددام حوسێن داوای مام جەلالی کردبوو. گوتبووی ئەگەر جەلال خۆی نەیەت ئێمە پێمان وایە کورد زۆر جددی نین لەو گفتوگۆیە. بۆیە ڕۆژێکیان مام جەلال بە یاوەری د.قاسملو و ژمارەیەک لە ئەندامانی (م.س) و سەرکردایەتی لە بالیسانەوە بە کۆپتەر سەفەری بەغدایان کرد.

هەر وەکو هەڤاڵەکان دەیانگێڕایەوە. هەر لە یەکەمین دانیشتنی مام جەلال لەگەڵ وەفدی عێراق، مام ڕووبەڕووی قسەیەکی نەشیاوی تارق عەزیز-ی وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق بووەوە. بەڵام دواتر تارق عەزیز داوای لێبوردنی لە مام جەلال کردبوو. لە دیدەنی مام جەلال لەگەڵ سەددام حوسێن، سەرۆک کۆماری عێراق پێی گوتبوو شتێکت دەدەمێ لە بەردەم هەموو کوردەکانی عێراق و پارچەکانی دیش سەرت بەرز بێتەوە. لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتبوون:

ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و کوردستان. دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی حوکمی زاتی، دیموکراتیەت بۆ عێراق. لەبارەی سنووری حوکمی زاتی و داماڵینی چەکی جاشەکانیش، وەفدی حکوومەت گوتبوویان لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە. ئەم دوو خاڵەی دوایی بوو بوون بە کۆسپی بەردەم بەرەو پێشەوە چوونی گفتوگۆ. وەفدی عێراق گوتبوویان ئەو دوو خاڵە تەنیا لە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارە. بەڵام عزەت الدوری جێگری ئەوسای سەرۆک کۆماری عێراق لە سەردانێکدا بۆ سورداش بە مام جەلال-ی گوتبوو. دەسەڵاتی داماڵینی چەکی جاشەکان لای منە و دڵنیابە من جێبەجێی دەکەم. بۆ مەسەلەی سنووریش مام جەلال سەردانی سەددام حوسێنی کردبوو. لە قسەی نێوانیاندا مام جەلال گوتبووی جەنابت وەعدت پێدام شتێکمان بدەیتێ سەرمان پێ بەرز بێتەوە، سەددام-یش گوتبووی بڵێ چییە؟ مام جەلال گوتبووی شنگال و ئاکرێ بگەڕێنەوە سەر سنووووری حوکمی زاتی. سەددام گوتبووی

باشە. ئەمجارە مام جەلال گوتبووی کفری و خانەقین-یش، سەددام گوتبووی باشە، بەڵام دوای تەواوبوونی شەڕ. لە بارەی شاری کەرکووک-یش سەددام گوتبووی ئیدارەیەکی هاوبەش بەڕێوەی ببەن. دوای ئەو قسانە سەددام حوسێن بە مام جەلال-ی گوتبوو ئێستە ئامادەی لەسەر ئەو خاڵانە مۆر بکەین. مام جەلال-یش گوتبووی بەڵێ. یەکسەر سەددام بە وەزیری ڕاگەیاندنی گوتبوو ڕۆژی شەممەی داهاتوو بکەنە جەژنی نیشتمانی.

\+ + +

لە گەرمەی گفتوگۆدا، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاریدا ئاهەنگی ئاگری نەورۆز لە سورداش بکات. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی پێکهێنا، بەهۆی ئەوەی (ئەو)یش لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بوو. کرا بە سەرۆکی لیژنەکە. هاوڕێ جەبار فەرمان-یش وەکو لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە سلێمانی و کەسێکی هەڵسوڕاو کرا بە جێگری لێپرسراوی لیژنەی ئاهەنگ. چەند هاوڕێیەکی دیش بوون بە ئەندامی لیژنەکە. کاک دلێر ئیبراهیم بوو بە ئەندامی لیژنەکەی لێپرسراوی ڕێکخستنی پێداویستی شوێنی ئاهەنگەکە.

لە دەشتاییەکەی خوار سورداش جێگایەکی گونجاویان دیاری کرد ستێجێک بە بلۆک دروست کرا. بڵندگۆ و مایکرۆفۆنی پێویست دانرا. چەند ڕۆژێکیش پێشتر لە ڕادیۆی گەلی کوردستان چەندین ئاگاداری لە بارەی ئاهەنگەکەوە بڵاوکرایەوە.

بە هۆی ئەوەی ئەو ساڵانە شۆڕش و پێشمەرگە لە یەکدی جودا نەدەکرانەوە. چونکە ساڵانی شۆڕش پارە و کۆشک و تەلار و ئۆتۆمبێلی جوان نەبوو. ژیان بخۆ و برۆ بوو. بۆیە ڕۆژی پێش ئاهەنگەکە هەزاران خێزان خێمەیان هەڵدا.



وەفدی یەکێتیی بەهاوڕێیەتی د. قاسملۆ بەرەو بەغدا



**مام جەلال لەکاتی وتاردان لە ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٨٤/٣/٢١ لە سورداش**

شەو لەو دەشتە مانەوە. ڕۆژی ئاهەنگەکە بە هەزاران ئۆتۆمبێل و پاسی گەورە گەورە لە سەرانسەری کوردستانەوە. لە زاخۆوە تاکو خانەقین بەرەو ئاهەنگەکە هاتن. حەشاماتێکی ئەوتۆ بوو نموونەی نەبوو. دەستە دەستە کچان بە پیادە لەم سەری دەشتەکەوە بۆ ئەو سەری، لەنێو پاس و پشتی پیکابەکان بە جلی کوردیی ئاڵ و واڵاوە بە شان و شەوکەت و ئازایەتی و جوامێری پێشمەرگەیان هەڵدەدا. دەیان گوت: ئەم سنگە نەرم و نۆڵە بۆ پێشمەرگەی کۆمەڵە. ئاپۆرەی ئەو خەڵکە، حەماسەتی ئەو جەماوەرە وەکو زەریایەکی هەڵچوو شەپۆلی دەدا. ئاهەنگەکە بە چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز کرایەوە. دواتر (ئەو) بە چەند ڕستەیەک مام جەلالی بە ئامادەبووان پێشکەش کرد و سوپاسی ئامادەبوونی خەڵکەکەی کرد (ئەو) لەو کورتە گوتارەی پێشکەشی کرد گوتی: سوپاسی ئەو هەموو خەڵکە دەکەین، کە زیاتر لە نیو ملیۆن بۆ پشتیوانی شۆڕش و پێشمەرگە ئامادەی ئاهەنگەکەن. دواتر مام جەلال گوتارێکی ئاگرینی خوێندەوە. بەشێوەیەک هاوار و سەدا و هوتاف کێشان چەندین جار گوتارەکەیان بە مام جەلال بڕی. دوای تەواوبوونی گوتارەکە، مام جەلال گلەیی لە (ئەو) کرد، کە هەق بوو بیوتایە نزیکەی سێ چارەکە ملیۆن خەڵک ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. نەک زیاتر لە نیو ملیۆن.

\+ \+ \+

کاتێ مام جەلال و شاندەکەی (ی.ن.ک) چوو بوونەوە بەغدا بۆ مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە. عێراقییەکان لە بەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان بوو بوونەوە. حەوت ساڵ دواتر، دوای ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی عێراق. جارێکی دی حکومەت لەگەڵ بەرەی کوردستانی کەوتنەوە گفتوگۆ. بەرەی کوردستانی لە سەرجەم حزبەکانی کوردستان پێکهاتبوو، لە یەکێ لە دانیشتنەکانی شاندی هەردوولا تارق عەزیز وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق بە مام جەلال-ی گوتبوو: برادەرەکەت تۆرکۆت ئۆزال سەرۆکی ئەو ساڵانەی کۆماری تورکیا ڕێگر بوو لە مۆرکردنی ڕێکەوتنی نێوان ڕژێمی عێراق و یەکێتی. مام جەلال-یش دەرفەتەکە دەقۆزێتەوە و دەستی تارق عەزیز دەگرێت و ڕوو لە سەرجەم شاندەکەی عێراق دەکات و دەڵێت: فەرموون سەرۆکی دیپلۆماسیەتی عێراق دان بەوە دادەنێت، کە دەستێکی بیانی ڕێگر بووە لە مۆرکردنی ڕێکەوتنی نێوان عێراق و یەکێتی، کەچی ئێوە ڕۆژانە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بەوە تاوانبار دەکەن، کە لە ژێر کاریگەری بێگانەیە. بەمجۆرە دەبینین جارێکی دیش حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان پەشیمان بوویەوە.

دوای ئەوەی گفتوگۆکان بەبن بەست گەیشتن. ئیدی یەک لە دوای یەک بارەگای مەکتەبی سیاسی بنکەکانی پێشمەرگە لە شارەکان دوور کەوتنەوە و گواسترانەوە بۆ ناوچەی مەرگە و بنگرد و بناری چیای ئاسۆس. لە گوندی سێروان، کە دواتریش چەندین خانوویان

دروست کرد. بەڵام هەردوو لا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد. ئیدی لێرەو لەوێ وردە تەقە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و جاشەکان دروست بوو. دوای بێ ئومێدبوونی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە گفتوگۆ، دوای ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، دوای دابین کردنی سەرچاوەی دارایی، ئیدی (ی.ن.ک) کەوتەوە سەر پێی خۆی و ئامادەی هەموو ڕووبەڕوو بوونەوەیەک بوو.


\+ + +

هەر لە ماوەی گفتوگۆی نێوان یەکێتیی و ڕژێمی عێراق. سێیەمین کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە هاوینە هەواری مێرگەپان گیرا. مێرگەپان دۆڵێکی پڕ لە کانی و کانیاو داری بەڕوو، گوێز، توو، هەرمێ کێویلە، گێوژ...هتد بوو. دەکەوێتە نێوان هەردوو چیاکانی پیرەمەگرون و چەرماوەند (دابان) تەنیا نیو سەعاتێک لە سلێمانی دوورە. نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی شار وەکو هەردوو کۆنفرانسەکانی پێشووتر بە دەمامکەوە بەشدارییان کرد. هەر لە سەرەتاوە کاک (نەوشیروان) پەیامێکی بۆ (ئەو) نارد، کە نابێت خۆی هەڵبژێرێت. بێگومان (ئەو)یش لەگەڵ هەموو ئەو ناهەقیانەی بەرانبەری دەکرا هەندێک جار بە ناچاری خۆی لێ بێدەنگ دەکرد، بۆیە خۆی هەڵنەبژارد. لە کۆنفرانسەکە ناکۆکی نێوان باڵی کاک نەوشیروان و باڵی بەیاننامەی (ئیتر بێدەنگ) نابین بە ئاشکرا تەقیەوە. کاک نەوشیروان وەکو هەموو جارەکانی پێشووتر ڕایگەیاند، کە بڕوای بە تێزی مارکسی-لینینی نییە. کەچی کۆمەڵەش خۆی بە مارکسی دەزانی. لە گەرمەی قسەو مشتومڕەکانی نێو کۆنفرانسەکە و یەکدی تۆمەتبار کردن، کاک مەلا بەختیار و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنفرانس لە کەپری کۆبوونەوەکە چوونە دەرەوە، بەم هۆیەشەوە کارەکانی کۆنفرانسیش سست بوو. ژمارەیەک لە برادەران وەکو نێوەندگیری کەوتنە نێوانیان، پاش ڕۆژێک ئاشتیان کردنەوە و کارەکانی کۆنفرانس دەستی پێکردەوە.

لە کۆنفرانسەکانی پێشتریش کێشەی نێوان ئەو دوو گروپە لە ئارادابوو. دوای هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی شار لەوانە (کۆسرەت ڕەسووڵ عەلی، د.خەسرەو خاڵ، عومەر فەتاح، سەلیم ئەحمەد ناسراو بە سەلیم سەر سپی) دەرچوون و بوون بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە. لە شاخیش (جەبار فەرمان، قادری حاجی عەلی) چوونە سەرکردایەتی. بەڵام چارەسەرکردنەکەی کێشەی نێوان گروپی کاک نەوشیروان و کاک مەلا بەختیار هەر وەکو بەنج چارەسەر کرا. چونکە دوای کۆنفرانیش هەر بەردەوام بوو، تاکو ئالای شۆڕش خۆی ڕاگەیاند و لە کۆمەڵە و (ی.ن.ک) جیابوونەوە.

دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە سەر لە نوێ کارەکانی حزب و پێشمەرگە و ڕاگەیاندن دابەش کرانەوە. کاک کۆسرەت بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێر. کاک جەبار فەرمان بوو بە لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی. کاک سەلیم بوو بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستنی کۆمەڵە د.خەسرەو خاڵ بوو بە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی کۆمەڵە. د.فوئاد مەعسوم کرا بە سەرپەرشتیاری دەزگای ڕاگەیاندن. بەڵام بە هۆی پشتیوانی مام جەلال و نەرم و نیانی و

**"سەددام بە وەزیری ڕاگەیاندنی گۆتبوو ڕۆژی شەممەی داهاتوو بکەنە جەژنی نیشتمانی"**



**مام جەلال و وەفدی یەکێتیی لەکاتی کۆبوونەوە لەگەڵ وەفدی حکومەتی عێراق**



وێنەیەک لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە لە مێرگەپان

دڵسۆزی د.فوئاد لە ڕووی عەمەلییەوە (ئەو) هەر وەکوو خۆی وەک لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن مایەوە. بەڵام هەروەکو چۆن کێشەی نێوان هەردوو گرووپی نێو کۆمەڵە بەردەوام بوو، کاک نەوشیروان-یش بەردەوام بوو لە دژایەتی کردنی (ئەو) تەنانەت ژمارەیەک لە کادیرەکانی ڕاگەیاندنی لە دژی (ئەو) هان دەدا، بەڵام بە هۆی پشتیوانی مام جەلال و خۆڕاگری خۆی نەیانتوانی شکستی پێ بێنن.

بە هۆی تۆپبارانی ڕۆژانەو فشاری زۆری ڕژێمی عێراق لەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە گوندی (سێروان) ناوچەی مەرگە. هەڤاڵەکان وردە وردە ئەوێیان چۆڵکرد و بەرەو دۆڵی جافایەتی ڕۆیشتن. بارەگای مام جەلال چووە گوندی یاخسەمەر، کە سەعاتە ڕێیەک بە پیادە لە خۆرهەڵاتی گوندی سەرگەڵوو دوور بوو. ژمارەیەکی دی لە هەڤاڵانی (م.س)یش ماڵیان لە یاخسەمەر دانا. بارەگەی ناوەندی کۆمەڵە و کاک نەوشیروان لە دۆڵە سەختەکەی نێوان بەرگەڵوو، سەرگەڵوو گیرسانەوە. بە هەمان شێوە بارەگەی ناوەندی شۆڕشگێڕان و د.فوئاد مەعسوم و خەستەخانەی شۆڕش کە د.شوان ئاکرەیی سەرپەرشتی دەکرد. لەگەڵ زیندان لە بەرگەڵو دامەزران. بارەگەی ڕووناکبیری کۆمەڵە چووە گوندی چالاوە، کە دەکەوێتە بناری شاخی (ژیلوان) بەشێک

> **"تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی ئەوسای عێراق بە مام جەلال-ی گوتبوو: برادەرەکەت تۆرکۆت ئۆزال سەرۆکی ئەو ساڵانەی کۆماری تورکیا ڕێگر بوو لە مۆرکردنی ڕێکەوتنی نێوان ڕژێمی عێراق و یەکێتی"**

لە ئەندامانی مەکتەبی ناوەندی شۆڕشگێڕان (مامە جەمال ئاغا، مامۆستا نازم، مامۆستا عەبدوڵڵا) چوونە دەوروبەری گوندی (مالومە) هەر لەو گوندە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستان دامەزرا کە (محەمەد موکری، حەمە کەریم عارف، ئەحمەد عارف...هتد) بەڕێوەیان دەبرد. لە گوندی (هەڵەدن)یش کۆمەڵێک هونەرمەندی تەشکیلی شوێنێکیان بۆ خۆیان سازکرد، لەوانە (ڕەمزی قوتبەدین، مەدحەت کاکەیی، گارا، ڕێبوار سەعید، ئەردەلان خالد.... هتد. بەهاری ساڵی (١٩٨٦) پێشانگایەکی کتێب لەلایەن یەکێتی نووسەران بە هاوکاری دەزگای ڕاگەیاندن لە دەشتاییە سەوزە پڕ لە گوڵ و گوڵزارەکەی مالومە کرایەوە، کە دەیان کتێبی چاپکراوی سیاسی و ئەدەبی شۆڕشی لە خۆ دەگرت. بەڕێکەوت لەکاتی کردنەوەی پێشانگەکە شاندێکی حزبی شیوعی کوردستان بە سەرۆکایەتی (ئەحمەد بانی خێلانی) بە میوانی لە ناوچەکە بوون. سەریان لەو بزوتنەوە ڕۆشنبیرییەی لەو دەڤەرە بەڕێوە دەچوو سوڕمابوو. هونەرمەندە تەشکیلیەکانیش چەند جارێک پێشانگەیان کردەوە.

دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ک) و حکومەتی عێراق و هەڵگیرسانەوەی شەڕ چەندین شاندی حزبە کوردستانییەکان (پارتی سۆسیالستی کوردستان، کە مامۆستا شێخ محەمەد شاکەلی و هەڤاڵ خاڵە حاجی بوون. شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاک فازڵ میرانی، کە لەو گەشتەشیدا قاچی وەرگەڕابوو بە دار شەق دەڕۆیشت. سەردانی (ی.ن.ک) و ناوچەکەیان کرد. لە ساڵەکانی نێوان (١٩٨٦-١٩٨٨) دۆڵی جافایەتی جموجۆڵێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیریی گەورەی تێدا بوو. بوونی بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانیش لە گوندی چوخماخ و بوونی بارەگەی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-یش لە گوندی (گەورە دێ) هەروەها بارەگەی چەندین گروپ و حزبی دی سیاسی ئێران و عێراقی لە ناوچەکە هەبوون و کاریگەری خۆیان

هەبوو لەو جموجۆڵە سیاسی و ڕووناکبیرییە. چونکە گەلێ جار کۆڕی سیاسی، ئەدەبی، ڕووناکبیری لە نێوان نوێنەری ئەو حیزب و گروپە سیاسیانە بەڕێوە دەچوو. تەنانەت ئەو ڕۆژنامەنووس و شاندە سیاسییە بیانیانەی دەهاتنە ناوچەکە سەردانی زۆربەی بارەگا سیاسییەکانیان دەکرد. خوا هەڵناگرێ فڕۆکە و تۆپخانەکانی عێراقیش شەو و ڕۆژ تۆپباران و بۆردومانی دۆڵەکەیان دەکرد. بەهۆی ئەوەی هێشتە بارەگا و ماڵی (مام جەلال) لە یاخسەمەر تەواو نەبوو بوو، بۆیە ماوەی مانگێک خۆی و هێرۆخان و پێشمەرگەکان لە ماڵی (ئەو) و بارەگای ڕادیۆ لە بەرگەڵوو مانەوە. بە هۆی بوونی (مام جەلال) لەو شوێنە ئەو ماوەیە بەرگەڵوو جیا لە جموجۆڵ و ئاپۆرەیەکی هاتووچووی خەڵک جوولەیەکی سەیری دروست کردنی خانوو بەرەو بارەگای لێبوو. ڕۆژانە دەیان کرێکار و وەستا کاریان دەکرد. هەر لەو سەرو بەندەدا شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس و هونەرمەندی ناسراوی کوردستانی ڕۆژهەڵات مەزهەری خالقی پێوەندییان بە شۆڕشەوە کرد لە بەرگەڵوو.

دوای تەواوبوونی وەرزی هاوین و دروست کردنی خانوو بارەگاکان مام جەلال لای (ئەو) انی جیهێشت و چووە ماڵەکەی خۆی لە یاخسەمەر. ماڵەکەی مام جەلال جیا لەوەی هەر وەکو ماڵ و بارەگاکانی دی هەڤاڵان و حزب و ڕێکخراوەکان لە قوڕ و بەرد دروست کرابوو. تەنیا یەک ژووری خەوتن و ژوورێکی دانیشتن و ناندین و دەست شوویی بوو. بەر هەیوانی ماڵەکەش زستانان بە نایلۆنی ئەستور دادەپۆشرا.

دوای تەواوبوونی خانوو و بارەگاکان، دوای بێزار بوون لە گوللەی ڕۆژانەی (بی، کەی، سی) و دۆشکای ڕەبیەکانی جەیشی شەعبی سەر قوتەو یاڵەکانی شاخی چەرماوەند بۆ ناو گوندەکانی (سەرگەڵوو، هەڵەدن، یاخسەمەر) دوای هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر گوندی (گۆپ تەپە)و شەڕێکی قوڕس، مەکتەبی سیاسی

**"لە گەرمەی گفتوگۆدا، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاریدا ئاهەنگی ئاگری نەورۆز لە سورداش بکات"**



؟ ، فەلەکەدین کاکەیی، ؟ ، فەرەنسۆ هەریری، ؟ ، ؟ ، ئەرسەلان بایز

(ی.ن.ک) بڕیاریدا ئەو لووتکەو قوتەی شاخانە بگرێت کە مەترسیان بۆ سەر بارەگای (ی.ن.ک) و خەڵکی گوندەکان هەیە. بۆیە هێزێکی زۆر کۆکرایەوە لە ژێر فەرماندەیی (مولازم عومەر) کە بەڕەچەڵەک خەڵکی سلێمانی و لە بنەماڵەیەکی ناسراوو دەوڵەمەند بوو، هەر زوو پێوەندی بە شۆڕشەوە کردبوو، کە لە شۆڕشی ئەیلولیش بەشدار بوو. کاک عومەر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری (ی.ن.ک) و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو. هەتا بڵێی پیاوێکی ئازاو خزمەتگوزارو برای تەبایی نێو شۆڕش بوو.

سەعات چواری بەرەبەیانیەکی زوو لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری زنجیرە شاخەکانی چەرماوەندنو کلکەی خۆراوای شاخی پیرە مەگرون درا. یەکێ لە قۆڵەکانی پەلامارەکە بە فەرماندەیی (جەبار فەرمان) بوو. هەر وەکو چۆن کاک (قادری حاجی عەلی و کاک عەلی بچکۆڵ) یش لە قۆڵەکانی دی سەرپەرشتی شەڕەکەیان کرد. لە ماوەی چەند سەعاتێکدا هەموو قوتەو مۆڵگەکان پاک کرانەوە. ئەو هێزەی ڕژێمی عێراقیش کە لە ئۆردوگای (سوسێ)ە بۆ هانای فەوجەکەی شەدەڵە هاتبوون کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرکوک و تێکیان شکاندن. ڕژێمی عێراق بە تۆپخانەکانی تۆپ بارانی سەرجەم بنکەو بارەگاکانی (ی.ن.ک) یان کرد لە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، هەڵەدن، یاخسەمەر. بەڵام دادی نەدان. دوای گرتنی ئەو قوتەو لووتکانە. ڕژێم پاشماوەی هێزەکانی خۆی کێشایەوە بۆ سورداش و سوسێ. ئیتر مەترسی لەسەر گوندەکان نەما. بەڵام فڕۆکەکانی عێراق چەندین هێرشیان کردو ژمارەیەک پێشمەرگەو هاوڵاتی شەهید بوو.

یەکەمین ئێوارەی دوای چالاکیەکەی پێشمەرگەش. فەرهاد سەنگاوی بە دەنگە زوڵاڵەکەی ڕایگەیاند ئەمشەو بەفریش گڕی گرت دوای خوێندنەوەی چالاکیەکە گۆرانی سیاسی (لە قەندیلی سەر بەرزەوە وەڵامت بۆ دەنێرمەوە. شەهید بوونم شانازییە، دایە مەکەن ڕۆ ڕۆ) بە دەنگی تاهیری خەلیلی بڵاوکرایەوە.

> به شان و شەوکەت و ئازایەتی و جوامێری پێشمەرگەیان هەڵدەدا. دەیان گوت: ئەم سنگە نەرم و نۆڵە بۆ پێشمەرگەی کۆمەڵە



# وێستگەی دیوان

- (١) پرسیار (تارق ئاکرەیی)
- دیوانی هەولێر (گازینۆ لەیالی ئەربیل)

نازم دڵبەند

- سینەما فیلم ( فیلمی عەلی و نینۆ .. خۆشەویستی کوڕێکی موسلمان و کچێکی مەسیحی)

ئا: پەروەر

- یەکەم بابەت (شێرکۆ بێکەس)

ئا: قەلەندەر

- گۆشەی دیوان «هەڵدانەوەی پەڕاوی ڕۆژانەی مامم»

ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم

- ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

جەمشید حەیدەری

- بینین و بیستنی جوانی

قەرەنی جەمیل

- لە دەفتەری نەمریدا (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)
- لە دەفتەری نەمریدا (گارا ڕەسووڵ)
- ساڵۆنی لاپەڕە (٩)

پرسیار (١)

# چۆن بەشداریت لە درامای (لیلة سقوط)دا کرد؟

ئامادەکردنی: ئیسماعیل پەروەر

یەکەمجار یەک دوو برادەری خۆمان لەنێو کارەکەدا بەشداربوون و پێشنیازی منیان کردبوو، بۆیە بەڕێوەبەری بەرهەمی دراماکە لە عێراق ڕیسێرچێکی ئەو هونەرمەندانەی کرد بوو، کە لە کوردستان هەن و زمان دەزانن، چونکە دیالۆگی ئەو درامایە بە عەرەبیی بوو، لەبەر ئەوە پێویست بوو، ئەکتەری بەشدار بوو زمانی عەرەبیی بزانێت و  بە تواناش بێت.

لەگەڵ وەبەرهێنەری دراماکە یەکدیمان بینی و دانیشتین و قسەمان کرد، زۆری پێی خۆش بوو، من بەشداری بکەم، بەحوکمی ئەوەی پێشتر ڕووخساری منی ناسی بوو، کارەکانیشمی دی بوو، سەیری سیڤییەکەمی کرد، دوایش سیڤییەکەی بۆ دەرهێنەری دراماکە نارد، کە لە سوریا بوو، ئەویش دوای سەیرکردنی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بوو.

چاوەڕێم کرد، تاکو ناجی توعمەی دەرهێنەر هاتە هەولێر، بەیەکەوە دانیشتین. ئەو کەسێکی تایبەتمەند و پرۆفیشناڵە، کە دانیشتین و قسەمان کرد، هەندێک گوێی لە تۆنی دەنگم گرت و گوتی: تەواو هەروەکو دامان نابوو جەنابت ڕۆڵی حاجی کاوە دەبینیت، کە یەکێکە لە ڕۆڵە هەرە سەرەکییەکانی دراماکە. بەم شێوەیە ڕێککەوتین.

> گوێی لە تۆنی دەنگم گرت و گوتی تەواو، هەروەکو دامان نابوو، جەنابت ڕۆڵی حاجی کاوە دەبینیت

دکتۆر قیس ڕەزوانم بینی، کە بەڕێوبەری کۆمپانیاکە بوو (الانتاج بلاحدود) چارەسەری کارەکەی بۆ ناردم. هەر ئەو شەوە خوێندمەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاری لەسەر کارەکە، دوایی داوای سیناریۆکەم لێکرد، ئەویشم خوێندەوە، بێ عەیب بوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە تێبینی هەر دەبێت، وەک لە کوردەواریدا دەگوترێت (جوان بێ عەیب نابێت) بۆیە هەندێک تێبینیم لەسەر کارەکە و بونیادی کەسایەتییەکان هەبوو.

بۆ نموونە دەکرا پانتایی کەسایەتی حاجی کاوە فراوانتر بێت، بەحوکمی ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی پۆزەتیڤەکەیە.

لەسەر مەسەلەی زمان، لەسەر شێوەزاری زمانەکە. چونکە لە سەرەتادا سیناریۆیەکە، لە لایەن مەجدی سابر بە میسری نوسرابوو.

مەجدی سابر سیناریۆکەی بە شێوەزاری میسری نووسی بوو، دواتر گۆڕدرا بۆ زمانی (فوصحی) چونکە بریار وابوو کارەکە بە عەرەبیی (فوصحی) بێت، دوای گفتوگۆیەکی زۆر گوتیان زمانی (فوصحی) ئەوەندە چێژبەخش نییە بۆ بینەر و ستایلێکی کلاسیکی وەردەگرێت، بۆیە دواتر وا بەباش زانرا زمانی دراماکە بگۆڕدرێت بۆ زمانی ڕاگەیاندن، ئەوەش کۆمەڵێک سەرنجی لەسەر بوو، چونکە هەموویان نەیان دەتوانی بەو شێوەزارە قسە بکەن، زمانی ڕاگەیاندن تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە بونیادی ڕستەکانەدا جۆرێک لە کلاسیک لەخۆ دەگرێت.

دواجار بەهۆی ئەوەی دراماکە تایبەت بوو بە ڕووداوەکانی عێراق، وا ڕێککەوتن بە زمانی لۆکاڵی ناوچەیەیی بێت، ئەو شێوەزارە میللییەی، کە خەڵکی عێراق بەشێوەیەکی گشتیی بەکاری دێنن، بۆ ئەمەش شێوەزاری بەغدادیی پەسند کرا. ئەگەرچی ئەوەش بۆ هەندێک ئەکتەری عەرەب، کە عێراقی نەبوون دیسان قورس بوو، بۆ نموونە ئەکتەرە سوورییەکان هەندێکیان هەستیان بەقورسی دەکرد.

دواتر ئەو درامایە زیاتر بە ئاراستەی جیهانی

عەرەبیی بوو، بۆیە پێویستی دەکرد بەو زمانە بێت. ئێمە لە ساڵی ١٩٩١-ەوە هەرێمێکی ئازادین، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد بۆ ئیشەکانمان بازاڕمان نییە، کارێک لە هەولێر دەکرێت، کەچی لە سلێمانی، یان لەدهۆک پەسندکراو نییە، لەدهۆک-یش کارێک دەکرێت لەهەولێر و سلێمانی پەسند کراو نییە، ئێمە تا ئێستە یەکدی ناخوێنینەوە.


پەیداکردنی پانتایی بۆ کاری هونەریی و سینەمایی زۆر گرنگە، ئەمە هۆکارێک بووە ئەو درامایە هەمووی بە عەرەبیی بێت خۆی لە بەکارهێنانی زمانی کوردیی ببوێرێت، بەڵام گۆرانییەکان بەکوردیی بوون.

خۆشحاڵی هەر هەمووومان لەیەک خاڵ یەکی دەگرتەوە، کە چل و پێنج ملیۆن کەس بینەری ئەو درامایە بوونە، ئەگەر بە زمانی کوردیی بووایە، ئەو هەموو بینەرەی نەدەبوو.

سەبارەت بە وێنەگرتنی دراماکەش، نزیکەی شەش مانگی خایاند، کە هەمووی لە هەولێر و لەقەڵا و گەڕەکی عەرەبان و تەعجیل بوو، هەندێکی لەبازاڕی منارە وێنەی گیرا، دیمەنی نەخۆشخانەکان هەر لەنێو هەولێر وێنەی گیرا. ڕاستە ڕووداوەکان زیاتر پەیوەندییان بە نێو شاری مووسڵ-ەوە هەبوو، بەڵام چونکە لە مەسەلەی شێوازی بونیاتی بیناسازیی مووسڵ و هەولێری کۆن نزیکن لەیەک، هەست دەکەی هەمان دیکۆرە، ئەوەندە جیاوازییان نییە، هەروەها لە ڕووی ئەمنیەوەش ئاسان نەبوو، دیمەنەکان لە نێوخۆی مووسڵ تۆمار بکرێن.

جگە لەمن چەند ئەکتەرێکی دیکەی کوردیش بەشدار بوون، وەکو ئەبو عەلا و عادل عەبدولڕەحمان، لە کۆمبارسەکانیش کۆمەڵێک کەس بەشداریان تێدا کردبوو.

نامەوێت بەزمانی خۆم بڵێم، من وەکو ستارێک



**تارق ئاکرەیی لە دیمەنێکی دراماکە (وەرگیراوە)**

بەرانبەر ستارە عەرەبەکان و سووورییەکان ڕۆڵم گێڕا. چونکە هەر لەسەرەتای خوێندنەوەم بۆ سیناریۆکە، حاجی کاوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، یانی هەڵبژاردنی منیش بۆ ئەو ڕۆڵە لەخۆڕا نەبوو، بە دڵنیاییەوە منیش لە خۆم ڕازی بووم، ئەو ڕەد فعلەی، دوای دراماکە لە دەرەوە دەیبینم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستییە، ڕۆژ نییە، لە ئەگەر لە بازار بم، خەڵکی، بەتایبەتی عەرەب ڕام نەگرن وێنەیەکم لەگەڵ نەگرن، لەناکاو دەڵێن (حاجی کاوە وێنەیەکت لەگەڵ بگرین)

بەشێوەیەکی گشتیی ئەم بەرهەمە یەکێک بوو لە کارە زۆر زۆر جوانەکان، کە ئەم وەرزە پێشکەش کرا، تەسەوڕ بکە چۆن بڵێی ڕەخنەگرە عەرەبەکان و میسرییەکان و خەلیجییەکان بەسێیەم گرنگترین کار لە کۆی بەرهەمەکانی ئەم ڕەمەزانەیان دانا.

من پێشووتر، لە عێراق بەشداری چەندین کاری دیکەی هونەریم کردووە و لە چەندین زنجیرە تەلەفزیۆنی بەشدار بوومە، بەڵام وەکو بڵاوبوونەوە لەنێو عەرەب، ئەوەیان کاریگەرییەکی زۆر گرنگی هەیە و بۆ داهاتووش دەیبێت. من لە ساڵی ١٩٩٥ بەدواوە لەعێراق و هونەری عەرەبیی دابڕاوم و هاتمە کوردستان.

لەساڵی ١٩٧٥ەوە هاتوومەتە نێو کاری هونەریی، لەوکاتەوە تا ئێستە بەردەوامم، لە نزیکەی ٨٦ شانۆگەری بەشداربوومە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٠ لەزنجیرەی (عیونها و نجوم) کە لەدەرهێنانی عەمانوێل ڕەسام بوو بەشداریم کردووە.

لێرەش لە مەمی ئالان و درامای خۆر و کۆمەڵێک درامای دی و چەندین فیلم بەشداریم کردووە. بۆ نموونە لەگەڵ هونەر سەلیم لە دوو فیلمی سینەمایی گەورە کە لە فێستڤاڵە جیهانییەکاندا نمایش کراوە، لەگەڵ فیلمی (ڕاوە جنۆکە)ی مەهدی ئومێد، لە گەردەلوولیش بەشداربووم، کە یەکێک لەکارە جوانەکانە و شانازی پێوە دەکەم.

خەرمانێکی زۆرە، ئێستەش عەشقم هەر بۆ شانۆیە، بەڵام بەداخەوە ئەو برادەرانە خودا بیانگرێت، کە نایەڵن کاربکەین.

**تارق ئاکرەیی**




نازم دڵبەند

# گازینۆ لەیالی ئەربیل

لەهەموو وڵاتێک هەندێک لەو چایخانە و قاوەخانانەی هەن، دەبنە هەوارگەی نووسەر و هونەرمەند و سیاسەتمەداران.
بۆ وەبیرهێنانەوەش لە (میسر) قاوەخانەی (خان الخليل) هەبوو، کە ڕۆژانە ڕۆماننووسی گەورە (نەجیب مەحفوز) هاموشۆی دەکرد و بەدەم قاوە خواردنەوە ڕۆمانەکانانی دەنووسی، یان لە (بەغدا) قاوەخانەکانی (گەهوە العزاوی، پەرلەمان و برازیلی) ئەو شوێنە بوون، کە مەعرووف ئەلڕەصافی، جەمیل صدقی ئەلزەهاوی و عەبدولئەمیر ئەلحەصیری و سیاسەتمەدارە گەورەکانی عێراقی لێی دادەنیشتن و بووە مینبەری شیعر خوێندنەوە و مشتومڕی سیاسەت.
لە کوردستان-یش، بەتایبەت لە هەولێر، هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە، گازینۆی سەڵاحەددین هەبوو، کە کەوتبووە شوێنی بینای ئێستەی پارێزگا و خاوەنەکەی ئەمین کوێتی بوو. هەروەها چایخانەی بێخاڵ، کە کەوتبووە تەنیشت چاپخانەی کوردستان-ی گیو موکریانی، کە خاوەنەکەی عوسمان دەرگەڵەیی، برای شەهید یوسف دەرگەڵەیی بوو، هەر ئەو چایخانەیەش بوو، بۆ من و هەندێک لەهاوڕێ گەنجە قوتابییەکانی ئەوێ ڕۆژێ، کە تامەزرۆی نووسین و شیعر بووین، بۆمان بووە وێستگەی یەکەمی ناسینی چایخانەی ئەدەبی، چونکە ئەو چایخانەیە زۆرینەی نووسەر و شاعیرانی ئەوێ دەمێی وەکو:
(عەبدوڵلا پەشێو، شەهید جەمیل ڕەنجبەر، سامی شۆڕش، سەعدوڵلا پەرۆش، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، هیوا سەرهەنگ و جەوهەر کرمانج و زۆری دی) لێ دادەنیشتن و باسی شیعر و ئەدەب و سیاسەت دەکرا.
لەسەروبەندی دەرچوونی بەیاننامەی ئازار-یش گازینۆی باکوور، چایخانەیەکی دیکەی ئەو سەردەمە بوو، کە خاوەنەکەی ناوی مام بیلال بوو. لە باڵەخانەیەکدا بوو بەرانبەر دەرگای قەڵاتێ، لەدیوی لای قەیسەری، ئەویش وەکو ئەوانی دی ببووە مەنزڵگای ئەدەب و هونەر و سیاسەت، زۆربەی ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ ئەو شتانە هەبوو، ڕۆژانە سەردانیان دەکرد، تا گەیشتە ئەوەی، کە دائیرەی (ئەمن) هەست بە مەترسی ئەو شوێنە بکات، ئەوەبوو لە ڕێگەی چاندنی بۆمبێکەوە لەم شوێنە، جۆرێک لە دڵەڕاوکێی دروست کرد، بەڵام نووسەران و هونەرمەندان هەر لێی دانەبڕان.
هەر لە شەستەکاندا، لە شوێنی ئێستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر بوو گازینۆیەک هەبووم، بەناوی سەفین، کە هەریەک لە عەبدوڵلا توفیق، نوعمان چەلەبی، عەونی ڕەشید قۆجە و جەبار کەریم کاکە دایان مەزراند. لەپاڵیشیدا سینەمای سەفین-ی هاوینە هەبوو، کە تەنیا لە وەرزی هاوینان فیلمی تێدا نمایش دەکرا، بەڵام جارێکیتر وەکو کاک موشتاق

“ زۆرجار (ئەمن) دەهاتن عەبدوڵلا توفیق-یان دەبرد، وەیان دەزانی عەبدوڵلا توفیقەکەی یەکێتیی-یە ”



عەبدوڵڵا توفیق بۆی گێڕامەوە:-

دوای ئەوەی گازینۆ سەفین تێکدرا. ساڵی ١٩٧٠ هەر لەسەر دەستی ئەم چوار کەسە گازینۆ (لەیالی ئەربیل) لەتەنیشت سینەما سیروان دامەزرا، کە ئەوێ ڕۆژێ نزیکەی بیست شاگرد کاریان لێ دەکرد.


لە مانگی ڕەمەزانان، شەوان سینی سینیانێی لێ دەکرا، ڕۆژانی جەژنیش یاری دۆمبەلان-ی لێ دەکرا، هەر لەنێو ئەو گازینۆیەدا کەبابخانەیەکی بەتام هەبوو، کە بەدەم خواردنەوە، مشن و تورابی و کراش و کۆلا لەگەڵی دەخورایەوە، کە لە لایەن وەستا حەمە شەریف هەرزانی و حەمە فەرەجی قەڵادزەیی بەڕێوە دەبرا، ڕۆژانە باری یەک لۆری عەنتەرناش ساردەمەنی دەفرۆشرا، کە لە (کەرکووک و مووسل) دەهێنرا.

گازینۆ لەیالی ئەربیل ببووە مەڵبەندی کۆبوونەوەی شانە نهێنییەکانی پارتە چەپ و ڕاستەکان و ڕێکخراو و ئەحزابی شۆڕشگێڕی کوردیی وەک: کۆمەڵەی ڕەنجدەران و پارتی دیموکرات و حزبی شیوعی عێراقی. هەر لەو گازینۆیە ئابوونەی مانگانەی حزبەکان کۆ دەکرایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جاریش (ئەمن و موخابەرات) دەهاتنە نێو گازینۆ و بەدوای ئەو خەڵکانەدا دەگەڕان، کە شکیان لێ هەبوون، ئەوەی مەبەستیان بووایە و لەوێ بووایە قۆڵبەستیان دەکرد، ئەمە جگە لەوەی زوو زووش ئینزیباتی عەسکەری، هەڵی دەکوتایە سەر گازینۆکە، کە بەدوای (فیراران)دا دەگەڕان و دەفتەر خدمە-یان لە خەڵکەکەی وەردەگرت، جا هەندێکیان بەهەر شێوەیەک بووایە هەڵدەهاتن و خۆیان ڕزگار دەکرد، هەندێکیشیان دەگیران.


موشتاق عەبدوڵڵا دەڵێت: وەنەبێ باوکم (عەبدوڵڵا توفیق و مام نەعمان چەلەبی)یش لەو گرتن و ڕاونانە بێبەش بووبن، بۆیە با ئەوەشتان بۆ بگێڕمەوە:

لەهەموویان زیاتر ئازاردانی مام نوعمان چەلەبی بوو، لەبەر ئەوەی ملازم فوئاد چەلەبی برای ئەفسەری سوپای عێراق بوو و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردبوو، ئەوکاتیش فەرماندەیەکی ئازا و دیاری نێو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، زوو زوو ئەمن و موخابەرات دەهاتن مام نەعمان-یان دەبرد و ئازار و ئەشکەنجەیان دەدا، چونکە بەڕاستی خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕی دیاری هەولێرێ بوون و قوربانی زۆریان داوە.

**"زوو زوو (ئەمن) دەهاتن مام نەعمان-یان دەبرد، لەبەر ملازم فوئاد چەلەبی برای"**



جەبار کەریم



عەونی ڕەشید قۆجە

تا گەیشتە ئەوەی کوڕەکەی حاجی عوسمان چەلەبی بە ناوی جەلال لە سێدارە بدەن.

جارێکیان دیسان (ئەمن) هاتن و مام نەعمان-یان برد، دوای ئەوەی باوکم و جەبار کەریم کاکەی ئامۆزای باوکم بێ ئومێد بوون لەبەردانی، سەفەری بەغدا-یان کرد و چوونە لای هاوڕێیانیان حەیدەر و هاشم خاوەنی کەباب ئەربیل لە لای (وزارە الدفاع) لە (ساحە المیدان) بەو پێیەی ئەوان پەیوەندییەکی فراوانیان هەبوو و ڕۆژانە بە سێنی کەباب-یان بۆ (قصر الجمهوری) و (وزارە الدفاع) دەنارد، داوایان لێ کردبوون بنێرن، چەند (سێنی کەباب) دەنێرن، بنێرن هەمووی لەسەر حیسابی ئێمە، دەبێ شتێکی وابکەن نەعمان-مان لەبەندیخانە هەر بۆ بەردەن، خوا هەڵناگرێت ئەوانیش بەبێ هیچ پاداشتێک هەوڵی خۆیان دابوو و مام نەعمان-یان بەردابوو، چونکە برادەری ئەوانیش بوو، باوکم و کاک جەبار لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە هەولێر.

موشتاق لەسەر گێڕانەوەکانی بەردەوام بوو، گوتی: ئەو کێشانە زیاتر ڕووبەڕووی باوکم و مام نەعمان دەبوونەوە، چونکە باوکیشم کۆنە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو، لەشەڕی (هەندرێن)یش ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

ناوە ناوەش (ئەمن و موخابەرات) دەهاتن لە ناوی عەبدوڵڵا توفیق-یان دەپرسی، تومەز ئەوان مەبەستیان (عەبدوڵڵا توفیق)ی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) بوو، جا کە لەدەرگاوە لەم ناوەیان دەپرسی شاگردەکانیش، هەروایان دەزانی باوکمیان دەوێت، بۆیە دەیانبردنە لای باوکم، هەندێجار بەئاسانی لەکۆڵی دەبوونەوە و هەندێک جاریش لەگەڵ خۆیان دەبرد.

هەر لەو بەسەرکردنەوەیەمدا بۆ گازینۆ لەیالی ئەربیل هەموو ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە، کە تیایدا دادەنیشتین و هیچ ڕق و کینەیەکمان لەیەکدی هەڵنەدەگرت، لەکاتی چاوگێڕانم بەنێو کون و قوژبنەکانی گازینۆکە و دانیشتنم لەسەر کورسییەکی کۆن، دیتم هەر ئەو شاگردەی جاران، بەڵام بەهەڵکشانی تەمەنەوە چای بۆ هێنام گوتی:

– من ناناسییەوە؟


– گوتم: وەڵاهی بەبیرم نایەوە.

– گوتی: من موحسین-م (موحسین سەلیم فەتاح) ئەوە سی و حەوت ساڵە لێرە شاگردم، من لەبیرمە ئێوە، کە دەهاتنە ئێرە، هەر فەوزا و مشت ومڕتان

بوو، من پێش ساڵی ١٩٧٠ لە گازینۆ سەفین بووم.
– گوتم: ئەدی شاگردەکانی دیکە؟
– گوتی: حەمەدەمین، ئیسماعیل، حوسێن، محەمەد چایچی، عەلی قادر، نوری قادر، حەیدەر قادر، فاخر، هاشم هەرتەلی و ئیحسان.
گوتی با شتێکی خۆشیشت بۆ بگێڕمەوە مام نەعمان پیاوێکی زۆر خۆشەویست بوو، لەنێو هەموومان، هەر بۆ خۆشی، جار جار جلکی عەنتیکەی لەبەر دەکرد، جارێکیان دیتم (جلکی کۆسە بەبە)ی لەبەر کردووە و بەنێو خەڵکەکەدا دەسووڕێتەوە، کە بووە مایەی خۆشحاڵی هەمووان، بەڵام بەداخەوە، ئەمن و ئیستخبارات زوو، زوو دەهاتن و دەیان گرت.
وەک یاسین قادر-یش، کە یەکێک بووە لەو کەسانەی ئەو سەردەم و سەر بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بووە، بۆی گێڕامەوە و دەڵێت زۆر جار ئەوانەی سەر بە ڕێکخستنەکان بوون دەهاتنە ئەوێ ڕۆژنامەیەکی ئەو سەردەمی بەعس-یان وەک ڕۆژنامەی (الثورة، الجمهوري)یان بەدەستەوە دەگرت و لەسەر مێزەکانیان دایان دەنا، بۆ ئەوەی شکیان لێ نەکەن.
کەواتە لای عومری ئێمە مانانیش گازینۆ لەیالی ئەربیل هەرگیز نامۆ نییە، چونکە ئەوێ، هەم (وەکرێکی سیاسی) دوای هەرەس بوو، هەم (خەڵوەتخانەیەکی ئەدەبی) بوو، بۆیە هەموو ئێوارەیەک دوای چاوخشاندنێک بەنێو جامخانەی سینەما سیروان ئینجا دەسووڕاینەوە و خۆمان بە باخچەکەی ئەم گازینۆیەدا دەکرد، هەر لە دوورەوەش ڕەوانشاد نەعمان چەلەبی بە دەنگێکی تایبەت و ڕوویێکی خۆشەوە بەخێرهاتنی دەکردین و هەر زوو بانگی شاگردەکانی دەکرد (دۆلکە) یەک ئاوی سارد بێنن بۆ ئەو مێزە.
لە ولاشەوە ڕەوانشاد عەبدوڵڵا تۆفیق، کە یەکێ بوو لە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقی لە شەستەکان و یەکێ بوو لە پیاوە شەڕکەرەکانی داستانی هەندرێن لەو سەردەمیدا، لەولاتر دەوەستا و چاوی لەسەر هەموو لایەک بوو، ئەو دەیزانی لەو گازینۆیە چ دەگوزەرێ، چۆن سەر لەنوێ کۆمەڵە گەنجێک هەن خەریکی (پسکە، پسک)ی سیاسەتن و ئەوەندە بەخوێن گەرمییەوە بەدوای تروسکایی ئومێدێکەوە دەگەڕێن، ئەویش هەوڵی ئەوەی دەدا، ئەگەر پیاوانی (ئەمن) ڕووبکەنە گازینۆکە، لەپەناوە بەچاوێکی ئاماژەکارانەوە ئاگاداریيان بکاتەوە، تا نەبنە جێ سەرنجی ئەوان.
لەولاشەوە عەونی ڕەشید قۆجە لەسەر (دەخیل)ی بە ڕووخسارێکی زۆر هێمنانە دادەنیشت و ئەوەندە تێکەڵی کاری نێو گازینۆکە نەدەبوو، چونکە پێدەچوو کارەکان وا دابەشکرابن، بەڵام ئەوەی لەمێژووی گازینۆ (لەیالی ئەربیل) دەخوێندرێتەوە، شوێنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو دەکرێت بڵێین بارەگایەکی (حزبی) بوو، بۆ ئەو سەردەمی، کە هەموو لایەک لێکدانەوە و بۆچوونی خۆیان لەمەڕ سەرلەنوێی دروستبوونی ڕێکخراوێکی سیاسی دەخستەڕوو، هەرچەندە زۆر بە نهێنیش بوو، بەڵام بەهۆی دڵپڕی و گەرموگوڕی هەندێک لەو گەنجانەی دەیانویست بەخێرایی تروسکەی ئەم ئومێدە ڕۆشنایی ببەخشێتەوە، دەکەوتنە تۆڕی سیخوڕەکان و ئەنجامەکەشیان دیسانەوە بە گەرمییەوە لەمیانی زیندانی و لەسێدارەدان لەباوەش دەگرت، لەو کاتانەدا، کە هەواڵی یەکێ لەوانەی بە بەردەوامی هاموشۆی ئەوێی دەکرد و لەو (وەکر)انە بەشداربوو و دەکەوتە بەر تەڵەی دایەرەی (ئەمن) هەر زوو لای نوعمان چەلەبی و عەبدوڵلا تۆفیق، دەبووە جێگەی نیگەرانی و پێناخۆش بوون، دەیانزانی چارەنووسیان چۆن دەبێت، چونکە ئەوان پێشتر ئەو چارەنووسەیان لەلایەن ئەو دەزگایەوە بینی بوو.
دیارە بەسەرکردنەوەی ئەو کەس و شوێنانەی هەولێر، ئەرکێکی نەتەوەیی و مێژووییە، بۆ بەرچاو ڕوونی نەوەی تازە، تا لەو ڕاستییە بگەن، کە زەمەنێک نەوەیەکی وەک ئەوان هەبووە و بە زەحمەت و مشەخەتی و ترس و دڵەڕاوکێوە، چوونەتە ئەو شوێنانە، هەر بۆ ئەوەی بەئاگا بن لە داهێنانەکان و هەواڵە ڕۆژانەییەکان، کە دەبووایە ئەو شوێنانە هەموویان ببوونایە (مۆزەخانە) و هەموویان مێژووی خۆیانیان تێدا بخوێندبووایەوە، بەڵام ئەسەف هیچ دامەزراوەیەک بەخەیاڵی دانایە ئاوڕ لەو گەنجینە (بەبەها)یانە بداتەوە و بیان کات بە ڕووگەیەکی زیندوو بۆ مێژووی ئەم شارە.

“
**موحسین سەلیم فەتاح لەم گازینۆیە سی و حەوت ساڵە شاگردە**
”


عەبدوڵڵا تۆفیق سەعید


نوعمان عومەر چەلەبی

ئامادەکردنی: پەروەر

# فیلمی عەلی و نینۆ

## خۆشەویستی کوڕێکی موسلمان و کچێکی مەسیحی

عەلی، کە لە ئاهەنگێکی ئۆپێرادا عاشقی نینۆ دەبێت، دواتر وەک دوو گەنج، دەکەونە داوی خۆشەویستیی یەکدییەوە. عەلی موسڵمانە و خەڵکی ئازەربایجانە، نینۆ-ش مەسیحییەکی ئۆرسۆدۆکسی خەڵکی جۆرجیایە.

خانەوادەی کچەکە، لە بنەماڵەیەکی ئەرستۆقراتین. عەلی لە شاری باکۆ-ی دەوڵەمەند بە نەوت و لە کۆشکی شیرڤانشیر دەژی. بەڵام نینۆ لەگەڵ خێزانە دەوڵەمەندەکەی لە تبلیس دەژی. سەردەمەکەش کۆتاییەکانی



پەیکەری عەلی و نینۆ لە بتلیس

جەنگی یەکەمی جیهانییە.

عەلی دوای ئەوەی هەواڵی ئەوەی پێ دەگات، کە خۆشەویستەکەی ڕفێنراوە، بە دوایدا دەچێت و ئەو کەسەی، کە ڕفاندوویەتی بە خەنجەر دەکوژێت و خۆشی بریندار دەبێت. دوای ئەو ڕووداوە باوکی، بە قاچاغ عەلی دەباتە ناوچەیەکی دوورە دەستی داغستان و لە ترسی تۆڵەسەندنەوە، لەوێ حەشاری دەدات.

دوای ئەوە بنەماڵەی نینۆ دەچنە ماڵی باوکی عەلی بۆ ئەوەی ئەم دوو خۆشەویستە بە یەک بگەن، بەڵام باوکی عەلی ئەوە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام دواتر نینۆ بڕیار دەدات بەهەر شێوەیەک بێت خۆی بگەیێنێتەوە عەلی. دوای ماوەیەک کەسێک بە ناوی سەعید نینۆ دەباتە ئەو شوێنەی، کە عەلی لێ حەشاردراوە، دواجار هەر لەوێ ئەو دووانە هاوسەرگیریی دەکەن و بۆ ماوەیەکیش لە ناوچەیەکی گوندنشین دەژین.

سەرەنجام عەلی و نینۆ دەگەڕێنەوە بۆ باکۆ. عەلی لە پۆستی بریکاری وەزیری دەرەوە دادەمەزرێت و سەرقاڵی ژیانی خێزانداریی دەبێت.

لەم سەروبەندەدا شۆڕشگێڕە بەلشەفییەکانی ڕووسیا هێرش دەکەنە سەر باکۆ، لەو کاتەدا عەلی خەریکی بەڕێکردنی نینۆ و کچەکەیەتی بەرەو پاریس، هەر لەو کاتەشدا لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت هێرشی ڕووسەکان خاو بکاتەوە، بەڵام لەو کاتەدا و لە کۆتایی فیلمەکەدا، عەلی لە شەڕێکی بوێرانەدا دژی ڕووسەکان لەسەر پردێک، لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا دەکوژرێت، نینۆ و کچەکەشی دەگەنە پاریس و تەواوی ژیانیان لەوێ بەسەر دەبەن.


*** ئەم فیلمە بریتانییە، ناوەڕۆکەکەی لە ڕۆمانی کوربان سەعید، کە هەمان ناوی هەیە وەرگیراوە، کە ناوی خوازراوی نووسەری عەلی و نینۆ-یە. کریستوفر هامپتۆن نووسیویەتەوە و ئاسف کاپادیایە دەرهێنەرەکەیەتی. دیمەنەکانی فیلمەکە لە تورکیا و ئازەربایجان وێنە گیراون. ماریا ڤالڤێردی و ئادەم بەکری ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، چیرۆکی فیلمەکە، لە ناوەڕۆکەکەیدا باس لە گەڕان بە دوای ڕاستی و ئاشتەواییدا دەکات، ئەمەش لە میانی بەراوردکارییە جۆرا و جۆرەکان لەنێوان ئیسلام و مەسیحییەتدا، خۆرهەڵات و خۆرئاوا، تەمەن و گەنجی، و نێر و مێ.**

**ڕۆمانەکە بۆ زیاتر لە سی زمان وەرگێردراوە. بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٣٧ لە ڤییەننا بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.**

*** بۆ ڕێزلێنان لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان عەلی و نینۆ، هونەرمەندی جۆرجی تامارا کفیت-ئەدزە پەیکەرێکی دروستکرد، کە ناوی نا (پەیکەری خۆشەویستی) پەیکەرەکە لە شاری باتومی لەسەر دەریای ڕەش لە جۆرجیا دانراوە، کە ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٠ خولەک بەرەو یەکتر دەجوڵێن بۆ ئەوەی تێکەڵ یەک ببن.**

**دیزاینی پەیکەرەکە لە ساڵی ٢٠٠٧ ئامادەکرا و لە ساڵی ٢٠١٠ دروست کرا، کە بەرزییەکەی ٨ مەترە. ماوەی دروست کردنەکەشی دە مانگی خایاند.**







(یەکەم بابەت گۆشەیەکی گۆڤاری دیوانە، تێیدا هەرجارەی یەکەم بابەتی نووسەرێک، یان شاعیرێک، یان هونەرمەندێک دەخەینەڕوو، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران بە سەرەتا و یەکەم بەرهەمیان)

**ئا: قەڵەندەر**

## شێرکۆ بێکەس:

**ڕەنگە زۆربەی نووسەرانی ئەم دنیایە، بە قۆناغی هەرزەکاریی ئەدەبیدا تێپەڕی بن لەم پلەی هەرزەکارییەدا، جگە لەوەی هێشتا نووسەر دنیا نادیدەیە و بیر و دەست و پەنجەی تاقی کردنەوەی نەکراوەتەوە، هەڵبەت حەزوو کارە زوو هەڵبژادنەکانیشی ناجێگیر و هەناسە کورت و پڕ لە دڵەڕاوکێیە. منیش لەم تەمەنی موراهەقەی ئەدەبیدا وا بووم. ئەو نووسینە کاڵ و کرچانەی ئەو سای خۆم لە لای خۆمەوە ناوی چیرۆکم لێ نابوون تەمەنیان کورت و بێ بەری بوون. شێعر ئەو دەمەش وەک چرایەکی بە شەوقی قۆناغەکە وا بوو. ئەو زیاتر پەپوولە و پەروانەی بەهرەکانی بۆ لای خۆی کێش ئەکرد.**

(لە کتێبی لە سێبەری چیادا) وەرگیراو



قرمیسك و یاد

سولەیمانی : شیرکو بی کەس

لە شەوە زەنگی بی تیشکی ژینما
لە دلی چولی ئامانج فـریوما
بە فرمیسکی چاو کرۆشتوی لیوما
ئەلیم بەو جوانەی هوی ئیستای شـینما
کوانی روژانی رابووردوی شادی
گەشتی بەهارو دلداری و کاتی
جار جاری روی جوان بەمو نیو ماتی
یاخود شەپولی نازی ری ی کانی
* * *
کوا مەستی هوشی خوشەویستی پاك
ژوان لیدانی شەوی ترسناك
لە قورتی قورسی ناو ژیان بی باك
لە راستی و پاکی دل بی هاو تاو تاك
* * *
کوا هیوا و نیاز نامەی پر پەیمان
گفتوگوی شیرین بە دل و ئەی گیان
یا خەندەی سەر لیو بو کاتی سەیران
نەما آرەزوو دل خوشی جاران
* * *
کوا چاوەروانی سەرنجی پر مەیل
لارەو لەنجەکەی مەستی پر لە کەیل
جوانتر رازاوە لە زین و لە لەیل
ئیستاش فرمیسکە ئەباری بە سەیل
* * *
ئیستای مەینەتی بە آهو نالە
قەترەی زوخاوی نوشینی سالە
ژیانم زیاتر .. لە زەهر تالە
ژیان بولای من . زبانی لالە
* * *
بو کاتی پیشوی گەنجی و آرەزوو
فلیمی ژینو .. بی کەسی چیشتو
لە بیزاری من وەك خەوی رویشتو
تیك دراو دلم وەك دلی مردوو

# فرمێسك و یاد

سولەیمانی: شێرکۆ بێ کەس

**لە شەوە زەنگی بێ تیشکی ژینما**
**لە دڵی چۆڵی ئامانج فریوما**
**بە فرمێسکی چاو کرۆشتوی لێوما**
**ئەڵێم بەو جوانەی هۆی ئێستای شینما**
**کوانێ ڕۆژانی ڕابردوی شادی**
**گەشتی بەهار و دڵداری و کاتی**
**جار جارێ ڕوی جوان و بەمو نیو ماتی**
**یاخود شەپۆلی نازی ڕێ ی کانی**
*** * ***
**کوا مەستی هۆشی خۆشەویستی پاک**
**ژوان لێدانی شەوی ترسناک**
**لە قورتی قورسی ناو ژیان بێ باک**
**لە ڕاستی و پاکی دڵ بێ هاوتا و تاک**
*** * ***
**کوا هیوا و نیاز نامەی پڕ پەیمان**
**گفتو گۆی شیرین بە دڵ و ئەی گیان**
**یا خەندەی سەر لێو بۆ کاتی سەیران**
*** * ***
**کوا چاوەڕوانی سەرنجی پڕ مەیل**
**لارە و لەنجەکەی مەستی پڕ لە کەیل**
**جوانتر رازاوە لە زین و لە لەیل**
**ئێستاش فرمێسکە ئەباری بە سەیل**
**ئێستای مەینەتی بە آهو و ناڵە**
**قەتیرەی زوخاوی نۆشینی ساڵە**
**ژیانم زیاتر.. لە ژەهر تاڵە**
**ژیان بۆ لای من. زبانی لاڵە**
*** * ***
**بۆ کاتی پێشۆی بۆ کاتی پێشووی گەنجی و ئارەزوو**
**فیلمی ژین و .. بێ کەسی چێشتو**
**لە بێزاری من وەک خەوی ڕۆیشتو**
**تیک دراو دڵم وەک دڵی مردوو**

لاپەڕە ٥ ڕۆژنامەی ژین ژمارە ١٢٤٠ی ١٩٥٧/٤/١١

# هەڵدانەوەی پەڕاوی ڕۆژانەی مامم


ئا: هەڵمەت عەبدولکەریم

## (١)

ئەمرۆ چووم بۆ قوتابخانە، بۆ وتنەوەی وانەکانم، هەروەکو ڕۆژانی تر، بۆ نیوەڕۆ هاتمەوە ماڵ و نان و چام خوارد و بۆ گەڕان چووم بۆ شار. بەتایبەتی بۆ لای دکتۆر نافع عقراوی، لە گەڵ محسن ئاوارە چوینە لای، داوام لێ کرد، کە کتێبی شاهنامەی فردوسی بە ئامانەت بمداتێ، بۆ ماوەی مانگێک، ئەویش خوا هەڵ ناگرێ وەڵامی بە خۆشی دامەوە، وە قەولی پێ دام، کە بۆ ڕۆژی شەموو بۆم بێنێتە مەحەل عیادەکەی خۆی، منیش زۆر سپاسم کرد و هاتمەوە بۆ ماڵ.

لە ڕێگای هاتنەوەدا تووشم بو بە کتێبی (لمحات في تاريخ العالم) دانانی جواهر لال نهرۆ، ئەویشم کڕی و هاتمەوە بۆ ماڵ و بۆ شەویش چوومە ماڵی جوهراغای، هەتا سەعات دە لە وێ بووم دوای هاتمەوە.

**١٩٨٤-٣-٢٨**




## (٢)

ئەمرۆ بەیانی چوم بۆ قوتابخانە و وانەکانی خۆم ووتەوە، بۆ نیوەڕۆ هاتمەوە ماڵەوە، لەسەعات ١/٥ یەک و نیو حاجی رحمن خەزورم هاتە ماڵی ئێمەو ماوەیەکی زۆر دانیشتین، پاشان چوینەوە بۆ بازاڕی، وە لەوێ لێک جیا بووینەوە، من چوومە لای دکتۆرنافع عقراوی، قەولی کتێبی شانامەی پێ دابووم، چووم لەوێ وەرم گرت و لە خۆشیان هاتمەوە ماڵ و هەرمطالعەم دەکرد، ئەوشەو هەتا سەعات دوازدە هەر دانیشتم تەماشام دەکرد، وەخت لە دوای وەخت کتێبەکەم لا خۆشتر دەبوو، وەنەبێ ئەوە یەکەم جار بێ، بەڵام هێندەم پێ خۆشە هەر جارە لەزەتەکی زۆری لێ وەردەگرم. بریا منیش شانامەکم ببوایە.

**١٩٨٤-٤-٣**


**محمدامین یوسف**

*** ئەمە ئەو ڕۆژمێرەی مامۆستا محەمەدئەمین یووسف-ە کە لە سەرەتای هەشتاکان، بۆ چەندین ساڵ ڕۆژانە تۆماری کردوون، ئێمەش هەوڵ دەدین ئەوانەی گونجاون، بێ دەستکاری کردنی ڕێنووسەکەی، لێرە بڵاویان بکەینەوە. هەر کەسێکیش بابەتی لەوشێوەیەی هەبوو دەتوانێت بۆمان بنێرێت**

جەمشید حەیدەری



# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست




دوای ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١، بەشەکانی مێژوو لە زانکۆکانی کوردستان گرنگیان بە مێژووی سەردەمی کوردستان داوە، وەک مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی. بەتایبەتیش لە بەشی مێژوو، لە کۆلێژی ئاداب ـ زانکۆی سەلاحەدین.

لەم بوارەدا ژمارەیەک تێزی ماستەر و دکتۆرا لە لایەن مامۆستا و خوێندکارانی ئەو کۆلێژە، لە توێژینەوەکانیاندا ئاوڕیان لە چەندان کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و بارودۆخی سیاسی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو داوەتەوە و نەوەی نوێیان پێ ئاشنا کردوون، کە جێگەی دەستخۆشییە و هیوادارم کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی بوارەکانی دیش فەرامۆش نەکەن.

لەو مانگەی ڕابردوودا، کتێبێکی تدیم بەرچاو کەوت لەسەر ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی عاصم حەیدەری، کە لە لایەن دوو مامۆستای بەشی مێژووی کۆلێژی ئاداب، خراوەتە بەر تیشکی زانستی. لەو چەند ساڵانەی دواییدا، مامۆستایانی ئەو بەشە بنەماڵەی ئێمەیان بەسەرکردووەتەوە، بەتایبەتیش: هەر یەک لە صالح حەیدەری و جەمال حەیدەری، برا گەورەکانم، کە تێزی زانستیان لەسەر نووسیون، ئەو کتێبەش، بە هەمان شێوە

توێژینەوەکەی هەر دوو مامۆستا: بارزان محەمەد عەلی و د.هۆشەنگ، لە لاپەڕەی (٧ ـ ١١٤) لەخۆ دەگرێت، بەئەنجام و سەرچاوەکانیشەوە.

سەرچاوەیەکی زۆریان بەکارهێناوە، هەروەها کاک مومتاز حەیدەری پێداچووەتەوە و وشەی بەرایی بۆ نووسیوە و لەسەر ئەرکی ـ کتێبخانە و ئەرشیفی ئەویش لە چاپ دراوە.

لەلاپەڕە (١١٥ ـ ٢١٥) وتارەکانی عاصم حەیدەری، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا لەساڵی ١٩٤٣ ـ وە تا ساڵی ١٩٧١ ـ بەزمانەکانی عەرەبی و کوردیی بڵاوی کردوونەتوە دانراون، هەروەها وتاری ژمارەیەک کەسایەتی ڕۆشنبیر، کە بە بۆنەی کۆچی دوایی حەیدەری نووسیویانە، لەوانە: مامۆستا کەریم شارەزا، د.عیزەدین مستەفا، صالح حەیدەری، محەمەد مەلا کەریم، هاشم عەبدوڵلا، سامی عەودال، مامۆستا ڕەوەند... هتد.

لەئاکامی خوێندنەوەی کتێبەکەدا هەندێک تێبینیم لا دروست بوون، کە لە خزمەتی توێژەرانە، ئەگەر لە داهاتوودا دووبارە چاپیان کردەوە، هیچ لەنرخی کارەکەشیان کەم ناکاتەوە.

١. لەلاپەڕە (١٩ ـ ٢٠)دا لەسەر ژیان و خوێندنی من نووسراوە، من لە (١٩٤٠/٥/٢) لەدایک بوویمە. لەساڵی (١٩٧٥) بڕوانامەی ماستەرم لەزانکۆی لێنینگراد وەرگرتووە، لەساڵی (١٩٨٠) دکتۆرام لەئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای سۆڤیەت وەرگرتووە، لەساڵی (١٩٩٣ تا ٢٠١٣) مامۆستا بوویمە لە زانکۆی سەلاحەدین، نەک وەک نووسراوە: (چەند ساڵێک مامۆستا بووە لە کۆلێژی زمان).

٢. لەلاپەڕەکانی (٦٦ ـ ٦٨) باسی یاخیبوونی شێخ ڕەشیدی لۆلان هاتووە، توێژەران وا پیشاندەدەن، کە لە دامرکاندنی یاخیبوونەکەی ڕەشید لۆلان، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی بەشداریان کردووە، لەکاتێکدا، هێزەکانی بەرگری میللی ـ المقاومە الشعبیە ـ لەژێر سەرپەرشتی شەهید جەمال حەیدەری و شەهید فاخیر مێرگەسۆری لەناوچەی ڕواندز-ەوە بەشداری شەڕیان کردووە. (بۆ مێژوو).

٣. لەلاپەڕە (٧٣) مامۆستا کەریم شارەزا ـ باسی بڵاوکراوەیەکی نهێنی دەکات، کە لە (بەدرە) دەرچووە، بەڵام مامۆستا کەریم ئاماژەی بەناوی بڵاوکراوەکە نەکردووە، لە لاپەڕە (٧٤) کاکە حەمەی مەلا کەریم، کە ئەویش هەر لە (بەدرە) دەست بەسەر بووە، ناوی گۆڤارەکەی نووسیوە (کوردستان).


٤. جگە لەو وتارانەی عاصم حەیدەری، کە ئاماژەی پێکراوە، وتارێکی دیشی هەیە لەسەر شاعیری کورد ئەبو قاسمی (هۆڵی) پێموایە لە هیوا بڵاوکراوەتەوە.

٥. لاپەڕە (٢٠٩) کە لەلایەن کاک مومتاز نووسراوەو باسی ئەوە دەکات کە ساڵی (١٩٤٥) ئێمە لە خانووی کەرێی مەلا یاسین ـ دابووینە، ئەوە هەڵەیە ئێمە تا ساڵی (١٩٤٨)ماڵمان هەر لەخانووی ژمارە (٣/١٢) گەڕەکی عارەبان بووە ـ ساڵی (١٩٤٨) بووینە کرێچی.

*** کتێبی عاصم حەیدەری ١٩٢١ ـ ١٩٧١، ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری، نووسینی مامۆستایان:**
**بارزان محەمەد عەلی و د. هۆشەنگ ساڵح نەجار، پێداچوونەوەی مومتاز حەیدەری**
**هەولێر ـ کوردستان، ٢٠٢٣**

# بینین و بیستنی جوانی

قەرەنی جەمیل



جوانی وەک حەقیقەت چۆن دەبیندرێت و هەستی پێدەکرێت؟ لەچ ڕووبەرێک و کەشوهەوایەک بەدیار دەکەوێت؟ چێژبەخشی چی دەگەیەنێت؟

بینین و بیستن، دوو ڕێگەی سروشتیی ئینسانن بۆ وەرگرتنی جوانی و ڕێککەوتنێکی ئێستێتیکین بۆ چێژ وەرگرتن و لەگەڵیدا ژیان. پانتایی تابلۆ، یان قەبارەی پەیکەرێک، یان سرووشت، یان ئاوازێکی مۆسیقی، ڕووبەری حەقیقیی ئەو ڕێککەوتنە سیحرییەیە، کە لەنێوان ئینسان و جوانیدا هەیە. هونەری شێوەکاریی، کە شێوە دارشتنە بەکەرستەی ڕەنگ و بەهرەی هونەرمەند بۆ پێشاندانی جوانی. فۆرم و فیگەر، ڕەنگ و هێڵ، هارمۆنی و کۆنتراست، تاریکی و ڕووناکی، ڕێکیی ڕێژەی پێوانەیی فۆرم و فیگەرەکان، بابەتی پێکهێنانی کاری هونەرین و بنەمای جوانی بۆ بینین پێکدێنن، بەڵام بینین تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن نییە، بەڵکوو هێزی ئەوەی هەیە بەرهەمی هونەریی شی بکاتەوە، پارچە پارچەی بکات و لێکی بداتەوە. بەم جۆرە ئەو تیشکەی، کە بە ڕێگەی کەسی هونەرمەندەوە دەگوازرێتەوە، ڕاستەوخۆ لەسرووشتەوە نایەت، بەڵکوو پیرۆزی و بەهای ئێستێتیکی بەشێوە و فۆرمی جیاواز دەهێندرێتە بەرچاو.

جوانی حەقیقەتێکی شاراوەیە، پڕە لە لوغز، پیرۆزی دەبەخشێتە بەرهەمی هونەریی. چێژ ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، کە جوانییە، لەهەمان کاتدا زەیف، کە ناشیرینییە، جیا دەکاتەوە. لێرەدا چێژ جەوهەری بڕیاری ئێستێتیکیی بەرهەمی هونەرییە.

ئەو پانتاییە بچووکەی تابلۆ، سیمبۆلی جیهانێکی فراوانی جوانییە، تیشکدەرەوەیە بۆ هەست و هزری مرۆڤ، کە سەرچاوەی مەعریفەی ڕۆحییە و بۆ بووژانەوەی ژیانی هەمیشەیی هانی دەدات. ئینسان هەموو کات خولیای بینینی ئەوەیە، کە لە خەیاڵی دایە و پێشتر نەیبینیوە.

بابەتی هونەریی دارشتنی بابەتی بینینە بە فۆرم و فیگەر، کە بە ڕێگەی ڕەنگ و هێڵ بەرجەستە دەبێت و چەندان جۆر ڕەهەندی فیکری بۆ پێشاندانی جیهانی جوانی لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش بەچەند یاسایەکی ئێستێتیکی حەقیقی بەڕێوە دەچێت، ئەوانیش ژیری و بەهرەمەندی دەرکی پێدەکەن. هەموو شتەکان لەنێو سرووشتدا ڕێککەوتنێکی خۆگونجاندن لەنێوانیاندا هەیە، هارمۆنی نێوان ڕەنگەکان، ڕێکیی ڕاژەی فۆرم و فیگەرەکان، هیچ پێکهاتەیەکی ناشیرین نییە، هەمووی بەیەکەوە بەهای پیرۆزیی ئێستێتیکی دەگەیەنن.


بیستن، گوێگرتنە لە جوانی، فەزای جوانیی ئاوازێک، بۆشایی بێ سنووری دەوروبەری مرۆڤە، کە نابیندرێت و ناگیرێت. مۆسیقا هونەرێکی ڕاستەقینەی ڕەهایە و ناتواندرێت زەیفی لەگەڵدا بکرێت، ئەو جوانییەی مۆسیقا دەیبەخشێت سوودبەخش و حەقیقییە. ئاوازی مۆسیقی پێکهاتەیەکی ئاوازە و پیرۆزی دەنگەکانی جوانییە، کە ڕۆحی مرۆڤ جۆش دەدات و هەستی بیستن پڕ دەکات و وەک خۆر ڕووناکی بەژیان دەبەخشێت.

سیمفۆنیایەک، بۆ نموونە سیمفۆنیای نۆیەمی (بێتهۆڤن) بەو هەموو ئامێرە جیا جیایانەوە، هەریەکە و ڕۆڵی خۆی لەگەڵ ئەوانی دی وەک پێویست دەگێڕێت و دەبنە تەواوکەری تابلۆیەکی کامڵ، جوانیی و چێژ بە بیستن دەگەیەنن.

ڕاکێشانی سەرنج و بزواندنی هەستەکان و ورووژاندنی دەروونی مرۆڤ تەنیا لەڕێگەی حەقیقەتەوە دێتە بوون، ئەوەش ڕوون و ڕووناکە، پڕە لەمتمانە، بە بیستنی میلۆدییەکی جوان کاریگەریی لەسەر ژیان و خۆشبەختیی مرۆڤ دەبێت، ئەوە سیحری مۆسیقایە دەگاتە جەستەی مرۆڤ و نەرم و خاوی دەکاتەوە، لەهەموو سترێس و دژوارییەک دووری دەخاتەوە. بەبینین، یا بیستنی جوانی مرۆڤ دەکەوێتە نێو دۆخی توانەوە، ونبوون لەسەرابی خەیاڵ، گەیشتن بەحەقیقەتی ڕەها، لەئەنجامی ئەو هەموو پرۆسێسە ئێستێتیکییەدا دواجار دەگەڕێتەوە نێو واقیع، کە پڕە لە کێشە و دژایەتی و نەهامەتیی ژیان.

مۆزەخانەی هونەریی، جیهانێکی بەرفراوانی سیحری جوانییە، هەر کارێکی هونەری وەک سیمفۆنیایەک پڕە لە ئاواز و میلۆدیای بینەیی، کە لەنێو هەر کارێک، زەمەنێک بەفۆرم و فیگەری هەمەجۆر، بەڕێگەی ڕەنگ و ڕووناکی، بەدیار دەکەوێت، کە تێیدا زەمەنێکی وەستاو، ژیانی واقیعی شوێنێک، کپ و بێدەنگ، وەکو خەونێک پێشان دەدات.

له دەفتەری نەمریدا



# ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

## ١٩٤٨ – ٢٠٢٣/٤/٢٦

## لە دەفتەری نەمریدا



# گارا ڕەسووڵ
# ١٩٥٥ ـ ٢٠٢٣/٥/١٣

# سالۆنی لاپەڕە (٩)

ئا: ڕەوەست نەوزاد

له درێژەی کۆڕەکانیدا سالۆنی لاپەڕە ٩ ی ناوەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ماوی ٢٠٢٣/٤/٢٩ تا ٢٠٢٣/٥/٢٠ ئەو کۆڕانەی ئەنجامدا، کە لە لایەن نازم دڵبەند-ەوە بەڕێوەبران:

## ٢٠٢٣/٣/١٨ شیرین تەشی نارێسێ



ئەم کتێبە، لە نووسینی حەیدەر مەنتک- ە. لە ١٠١ بابەتی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە، د.ئەکرەم فەرەیدون پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە. وەک بۆ خۆی دەڵێت: ئەوەی بووە هۆی لەدایکبوونی ئەم (١٠١) ستوونە، هۆکارگەلێک بوو، کە هانیدام، دەست بخەمە سەر ئاریشە و خاڵە نێگەتیفەکانی تاک، من، تۆ، هەڵسوکەوتێکی نامۆیانە ئەنجام دەدەین، ئەم ستوونە ڕەخنە ئامێز و ڕێنماییە کۆمەڵایەتیانە زیاتر بۆ لاوان و هەرزەکارانە و لە ئایندەدا دەبنە بەرچاو ڕوونی، تا کەمتر ڕووبەڕوی ئەم ڕەخنە و توانجانە ببینەوە.




لەوانەیە ئەوانەی من نووسیومن بابەتی نەبیستراو، نەخوێندراو نەبن، دیاردە و هەڵسوکەوتی تازە نەبن، بەڵکو زۆربەیان لە کاتی دەوام و سەردان و بەدواداچوونەکانم بەرهەم هاتبن. هەوڵیشم داوە سەرە بابەت، یان مانشێت، تێکەڵ بە پەندێک، یان چیرۆکیێکی ڕاستەقینە بکەم و دواتر بەو ئەزموونەی تەمەن فێری کردین ڕاوبۆچوونی خۆمیان بخەمە سەر.

## ٢٠٢٣/٥/١٣ دبلۆماسیەتی کورد، شیکردنەوەیەکی مێژوویی، سیاسی، یاسایی

سابیر مامەسێنی باسی لەبیرۆکەی نووسینی کتێبەکە کرد و گوتی: ئەوکاتەی لەقۆناغی سێیەمی کۆلێژی یاسا بووم لەشاری بەغدا. ڕۆژێکیان لەکاتی گەڕانەوەمدا چوومە کتێبخانەیەک، چاوم بەکتێبێک کەوت سەرنجی ڕاکێشام، کە نووسرابوو (یاسای پەیوەندیە دبلۆماسیەکان و کۆنسولگەریەکان) کە دکتۆرێکی میسری نووسیبووی، ئەو کتێبەم کڕی و خوێندمەوە، بەشێکی کتێبەکە سەرنجی ڕاکێشام، کە باسی سەرکردەکانی عەرەبی موسڵمان دەکرد لەسەردەمی شەڕی خاچ پەرستان، ئەوان دانەری بەردی بناغەی یاسای کونسولگەریەت بوونە، منیش بیرم لەوە کردەوە







و گوتم ئەگەر بەمێژوودا بچینەوە میللەتی کورد بەر لەهەموو نەتەوەیەک بوونی هەبووە، بۆچی عەرەب دانەری ئەو بابەتە بن و ناکرێت کورد لەو بوارە هیچی نەبێت، ئیدی بیرۆکەی کتێبەکەم لەلا دروستبوو، بەڵام ئەوکات نەمدەتوانی لەسەر مەسەلەی کورد بەو شێوەیە لە بارودۆخی ئەوکات کتێب بنووسم، بۆیە هەوڵمدا لەدوای ڕاپەڕین ئەو کتێبە بنووسم، بەڵام دوای سێ جار لە سەرنەکەوتن لەهەوڵی چوارەمم توانیم بەرهەمەکە بنووسمەوە.

## ٢٠٢٣/٥/٦ كتێبی قاوغە شقارتە






كتێبی (قاوغە شقارتە) توێژینەوەیەكە سەبارەت ڕومالٚكردنی پرسی كورد لەكەناڵی ئەلجەزیرە لەنووسینی نووسەر ئاریان محەمەد.

وەک بۆ خۆی دەڵێت: توێژینەوەكەم لەبەر ئەوەی لەسەر دیوە نەرێنیەكانی ڕووماڵكردنی كەناڵەكە وەستا بوو، لەبەر ئەوە ئەو ڕەهەندەم بەلاوە گرنگ بوو، كە دیوی قاوغە شقارتە و ئاگری كەناڵی ئەلجەزیرە بە بنەما وەربگرم.


من نزیكەی ١٣ ساڵ لەمەوبەر ئەو كتێبەم نووسیووە، وەک بەشێک لە توێژینەوەی دەرچوونم لەكۆلێژی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی سلێمانی، ئێستەش كە چاپم كردووە، كەمترین گۆڕانكاریم تێدا كردوە، تەنیا ئەوە نەبێت، كە بەرنامەی (ئیتیجاە موعاكس)م لەبڕی ئەوەی تا ٢٠٠٧ وەربگرم، تا ٢٠٢١-م وەرگرتووە. ئەوەش لەڕێگەی شیكردنەوەی تەواوەتی بەرنامەكە.

## ٢٠٢٣/٤/٢٩ كچانی مەكتەب لەسەردەمی ڕابردوودا




كتێبەكە بریتیە لەباسكردنی نۆ كچ، كە بۆیەكەم جار لە ناوچەكانی خۆیان چوونەتە خوێندنگە و بوونەتە ڕەچەشكێن بۆ كچانی دی.

واش ڕێككەوتووە پێنج-یان لە پارێزگای هەولێر بن، كە دوانیان خەڵكی كۆیە، یەكێكیش هی دەڕگەڵەیە، یەكێكیشیان هی نێو هەولێرە، ئەوی دیكەشیان هی چۆمان، ئەوی دیش هی بادینانە لە شارۆچكەی ئاكرێ، لەگەڵ ئەوەشدا باسی شەمسەی ئەحمەد موختار جاف كراوە. دوو كچەكەی دیش لەپارێزگای سلێمانین، كە یەكیان ڕابیعەی كچی موفتی پێنجوێنیە و ئەوی دیكەشیان كچێكە بە ناوی ناهیدە سۆفی.




نزیكەی ٢ ساڵ لەمەوپێش یەكەم ئەڵقەم لە گۆڤاری دیوان بڵاوكردەوە، كە دواجار كردیە پڕۆژەی ئەم كتێبە. هۆكاری نووسینی ئەو كتێبەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، كە پێشتر كەمتر كار لەسەر ژنان كراوە بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی، كە دەستیان هەبووە لە كایەكانی ژیان. كتێبەكە لەگەڵ ئەوەی باسی ئەو كچانە دەكات، لەهەمان كات تیشك دەخاتە سەر باوكیشیان، چونكە باوكیشیان لەسەر ئاستی كوردستان كەسانی دیار بوونە.

# دوو ساڵ و دووسەد بەرپرسیارەتی

سەرەتاو دەستپێکی هەموو کارێک قورسە، بەو مانایە نا کە ناکرێت و رێگری زۆرن، بەداخەوە لەبری رێگری، زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان ناتوانن ئیش بکەن و دەیانەوێ کەس ئیش نەکات! بۆیە هەوڵ دەدەن و خۆیان ماندوو دەکەن ساردت بکەنەوەو بتگەیەننە ئەو باوەڕەی کارەکەت سەرناگرێ و خۆت ماندوو مەکە.

سەرەتای چالاککردنەوەی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی، بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکمان هەبوو، ویستمان رای زۆربەی نووسەران و رۆشنبیران وەربگرین، وامان کردو دەستمان بەکارکردن کرد، دواجار لەگەڵ هەڤاڵ سمکۆ عەبدولکەریم گەیشتینە ئەنجام و رێککەوتین لەسەر کارکردن بۆ دەرچوواندنی گۆڤارەکەو دەست کرا بە کارکردن، لە سەرەتاوە سووربووین لەسەر ئەوەی گۆڤارەکە بۆ هەمووان بێ بەبێ جیاوازی.

بە هەوڵ و هیمەتی دڵسۆزان و کارکردنی ستافی گۆڤارەکە، دواجار گۆڤاری دیوان لەدایک بوو، یەکەم ژمارەی لە مەراسیمێکی قەشەنگدا لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و رۆشنبیران بڵاوکرایەوەو ئەوکات گوتمان دیوان گۆڤارێک دەبێت بۆ هەمووان و بایەخ بە بەرهەمی داهێنەرانە دەدات، بیروڕای جیاوازو ئینتمای حزبی کاریگەری نابێت و ئامانجی ئێمە بایەخ دانە بە نووسەران و رۆشنبیران، ئەوسا خەڵکێک هەبوو گومانی لەو قسەیەمان هەبوو، باوەڕی نەدەکرد بتوانین ئاوا کاربکەین، کردمان.



خەڵکێکی تریش هەبوو پێی وابوو دیوان پرۆژەیەکی ستراتیژی و درێژخایەن نییە، چەند ژمارەیەکی سەرەتا دەردەچێت و کۆتایی دێت.

ئەمرۆ کە دووەمین ساڵیادی گۆڤاری دیوان دەکەینەوەو ژمارە (٢٤) دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەرانی، شانازییەکی گەورەیە کە دیوان بۆتە ناوێکی دیاری ناو ئەدەبیات و بزاڤی رۆشنبیری کوردی، دیوان توانیویەتی نموونەیەکی جیاوازی گۆڤاری ئەدەبی و رۆشنبیری بێت و خوێنەران بە تاسەوە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەی تازەی دەکەن، ئەمە مایەی دڵخۆشیەو هاوکات ئەرکێکی قورستریش دەخاتە سەرشانمان و دەبێ باشتر بەردەوام بین.

لە دووەمین ساڵیادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری دیوان، دەمەوێ بڵێم: لە هەولێری پیرە قەڵاوە بە هەمان رۆحیەتی سەرەتاوە دیوان بەردەوام دەبێت و دەمانەوێ بایەخی زیاتر بەنووسەران و رۆشنبیران بدەین، دیوانماڵی هەموانەو بۆ هەمووانە، خۆشحاڵترین کە دیوان توانیویەتی ببێتە هەوێنی لەدایک بوونی چەندان بڵاوکراوەی تر، رامان وایە هەموو هەوڵێک بۆ خزمەتی بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری مایەی پێزانینەو دەبێ هاوکارو پشتیوان بین.

دەمەوێ لێرەوە سوپاسێکی تایبەتی سەرنووسەرو سەرپەرشتیاری گشتی و بەڕێوەبەری نووسین و ستافە خنجیلانەو ماندوونەناسەکەی گۆڤاری دیوان بکەم، کە ماندوونەناسانە کار دەکەن و شەونخونی دەکەن لەپێناو بەرەوپێشبردنی گۆڤارەکە ، سوپاسی هاوکارانمان لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان- هەولێر دەکەم کە هاوکارو پاڵپشت و پشتیوانمانن و ئەرشیفە دەوڵەمەندەکەیان خزمەتێکی زۆری دیوانی کردووە، سوپاسی هەموو ئەو نووسەرو رۆژنامەنووس و رۆشنبیرو ئەدیبانە دەکەم کە بە بەرهەمەکانیان دیوان- یان دەوڵەمەند کردووەو بەشێکن لە سەرکەوتنەکان، سوپاسی تایبەتی خوێنەرانی دیوان دەکەم کە هەموو ژمارەیەک بە تاسەوە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەی تازە دەکەن و بە سەرنج و تێبینییەکانیان هەمیشە وزەیەکی ترمان پێ دەبەخشنەوە.

ماوەتەوە بڵێم وەک چۆن لە سەرەتا گوتمان شانازییەکی گەورەیە بۆ ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی گۆڤاری دیوان دەردەکات، زیاتر لەوە مایەی شانازییە کە توانیومانەو دەمانەوێ دیوان گۆڤاری هەمووان بێ و بۆ هەمووان بێت.

مەسعودی مەلا هەمزە